نووری حەدیس

٦

کتێبی

الوابل الصيب

بە کوردی

(لێزمە باران، و بالاکەری وتەی جوان)

ابن قيم الجوزية

وەرگێڕانی:

مامۆستا عبدالکریم فتاح

پێشەکی وەرگێڕ

کتێبی "الوابل" یەکێکە لە کتێبە بە پێزەکانی ئیمامی ئیبن قەیم، وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی شیرین خزمەتە بە باوەڕداران و ڕێبوارانی ڕێگەی خودا، کتێبەکە لە سیازدە دەروازە پێك دێت، دەروازەی سیازدەهەم دابەش دەبێت بۆ چوار باس، باسی چوارەم بۆ حەفتا و پێنج بەشی کورت دابەش دەبێت، ئەم دابەشکردنە تەنها بۆ ئاسانکارییە و ئێمە لە دابەشکردنەکەی ئیبن قەیم و کەسانی تر سوودمان بینیوە و بۆ ئاسانکاری لەسەر خوێنەر بەو جۆرە دابەشمان کردووە، وەرگێڕانەکەی ئێمە لەسەر ئەو کتێبەیە کە "عبدالرحمن بن حسن بن قائد" تەحقیقی کردووە، ئیبن قەیم بۆ خۆی لە زۆر شوێندا تەخریجی فەرموودەکانی کردووە، "عبدالرحمن بن حسن"یش هەستاوە بە تەحقیقی کۆی فەرموودەکان و ڕاستکردنەوەی هەندێ لە تەحقیقەکانی ئیمامی ئیبن قەیم، وەرگێڕیش بە کورتی ئەو تەحقیقەی وەرگرتووە و لەسەر وەرگێڕانەکە داناوە و لە هەندێ شوێندا- کە پێویست بووە- هەستاوە بە نووسینی تێبینی و سەرنج، ئەو دوعایانەی کە پێویستە بە زمانی عەرەبی بخوێنرێت بەتایبەت دوعاکانی ناونوێژ هەوڵماندراوە بە عەرەبی دابنێینەوە و گەر پێویست بووبێت وەرگێڕانیان بۆ بکرێت، هەر کەس دەقە عەرەبییەکەی پێویستە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبی"الوابل الصيب ورافع الكلم الطيب-تأليف أبي عبدالله محمد بن أبي بكر بن أيوب ابن قيم الجوزية(٦٩١-٧٥١)/ تحقيق عبدالرحمن بن حسن بن

قائد/ إشراف بكر بن عبدالله بوريد/ تمويل مؤسسة سليمان بن عبدالعزيز بن الراجحي الخيرية/ دار الفوائد للتوزيع والنشر-"

داوامه له خودا له ئێمه و هەموو ئەوانه قبوولێ بفەرموێت كه له بەچاپگەیاندنی ئەم كتێبەدا دەوریان بینیوه.

وەرگێڕانی

مامۆستا عبدالكريم فتاح

٢٠١٥/٦/٢٥

بسم الله الرحمن الرحيم

به ناوی خودای خاوەن بەزەیی و میهرەبان و دلۆڤان

وبه نستعین

له خودا داوای کۆمەکی و یارمەتی دەکەین

ئەم کتێبە شێخولئیسلام ئیمام و زانای بەناوبانگ "شمس الدين أبو عبدالله محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد" ناسراو بە "ابن قيم الجوزية" بۆ هەندێ لە برا و دۆستانی خۆی نوسیوە، خودا نوقمی رەحمەتی خۆیی بکات، ناوی ناوە"الكلم الطيب والعمل الصالح-وتەی جوان و باش و کرداری چاکە" کتێبەکە بەو جۆرەی ئەو ناوی لێناوە دەڵێت:

❁ ❁ ❁

بسم الله الرحمن الرحيم

داوامە لە خودای مرتەعال لە دونیا و دوارۆژدا سەرۆکارتان بێت و نیعمەتە ئاشکرا و شاراوەکانی خۆی بەسەر ئێوەدا دابباریێنێ و بتانگێڕێت لە ریزی ئەوانەی کاتێك نیعمەتی خودایان بەسەردا دادەباریت شوکری دەکەن، کاتێك رووبەڕووی بەلاّ و ناخۆشی دەبنەوە ئارام دەگرن، و کاتێك هەڵە و گوناهێکیان لێ دەوەشێتەوە داوای لێبوردن و لێخۆشبوون لە خودا دەکەن، ئەو سێ بار و دۆخەی بەندەی خودا ناونیشانی بەختەوەری ئەوە و نیشانەی رزگاربوونییەتی لە دونیا و دوارۆژدا، هیچ بەندەیەك نییە لە یەکێك لەم سێ بارەدا نەبێت، بە هەمیشەیی بەندەی خودا لە نێوان ئەم سێ دۆخەدا هاتوچۆ دەکات:

یەکەم: کۆمەڵێك نیعمەت لەلای خوداوە بەسەر بەندەدا دادەبارێن، بەستنەوەی ئەو نیعمەتانە و راگرتنیان لە رێگەی شوکرەوەیە کە لەسەر سێ پایە دامەزراوە:

١. لە ناخەوە دان پیادانان بە نیعمەتەکەدا.

٢. بە زمان باسی نیعمەتەکە و خاوەنی نیعمەتەکە بکەیت.

٣. بەکارهێنانی نیعمەتەکە لەرازامەندی خودادا کە خاوەن و بەخشەری نیعمەتەکەیە.

گەر ئەم سێ ئەرکەی بەجێهێنا ئەوا شوکری نیعمەتەکەی کردووە لەگەڵ کەموکورتی لە شوکرەکەیدا و دەستەوسانی لە جێبەجێ کردنی مافی شوکر.

دووەم: کۆمەڵێك میحنەت لە خوداوە کە بەندە رووبەڕوویان دەبێتەوە، واجبەکەی بریتییە لە ئارامگرتن و تەسلیمبوون.

ئارامگرتن بریتییە لە:

١. گرتنەوەی نەفس لە بێزاری و وەرسی لەمەڕ ئەو قەدەرەی بۆ ئەو بڕاوەتەوە.

٢. گرتنەوەی زمان لە سکالا.

٣. گرتنەوەی ئەندامەکان لە گوناه و یاخیبوون و تاوان: وەك خۆڕنین(روخسارڕنین) و جلوبەرگ دڕین و قژڕنین و هاوشێوەکانی ئەمانە.

بۆیە خولگەی ئارامگرتن لەسەر ئەم سێ پایەیە، گەر وەکو پێویست بەندە پێی هەستا میحنەتەکەی دەگۆڕێت بۆ پێدان و بەلاکەی دەبێت بە بەخشین و ناخۆشییەکەی بە خۆشی، خودای موتەعال ئەوی تووشی بەلا نەکردووە بۆ ئەوەی لەناوی ببات، بەڵکو بەلای بۆ ئەو رەوانە کردووە تاکو ئارامگرتن و بەندایەتی ئەو تاقیبکاتەوە، خودای موتەعال لە کاتی بەلا و ناخۆشیدا مافی بەندایەتی لەسەر بەندەکەی هەیە، هەر وەك چۆن مافی بەندایەتی هەیە لەسەری لە کاتی خۆشیدا، واتە بەندایەتی لە ناخۆشیدا و بەندایەتی لە خۆشیدا، زۆربەی خەڵکی لەو شتانەدا کە پێیان خۆشە بەندایەتی بەجێ دەهێنن، بەلام شکۆمەندی لە جێبەجێ کردنی بەندایەتیدایە لە کاتی ناخۆشیدا، بەمەوە ئاست و پایەی بەندەکان جیاوازییان تێکەوتووە و پلە و پایەیان لەلای خودا لە رۆژی دواییدا بەپێی ئەم حاڵەتانەیە.

دەستنوێژ بە ئاوی سارد لە ئەوپەڕی گەرمادا بەندایەتییە، هاوسەریکردن لەگەڵ ئافرەتێکی جواندا کە خۆشی دەوێت بەندایەتییە، نەفەقەی ئافرەتەکە و خۆی و منداڵەکانی بەندایەتییە، ئەمە و دەستنوێژ بە ئاوی سارد لە ڕۆژێکی سەرمادا و وازهێنان لە گوناه کە پەلنەری دەروون لە پشتییەوە زۆر بەهێزە و ترسی نییە لە خەلکی دیسان بەندایەتییە و نەفەقەی ماڵ و منداڵ لە کاتی هەژاری و نەداریدا بەندایەتییە، بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو دوو مەیدانە لە بەندایەتی.

هەر کەس لە هەردوو بارەکەدا بەندەی خودا بێت لە خۆشی و ناخۆشیدا هەستێت بە مافی خودا لەسەر خۆی، ئەو کەسە ئەم ئایەتە پیرۆزە لە ئامێزی دەگرێت کە دەفەرموێ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ﴾الزمر: ٣٦، لە خوێندنەوەیەکی تردا لە جێگەی "عبده" بە "عباده" دەخوێنرێتەوە، هەردوو مانەکە یەکسانە، چونکە ناوە تاکەکە دراوەتەپاڵ، واتە(المفرد مضاف)ە، بۆیە مانای کۆی هەیە.

بەسبوونی تەواو بۆ بەندەکەی لەسەر بەندایەتی تەواوی بەندەیە بۆ خودا، کەم بە هاناوەچوونی خودا بۆ ئەو بەهۆی کەمی بەندایەتی ئەوەوەیە، هەر کەس خێری بینییەوە با حەمدی خودا بکات، هەر کەس جگە لەوە شتێکی تری بینییەوە با تەنها لۆمەی خۆی بکات.

ئەمانە ئەو بەندانەن کە دوژمنی خودا(شەیتان) هیچ جۆرە دەسەلاتێکی لەسەریان نییە، خودای موتەعال دەفەرموێ﴿ إِنَّ عِبَادِى لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ ﴾ الحجر: ٤٢

کاتێك دوژمنی خودا (ئیبلیس) زانی خودا بەندەکانی خۆی رادەستی ئەو ناکات و ئەو بەسەریاندا زاڵ ناکات وتی: ﴿فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾﴾ ص:٨٢-٨٣، بەعیززەتی قەسەم بێت هەموویان گومڕا و سەرلێشێواو دەکەم، جگە لەو بەندانەی کە قوتاریان بووە و بۆ خۆت پاڵفتەت کردوون، هەروەها قورئان دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٠﴾ وَمَا كَانَ لَهُۥ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِٱلْءَاخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِى شَكٍّ ﴾سبا: ٢٠-٢١، گومانەکەی ئیبلیس لەسەریان ڕاست دەرچوو، جگە لە دەستەیەك باوەڕدار هەموو

شوێنی کەوتن، ئەو هیچ هێز و دەسەڵاتێکی لەسەریان نییە، جگە لەوەی کە بزانین کێ ئیمان بە دوارۆژ دێنێت و کێش لە شك و گومانداية لێی.

خودا دەسەڵاتی دوژمنەکەی خۆی بەسەر بەندە باوەڕدارەکانیدا زاڵ ناکات، ئەوان لەژێر داڵدە و پەنا و پارێزگاری خودادان، چوونەتە ژێر باڵی رەحمەتی ئەوەوە، گەر شەیتان یەکێك لەوانە بکوژێت و راوی بکات -وەك چۆن دزێك پیاوێکی بێناگا دەکوژێت- ئەمە هەر دەبێت وابێت، چونکە کەسەکە خۆی رووبەڕووی بێناگایی و شەهوەت و تووڕەبوون کردۆتەوە.

چونە ژوورەوەی شەیتان لە یەکێك لەم سێ رێگەوەیە، با مرۆڤ ئەوپەڕی کۆشش بکات و هەوڵی خۆپارێزی خۆی بکات، بەڵام هەر دەبێت بێناگایی و شەهوەت و تووڕەبوون رووی لێ بکەن، ئادەم(سلامی خوای لێبێ) حەلیمترین خەلقی خودا بوو، ئەقڵی کاملترین و جێگیرترین ئەقڵ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دوژمنی خودا لەگەڵی خەریك بوو تا ئەوەی پێ کرد کە کردی، ئەی دەبێ حاڵی کەسێك چۆن بێت خاوەنی حیلمێکی کەم بێت و ژیرییەکەی لەپاڵ ژیری باوکە گەورەیدا وەك تفێك وابێت بەرانبەر دەریایەکی مەزن؟

دوژمنی خودا لەناکاو و لە کاتی بێناگاییدا روو لە باوەڕدار دەکات و دەیخاتە ناو هەڵە و گوناهەوە و وا گومان دەبات لەدوای ئەوە روو لە پەروەردگاری ناکات و ئەو رووداوە لە بێخی هێناوە و بووەتە هۆی تیاچوونی، بەڵام فەزڵی خودا و رەحمەت و لێبووردەیی و لێخۆشبوونی لە پشتی هەموو ئەوانەوەیە.

کاتێك خودا خێری بۆ بەندەکەی بوێت دەرگایەك لە دەرگای تەوبە و پەشیمانی و دڵشکاوی و گەردنکەچی و نیشاندانی هەژاری و پەنابردن بۆ خودا و صدق لە هانابردندا و بەردەوامی ملکەچی و دوعا و پاڕانەوەی لێ دەکاتەوە، بە ئەنجامدانی چاکە لە خودا نزیك دەبێتەوە، تا وای لێ دێت ئەو خراپەیە ببێتە هۆی بەخشینی رەحمەت بە ئەو، تا دوژمنی خودا دەڵێت: خۆزگە وازم لێ بهێنابا و ئەو گوناهەم پێ نەکردبایە.

ئەمە مانای قسەی هەندێ لە پێشینە کە دەڵێن: هەندێ کەس گوناه دەکەن و بەهۆیەوە دەچنە بەهەشتەوە، هەروەها چاکە دەکات و بەهۆیەوە دەچێتە دۆزەخەوە، وتیان چۆن؟ وتی: گوناهێك دەکات و دواتر بە هەمیشەیی گوناهەکە دێنێتەوە پێش چاوی خۆی و لێی دەترسێ و ترس و شەرم لە پەروەردگار دایدەگرێ و دەست بە گریان دەکات و پەشیمانی دەردەبڕێت، سەری دەخاتە ناو دوو لەپی دەستی و دڵی زەلیل و گەردنکەچ دەبێت، بۆیە ئەو گوناهە دەبێتە هۆی بەختەوەری بەندە و سەرکەوتن و سەرفەرازی ئەو، تا وای لێ دێت ئەو گوناهە بۆ ئەو لە زۆرێك لە خێر و چاکە باشتر بێت، ئەمەش بەهۆی ئەو گشتە خێر و چاکەی لێیەوە سەریهەڵدا و بوو بە هۆی بەختەوەری و سەرفەرازی بەندەکە، تا سەرئەنجام گوناهەکە سەری کەسەکەی لە بەهەشتەوە دەرکرد.

بەرانبەر بەمە کەسێك چاکەیەك ئەنجام دەدات و بەردەوام منەت لەسەر پەروەردگاری خۆی دەکات و لوتبەرزی بەرانبەری دەنوێنێ و خۆی تێدا دەخوێنێتەوە و پێیەوە سەرسام دەبێت و پێ رادەکێشێ و دەڵێت: ئەوە و ئەوەم ئەنجام دا، ئەمەش خۆبەزلزانی و لوتبەرزی و فەخر و لەخۆدەرچوونی بۆ دروست دەکات و دەبێتە هۆی تیاچوونی، گەر خودا خێری بۆ ئەم کەسە هەژارە بوێت بە شتێك موبتەلای دەکات تاکو نەفسی پێی بشکێت و زەلیلی بەسەریدا دابباری و نەفسی خۆی لا بچووك ببێتەوە، گەر شتێکی تری بۆ بەندەکەی ویست ئەوا لەگەڵ خۆپەسەندی و لوتبەرزییەکەیدا دەستبەرداری دەبێت و وێڵی دەکات، ئەمەش ئەو شەرمەزارییەیە دەبێتە هۆی تیاچوونی، هەموو عاریفان کۆدەنگییان هەیە لەسەر ئەوەی کە کۆمەکی خودایی: ئەوەیە خودا نەتداتە دەستی خۆت، شەرمەزاریش ئەوەیە: خودا تۆ رادەستی نەفست بکات.

هەر کەس خودا خێری بۆ ویست دەرگای زەلیلی و گەردنکەچی و بەردەوامی هانابردن و پەنابردنی لێ دەکاتەوە، هەروەها نیشاندانی هەژاری بۆ لای خودا و بینینی نەنگی و نەزانی و ستەم و دوژمنکاری نەفسی خۆ، بەرانبەر بەمە بینینی فەزڵ و چاکە و رەحمەت و بەخشندەیی و دەوڵەمەندی و حەمدی خودا.

کەسی عاریف لە نێوان ئەم دوو باڵەدا بۆ لای خودا لە شەقەی باڵ دەدات، ناتوانێت بفڕێت بەم دوو باڵە نەبێت(بینینی سیفەتەکانی خۆ و سیفەتە بەرز و بڵندەکانی پەروەردگاری) ناتوانێت کۆچ بکات، گەر یەکێك لەم دوانە لەدەست بدات وەك ئەو باڵندەی لێ دێت کە یەکێك لە باڵەکانی لەدەستداوە.

شێخولئیسلام (إسماعيل الهروي) دەفەرموێت: ((عاریف لە نێوان موشاهەدەی منەتی خودایی و بینینی نەنگییەکانی خۆیدا سەفەر بۆ لای خودا دەکات)).

ئەمەش مانای ئەو فەرموودە سەحیحەی پێغەمبەری خودایە(ﷺ) کە دەفەرموێ: ((سەروەری هەموو داوای لێخۆشبوونێك بریتییە لە: ((اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ))أخرجه البخاري.

پێغەمبەر(ﷺ) لە ئەو بەشەی فەرموودەکەدا کە دەفەرموێ: ((أبوء لك بنعمتك علي وأبوء بذنبي-دان دەنێم بە نیعمەتەکانتدا لەسەر من، و دان دەنێم بە گوناهەکانمدا)) دوو باڵەکەی کۆکردۆتەوە، ئەوانەش بریتین لە: موشاهەدەی منەتی خودایی و تەماشاکردنی نەنگییەکانی نەفس و کردارەکانی.

بۆیە موشاهەدەی منەتی خودایی خۆشەویستی و حەمد و شوکر بۆ خاوەن نیعمەت و خاوەن چاکە پێویست دەکات، وەك چۆن تەماشاکردن و بینینی نەنگییەکانی نەفس و کردارەکان زەلیلی و گەردنکەچی و نیشاندانی هەژاری و تەوبەی بەردەوام لەسەر بەندە پێویست دەکات، بەڵکو دەبێت نەفسی خۆی وەك کەسێکی موفلیس تەماشا بکات.

مەزنترین دەرگایەك بەندە لێیەوە بۆ لای پەروەردگاری بچێتە ژوورەوە بریتییە لە دەرگای ئیفلاس، هیچ حاڵ و مەقامێك بۆ نەفسی خۆی نابینێت، هۆیەك شك نابات دەستی پێوە بگرێت، وەسیلەیەکی نییە بەهۆیەوە منەت بکات، بەڵکو لە دەرگای هەژاری بێئەندازە و ئیفلاسی تەواوەوە دەچێتە ژوورەوە بۆ لای خودا، چونە ژوورەوەی کەسێك کە هەژاری و گەدایی دڵی شکاندووە، تا ئەو شکاندنە گەیشتۆتە قولایی

ناخی و پارچە پارچە بووە، شکان لە هەموو رووبەکەوە ئابلۆقەی داوە، هەرچی گەرد و گەردیلەی ناوەوە و دەرەوەیەتی هەست بە هەژاری و گەدایی و نەداری دەکات بۆ لای پەروەردگاری، ئەو لە هەرچی گەرد و گەردیلەی ناوەوە و دەرەوەیدایە هەژاری و گەدایی خۆی حەشارداوە، هەست بە پێویستییەکی تەواو دەکات بۆ لای پەروەردگاری، چونکە گەر بۆ تەنها چاوتروکانێك پەروەردگاری وێڵی بکات تووشی تیاچوون دەبێت و زیانۆمەندییەك رووبەڕووی دەبێتەوە کە بە هیچ شتێك باربوو ناکرێتەوە، مەگەر تەنها خودا رووی تێبکات و بە رەحمەتی خۆی بەهانایەوە بچێت.

هیچ رێگەیەك نزیکتر نییە لەخوداوە بەئەندازەی رێگەی بەندایەتی و هیچ پەردەیەکیش -لە نێوان خودا و بەندەدا- بە ئەندازەی بانگەشە(الدعوی) چڕوپڕ نییە.

خولگەی بەندایەتی لەسەر دوو پایەیە، ئەو دوانەش بریتین لە: خۆشەویستی کامڵ و زەلیلی تەواو.

شوێنی سەرهەڵدانی ئەم دوو پایەیە بریتییە لەو دوو پایە ئاماژەبۆکراوە کە پێشتر باسمان لەبارەوە کرد، ئەوانەش بریتی بوون لە: موشاهەدەی منەتی خودایی کە خۆشەویستی لێوە پەیدا دەبێت، لەگەڵ بینینی نەنگییەکانی نەفس و کردار کە زەلیلی تەواو لێیەوە سەرهەڵدەدات.

ئەگەر بەندە سەیر و سلوکی بۆ لای خودا لەسەر ئەم دوو پایەیە بینا بکات، ئەوا دوژمنەکەی زەفەری پێ نابات، مەگەر لەناکاو و بێئاگاییدا، لەو بارەشدا خودای موتەعال بەزوویی دەچێت بە هانایەوە و بەئاگای دەهێنێ و شکسەکەی[1] بۆ دەگێڕێتەوە و بە بەزەیی خۆی فریای دەکەوێت.

[1] شکسە: بریتییە لە نەندامێکی شکاوی جەستە. (وەرگێڕ)

دەروازەی یەکەم

دامەزراوی دڵ

بەندە کاتێك ئەمەی بۆ دێتە راستە کە دڵ و ئەندامەکانی هاتبنە راستە، هاتنە راستەی دڵ بە دوو شتەوەیە:

یەکەمیان: ئەوەیە کە خۆشەویستی خودا بەسەر هەموو خۆشەویستییەکاندا پێش بخات، گەر خۆشەویستی خودا لەگەڵ خۆشەویستی کەس و شتەکانی تر رووبەڕوو بوونەوە، ئەوا خۆشەویستی خودا بەسەر ئەوانیتردا سەربخات، بەم جۆرە مانای "خوداخۆشویستن" دێتە دی.

چەندە ئەم کارە بە بانگەشە ئاسانە! بەڵام لە کاتی تاقیکردنەوەدا یان کەسەکە رێزدار دەبێت، یان سووك و رسوا.

زۆرن ئەوانەی بەندە حەزیان لێ دەکات و بەسەر خودادا پێشیان دەخات، یان گەورەکەی، ئەمیرەکەی، شێخەکەی پێیخۆشە و ئەویش بەسەر خۆشەویستی خودادا سەریدەخات، ئەمکەسە لەدڵیدا خۆشەویستی خودای پێش نەخستووە بەسەر هەموو خۆشەویستەکاندا، خۆشەویستی خودا بەسەر دڵیدا دەسەلاتی پەیدا نەکردووەو کاریگەری نییە لەسەر دڵی، سوننەتی خودا وایە هەر کەس ئەوە شان و شکۆی بێت خۆشەویستییەکەی لێ تاڵ بکات و نەهێڵێت بە گەروویدا بچێتە خوارەوە، لەو خۆشەویستییەوە شتێکی دەست ناکەوێت مەگەر بەکوێرەوەری و چەشتنی تاڵاو، ئەمەش وەك تۆڵەیەك لەو کەسانەی خۆشەویستی و شوێنکەوتنی حەزو ئارەزووەکانیان و ئارەزووی ئەوانەی بەمەزنیان دەزانن پێشدەخەن بەسەر خۆشەویستی خودای موتەعالدا.

خودا بڕیارێکی داوە کە رەد ناکرێتەوە و لادانی بۆ نییە: هەر کەس جگە لە ئەو کەسێك یان شتێکی خۆشویست بەو کەسە یان بەو شتە سزا دەدرێت، هەر کەس لە غەیری خودا بترسێت ئەو کەسە زاڵ دەبێت بە سەریدا، هەر کەس بە شتێکەوە جگە لە خودا خەریك بێت ئەو شتە دەبێت بە شومی و نەگبەتی بۆی، هەر کەس غەیری خودای هەڵبژارد فەڕ و خێرێك لەو شتە یان لەو کەسە نابینێتەوە، هەر کەس غەیری

خودا بە تووڕەکردنی خودا رازی بکات ئەو کەسە هەر دەبێت ڕۆژێك ڕقی لێ هەڵبگرێت و لێی ناڕازی ببێت.

کاری دووەم کە دڵی پێ دێتە ڕاستە: بریتییە لە بە مەزن ڕاگرتنی ئەمر و نەهی، ئەمەش لە بەمەزن ڕاگرتنی ئەمرکەر و نەهیکەرەوە سەرهەڵدەدات، خودای موتەعال زەمی ئەو کەسانەی کردووە خودا بە مەزن ڕاناگرن و ئەمرەکان و نەهییەکانی بە مەزن تەماشا ناکەن بە ئایەتی: ﴿ مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا ﴿١٣﴾ ﴾ نوح: ١٣، لە تەفسیرەکەیدا وتویانە: چیتانە لە مەزنی خودا ناترسن؟!

چەندە قسەکەی شێخولئیسلام (شێخی هورووی) جوان و قەشەنگە لەمەڕ "ئەمر و نەهی" کە دەفەرموێ: ((ئەوەیە کە بە وشکە ڕوخسەت بەرەنگاری ئەمر و نەهی نەبیتەوە، هەروەها بە توندڕەوی و زیادەڕەوی ژێربار نەکرێن، و لە کۆتایشدا هۆیەك لەخۆنەگرن ملکەچی و فەرمانبەرداری لاواز بکات))

مانای قسەکەی شێخولئیسلام:

یەکەمین ئاستی بە مەزنزانینی حەق(عزوجل) بریتییە لە: بە مەزنزانینی ئەمر و نەهی خودا، ئەوەش چونکە کەسی باوەڕدار -بەو پەیامەدا کە پێغەمبەرەکەی بۆ خەڵکی پێ ڕەوانە کردووە- پەروەردگاری خۆی دەناسێت، داواکارییەکەشی بریتییە لە ملدان و گەردنکەچبوون بۆ ئەمر و نەهی خودایی، ئەوەش بە مەزن ڕاگرتنی ئەمری خودا و شوێنکەوتنی و بە مەزن ڕاگرتنی نەهی خودا و دوورکەوتنەوە لێی، بۆیە بە مەزن ڕاگرتنی باوەڕدار بۆ ئەمر و نەهی خودایی بەڵگەیە لەسەر بە مەزن ڕاگرتنی خاوەنی ئەمر و نەهییەکە(واتە پەروەردگار)، ئەوکات بە پێی ئەم مەزن ڕاگرتنە شایەتی "ئیمان و تەصدیق و باوەڕی تەواو و دووری لە نیفاقی گەورە"یان بۆ دەدرێت.

کەسێك کرداری ئەمر ئەنجام دەدات بۆ سەیرکردنی خەڵکی و داوای پلە و پایە لە دڵی ئەواندا، و دووردەکەوێتەوە لە نەهیلێکراوەکان لە ترسی بەربوونەوەی پلە و پایەی لەبەر چاوی خەڵکی و ترسی سزای دونیایی بۆ سنووربەزێنی کە خودا بۆ نەهیلێکراوەکان داینناوە، ئەم کەسە ئەمر و نەهییەکەی لەو شوێنەوە سەرچاوەی

نەگرتنەوە کە ئەمر و نەهی بە مەزن تەماشا بکات، هەر بەو جۆرە لە بە مەزن راگرتنی ئەمرکەر و نەهیکەرەوە نییە کە خودای موتەعالە.

نیشانەی بە مەزنزانینی فەرمانەکان ئەوەیە: ریعایەتی کات و سنووریان بکات و پایەکان و واجبەکان و کەمالی ئەمرەکە بپشکنێت، ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بەگەڕ بخات بۆ جوان کردن و باش جێبەجێ کردنیان لە کاتی خۆیدا، بە پەلە رۆیشتن بە دەم ئەمرەکەوە لە کاتی واجبوونیدا، دڵتەنگی و پەستی و پەژارە لە کاتی لەدەستچوونی مافێك لە مافەکانیدا، وەك ئەو کەسەی دڵتەنگ دەبێت بە لەدەستچوونی نوێژی جەماعەت، دەزانێت گەر نوێژە تەنهاکەشی لێ قبوڵ بکرێت بیست و حەوت ئەوەندەی ئەو نوێژە خێری لەدەستچووە.

گەر پیاوێك لە ولاتی خۆیدا بازرگانییەکی کڕین و فرۆشتنی -بەبێ سەفەر و مەینەتی- لەدەست بچێت کە خێرەکەی بیست و حەوت دینار بێت بەهۆی پەشیمانییەوە دەست و پەنجەکانی خۆی دەکرۆژێت[1]، ئەی دەبێ حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت کە بەهای هەر یەکێك لەو بیست و حەوت خێرەی نوێژی جەماعەت لەلای چاکتر و باشتر بێت لە هەزاران هەزار و ئەوەندەی خودا بیەوێت؟

گەر بەندە ئەم خێرەی لەدەست بچێت ئەوا بێ هیچ گومانێك رووبەڕووی زیانزەمەندی بووەتەوە.

زۆربەی زانایان دەڵێن: گەر کەسێك دڵی سارد بێت نوێژی بۆ نییە، یان خاڵی بووبێتەوە لە ترسی ئەو موسیبەتە کە وەستانە لەبەردەم خودادا، و هیچ ترسێکی لێی نەبێت، ئەمە نەبوونی بە مەزن زانینە لە دڵی ئەو کەسەدا.

هەر بەو جۆرە گەر سەرەتای کاتی لەدەست بچێت کە رەزامەندی خودای موتەعالی تێدایە، یان ریزی یەکەمی لەدەست بچێت کە خودا و فریشتەکانی سلاوات لێ دەدەن لەسەر ئەوانەی لە ریزی یەکەمن، گەر بەندە بیزانیبایە گەورەیی و فەزڵی ریزی یەکەم چەندە جەنگیان لەسەر دەکرد و دەبوا قورعەیان بۆ بکردبایە.

---

[1] کرۆشتن: واتە گەزتن، یان گەستن. (وەرگێر)

هەر بەو جۆرە لەدەستچوونی نوێژ لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا کە نوێژ بە زۆری و کەمی خەڵکەکە خێرەکەی کەم و زیاد دەکات، هەتا خەڵکەکە زۆرتر بێت لەلای خودا خۆشەویسترە، هەتا رێگەی چوون بۆ مزگەوت دوورتر بێت هەڵوەرینی گوناه بە هەڵگرتن و دانانی هەنگاوەکانی زۆرترە.

هەر بەو جۆرە لەدەستدانی خشوع لە نوێژدا و ئامادەبوونی دڵ لەبەردەم پەروەردگاردا، ئەو ئامادەبوونەی رۆح و کرۆکی نوێژە، نوێژ بە بێ خشوع و ئامادەبوونی دڵ وەك جەستەیەك وایە رۆحی تێدا نەبێت، ئایا بەندە شەرم ناکات بەندەیەکی مردوو یان جارییەیەکی مردوو بە دیاری بنێرێت بۆ کەسێك کە هاوتا و هاوشانی خۆیەتی و دروستکراوێکە وەکو ئەو، ئەی دەبێ گومانی ئەو بەندەیە چی بێت گەر بۆ مەلیکێك یان ئەمیرێکی بنێرێت؟

ئەمەش هەر بەو جۆرەیە، نوێژی خاڵی لە خشوع و ئامادەبوونی دڵ و کۆبوونەوەی هیممەت لەسەر خودای موتەعال هەروەك ئەو بەندە یان جارییە مردووە وایە کە دەیویست هەدییەی هەندێ لە مەلیکانی بکات، بۆیە خودا لێی قبووڵ ناکات با لە دونیاشدا فەرزەکەی لە کۆڵ خۆی کردبێتەوە، بەڵام لە دوارۆژدا لەسەری پاداشت وەرناگرێت، چونکە ئەوەندە نوێژ بۆ کەسەکە دەنوسرێ کە لێی تێگەیشتووە و بە دڵ ئامادەبووە، وەك لە "السنن" و "مسند الإمام أحمد" و کەسانی تردا هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی: ((بەندەیەك نوێژێك ئەنجام دەدات تەنها نیوەی نوێژەکەی بۆ نوسراوە، یان تەنها سێیەکی نوێژەکەی، یان تەنها چواریەکی نوێژەکەی، یان تەنها پێنجیەکی نوێژەکەی، هەتا دەیەکی نوێژەکەی))[1]

پێویستە بزانرێت هەموو کردارەکانی تر لەسەر ئەم شێوازە دەڕوات، گەورەیی و مەزنی کردار لەلای خودا بەپێی گەورەیی و مەزنی نیمان و نیخلاص و خۆشەویستی و پاشکۆکانی ترە، ئەم جۆرە کردارە کاملەیە گوناهی تەواو لەسەر مرۆڤ هەڵدەوەرێنێ و ناتەواوی کرداریش هەر بەو جۆرەیە.

---

[1] أخرجه أبو داود والنسائي وأحمد وصححه ابن حبان.

بەم دوو ڕێسایە تەمومژێکی زۆر دەڕەوێتەوە، ئەو دوانەش:

گەورەیی کار و کردەوەی چاکە بەستراوەتەوە بە گەورەیی ئەوەی لە دڵدایە لە حەقیقەتی ئیمان، هەڵوەرینی گوناهانیش بەپێی کەماڵ و ناتەواوی کار و کردەوەکانە.

بەم ڕێگەیە تەمومژی ئەو کەسە دەڕەوێتەوە کە لەسەر ئەم فەرموودەیە-لەم دەروازەدا- دروستی کردووە و تیایدا هاتووە ((ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە تاوانی دوو ساڵ دەسڕێتەوە، ڕۆژووی ڕۆژی عاشوراش یەك ساڵ))[1]

وتیان: جا باشە گەر ئەو کەسە بە هەمیشەیی و هەموو ساڵێك ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە و عاشورای دەگرت ئەو کات چۆن لە ساڵێکدا گوناهی سێ ساڵ هەڵدەورێت؟!

هەندێك لە زانایان وەڵامی ئەم پرسیارەیان داونەتەوە بەوەی ئەو بڕە ڕۆژووەی لە هەڵوەراندنی گوناه زیاترە پلە و پایەی کەسەکەی پێ بەرزدەبێتەوە.

هاوار چ سەرسوڕمانێکە! خۆزگە بەندە بە هێنانی هەموو ئەو ڕۆژووانە کە هەڵوێنەری گوناهانن بیتوانیبایە گوناهەکانی خۆی هەڵبوەرێنێت.

هەڵوەرانی گوناه بەمەرجگیراوە بە چەند مەرجێك، وەستاوە لەسەر نەبوونی ڕێگر لەناو کارەکەدا و لە دەرەوەی کارەکەوە، گەر بەندە زانی بە هەموو مەرجەکان هەستاوە و هەموو ڕێگرەکان کۆتاییان پێ هاتووە، لەو بارەدا گوناهان هەڵدەوەرێن، بەڵام کارێك بێئاگایی تێدابێت یان لە زۆربەیدا بێئاگایی بوونی هەبێت و ئیخلاصی تێدا لەدەست بدات کە ڕۆح و کرۆکی کارەکەیە و نەتوانێت حەقی کارەکە بدات و بە ئەندازەی پێویست قەدرزانی نەکرد دەبێ ئەو کارە چ گوناهێك هەڵبوەرێنێت؟!

گەر بەندە متمانەی بە کارەکەی خۆی هەبوو بەوەی مافی کارەکەی بە تەواوی داوە لە ناوەوە و لە دەرەوە، و ڕێگرێك بوونی نەبوو بۆ هەڵوەراندنی گوناهەکانی، و هیچ پووچکرەوەیەك لە خۆپەسەندی و ریا و منەت کردن و داوا لە خەڵکی بۆ بە مەزن تەماشا کردنی یان بە دڵ دەیڕوانی بۆ کەسانێك لەسەر ئەو کارە بە مەزن تەماشای بکەن، یان دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوانەی لەسەر کارەکە بە مەزن تەماشای ناکەن، یان

---

١ أخرجه مسلم.

کەم تەماشای دەکەن و گوایە سوکایەتیان بە حورمەتی ئەو کردووە، ئەمە چ گوناهێك هەڵدەوەرێنێت؟ [1]

گەر بەندە متمانەی بە کارەکی خۆی هەبوو، بەوەی لە ناوەوە و دەرەوەدا مافی کارەکەی داوە، و هیچ رێگرێك نەهاتە بەردەمی بۆ هەڵوارانی گوناهان، هەروەها هیچ پووچکەرەوەیەکی کردار لە خۆپەسەندی(العجب) و ریا و منەت و داوای بە مەزن زانینی یان حەزکردن لەوەی بە مەزن تەماشای بکەن کردارەکەیان پووچ نەکردەوە، هەروەها دەستدرێژی نەکردە سەر ئەوانەی بە مەزن و گەورە ئەو تەماشا ناکەن، ئەم کەسە لەبەردەم قبوڵ بوونی کردارەکەیە و لێخۆشبوون لێیەوە نزیکە، بەڵام گەر وابیینێت خەڵکی بەمەزن تەماشا نەکردنی ئەو مافی ئەویان پێشێل کردووەو سوکایەتیان بەحورمەتی ئەو کردووە، دەبێ ئەو جۆرە کردارە چ گوناهێك هەڵبوەرێنێت؟! [2]

پووچکەرەوە و تێکدەرانی کار و کردەوەکان زۆرترن لەوەی بژمێررێن، هەموو شانوشکۆیەك لەناو خودی کرداردا نییە، بەڵکو شانوشکۆ بۆ پارێزگارییە لە کردارەکە لە هەر شتێك تێکی بدات یاخود بەتاڵ و پووچی بکاتەوە.

ریا –با وردیش بێت- تێکدەری کاروکردەوەیە، ئەوەش چەندین دەروازەی هەژمارنەکراوە، هەروەها گەر کردارەکە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خودای(ﷺ) تێدا نەبێت دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی، منەت کردن بەدڵ بەسەر خودادا هۆیەکی تری پووچبوونەوەی کردارە، هەر بەو جۆرە منەت کردن بە صەدەقە و دەستگرتن و پێبەخشین و چاکەکردن و سیلەی رەحم، خودای موتەعال﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبۡطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلۡمَنِّ وَٱلۡأَذَىٰ ﴾ البقرة: ٢٦٤، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێنا صەدەقەکانتان بە منەت و ئازاری بەرانبەر پووچ و بەتاڵ مەکەنەوە.

---

[1] لە دەقە عەرەبییەکەدا ئیبن قەیم رستەیەکی بە"إن" دەست پێکردووە، رستە مەرجییەکەی بە دوای "إن"ەکەدا هاتووە، بەڵام وەڵامی رستە مەرجییەکەی نەداوەتەوە و بە هێنانی چەند رستەیەکی تر بەدوایدا لە بیری چووە ئەو لەسەرەتاوە بە رستەی مەرجی دەستی پێکردووە، بۆیە کۆتایی قسەکەی دەگۆڕێت بۆ مەرامێکی تر نەك ئەوەی خوێنەر چاوەڕوانی دەکرد کە هاتنی وەڵامی رستە مەرجییەکەیە. (وەرگێر)

[2] لە دەقە عەرەبییەکەدا و لەم رستەی پێشوودا تێکەڵییەك لە دەربڕیندا هەبوو بۆیە بە هێنانی چەند وشەیەك تێکەڵییەکەم نەهێلا. (وەرگێر)

زۆربەی خەڵکی بێتاگان لە خراپەکان کە دەبنە هۆی تیاچوونی چاکەکانیان، خودای موتەعال دەفەرموێ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرۡفَعُوٓاْ أَصۡوَٰتَكُمۡ فَوۡقَ صَوۡتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجۡهَرُواْ لَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ كَجَهۡرِ بَعۡضِكُمۡ لِبَعۡضٍ أَن تَحۡبَطَ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ۝٢ ﴾ الحجرات: ٢، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێنا، دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا بەرز مەکەنەوە، و بانگی لێ مەکەن وەك چۆن هەندێکتان لە هەندێکی ترتان بانگ دەکەن، کردارەکانتان پووچ ببێتەوە و ئێوە هەستی پێ نەکەن.

خودا(ﷻ) ئیمانداراني ئاگادار کردۆتەوە لە پووچبونەوەی کار و کردەوەکانیان ئەوەش بە دەنگ هەڵبڕین لە خزمەتی پێغەمبەری خودادا(ﷺ) وەك چۆن هەندێکیان دەنگ بەسەر هەندێکی تریاندا هەڵدەبڕن، ئەمە نابێتە هۆی پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام، بەڵام یاخیبوونێکە کار و کردەوەکان پووچ دەکاتەوە و خاوەنەکەی پێی نازانێت.

ئەی دەبێ گومان چۆن بێت بە کەسێك قسە و هیدایەت و رێگەی کەسێکی تر بەسەر قسە و هیدایەت و رێگەی پێغەمبەری خودادا(ﷺ) پێش دەخات.

هەروەها لە پووچکەرەوەکانی کرداری چاکە ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خودایە کە دەفەموێ: ((هەر کەس نوێژی عەسر واز لێ بهێنێت کرداری پووچ دەبێتەوە))[1]

هەر لەو جۆرانە قسەکەی عائشە -خوا لێی رازی بێت- کە بە زەیدی کوڕی ئەرقەمی وت-خوا لێی رازی بێت- کاتێك باوکی بە "عینە"[2] فرۆشتنی کردبوو: ((ئەو جهادەکەی لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بەتاڵ کردۆتەوە، مەگەر تەوبە بکات))[3]

فرۆشتن بە"عینە" مرۆڤ لەئیسلام دەرناکەت و پاشگەزبوونەوە نییە، بەڵکو یاخیبوونێکە و کردار پووچ دەکاتەوە.

---

١ أخرجه البخاري.

٢ فرۆشتنی "عینە" ئەوەیە شتێك بە کەسێك دەفرۆشی بە نرخێك دواتر بە نرخێکی کەمتر لێی دەکڕیەوە، ئەمەش هەوڵێکە بۆ شەرعاندنی ربا کە لە ئیسلامدا حەرامکراوە، ئەو مامەڵەی ئەمڕۆ بەشێك لە خەڵکی پێیەوە گرفتار بوون.(وەرگێر)

٣ أخرجه أبوالقاسم البغوي و عبد الرزاق في "المصنف" والدار القطني و البيهقي.

زانین و ناسینی ئەوانەی کار و کردەوەکان پووچ دەکەنەوە و تێکیان دەدەن لە کاتی رووداندا و لە دوای رووداندیان لە گرنگترین ئەو شتانەن کە بەندە پێویستە پشکنینیان بۆ بکات و هەوڵبدات بیانزانێت و خۆی لێیان بپارێزێت.

لە ئەسەرێکی ناسراوەوە هاتووە: ((بەندە کارێك بۆ خودا بە نهێنی ئەنجام دەدات و کەس پێی نازانێت جگە لە خودای موتەعال، پاشان دەچێت باسی دەکات، ئەو کات لە دیوانی نهێنییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ دیوانی ناشکرا، پاشان لەو دیوانەدا بەپێی ناشکرا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت))[1] گەر بۆ ناوبانگ و داوای پلە و پایە لە دڵی خەڵکیدا باسی کرد کارەکەی پووچ بووەتەوە، وەك ئەوەی بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامی دابێت.

گەر بوترێت: گەر ئەو کەسە تەوبە بکات ئایا پاداشتی کردارەکانی بۆ دەگەڕێتەوە؟

وتراوە: گەر کردارەکەی بۆ غەیری خودا بێت و بەو نیێتە ئەنجامی دابێت ئەوا بە تەوبەکردن ئەو کارە نابێت بە کارێکی چاکە، بەڵکو تەوبە تەنها سزاکەی لەسەر لادەبات، بۆیە کردارەکە نە بۆ ئەوە و نە بە خراپە بۆی دەنوسرێت.

بەڵام گەر کردارەکەی بە پاکی بۆ خودای موتەعال بوو پاشان خۆپەسەندی و ریا یان باسکردنی لێرە و لەوێ رووی تێکرد و دواتر تەوبەی کرد و پەشیمان بوویەوە ئەم کەسە لەوانەیە پاداشتی کردارەکەی بۆ بگەڕێتەوە و پووچ نەبێتەوە، ئەوەش وتراوە: کە کارەکەی بۆ ناگەڕێتەوە، بەڵکو سەرلە نوێ دەبێ دەست پێ بکاتەوە.

ئەم بابەتە لەسەر بنەمایەك وەستاوە ئەوەش ئایا تەنها بەهۆی پاشگەزبوونەوەوە کردار پووچ دەبێتەوە، یان پووچی ناکاتەوە مەگەر مردنی بەسەردا هاتبێت، زانایان دوو قسەی بەناوبانگیان لەم مەیدانەدا هەیە، ئەو دوو قسەش لە دوو ریوایەت وەرگیراون کە "ئیمام ئەحمەد" ریوایەتی کردوون.

گەر بڵێین: کردار بە خودی پاشگەزبوونەوە پووچ دەبێتەوە، هەر کات موسڵمان دەبێتەوە سەرلەنوێ کار دەست پێدەکاتەوە و هەموو ئەوەی پێش ئیسلامبوونەکەی

---

[1] بەم مانایە لای "البيقي" بە "مرفوع"ی هاتووە، لای "الخطيب" بە نیسنادێکی لاوازی زۆر لە کتێبی"تاريخ بغداد"دا هاتووە، لای "العراقي" لە کتێبی"المغني عن حمل الأسفار"دا لاوازکراوە.

ئەنجامی داوە بەتاڵ دەبێتەوە، گەر بڵێین: کردار پووچ نابێتەوە مەگەر کەسەکە لەسەر پاشگەزبوونەوەوە مردبێت، هەر کات گەڕایەوە بۆ ئیسلام کردارە چاکەکانی بۆ دەگەڕێتەوە.

بەندە هەر بەو جۆرەیە کاتێك چاکەیەك ئەنجام دەدات و پاشان خراپەیەك ئەنجام دەدات پووچی دەکاتەوە، دواتر لەو خراپەیە تەوبە دەکات، ئایا چاکەی ئەو کردارە چاکەی پێشووی بۆ دەگەڕێنێتەوە؟ لەسەر ئەم ئەسڵە فەرموودە ریوایەت کراوە.

بەردەوام شتێك لەسەر ئەم بابەتە لە ناخمدایە و دەمویست تیایدا بگەمە سەرئەنجامی راست و دروست، کەسم نەبینیوە وەڵامی تێر و تەواوی لەلا بێت، ئەوەی بۆم دەرکەوتووە-خودا دەزانێ و هەر ئەویش کۆمەککارە و هیچ هێزێك نییە هێزی ئەو نەبێت- چاکە و خراپە یەکتری دەبەنە دواوە و رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، بڕیار بۆ ئەو لایەیە کە زاڵ دەبێت بەسەر ئەویتردا، ئەوەیان ئەویتریان ژێردەستە دەکات، و بڕیار بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، هەتا وەك ئەوەی ژێردەستەکە بوونی نەبێت، گەر چاکە زاڵ بوو بەسەر بەندەدا ئەوا چاکەی زۆری کەسەکە خراپەکانی رادەماڵێت، هەر کات لە خراپە تەوبەی کرد لەسەر تەوبەکەی چاکەی زۆر سەرهەڵدەداتەوە، لەوانەیە زۆرتر و زیاتر بێت لەو چاکەیەی کە بە خراپەکە پووچ بوویەوە، گەر تەوبەکە لێبڕانی تێدابێت و دروست بێت و لە قوڵایی دڵەوە هەڵقوڵابێت ئەو خراپانە دەسوتێنێت کە بەسەریدا گوزەر دەکەن، تا وەك ئەوەی ئەو خراپانە بوونیان نەبێت، چونکە تەوبەکەر لە گوناه وەك ئەوە وایە گوناهی ئەنجام نەدابێت.

"حکیم بن حزام"-خوا لێی رازی بێت- پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەربارەی بەندە ئازادکردن و سیلەی رەحم و چاکە ئەنجامدان کە بە هاوەڵدانانەوە(پێش ئیسلام) ئەنجامی داون، ئایا لەسەریان پاداشت وەردەگرێت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((لەسەر ئەو خێرانەی پێشووتر موسڵمان بووی))[1]

ئەم فەرموودەیە ئەوە رادەگەیەنێت ئەو خێر و چاکەیەی بە هۆی هاوەڵدانانەوە پووچ و

---

١ أخرجه البخاري ومسلم.

بەتاڵ بوون موسڵمان بوون بۆی گێڕاوەتەوە، واتە کاتێك لە هاوەڵدانان تەوبە دەکات کردارە چاکەکانی پێشووی بۆ دەگەڕێتەوە.

هەر بەو جۆرە گەر بەندە بە تەوبەیەکی نەصوحی راستگۆی پاڵفتە تەوبەی کرد هەموو نەوانە دەسوتێنێت لە خراپە کە پێشتر ئەنجامی دابوون و پاداشتی چاکەکانی بۆ دەگەڕێتەوە.

ئەوەی ئەم بابەتە رۆشن دەکاتەوە ئەوەیە کە خراپە و گوناه نەخۆشی دڵ و دەروونن، وەك چۆن تا و ئازار نەخۆشی جەستەیین، کاتێك نەخۆش بە تەواوی لە نەخۆشییەکەی چاك دەبێتەوە هێز و تەندروستی و بەهێزتریش لەوەی بۆ دەگەڕێتەوە کە جاران لەسەری بوو، تا وەك ئەوەی هەرگیز لاواز نەبووبێت و نەخۆش نەکەوتبێت، هێزە پێشینەکەی وەك چاکەکان وایە، نەخۆشییەکەی وەك گوناهان وایە، تەندروستی و عافییەتیش-دوای نەخۆشی- وەك تەوبەکردن وایە، هەموو یەکسانن بەرانبەر بە یەکتر.

هەندێك لە نەخۆشان بۆ هەتاهەتایە تەندروستیان بۆ ناگەڕێتەوە و وەك جارانیان لێ نایەتەوە، تاکو بەرگری نەخۆشی بکەن و رووبەڕوویان ببنەوە و جەستەیان بگەڕێتەوە بۆ کەماڵی یەکەمجار، هەندێك لە نەخۆشانی تر تەندروستتر و بەهێزتر و چالاکتر لە جاران دەگەڕێنەوە بۆ ناو ژیان بەهۆی بەهێزیی هۆکارەکانی تەندروستی و زاڵبوون و ژێردەستە کردنی هۆکارەکانی نەخۆشی و لاوازی، تا لەوانەیە ئەم نەخۆشییە هۆیەك بێت بۆ تەندروستی و لەشساغی کەسەکە، شاعیرێك دەڵێت:

لعل عتبك محمود عواقبه و ربما صحت الأجسام بالعلل

(لەوانەیە لۆمە و گلەییەکانت سەرئەنجامێکی باشیان هەبێت، لەوانەیە جەستە بە نەخۆشی تەندروست ببێت)

بەندەش لە دوای تەوبە لەم سێ ئاستەدا هەر بەو جۆرەیە، خودا یارمەتیدەرەو هیچ خودایەك نییە جگە لە ئەو، هیچ پەروەردگارێك بوونی جگە لە ئەو.

دەروازەی دووەم

نیشانەکانی بە مەزن راگرتنی نەهیلێکراوەکان

نیشانەکانی بەمەزن راگرتنی نەهیلێکراوەکانیش بریتیین لە: هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە مەیدانە گوماناوییەکانی و هۆکارەکانی و ئەوانەی بانگ دەکەن بۆ سەری، هەر بەو جۆرە دوورکەوتنەوە لە هەر وەسیلەیەك لە نەهیلێکراوەکان نزیك دەبێتەوە، وەك ئەو کەسەی لە ترسی تووشبوونی فیتنە لەو شوێنانە دوور دەکەوێتەوە کە وێنەی تێدایە و فیتنەی لێ دەوەشێتەوە، هەروەها وازهێنان لەو شتانەی کە خراپییان تێدا نییە نەبادا خراپە تێیاندا شارابێتەوە، هەروەها دووربکەوێتەوە لە زیادەڕەوی لە موباحاتدا نەوەك بکەوێتە ناو مەکروهاتەوە، هەروەها دوور کەوتنەوە لە هەموو ئەو کەسانەی بە ئاشکرا نەهیلێکراوەکان ئەنجام دەدەن و لەبەر چاوان جوانی دەکەن و بانگ دەکەن بۆ سەری و کەمتەرخەمی دەکەن دەربارەی، گوێ نادات بەوەی چ سەرئەنجامێك لەو دوورکەوتنەوەوە سەرهەڵدەدات، چونکە تێکەڵ بوون بەو جۆرە کەسانە سەردەکێشێ بۆ خەشم و تووڕەبوونی خودایی، تەنها کەسانێك تێکەڵ بەو جۆرە مرۆڤانە دەبن کە بە مەزن زانینی خودا و نەهیلێکراوەکانی لە دڵیاندا نەمابێت.

هەروەها لە نیشانەکانی بە مەزن زانینی نەهیلێکراوەکان ئەوەیە کە بۆ خودا تووڕە ببێت کاتێك سنوورەکانی دەبەزێنرێن، هەر بەو جۆرە هەست بە دڵتەنگی و دڵشکان بکات کاتێك لەسەر زەوی خودا خەڵکی لە خودا یاخی دەبن و گوێڕایەڵی لە سنوور د فەرمانی خودا ناکرێت، ئەویش ناتوانێت هیچ گۆڕانێك لەو دۆخ و بارەدا ئەنجام بدات.

هەروەها لە نیشانەکانی بە مەزن تەماشا کردنی ئەمر و نەهی ئەوەیە لەناو روخسەتدا پێ رانەکێشێت تا کەسەکە وای لێبێت خوار و لار ببێتەوە و لە مەنهەجی میانەگیری دووربکەوێتەوە.

نموونەی ئەوە: لە سوننەتدا هاتووە نیوەڕوان بەهۆی گەرمای زۆرەوە دەتوانی دوای

بخەیت تا گەرماکە دەشکێت و دونیا فێنك دەبێتەوە، "روخسەتی لادەر"[1] ئەوەیە نوێژەکەی دواخات تا کاتەکەی لەدەست دەچێت، یان نزیك بێت بە دەرچوون لە کاتەکەی، بەو کارەش ئەو کەسە دەبێت بە کەسێکی روخسەتوەرگری لادەر.

حیکمەتی ئەم روخسەتە ئەوەیە نوێژ لە گەرمای زۆردا رێگری دەکات لە خشوع و ئامادەبوونی دڵ تیایدا و ئەوکات عیبادەت بە بێزاری و وەرسی ئەنجام دەدات، لە حیکمەتی خاوەن شەرع ئەوەیە کە فەرمانیان پێ دەکات بە دواخستنی نوێژی نیوەڕۆ تا شکانی گەرما، ئەو کات بەندە بە دڵێکی ئامادەوە نوێژەکەی ئەنجام دەدات و مەرامی نوێژ لە نوێژەکەیدا بەدیدێت کە بریتییە لە خشوع و رووکردنە خودای موتەعال.

هەر لەو جۆرانە نەهی کردنی پێغەمبەری خودایە(ﷺ) لە نوێژکردن بە ئامادەبوونی خواردن یان کاتێك میز و پیسایی زۆریان بۆ هێناوە، بەهۆی وابەستەبوونی دڵی بەوانەوە بە جۆرێك مەرامی نوێژەکەی لێ تێکدەدەن و ئەوەی نوێژی بۆ ئەنجام دراوە نایەتە دی، لە فیقهی عیبادەتی کەسێك ئەوەیە روو لە ئیشەکەی بکات و ئەنجامی بدات ئەوجا دڵی بۆ نوێژکردن لە هەموو شتێك خاڵی بکاتەوە، لەناو نوێژەکەدا دڵی بە تەواوی بۆ خودا یەکلابووەتەوە و رووی بە تەنها لە پەروەردگاری کردووە و هەموو بوونی بە تەواوی ئاراستەی خودا کراوە، دوو رکات لەم جۆرە نوێژە هەرچی گوناهێك پێشتر ئەنجامی دابێت دەسڕێتەوە.

مەبەستەکە ئەوەیە نابێت کەسەکە بە "روخسەتێکی لادەرانە" بچێتە ناو روخسەتەوە.

هەر لەو جۆرە: روخسەتدانی موسافیرە بە کۆکردنەوەی نوێژەکان ئەگەر پاساوێك بوونی هەبوو، بۆ نموونە نەتوانێت هەر نوێژێك لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدات بەهۆی بەردەوامی رۆیشتن و کاروانەوە یان زەحمەت بوون و دژواربوونی دابەزین بۆ مانەوە، گەر لە شوێنێکدا بۆ دوو یان سێ رۆژێك دەمایەوە ئەوا کۆکردنەوەی نوێژ پێویست ناکات، چونکە دەتوانێ هەر نوێژێك لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدات بەبێ هیچ ناڕەحەتییەك، بۆیە کۆکردنەوەی نوێژ لە سەفەردا سوننەت نییە وەك زۆربەی موسافیرەکان بیری لێ

---

[1] هێشتا هەر شەرحی قسەکەی شێخولئیسلام هوروی دەکات.

دەکەنەوە و پێیان وایە سوننەتی سەفەر واتە کۆکردنەوەی نوێژەکان دوو دوو لەگەڵ یەکتر، نیتر پاساو هەبێت یان نەبێت، بەڵکو دەبێ بزانن کۆکردنەوەی نوێژ روخسەتێکی لابەلایە، کورتکردنەوە (قصر)ی نوێژ سوننەتێکی جێگیربووە، سوننەتی موسافیر ئەوەیە نوێژە چوارییەکان کورت بکاتەوە پاساوی هەبێت یان نەبێت، بەڵام کۆکردنەوەی نێوان دوو نوێژ پێویستی (زەرورەت) بڕیاری لەسەر دەدات و وەك روخسەتێك دەستی بۆ دەبرێت، ئەمە شتێکە و ئەویتریان شتێکی تر.

هەروەها لەو جۆرانە ئەوەیە کە: تێربوون لە خواردن روخسەتێکە حەرام نەکراوە، نابێت کەسەکە ئەوەندە زیادەڕەوی بکات تا تێربوون بیگەیەنێتە رادەی پڕبوون و بەدهەرسی و ئەوجا گەڕان بەدوای خواردن و خواردنەوەی تردا تاکو خواردنەکەی بۆ هەرس بکات، بۆیە هەوڵ و کاری دەبێت بە ورگی لە پێش خواردن و لەدوای خواردن، بەڵکو پێویستە بەندە برسی ببێت و تێر ببێت، بەڵام تێرییەك دەست لە خواردن بگرێتەوە هێشتا حەزی لێ بکات، پێوەری ئەمە فەرموودەکەی پێغەمبەری خودایە(ﷺ): ((سێ یەکی بۆ خواردنەکەی و سێ یەکی بۆ خواردنەوەکەی و سێ یەکی بۆ هەناسەدانی))[1] نابێ هەر سێ بەشەکە تەنها بکات بە خواردن.

ئەو بەشەی قسەکەی شێخولئیسلام کە دەفەرموێت: ((رووبەڕووکردنەوەی ئەمر و نەهی بۆ پێداگری لە زیادەڕەوی)) نموونەی ئەمە وەك ئەو کەسەی کە لە دەستنوێژدا وەسوەسەی هەیە، زیادەڕەوی تێدا دەکات تا کاتی نوێژەکەی لەدەست دەچێت، یان "الله أكبر"ی دابەستنی نوێژ دووبارە دەکاتەوە تا خوێندنی سورەتی "الفاتحة"ی لەگەڵ ئیمام لەدەست دەچێت، یان خەریکە رکاتی یەکەمی نوێژەکەی لەدەست دەدات، یان زیادەڕەوی دەکات لە وەرع تا بە گشتی شتێك لە خواردنی موسڵمانان ناخوات، نەبادا لەو رێگەیەوە بکەوێتە ناو شوبوهاتەوە.

ئەم وەرعە تێکدەر و بێ بنەما وای لە هەندێ لە عابیدان کردووە-کە بەشیان لە زانست زۆر کەمە- تا وای لێهاتووە شتێك ناخوات لە وڵاتە ئیسلامییەکان، تەنها

---

١ أخرجه أحمد والترمذي و النسائي وابن ماجة، وصححه ابن حبان.

بەوە دەژی لە ولاتی نەصاراوە بۆی رەوانە دەکەن، بە تایبەت خەڵك رەوانەی ئەو ولاتانە دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە دەیەوێت، ئەم زیادەڕەوییە لە نەزانین وای لێ کردن گومانی خراپی زۆر بە موسڵمانان ببەن و گومانی باشیش بە نەصارا ببەن. پەنا دەگرین بە خودا لەم شەرمەزارییە.

بۆیە حەقیقەتی بە مەزن زانینی ئەمر و نەهی ئەوەیە کە بە "روخسەتی لادەرانە" و "پێداگری لە زیادەڕەوی" رووبەڕوویان نەبییەوە، مەبەستەکە تەنها گرتنەبەری شارێگەی راست و دروست(الصراط لمستقیم)ە، ئەوانەی دەکەونە سەری بە خودایان دەگەیەنێت.

خودای موتەعال فەرمان بە هەر شتێك بکات شەیتان لەسەری دوو لادانی بۆ هەیە: یان کەمتەرخەمی و کەچڕەوی(التفریط)، یان زیادەڕەوی و توندڕەوی(الإفراط)، گوێی لێ نییە بەندە کام لەم دوو لادان و دوو هەڵەیە هەڵببژێرێت، دێت بۆ لای دڵی کەسەکە و بۆنی دەکات گەر کەمتەرخەمی و ساردبوونەوە و بێتوانایی و دەست بردن بۆ روخسەتی تێدا بینییەوە لەو رێگەیەوە دێتە ژوورەوە و بێ ویست و بێ هێزی دەکات و دایدەنیشێنێت و بە خەمساردی و خاوبوونەوە و تەمبەڵی دایدەگرێتەوە، دەروازەی تەئویل کردن و هیوا و ئاوات بە رووبدا دەکاتەوە، تا وای لێ دەکات ئەوەی فەرمانی پێکراوە پشتی تێبکات.

گەر شەیتان بۆنی دڵی کرد و حەزەر و جیدییەت و خۆهەڵکردن بۆ کار و راپەڕینی تێدا بینییەوە و بێهیوا بوو لەوەی لە دەروازەی یەکەمەوە بۆی بێتە ژوورەوە فەرمانی پێ دەکات بە زیادە هەوڵ و کۆشش و لێبڕان، ئەوەی لا شیرین دەکات کە ئەو بڕە بەس نییە و هیممەتی تۆ لەسەرو ئەوەوەیە، تۆ پێویستە زیاتر لە کارکەران کار ئەنجام بدەی، تۆ نابێت وەك ئەوان بخەویت و وەك ئەوان رۆژوو بشکێنیت، تۆ نابێت وەك ئەوان خاوی و ساردی رووت لێ بکات، گەر یەکێك لەوانە دەست و دەموچاوی سێ جار شۆرد تۆ حەوت جار بیشۆرە، گەر ئەوان دەستنوێژیان گرت تۆ خۆت بشۆرە، لەم جۆرانەی زیادەڕەوی و سنووربەزێنی، سەرئەنجام سەری کەسەکە لە زیادەڕەوی و سنووربەزێنی و تێپەڕاندنەوە دەردەکات و لە شارێگەی راست و رەوان لایدەدات، وەك

چۆن ئەوەی یەکەمیانی رووبەڕووی کەمتەرخەمی کردەوە و نەیتوانی لە شارێگەی راست و دروست نزیك ببێتەوە.

مەبەستی شەیتان بەم دوو کەسە ئەوەیە لە "الصراط المستقیم" لایان بدات، ئەوەیان لە شارێگە نزیك نەبێتەوە و ئەمەشیان تاکو شارێگەکە تێبپەڕێنێ.

زۆربەی خەڵکی بەمە رووبەڕووی فیتنە بوونەتەوە، تەنها زانست و ئیمانێکی ورد و قووڵ و بوونی هێز بۆ جەنگان لەگەڵ شەیتان و پابەندبوون بە میانەگیرییەوە رزگارکەرە لە دەستی شەیتان، خودا کۆمەك و پەنایە.

❁ ❁ ❁

دەروازەی سێیەم

رونکردنەوەی کاملترین ئاستەکانی بەندایەتی

دیسان لە نیشانەکانی بە مەزن زانینی ئەمر و نەهی: ئەوەیە کە ئەمرەکە نەبەستێتەوە بە هۆیەکەوە ملدان و تەسلیمبوون بە ئەمری خودا لاواز بکات، بەڵکو تەنها تەسلیم بوون بێت بە ئەمری خودا و فەرمانی ئەو-سبحانە-، ئەوەی ئەو فەرمانی پێکردووە راپەڕێنێت، لای یەکسان بێت حیکمەتی شەرع لە ئەمر و نەهیدا بزانرێت یان نەزانرێت، دەربکەوێت یان شاراوە بێت، گەر حیکمەتی شەرع لە ئەمر و نەهیدا بەدەرکەوت ئەوە پاڵیدەنێت بۆ ملدان و بەخشین و تەسلیمبوونی زیاتر بۆ ئەمری خودا، ئەوە هەڵینانێت بۆ خۆدارنین لە ئەمری خودا و وازهێنان لێی بە گشتی، وەك چۆن ئەو کارە زۆربەی زەندیقە هەژارەکان لە ئەهلی تەصەوفی هەڵنا بۆ وازهێنان لە ئەمری خودا.

خودای موتەعال پێنج نوێژەکەی داناوە بۆ هەستان بە یادی خودا و بەکارهێنانی دڵ و ئەندامەکان و زمان لە بەندایەتیدا، و پێدانی بەشێك لە بەندایەتی بە هەر یەکێك لەوانە کە مەبەست و مەرام لە دروستکردنی مرۆڤ نیشان دەدەن، بۆیە نوێژ لە کاملترین ئاستی بەندایەتیدا دانراوە.

خودای موتەعال مرۆڤی خولقاندووەو لە نێوان هەموو دروستکراوەکاندا هەڵیبژاردووە، دڵی کردووە بە شوێنی خەزنەی ئیمان و یەکتاپەرستی و ئیخلاص و خۆشەویستی و حەیا و بەمەزن زانین و چاودێری، پاداشتی مرۆڤی کردووە بە مەزنترین و چاکترین پاداشت ئەگەر رووی لێ بکات، ئەو پاداشتەش بریتییە لە سەیرکردنی رووی خودای موتەعالو بەدەستهێنانی رەزامەندی خوداو هاوسێیەتی ئەو-سبحانە-لە بەهەشتەکەیدا.

لەگەڵ ئەمەدا مرۆڤی بە شەهوەت و تووڕەبوون و بێناگایی تاقیکردۆتەوە، تاقیکردۆتەوە بە بوونی ئیبلیس کە ساتێك لە فریودانی مرۆڤ خاونابێتەوە، هەمیشە

لەو دەرگانەوە بۆی دێتە ژوورەوە کە لە نەفس و سروشتی مرۆڤە، نەفسی حەزی لێ بکات و بیەوێت لابەلایدا بکاتەوە، چونکە ئەو لە دەرگایەکەوە دێت بۆ مرۆڤ کە خۆشی دەوێت، بۆیە شەیتان و نەفسی مرۆڤ و حەزەکانی هەر سێ لەسەر مرۆڤ کۆدەبنەوە، سیانی زاڵی فەرمانکەر بە خراپە، ئەندامەکان بۆ تێربوون و لەوەڕاندن رادەپەڕێنن، ئەندامەکان ئامێرگەلێکی ملکەچن و هیچ چارەیەکی تریان نییە جگە لە بەرزبوونەوە و راستبوونەوە، ئەمە بریتییە لە شانوشکۆی ئەو سیانە و شانوشکۆی ئەندامەکان، بەردەوام ئەندامەکان لە گوێڕایەڵی ئەو سیانەدا دەبن چۆن فەرمان بکەن و بۆ کوێ ئاراستەیان بکەن.

ئەمە بریتییە لە حاڵی بەندە.

بەڵام رەحمەتی پەروەردگاری خاوەن عیززەت و بەزەیی وا داوا دەکات مرۆڤ بە کۆمەڵێك سەرباز -دژ بەو سیانەی سەرەوە- کۆمەك بکات، کۆمەك و یارمەتی تری بۆ دەنێرێت، بە هۆیانەوە دەکەوێتە بەرگری دژ بەو سەربازانەی دەیانەوێت مرۆڤ تیاببەن، بۆیە پێغەمبەری بۆ رەوانە کردووە و کتێبی بۆ دابەزاندووە، بە فریشتەیەکی بەڕێز کۆمەکی کردووە تاکو بەرانبەرکێی شەیتانی پێ بکات، کاتێك شەیتان بە فەرمانێکی خۆی فەرمان بە مرۆڤ دەکات فریشتەکەش بە فەرمانی پەروەردگاری فەرمانی پێ دەکات، بۆی رۆشن کردۆتەوە چ تیاچوونێك لە گوێڕایەڵی ئەو دوژمنەدایە، ئەمەیان جارێك کاری تێدەکات و ئەوەشیان جارێك، سەرکەوتوو ئەو کەسەیە خودا سەرکەوتووی بکات و خۆشبەخت کەسێکە خودا پارێزگاری لێ بکات.

بەرنبەر نەفسی فەرمانکەر بە خراپە نەفسی ئارامگرتووی داناوە، کاتێك نەفسی فەرمانکەر بە خراپە فەرمانی پێ دەکات ئەوا نەفسی ئارامگرتوو نەهی دەکات لێی لە ئەنجامدانی ئەو کارە خراپە، کاتێك نەفسی فەرمانکەر بە خراپە نەهی لێ دەکات لە کار و کردەوەی چاکە نەفسی ئارامگرتوو فەرمانی پێ دەکات، مرۆڤیش جارێك گوێڕایەڵی ئەمەیان دەبێت و جارێك گوێڕایەڵی ئەویان، ئەو لە کۆتاییدا دەبێتە بەشی ئەو کەسەیان کە زاڵ دەبێت و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، لەوانەیە یەکێکیان بە تەواوی ئەویتریان ببەزێنێ و بۆ هەتاهەتایە بەرگری لەدەست بدات و سەرهەڵنەداتەوە.

بەرانبەر حەز و ئارەزوو کە هەڵیدەنێت بۆ گوێڕایەڵی شەیتان و نەفسی بەدکار خودا نوور و بەصیرەت و ئەقڵی داناوە کە جڵەوی دەکەن لە ڕۆیشتن لەگەڵ حەز و ئارەزوو، هەر کاتێك مرۆڤ دەیەوێت لەگەڵ حەز و ئارەزوودا بڕوات ئەقڵ و بەصیرەت و نوور بانگی لێ دەکەن: ئاگادار بە، ئاگادار بە، چونکە تیاچوون و فەوتان لە بەردەمتدایە، تۆ بوویت بە نێچیری دزان و چەتەی سەر ڕێگە گەر شوێنی ئەو ڕێنیشاندەرە بکەویت.

ئەو جارێك گوێڕایەڵی ئامۆژگاریکەر دەکات و ڕاستی و دروستی ئامۆژگارییەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، شوێنی ڕێنیشاندەری ئارەزووش دەکەوێت، ڕێگەی لێ دەگیرێت و ماڵ و سامان و جلوبەرگەکانی لێ داگیر دەکەن، دەڵێت باشە لە کوێوە بۆم هاتن؟ سەیر ئەوەیە بۆخۆشی دەزانێت لە کوێوە بۆی هاتوون و زەفەریان پێ بردووە، ئەو ڕێگەیە دەناسێت کە جەردەکان هەڵیانکوتایە سەری و تالانیان کرد، لەگەڵ ئەوەش حەز دەکات جارێکی تر هەمان ڕێگە بگرێتەوە بەر، چونکە ڕێنیشاندەرەکە زاڵ بووە بەسەریدا و چۆنی بوێت وا هەڵیدەسوڕێنێت و هێز و دەسەڵاتی لەسەری زۆر بووە، گەر بە سەرپێچیکردن لێی لاوازی بکردبایە و کاتێك بانگی دەکرد دەمکوتی بکردبایە و لەگەڵی بجەنگابا کاتێك دەیویست بە زۆر ڕێگەی پێ بگرێتە بەر، ئەوا ئەو ڕێنیشاندەرە زاڵ نەدەبوو بەسەریدا، بەڵام ئەوە کەسەکە بۆ خۆیەتی ئەوی بەسەر خۆیدا زاڵ کردووە، ئەوە دەستی خۆی داوەتە دەستی، ئەو وەك ئەو پیاوەی لێهاتووە کە دەستی خۆی دەداتە دەستی دوژمنەکەی، ئەویش کۆت و بەند و یەخسیری دەکات و بە خراپترین ئازار ئازاری دەدات، بۆیە پەنا و هانا دەبات و کەس نایەت بە هانایەوە، ئا بەم جۆرە مرۆڤ خۆی یەخسیری دەستی شەیتان و ئارەزوو و نەفسی بەدکاری دەکات، پاشان داوای ڕزگاری دەکات و لە بەدەستهێنانی سەرفەرازی دەستەوسانە.

کاتێك بەندە بەم جۆرە بەڵایە تاقیکرایەوە بە سەرباز و چەك و قەڵا کۆمەکی دەکرێت و پێی دەوترێت: لەگەڵ دوژمنەکەت بجەنگە و تێکۆشان دژی ئەنجام بدە، ئەمانە سەربازی بەردەدەستی تۆن کامەیانت دەوێ بەکاریبهێنە، ئەمانەش چەك و زەخیرەن و کامیان دەپۆشی بیپۆشە، ئەمانەش قەڵا و قوللەن لە کامەیاندا خۆت قایم دەکەی خۆت قایم بکە، هەتا مردن لە سەنگەردابە و بجەنگە، کاری مردن زۆر نزیکە و ماوەی

لە سەنگەردابوونیش زۆر کەم و ئاسانە، لە هەر کاتێکدا مەلیکی مەزن نێراوەکانی خۆی بۆ لات ڕەوانە دەکات و دەتگوێزنەوە بۆ خانەی دوارۆژ، لەوێ لەم تێکۆشانە ئاسوودە دەبیت و تۆ و دوژمنەکەت لە یەکتر جیادەکاتەوە، لە خانەی ڕێز و بەخششدا ئازادانە بۆ هەر شوێنێك بتەوێ گەشتی خۆت دەکەی، دوژمنەکەت لە خراپترین زیندانداا زیندانی دەکرێت و تۆش دەیبینی، ئەو بەندیخانەی دەیویست تۆی تێدا بەند بکات خۆی برایە ناوی و دەرگاکانی لەسەر داخرا و بێهیوا بوو لە رزگاربوون و دەروو و هاتنە دەرەوە، تۆش لەناو ئەو خۆشی و چێژانەدای نەفست حەزی لێ دەکات و چاوتی پێ ڕۆشن دەبێتەوە، ئەمەش پاداشتی ئارامگرتنە لەو ماوە کەمەی دونیا و لە سەنگەر دانیشتن دژ بە دوژمنەکەت، ئەو ماوەیەش تەنها ساتێکی گوزەرکردە بوو، نێستا وەك ئەوەی هیچ ناخۆشی و تەنگانەیەکت نەبووبێت.

گەر نەفس لە سەرنجی کەموکورتی عومری دونیا و خێرایی تێپەڕینی لاواز بوو با تێڕامان بۆ ئەم ئایەتانە بکات: ﴿كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍۭ﴾ الأحقاف: ٣٥، ئەو ڕۆژەی ئەوەی بەڵێنیان پێدەدرێت کە دەیبینن وەك ئەوەی -دونیا- تەنها ساتێك بووبێت لە ڕۆژێك.﴿كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا﴾ النازعات: ٤٦، ئەوەی ئەو ڕۆژە دەیبینن وەك ئەوەی تەنها شێوانێك یان چێشتەنگاوێك-لە دونیادا- مابنەوە. ﴿قَٰلَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُوا۟ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ ﴿١١٣﴾ قَٰلَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١١٤﴾﴾ المؤمنون: ١١٢-١١٤، دەڵێت: ژمارەی ئەو ساڵانە چەند بوون لەسەر زەوی مابوونەوە، دەڵێن ڕۆژێك یان بەشێك لە ڕۆژێك، پرسیار لە ئامارکەران بکە، دەڵێ: تەنها ماوەیەکی کەم مانەوە، گەر نێوە ئەو ڕاستییەتان بزانیبایە.﴿يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ۚ وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴿١٠٢﴾ يَتَخَٰفَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا ﴿١٠٣﴾ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا﴾ طه: ١٠٢- ١٠٤، ڕۆژێك فوو دەکرێت بە صوردا، لەو ڕۆژەدا تاوانباران بە چاوی شین و ئەبڵەقەوە حەشر دەکەین، بە پەلە و بە دەنگی نزم لە نێوان خۆیاندا: تەنها دە ڕۆژێك لە دونیادا ژیان، ئێمە زاناترین بەوەی ئەوانە دەیڵێن، کەسە ئاقڵ و کامڵەکەیان دەڵێت:

نیوه تەنها یەك رۆژ لە دونیادا مابوونەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) رۆژێك وتاری بۆ هاوەڵانی دا، کاتێك خۆر لەسەر سەری چیاکان بوو، نەوەش کاتی خۆرئاوابوونە، فەرمووی: ((ئەوەی لە دونیا ماوەتەوە بەرانبەر بەوەی تێپەڕیوە وەك ئەو خۆرە وایە بەرانبەر ئەوەی رۆیشتووە))[1]

با کەسی ژیری ئامۆژگاریکەر بە ئەفسی لەم فەرموودەیە ورد ببێتەوە، با بزانێت چەند لەو بەشە کاتەی دونیا ماوەتەوە بەر ئەو دەکەوێت، با تێبگات ئەو لە غرور و خەوی بێئاگاییدایە، با تێبگات بەختەوەری هەمیشەیی و نیعمەتی هەتاهەتایی بە شتێکی کەمی دونیایی گۆڕیوەتەوە کە لە هیچ ڕێگەیەوە پێی یەکسان نییە و بەراورد ناکرێن، گەر ئەو کەسە خودا و خانەی دواڕۆژی هەڵبژاردبایە ئەوا ئەو بەشە مەزنەی پێ دەبەخشی و کاملتر و زیاتریش لەوە، وەك لە هەندێك ئەسەردا هاتووە: ((ئەی رۆڵەی نادەم دونیا بە دواڕۆژ بفرۆشە هەردووکیان بەدەست دەهێنیت، دواڕۆژ بە دونیا مەفرۆشە، چونکە هەردووکیان لەدەست دەدەی))[2]

هەندێ لە پێشین دەڵێن: ((ئەی رۆڵەی نادەم، تۆ ئاتاجی بەشی خۆتی لە دونیا، بەڵام بە بەشی دواڕۆژت ئاتاجتری،، گەر بە بەشی خۆت لە دونیا دەست پێ بکەی بەشی خۆت لە دواڕۆژدا لەدەست دەدەی، ئەو کات لەسەر بەشی دونیاش لەبەر مەترسیدای، گەر بە بەشی خۆت لە دواڕۆژ دەست پێ بکەی لە بەدەستهێنانی بەشی خۆت لە دونیادا سەرکەوتن بەدەست دەهێنی و بە جوانی دەتوانی ڕێکی بخەی))[3]

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز -خوا لێی ڕازی بێت- لە وتارەکانیدا دەیوت: ((خەڵکینە، نیوە هەروا و بە هەوانتە دروست نەکراون، هەرواش دەستان لێ هەڵناگیرێ و وێڵنەکراون، گەڕانەوەیەك هەیە کە خودا کۆتان دەکاتەوە تاکو لە نێوانتاندا حوکم دەربکات و کۆتایی بە جیاوازییەکانتان بهێنێت، ئەو بەندەیەی خودا لەژێر ڕەحمەتی

---

[1] أخرجه الترمذي وقال هذا حديث حسن صحيح.

[2] نعيم له "الحلية"دا وەك قسەی حەسەنی بەصری دەریهێناوە، "ابن أبي الدنيا"ش لە "ذم الدنيا" و "إتحاف سادة المتقين"دا بە قسەی لوقمانی حەکیم هێناویەتی.

[3] أخرجه هناد في الزهد وابن أبي شيبة في"المصنف" والطبراني في "الكبير".

خۆی-ئەو رەحمەتەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە- دەریدەکات زیانۆمەندی و شەقاوەت بەشی دەبێت و لە بەهەشتی بەرین -کە پانتاییەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەوییە- مەحروم دەبێت، سبەینێ ئاسایش و ئەمان بۆ کەسێکە لە خودا ترسابێت و کەسێکی پارێزەر بێت، کەمێکی دونیای بە زۆرێکی دوارۆژ فرۆشتبێت، فانی بە باقی و شەقاوەتی بە سەعادەت گۆڕیبێتەوە، ئێوە نابینن ئێوە رۆڵە و نەوەی تیاچووانن و خەڵکانی تر دێن و جێگەی ئێوە دەگرنەوە، نابینن هەموو رۆژێك کەسێك دەمرێت و بۆ لای خودا بەڕێی دەکەن، کەسانێك کە هیوایان دەبڕێت و دەیانخەنە ناو سکی زەوییەوە بەبێ ئەوەی راخەر و ژێرەخەرێکی تێدا بێت، کەسانێك کە نەوەکانی خۆیان بەجێدەهێڵن و لە خۆشەویستان جیادەبنەوە و رووبەڕووی حساب دەکرێنەوە))[1]

مەبەستەکە ئەوەیە خودا لەم ماوە کەمەی ژیاندا کۆمەکی بەندەکەی کردووە بە سەرباز و چەك و تفاقی جوار و جۆر، بۆی رۆشن کردۆتەوە چۆن خۆی لە دوژمنەکەی بپارێزێ، هەروەها بۆی بەیان کردووە چۆن کۆت و زنجیری خۆی بکاتەوە کاتێك دوژمنەکەی یەخسیری دەکات.

ئیمام ئەحمەد و "الترمذي" لە "الحارث الأشعري"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) ریوایەتیان کردووە: ((خودا(ﷻ) فەرمانی کرد بە یەحیای کوڕی زەکەریا-عليهما السلام- بە پێنج کەلیمە تاکو کاری پێ بکات و فەرمان بە بەنی ئیسرائیلییەکان بکات کاری پێ بکەن، ئەو خەریك بوو تیایدا هێواش بێت (پەلەی تێدا نەکات) بۆیە عیسا(سلامی خوای لێبێ) پێی فەرموو: خودا فەرمانی بە پێنج کەلیمە پێکردووی کاری پێ بکەی و فەرمان بە بەنی ئیسرائیلییەکان بکەیت کاری پێ بکەن، یان تۆ فەرمانیان پێ بکە یان من فەرمانیان پێ دەکەم، یەحیا فەرمووی: ئەترسم گەر تۆ پێشم بکەوی زەوی نوقمم بکات یان سزا بدرێم، بۆیە یەحیا خەڵکی لە "بيت المقدس" کۆکردەوە، پەرستگاکە پڕ بوو لە خەڵك و هەندێکیان لەسەر دیوارەکان دانیشتبوون، فەرمووی: خودا-تبارك وتعالى- فەرمانی پێکردووم بە پێنج کەلیمە تاکو کاری پێ بکەم و فەرمان بە ئێوەش بکەم کاری پێ بکەن:

---

١ اخرجها أبو نعيم في "الحلية".

یەکەمیان: خودا بە تاکو تەنها بپەرستن و هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن، نموونەی ئەو کەسەی هاوەڵ بۆ خودا دادەنێت وەك ئەو کەسە وایە بەندەیەك بکڕێت بە ماڵی حەلاڵی خۆی -بە زێڕ یان بە درهەمی زیو- و پێی بڵێت: ئەمە ماڵەکەمە و ئەمە کارەکەم، کار بکە و بۆمی بهێنەوە، ئەویش کار دەکات و دەیبات بۆ کەسێکی تر جگە لە سەردارەکەی، کێ لە ئێوە رازی دەبێت بەندەکەی بەو جۆرە بێت؟!

خودا فەرمانی پێ کردوون بە نوێژ، کاتێك نوێژ دەکەن لا مەکەنەوە، چونکە خودا لە نوێژدا رووی خۆی دەکاتە رووی بەندەکەی گەر لا نەکاتەوە.

هەروەها فەرمانی پێ کردوون بە رۆژوو، نموونەی رۆژووگر وەك کەسێك وایە لەناو دەستەیەکدا، قوتویەکی پێیە میسکی تێدایە، هەموویان لە قوتوەکە و لە بۆنەکەی سەریان سوڕ دەمێنێت، بۆنی رۆژووان لە لای خودا لە بۆنی میسك خۆشترە.

هەروەها فەرمانی پێ کردوون بە صەدەقە کردن، نموونەی ئەو کەسە وەك نموونەی پیاوێك وایە دوژمنەکەی بە دیلی گرتبێت، دەستی تا گەردنی پێوەند کردبێت، دەیهێنن بۆ ئەوەی لە گەردنی بدەن، ئەویش دەڵێ: من هەرچی هەمە لە کەم و زۆر بۆ رزگارکردنی خۆم بە ئێوەی دەدەم، بەو جۆرە فیدیەی بۆ نەفسی خۆی پێدان و رزگاری بوو.

هەروەها فەرمانی پێکردوون یادی خودا بکەن، نموونەی ئەمەش وەك پیاوێك وایە کە دوژمن بە پەلە بە دوایەوەیە، ئەویش دەگاتە قەلایەکی دامەزراو و دەچێتە ناوی و خۆی لە دەستی ئەوان قوتار دەکات، هەر بەو جۆرە بەندە ناتوانێت خۆی لە دەست شەیتان بپارێزێت بە یادی خودا نەبێت))

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی منیش فەرمانتان پێ دەکەم بە پێنج شت کە خودا فەرمانی پێکردووم: گوێڕایەڵی، جیهاد کردن، کۆچکردن، ژیانی بە کۆمەڵ، ئەو کەسەی-بە ئەندازەی بستێك- لە کۆمەڵ جیادەبێتەوە ملوانکەی ئیسلام لە گەردنی دەکرێتەوە، مەگەر کەسەکە بگەڕێتەوە، هەر کەس بە بانگەشەی نەفامی بانگەشەی کرد، ئەوا لە دۆزەخدا چۆکی داداوە))

پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی ئەگەر کەسەکە نوێژی کرد و بەرۆژوو بوو؟

فەرمووی: با نوێژ بکات و بەڕۆژووش بێت، بانگ بکەن بە بانگی خودا کە ناوی ئێوەی ناوە "موسڵمانی باوەڕدار، بەندەکانی خودا))[1]

پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەم فەرموودە سەحیحە شانوشکۆ مەزنەدا -کە پێویستە هەموو موسڵمانێك لەبەری بکات و تێی بگات- باسی ئەوەی کردووە چۆن خۆمان لەدەستی شەیتان رزگار بکەین، هەروەها باسی ئەو شتانەی کردووە کە بەندە لە دونیا و دوارۆژدا سەرکەوتن و رزگاری پێ بەدەست دەهێنێت.

نموونەی یەکتاپەرست و هاوەڵدانەر

نموونەی یەکتاپەرست و هاوەڵدانەری باس کردووە، یەکتاپەرست وەك ئەو کەسە وایە لە خانووی سەردارەکەیدا کار دەکات و ئەوەی بەندەکە تیایدا بەکارهێنراوە دەیگێڕێتەوە بۆ سەردارەکەی خۆی، کەسی هاوەڵدانەریش وەك ئەو کەسە وایە سەردارەکەی لە خانووەکەی خۆیدا بەکاری هێنابێت و کار بکات و خەراج و کارەکەی بۆ کەسانی تر بێت جگە لە سەردارەکەی، کەسی هاوەڵدانەریش هەر بەو جۆرەیە بۆ کەسانێك جگە لە خودا کار دەکات و لەناو ماڵ و مەملەکەتی خودادایە، بە نیعمەتەکانی خودا خۆی لە دوژمنی خودا نزیك دەکاتەوە.

ئەوەی ئاشکرایە کەسێك گەر بەندەی هەبێت ئەوا بێزراوترین بەندە و خەشمێگیراوترین و دوورترینیان ئەو بەندەیە کە بەو جۆرەیە، لە کاتێکدا هەردووکیان دروستکراون و هەردووکیان لەناو نیعمەتی کەسێکی تردان کە خودایە، ئەی دەبێ پەروەردگاری جیهانەکان چۆن بێت کە هیچ نیعمەتێکی بەندە نییە لە خوداوە نەبێت، خودایەکی تاك و تەنها و بێ هاوەڵ و بێ هاوتا، هەرچی خێر و چاکەیە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، تەنها ئەوە بەندەکەی خۆی دروستکردووە، رەحمی پێکردووە و کارەکانی بۆ هەڵدەسوڕێنێ و رۆزی بۆ دەنێرێ و لەشساغی دەکات و پێویستییەکانی بۆ جێبەجێ دەکات؟!

ئیتر چۆن شایستەیە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کەسێکی تر -لە خۆشەویستی و ترس و رجا و سوێند و نەزر و مامەڵەدا- بکەیت بە هاوتای، غەیری ئەوی خۆشبوێت وەك

---

١ نیمامی "الترمذي"دەفەرموێ: فەرموودەیەکی حەسەنی صەحیحە.

چۆن خودای خۆش دەوێت بەڵکو زیاتریش لە خودا، ترس و رجای لە غەیری خودا هەبێت وەك چۆن ترس و رجای لە خودا هەیە، بەڵکو لە خودا زیاتر؟!

شاهید حاڵیان-بەڵکو قسە و کرداریان- شایەتی ئەوە دەدەن ئەوانە دژەخواکانیان (الأنداد) لە مردوو و زیندوو لە خودا خۆشتر دەوێت، لێیان دەترسن و رجایان لایانە و مامەڵەیان دەکەن و داوای رەزامەندیان دەکەن و لە تووڕەبوونیان هەڵدێن زیاتر و زۆرتر لەوەی خودایان مەبەستە بە خۆشەویستی و ترس و رجا و هەڵهاتن لە تووڕەبوونی.

ئەمە ئەو هاوەڵدانانەیە کە خودا لێی نابورێت، خودای موتەعال دەفەرموێ ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾ النساء: ٤٨.

ستەم لەلای خودا لە رۆژی دواییدا سێ دیوانی هەیە: دیوانێك خودا لێی خۆش نابێت، ئەوەش بریتییە لە هاوەڵدانان بۆ خودا، خودا خۆش نابێت هاوەڵی بۆ دابنرێت.

دیوانێك کە خودا هیچی لێ بەجێناهێڵێ، ئەوەش بریتییە لە ستەمی بەندەکان هەندێکیان لە هەندێکی تریان، خودای موتەعال هەر هەمووی وەردەگرێتەوە و دادوەری دەکات لە نێوانیاندا.

دیوانێك خودا گوێ بە هیچی نادات و هیچی وەرناگرێتەوە، ئەوەش ستەمی بەندەکانە لە نەفسی خۆیان و لە نێوان خۆیان و نەفسی خۆیاندا، ئەم دیوانەیان سووکترین دیوانە و خێراترینیانە بۆ سڕینەوە، تەنها بە تەوبە و داوای لێخۆش بوون دەسڕێتەوە، هەروەها بە کار و کردەوەی چاکە کە تیابەری گوناهانە، هەر بەو جۆرە موسیبەتگەلێك کە دەبنە تەکفیری گوناهان، ئەمانە و هاوشێوەکانی تری ئەمانە، بە پێچەوانەی دیوانی هاوەڵدانانەوە کە ناسڕێتەوە بە یەکتاپەرستی نەبێت، و دیوانی ستەمەکان کە تەنها بە گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەن مافەکان و گەردنئازایی کۆتایی پێ دێت و دەسڕێتەوە.

لەبەر ئەوەی هاوەڵدانان لەلای خودا گەورەترینی سێ دیوانەکەیە خودا بەهەشتی لەسەر ئەهلی ئەم دیوانە حەرام کردووە، نەفسی هاوەڵدانەر ناچێتە بەهەشتەوە، بەڵکو تەنها ئەهلی یەکتاپەرستی دەچنە بەهەشت، یەکتاپەرستی کلیلی دەرگای بەهەشتە، هەر کەس کلیلەکەی پێ نەبێت دەرگاکەی بۆ ناکرێتەوە، هەر بەو جۆرە هەر کەس کلیلێکی پێ بێت و ددانی نەبێت ناتوانێت دەرگاکە بکاتەوە.

ددانی ئەو کلیلە بریتییە لە نوێژ و ڕۆژ و زەکات و حەج، و جیهاد و فەرمان بە چاک و نەهی لە خراپە و ڕاستگۆیی لە قسە و گوفتاردا، و گێڕانەوەی ئەمانەت و سیلەی ڕەحم و چاکە لەگەڵ دایك و باوك، هەر بەندەیەك لەم خانەی دونیایەدا کلیلێکی دروستی لە یەکتاپەرستی بەدەستهێنا و ددانی فەرمانەکانی لێ بەست ڕۆژی دوایی دێت بۆ بەردەم دەرگای بەهەشت و کلیلەکەی پێیە و دەرگای بەهەشتی پێ دەکاتەوە، ئەو دەرگایەی کە بەو کلیلە نەبێت بە هیچ کلیلێکی تر ناکرێتەوە، هیچ کۆسپێك بۆ کردنەوەی لەبەردەمدا نابێت، مەگەر گوناه و هەڵە و خراپەیەك کە لەم دونیایەدا کاریگەرییەکەی بە تەوبە و داوای لێخۆشبوون نەڕۆیشتبێت، ئەو کەسە لە چوونە نار بەهەشت بەند دەکرێت تاکو لێیان پاك دەبێتەوە، گەر وەستانی ڕۆژی دوایی و ترس و ناخۆشییەکانی پاکیان نەکردەوە ئەوا دەبێت ئەو کەسە بچێتە ناو ئاگرەوە بۆ ئەوەی پیسی گوناهی لێ جیا بکرێتەوە و لە گوناه و پیسی پاك ببێتەوە، پاشان لە دۆزەخ دەردەهێنرێ و دەخرێتە بەهەشتەوە، چونکە بەهەشت خانەی پاکانە و گەرەکە تەنها پاکان ڕووی لێ بکەن و بچنە ژوورەوە.

خودای موتەعال دەفەرموێت ﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ ۙ يَقُولُونَ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمُ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ ﴾ النحل: ٣٢، ئەوانەی بە پاکی و جوانی و باشییەوە فریشتەکان گیانیان دەکێشن، پێیان دەڵێن: سەلامتان لەسەر بێت بچنە ناو بەهەشتەوە.

هەروەها دەفەرموێت ﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ ﴾ الزمر: ٧٣، ئەوانەی لە پەروەردگاری خۆیان دەترسان و خۆپارێزییان دەکرد پۆل پۆل بۆ بەهەشت ڕەوانە دەکرێن، کاتێك ڕوو لەبەهەشت دەکەن و دەگەنە بەرەوەو دەرگاکانی کراوەیە، خەزنەداری بەهەشت پێیان دەڵێت: سەلامتان لەسەر بێت، بۆ هەتاهەتایە بچنە ناو بەهەشتەوە.

پیتی "الفاء"ی خستۆتە سەر وشەی "ادخلوها" کە پێش وشەکەش وشەی "طبتم" هاتووە، ئەمەش مانای وایە پاکێتی هۆی چوونە بەهەشتیانە، واتە بەهۆی پاکێتیتانەوە پێتان وترا: بچنە ناو بەهەشتەوە.

بەڵام دۆزەخ خانەی قسە و رەفتار و خواردن و خواردنەوەی پیسە، بەڵکو خانەی پیسانە، خودای موتەعال دەفەرموێ ﴿ لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ ٱلْخَبِيثَ بَعْضَهُۥ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُۥ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُۥ فِى جَهَنَّمَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾ الأنفال: ٣٧، خودای موتەعال پیسان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریان کۆدەکاتەوە، هەمووان گرۆمۆڵە دەکات وەك گرمۆڵەکردنی کۆمەڵێك شت بەسەر یەکتردا و پاشان هەڵیان دەداتە ناو دۆزەخەوە و دەبن بە هاوەدەمی ئەهلی دۆزەخ، دۆزەخیش تەنها پیسانی تێدایە.

لەبەر ئەوەی خەڵکی سێ چینن: پاکان کە پیسییان تێکەڵ نییە، و پیسان کە پاکیان تێدا نییە، و ئەوانی تر کە پیسی و پاکیان تێدایە، **بۆیە خانەیان سێ جۆرە:** خانەی پاکانی تەواو و خانەی پیسانی تەواو، ئەم دوو خانەیە هەرگیز تیاناچن، لەگەڵ خانەیەك کە بۆ ئەو کەسانەیە پیس و پاکیان تێکەڵ کردووە، ئەوەش ئەو خانەیە کە تیادەچێت، ئەوەش بریتییە لە خانەی یاخیبووان، لە دۆزەخدا هیچ یاخیبوویەکی بەکتاپەرست نامێنێتەوە، ئەوان کاتێك بە ئەندازەی تاوانەکانیان سزا دەدرێن، لە ئاگر دەردەهێنرێن و دەخرێنە ناو بەهەشتەوە، ئەو کات تەنها خانەی پاکانی تەواو و خانەی پیسانی تەواو دەمێننەوە.

دەروازەی چوارەم

ئامادەبوونی دڵ لە نوێژدا

فەرموودەکەی-پێشتری- پێغەمبەری خودا(ﷺ): ((فەرمانی پێکردوون بە نوێژ، کاتێك نوێژتان کرد ئاوڕ مەدەنەوە، خودای موتەعال رووی خۆی دەکاتە بەندەکەی لە نوێژدا گەر ئاوڕ نەداتەوە))

ئاوڕدانەوە (لاکردنەوە)ی نەهیلێکراو لە نوێژدا دوو بەشە:

یەکەمیان:لاکردنەوەی دڵ بە لای غەیری خودادا.

دووەمیان: لاکردنەوەی چاوە.

هەردووکیان نەهییان لێکراوە.

خودا بەردەوام رووی لە بەندەکەیەتی هەتا بەندەکەی ئاگاهی لە نوێژەکەی هەبێت، کاتێك بە دڵ یان بە چاو لای بەلای شتێکدا کردەوە خودا پشتی تێدەکات.

پرسیار لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کرا دەربارەی لاکردنەوەی کەسێك لە نوێژکەیدا، فەرمووی: ((ئەوە دزییەکە شەیتان لە نوێژی بەندەکە دەیکات))[1]

لە ئەسەرێکی تردا: خودای موتەعال دەفەرموێ: ((بۆ لای باشتر لە من؟! بۆ لای باشتر لە من؟!(واتە بۆ لای باشتر لە من لادەکەیەوە؟)))[2]

نموونەی ئەو کەسەی بە چاوی یان بە دڵی لادەکاتەوە وەك پیاوێك وایە کە دەسەلاتداری ولات بانگی کردووە، لەبەردەم خۆیدا رایدەوەستێنێت، دەیلاوێنێ و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، ئەویش لەو ماوەیەدا لا بەلای راست و چەپدا دەکاتەوە، یان دڵی بە تەواوی لەکەسی دەسەلاتدار لایداوە و لە قسەکانی حاڵی نابێت، چونکە دڵ نامادە نییە لەگەڵی، دەبێ گومانی ئەو کەسە چی بێت بەوەی سوڵتان لەگەڵی ئەنجامی دەدات؟!

---

١ رواه البخاري.

٢ رواه البزار.

کەمترین سزا بۆ ئەو کەسە ئەوەیە سوڵتان دەریبکاتە دەرەوە و دووری بخاتەوە و سوك و رسوای بکات، و لەبەرچاوی بکەوێت، ئەم جۆرە نوێژکەرە یەکسان نییە لەگەڵ نوێژکەرێکی تردا کە دڵی ئامادەیە و لە نوێژەکەیدا رووی لە خودا کردووە، بە دڵ هەست بە مەزنی ئەو کەسە دەکات لەبەردەمیدا راوەستاوە، و ناخی پڕ بووە لە هەیبەتی خودای موتەعال و گەردنی بۆی کەچ بووە و شەرم دەکات لە خودا لە نوێژەکەیدا لا بەلای غەیری خودادا بکاتەوە یان ئاگای لە خودای خۆی نەمێنێت، نێوان نوێژی ئەم دوو کەسە –وەك حسان بن عطية دەڵێت-: ((دوو پیاو هەردووکیان لەناو یەك نوێژدان، بەلاّم فەزڵی نێوان ئەو دوو نوێژە بە ئەندازەی ئاسمان و زەوییە))[1]

ئەوەش لەبەر ئەوەی یەکێکیان بە دڵ رووی لە خودا کردووە و ئەویتریان وێڵ و بێئاگا و سەهوکەرە.

کاتێك بەندەیەك روو لە دروستکراوێکی وەك خۆی دەکات و لە نێوانیاندا پەردەی ئەستوور بوونی هەیە ئەو کارە پێی ناوترێت رووتێکردن و نزیکبوونەوە، ئەی دەبێ گومانت چی بێت بە رووکردنە دروستکەری مرۆڤ و ئاسمانەکان لەگەڵ بوونی پەردە و دیواری دڵدا؟!

کاتێك روو لە خالیق دەکات و پەردەی شەهەوات و وەسوەسە کەوتۆتە نێوان ئەو و خوداوە و نەفسی پێیانەوە سەرقاڵە و پێیان پڕ بووە، ئیتر ئەوە چۆن دەبێت بە رووکردنە خودا لە کاتێکدا بیر و وەسوەسە بێئاگایان کردووە و پەرت و دابەشیان کردووە و –لە جێگەی خودا-رووی لە چەندین شوێنە؟

کاتێك بەندە لە نوێژدا رادەوەستێ شەیتان بەغیلی پێ دەبات، چونکە بەندە لە مەزنترین و نزیکترین مەقامدا راوەستاوە، مەقامێکە شەیتان تووڕە و بێزار دەکات و سەختترین شتێکە لەسەری، شەیتان ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ کە مرۆڤ پێ لەو مەقامە نەنێت، بەڵکو بەردەوام بەڵێنی پێ دەدات و خۆزگەی لا دروست دەکات و لەبیری دەباتەوە و بە بیرکردنەوە لە سەروەت و سامانەوە سەرقاڵی دەکات تا شان و

---

[1] اخرجه ابن مبارك في "الزهد".

شکۆی نوێژی لەلا کەم بایەخ دەکات و دەکەوێتە تەمبەڵی و گوێ پێنەدانی و دواتر واز لە نوێژکردن دەهێنێت.

گەر شەیتان لەمە دەستەوسان بوو، بەندەکە بە گوێی نەکرد و پێی نایە مەقامی نوێژکردنەوە، ئەو کات دوژمنی خودا دێت و بیر و خەیاڵی لە ناوەوە بۆ دروست دەکات و دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا و دواتر بۆشایی دەکەوێتە نێوان کەسەکە و دڵییەوە، کۆمەڵێك شتی لە نوێژدا بیر دەکەوێتەوە کە پێش نوێژەکە بە بیریدا نەهاتبوو، تەنانەت لەوانەیە شتێك یان پێویستییەکی لەبیرچووبێت و لە هاتنەوە یادی بێهیوا بوو بێت، شەیتان لە نوێژدا بیری دەخاتەوە بۆ ئەوەی دڵی پێیەوە خەریك ببێت و لە خودا دووری بخاتەوە، ئەو کات بەبێ دڵ لە نوێژەکەیدا راوەستاوە، ئەوەی کەسی نوێژکەری دڵ ئامادە بەدەستی دەهێنێت لە رێز و نزیکی ئەو بەدەستی ناهێنێت، بۆیە کەسی بێئاگا چۆن لە نوێژەکەیدا بێئاگا بوو هەرواش دوای تەواوبوونی نوێژەکەی بێئاگا دەبێت، چۆن بە کۆڵی گوناه و هەڵە و خراپەوە رووی لە نوێژەکەی کرد بە هەمان کۆڵی قورسەوە لە نوێژەکەی دێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی هیچ لە گوناهەکانی هەڵوەرێبێت و سووك بووبێت.

نوێژ گوناهی کەسانێك هەڵدەورێنێت حەقی نوێژیان دابێت و بە تەواوی تیایدا خشوعیان هەبووبێت و بە دڵ و بە جەستە لەبەردەم خودادا رەوەستابن، نەم کەسە کاتێك لە نوێژەکەی دێتە دەرەوە هەست بە ئاسوودەیی دەروون دەکات، وا هەست دەکات کۆڵێکی قورس لەسەر شانی داگیراوە، بۆیە چالاکی و بەختەوەری و ئاسوودەیی هەست پێ دەکات، تا ئاوات دەخوازێت لە نوێژەکەی نەهاتبایەتە دەرەوە، چونکە نوێژەکە بینایی چاوی ئەوە و ئاسوودەیی رۆحییەتی و بەهەشتی دڵە و سەهەندێکە لە دونیادا تیایدا ئارام دەگرێت، بەردەوام وەك ئەوەی لە بەندیخانە و تەنگەلانیدا بێت تا دەچێتە ناو نوێژەوە و تیایدا پشوو دەدات، نەك لە نوێژ پشوو بدات و رزگاری بێت لەدەستی، خۆشەویستان دەڵێن: نوێژ دەکەین و بە نوێژەکەمان ئاسوودە دەبین و پشوو دەدەین، وەك چۆن ئیمام و پێشەوا و پێغەمبەریان(ﷺ) دەفەرموێ: ((ئەی بیلال بە نوێژ ئاسوودەمان بکە))[1] نەیفەرموو لە نوێژ ئاسوودەمان بکە.

---

١ أخرجه أبو داوود و أحمد.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ((ڕۆشنایی و بینایی چاوم لە نوێژدا دانراوە))[1]، هەر کەس ڕۆشنایی و بینایی چاوی لە نوێژدا بێت دەبێ چۆن چاوی بە شتی تر لە خوار ئەوەوە ڕۆشن ببێتەوە، یان چۆن ئارام دەگرێت لە نوێژ؟!

نوێژی ئەم کەسە دڵ ئامادە کە بینایی و ڕۆشنایی چاوی لەناو نوێژدایە ئەو نوێژەیە بەرز دەبێتەوە و نوور و بورهان لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەرز دەبێتەوە تا رووی پێ دەکاتە ڕەحمان و نوێژ دەفەرموێت: ((خودا بتپارێزێت وەك پارێزگاریت لە من کرد))، بەڵام ئەو کەسەی کە خەمسارده بەرانبەر نوێژەکەی و ماف و سنوورەکانی جێبەجێ ناکات و لە نوێژەکەیدا خشوعی نییە، ئەوا نوێژەکەی گرمۆڵە دەکرێت وەك چۆن پۆشاك گرمۆڵە دەکرێت و پاشان دەیدەنەوە بە رووی خاوەنەکەیدا و نوێژەکەی پێی دەڵێت: ((خودا تۆ تیاببات وەك منت تیابرد))

لە فەرموودەیەکی بەرزکراوەوە ریوایەت کراوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر باوەڕدارێك دەستنوێژ تا شوێنی خۆیان بشوات و پاشان لە کاتی خۆیدا هەستێت بۆ نوێژ و بۆ خودا بە باشی نوێژەکەی ئەنجام بدات و لە کاتەکەی و رکوع و سوژدە و مەشخەڵی نوێژەکەی شتێك کەم نەکاتەوە، ئەوا بۆ لای خودا بە رەنگی سپی زەردباو بەرز دەکرێتەوە، بە نووری ئەو نویژە دوو ئاسۆ رووناك دەبێتەوە تا دەچێتە خزمەتی ڕەحمان(ﷻ)))

هەر کەس هەستێت بۆ نوێژ و دەستنوێژەکەی کامڵ نەبێت و نوێژەکەی دوابخات لە کاتی خۆی و لە رکوع و سوژدە و مەشخەڵی نوێژ بدزێتەوە بە رەشی و تاریکی بەرزدەکرێتەوە، پاشان لەسەر سەری نوێژکەرەکە بەرز نابێتەوە، دواتر نوێژەکە دەڵێت: ((خودا تۆ تیاببات وەك منت تیابرد))[2]

نوێژی قبوولکراو و کاری قبوولکراو ئەوەیە بەندە نوێژێك ئەنجام بدات شایستەی پەروەردگاری بێت، ئەگەر نوێژەکە بۆ پەروەردگار شایستەو پەسەند بێت ئەوا قبوولکراوە.

---

[1] أخرجه النسائي و احمد.

[2] أخرجه الطيالسي و البزار والشاشي لي "مسنده".

کرداری قبوولکراو دوو بەشە:

یەکەمیان: ئەوەیە بەندە نوێژ بکات و تەواوی کارە چاکەکانی تر ئەنجام بدات و دڵ وابەستە بێت بە خودای موتەعالەوە، بە بەردەوامی لە یادی خودادا بێت، کاری ئەم بەندەیە بۆ خودا دەخرێتە روو و تا بەرانبەر خودا رادەوەستێ، خودای موتەعال تەماشای دەکات، کە بینی کارەکە تەنها بۆ رەزامەندی و رووی پەروەردگار ئەنجام دراوە و لە دڵێکی ساغ و موخلیص و پڕ لە خۆشەویستی خوداوە سەرچاوەی گرتووە و بەو کارە دەیەوێت لە خودا نزیك ببێتەوە خودا کارەکەی خۆشدەوێ و پێی رازی دەبێت و قبووڵی دەفەرموێت.

بەشی دووەم: کەسەکە کار و کردەوە بە بێئاگایی و دەقپێوەگرتنەوە ئەنجام بدات، لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستی گوێڕایەڵی و نزیکبوونەوە بێت لە خودا، ئەندامەکانی جەستەی بە کارەکەوە خەریك بێت، بەڵام دڵی لە یادی خودا بێئاگا بێت، هەر بەم جۆرە تەواوی کار و کردەوەکانی تری، کاتێك کارو کردەوەی ئەم بەندەیە بۆ لای خودا بەرزدەکرێتەوە رووبەڕووی خودا راناوەستێت و خوداش سەرنجی خۆی ناخاتە سەری، بەڵکو لەناو دیوانی کار و کردەوەکاندا دادەنرێت تا رۆژی دوایی بۆ خودا دەخرێنە روو، لەوێ جیادەکرێنەوە، ئەەی بۆ خودا بێت کەسەکە لەسەری پاداشت وەردەگرێت و ئەوەش بۆ رووی خودا ئەنجام نەدرابێت دەدرێتەوە بە سەر خاوەنەکەیدا.

قبووڵ کردنی خودا بۆ کرداری ئەم کەسە واتە پێدانی پاداشت بە دروستکراوێك لە دروستکراوەکانی لە کۆشك و تەلار و خواردن و خواردنەوە و حۆرلعەین، بەڵام پاداشتی کەسی یەکەم(ئەوەی لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدرا) بریتییە لە رازیبوونی خودا لەوەی کردارەکەی بۆ خۆی بێت و رازیش بێت لە خاوەن کردارەکە و نزیکبوونەوە لێی، بۆیە پلە و پایەی بەرز دەکاتەوە، ئەم کەسەیان پاداشتی هەژمارنەکراوی بۆ هەیە، ئەمەیان رەنگێکە و ئەویتریان رەنگێکی تر[1]

---

١ ئیبن قەیم دەیەوێ پێمان بڵێت ئەوانەی بەشی یەکەم بریتین لە "المقربون" و ئەمانەی بەشی دووەم بریتین لە "اصحاب الیمین".(وەرگێر)

خەڵکی لە نوێژدا لە پێنج ئاستدان:

یەکەمیان: پلەی ستەمکەر و زیادەڕەو لە نەفسی خۆ، ئەوە ئەو کەسەیە لە دەستنوێژ و کاتی نوێژ و سنوور و ئەرکانی نوێژدا کەموکورتی هەیە.

دووەم: ئەو کەسەی پارێزگاری لە کات و سنوور و ئەرکانی زاهیری نوێژ و دەستنوێژ دەکات، بەڵام تێکۆشانی نەفسی دژ بە وەسوەسە وازلێهێناوە، بۆیە لەگەڵ بیر و خەیاڵ و وەسوەسەدا رۆچووە.

سێیەم: ئەو کەسەی پارێزگاری لە سنوور و ئەرکانی نوێژ دەکات و لەگەڵ نەفسی خۆی تێدەکۆشێت بۆ کۆتاهێنان بە وەسوەسە و بیر و خەیاڵ، ئەو سەرقاڵە بە تێکۆشان دژ بە دوژمنەکەی، تاکو شتێك لە نوێژەکەی نەدزێت، کەوابوو ئەو لەناو نوێژ و تێکۆشاندایە.

چوارەم: ئەو کەسەیە کاتێك هەڵدەستێت بۆ نوێژ ماف و پایە و سنووری نوێژی کامڵ کردووە، دڵی لە چاودێری کردنی سنوور و مافەکانی نوێژدا رۆچووە، بەڵکو هەموو خەمی بۆ ئەنجامدانی نوێژەکە و کامڵ کردن و تەواو کردنی تەرخان کردووە، دڵی لە شانوشکۆی نوێژ و بەندایەتی پەروەردگاردا نوقم بووە.

پێنجەم: ئەو کەسەیە کاتێك قامەت دەکرێت بۆ نوێژ ئەویش لە ئەوپەڕی ئامادەباشیدایە بۆ نوێژ، واتە بۆ نوێژ راست دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا دڵی خۆی دەگرێت و دەیخاتە بەردەم پەروەردگارییەوە، بە دڵ تەماشای پەروەردگاری دەکات، و چاودێری دەکات، پڕ دەبێت لە خۆشەویستی و مەزنیی خودای موتەعال، وەك ئەوەی ببینێت و موشاهەدەی بکات، وەسوەسەو بیرو خەیاڵ هەموو پوکاونەتەوە، پەردەکانیان لە نێوان بەندە و خودادا بەرز بوونەتەوە، نوێژی ئەم کەسە لەگەڵ نوێژی کەسانی تر جیاوازییەکەی ئاسمان و زەوییە، ئەم کەسە لە نوێژەکەیدا بە پەروەردگارەوە سەرقاڵە و چاری بە دیداری رۆشن بووەتەوە.

ئاستی یەکەم لە نوێژکەران سزا دەدرێن، **ئاستی دووەم** موحاسەبەیان دەکرێت، **سێیەمیان** لابەری گوناهانە و **چوارەمیان** پاداشت دەدرێتەوە و **پێنجەمیان** لە

پەروەردگار نزیك دەبێتەوە، چونکە هەندێك لەو کەسانە رۆشنایی و بینایی چاویان لەناو نوێژدایە، هەر کەس لە دونیادا چاوی بە نوێژ رۆشن ببێتەوە لە رۆژی دواییدا چاوی بە نزیکی خودا رۆشن دەبێتەوە، هەر کەسیش چاوی بە خودا رۆشن نەبێتەوە بە هۆی حەسرەت و پەشیمانی دونیاوە نەفسی پارچە پارچە دەبێت.

ریوایەت کراوە کاتێك بەندە هەڵدەستێت بۆ نوێژ، خودای موتەعال دەفەرموێ: ((پەردەکانی نێوان من و بەندەکەم لا بدەن، کاتێك -لە نوێژەکەیدا- لایکردەوە دەفەرموێت: پەردەکان دابدەنەوە))[1]

ئەم ئاوڕدانەوە و لاکردنەوەی دڵ بۆ لای غەیری خودا تەفسیرکراوە، کاتێك بەندە لا بەلای غەیری خودادا دەکاتەوە، ئەوا خودا پەردە لە نێوان خۆی و بەندەکەیدا دائەداتەوە، لەو بارەدا شەیتان دەچێتە ژوورەوە، کار و باری دونیای بۆ دەخاتە روو، وەك ئاوێنە بۆی دێنێتە پێش چاوی، کاتێك بەندە بە دڵ رووی لە خودا دەکات و لا بەلای تەو شتانەی شەیتاندا ناکاتەوە شەیتان ناتوانێت ناوەنگیری بکات لە نێوان خودا و دڵی بەندەکەدا، بەڵکو تەنها کاتێك شەیتان دێتە ژوورەوە کە پەردە سەرهەڵبدات، گەر بەندە هەڵبێت بۆ لای خودای موتەعال و دڵی لە خزمەتیدا ئامادە بکات ئەوا شەیتانیش هەڵدێت، بەڵام کە ئاوڕیدایەوە شەیتان ئامادە دەبێتەوە، ئەمە حاڵی بەندە و حاڵی شەیتانە لە نوێژدا.

١ غەزالی لە "الإحياء"ەیتناویەتی، "العراقي" لە کتێبی "المغني عن حمل الأسفار"دا دەفەرموێت: ئەسڵێکم بۆ نەبینییەوە.

دەروازەی پێنجەم

جۆرەکانی دڵ

بەندە هێز و دەسەڵات پەیدا دەکات بۆ ئامادەبوون لە نوێژدا و سەرقاڵ بوون بە پەروەردگارەوە ئەگەر شەهوەت و ئارەزووەکانی خۆی ژێردەستە بکات، ئەگەر نە، ئەوە دڵێکە شەهوەت ژێردەستەی کردووە و ئارەزوو یەخسیری کردووە و شەیتان لە ناخیدا شوێنێکی بینیوەتەوە تاکو تیایدا دابمەزرێت و لەوێوە زاڵ ببێت بەسەریدا، چۆن بەندە لە وەسوەسە و بیر و خەیاڵ رزگاری ببێت؟!

دڵ سێ جۆرە:

جۆری یەکەم لە دڵ: دڵێك کە خاڵییە لە ئیمان و هەموو خێرێك، ئەوە دڵێکی رەشی تاریکە، شەیتان لە دروستکردنی وەسوەسە و بیر و خەیاڵ بۆی لە پشوودایە و ئاسوودە بووە، چونکە بۆی بووە بە ماڵ و نیشتمان و چۆنی بوێت بەو جۆرە فەرمانڕەوایی دەکات و تا ئەوپەڕی دامەزران تیایدا دەمەزراوە.

دڵی دووەم: دڵێك بە نووری ئیمان رۆشن بوەتەوە و چرای باوەڕی تێدا هەڵکراوە، بەڵام تاریکی حەزەکان و رەشەبای ئارەزووی تیادا ماوە، بۆ ئەم جۆرە دڵە شەیتان رووتێکردن و پشت تێکردنی هەیە و هێرش دەهێنێ و دەشکێ و هێشتا تەماعی بەم دڵە ماوە، بۆیە جەنگ بەردەوامە و جارێك شەیتان سەردەکەوێ و جارێك ئیمان، حاڵی ئەم جۆرە دڵە بەپێی کەم و زۆری ئیمان و هێزی شەیتان دەگۆڕێت، هەیانە کاتی سەرکەوتنی زۆرترە بەسەر دوژمنەکەیدا، هەیانە کاتی سەرکەوتنی دوژمنەکەی زۆرترە بەسەریدا، هەیانە جارێك لە ئەمە و جارێك لە ئەو.

دڵی سێیەم: دڵێك کە پڕبووە لە ئیمان، هەموو شوێنێکی بە نووری ئیمان رۆشن بووەتەوە، پەردەکانی حەزی لەسەر هەڵگیراوە، تاریکییەکان رەواونەتەوە، بۆ ئەو نوورە لە دڵدا شەوق و گەشانەوە بوونی هەیە، بۆ ئەو شەوق و گەشانەوەش گڕسەندن هەیە، کاتێك وەسوەسە و خەیاڵ لەو دڵە نزیك دەبێتەوە بەهۆیەوە دەسوتێن، ئەو دڵە وەك

ئەو ئاسمانە وایە کە بە نەیزەکەکان پارێزگاری لێکراوە، گەر شەیتانێك لێی نزیك ببێتەوە و بیەوێت بیبڕێت یەکێك لەو نەیزەکانەی تێدەگیرێ و دەسوتێنرێت.

ئاسمان حورمەتی مەزنتر نییە لە باوەڕدار، پارێزگاری کردنی باوەڕدار تەواوتر و کاملتره لە پارێزگاری کردنی ئاسمان، ئاسمان شوێنی بەندایەتی فریشتەکانە و ئەو جێگەیە تیایدا وەحی قەرار دەگرێ، ئاسمان چەندین جۆر نووری گوێڕایەڵی خودای تێدایە، بەڵام دڵی باوەڕدار شوێنی یەکتاپەرستی و خۆشەویستی و مەعریفە و ئیمانە و نووری هەموو ئەمانەی تێدایە، بۆیە شایستەی ئەوەیە پاسەوانی و پارێزگاری لێ بکرێت لە پیلانی دوژمن، هیچ شتێك دەستی نەگات بە دڵ و زەفەری پێ نەبات مەگەر لەناکاو و لەپڕ و لە دەمی بێئاگاییدا.

ئەمە بە نموونەیەکی جوان هێنراوەتەوە، ئەوەش بریتییە لە سێ خانوو:

- خانوویەك کە گەنجینە و زەخیرە و موجەوهەراتی مەلیکی تێدایە.
- خانوویەك کە گەنجینەی بەندە و زەخیرە و موجەوهەراتی بەندەی تێدایە، بەڵام موجەوهەرات و زەخیرەی مەلیکی تێدا نییە.
- لەگەڵ خانوویەکی خاڵی بەتاڵ کە هیچی تێدا نییە.

ئەگەر دزێك هات و ویستی دزی لە یەکێك لەم سێ خانووە بکات لە کامیانەوە دەست پێ دەکات؟!

گەر دەڵێی: لە خانووە خاڵییەکەوە، ئەوا دەڵێین ئەو کارە محاڵە، چونکە خانووی بەتاڵ شتێکی تێدا نییە بدزرێت، بۆیە بە "ابن عباس"یان وت-خوا لە خۆی و باوکی رازی بێت-: ((یەهودییەکان وا بانگەشە دەکەن کە لە نوێژەکانیاندا وەسوەسەیان بۆ نایەت، فەرمووی: جا شەیتان چی بکات لە دڵێکی وێرانەدا))

گەر وتت لە خانووەکەی مەلیك دەدزێت، ئەمەش دیسان محاڵ و رێگە پێنەدراوە، چونکە بە دەورویەریدا پاسەوان و سوپا و سەرباز چاودێری دەکات و دز ناتوانێت لێی نزیك ببێتەوە.

تەنها خانووی سێیەم(خانووی بەندە) بۆ دزەکە ماوەتەوە و دەیەوێت بەسەر ئەو خانووەدا بدات.

با کەسی ژیر و هۆشمەند لەم نموونە بە دروستی تێرابمێنێت و بیکات بە نموونەی سێ جۆرەکە لە دڵ، چونکە لەسەر شێوەی یەکترن.

دڵێك خاڵی بێت لە هەموو خێرێك بریتییە لە دڵی بێباوەڕ و دووڕوو، ئەو دڵە بریتییە لە خانەی شەیتان، کردوویەتی بە ماڵ و نیشتمانی خۆی، بۆی بووە بە لانە و جێگەی مانەوە، دەبێ شەیتان چی لەم خانووە بدزێت لە کاتێکدا بووە بە شوێنی خەزێنە و زەخیرەی شەیتان لە گومان و خەیاڵ و وەسوەسە؟!

دڵێك پڕ بووبێت لە جەلال و مەزنی و شکۆمەندی خودای موتەعال و خۆشەویستی و چاودێری و حەیا، دەبێ چ شەیتانێك بوێرێت رووی لێ بکات؟! گەر ویستی شتێکی لێ بدزێت چی بدزێت؟! ئەوپەڕی هەوڵی ئەوەیە لەناکاو و لە کاتی بێئاگایی بەندەدا پەلامارێك بدات و شتێك بدزێت، کە هەر دەبێ شتی لەم جۆرە رووبدات چونکە کەسەکە مرۆڤە و یاساکانی مرۆڤ لە بێئاگایی و هەڵە و لەبیرچوون و سەرسامی و زاڵبوونی سروشت رووی لێ دەکات.

لە "وهب بن منبه"ەوە-رەحمەتی خودای لێ بێت- باس کراوە کە فەرموویەتی: ((لە هەندێ لە کتێبە خوداییەکاندا هاتووە: "لە ماڵەکاندا نیشتەجێ نابم و جێگەی منیان تێدا نابێتەوە، چ ماڵێك هەیە من بگرێتە ئامێز لە کاتێکدا ئاسمانەکان ناواخنی کورسییەکەی منن، بەڵکو من لەناو دڵی باوەڕدارەکەدام، ئەو باوەڕدارەی وازی لە هەموو شت جگە لە من هێناوە و ماڵئاوایی لێ کردوون))[1]

ئەمەش مانای ئەسەرێکی ترە: ((ئاسمانەکان و زەوی جێگەی منیان تیانابێتەوە، دڵی بەندەیەکی باوەڕدار جێگەی منی تێدا دەبێتەوە))[2]

دڵێك کە یەکتاپەرستی و مەعریفەت و خۆشەویستی خودا و باوەڕ بە خودا و بەڕاستزانینی بەڵێن و هەڕەشەکانی تێدا بێت، لەگەڵ دڵێك کە حەز و سیفەتەکانی نەفس و بانگکەری ئارەزوو و سروشتی مرۆڤی تێدایە.

---

[1] أخرجه أحمد في "الزهد".

[2] قال "العراقي" في "المغني عن حمل الأسفار": لم أجد له أصلا.

دڵێکیش لە نێوان ئەو دوو بانگکەرەدایە، جارێك بەرەو بانگکەری ئیمان و مەعریفە و خۆشەویستی و خودا ویستی دەڕوات، جارێکیش بەرەو بانگکەری ئارەزوو و شەیتان و سروشتی مرۆیی دەڕوات [1]، ئەم جۆرە دڵەیان شەیتان تەماعی تیایدایە و لەگەڵی کەوتۆتە زۆرانبازی و کێشمەکێش، خودا هەر کەسی بوێت سەرکەوتنی پێ دەبەخشێت

﴿وَمَا ٱلنَّصۡرُ إِلَّا مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ١٢٦﴾ آل عمران: ١٢٦

ئەم جۆرە دڵە هەمیشە شەیتان بەو چەکە لەگەڵی دەجەنگێ کە لەلای دڵەکە خۆیەتی، شەیتان دەچێتە ژوورەوە و چەکەکەی خۆی لە لای ئەو دەبینێتەوە و دەیگرێتە دەست و دەکەوێتە شەڕکردن لەگەڵ ئەو دڵە، گەر چەکەکەی حەز و شك و گومان (الشهوات والشبهات) و خەیالات و خۆزگە و ئاواتی درۆزنانە بوو –کە لە ناو دڵدایە- شەیتان دەچێتە ژوورەوە و دەبینێت چەکەکەی لەلای ئەو ئامادەیە و دەستی بۆ دەبات و دەکەوێتە زۆرانبازی و هاتوچۆ، گەر لەلای بەندە چەك و تەقەمەنی ئیمان بوونی هەبوو و توانی جەنگ لەگەڵ چەکەکانی حەز و ئارەزوو و شك و گوماندا بکات، بەڵکو هێزەکەی لەو جۆرە چەکانە زیاتر بوو، ئەوا دەتوانێت رێ لە شەیتان بگرێت، ئەگەر نە، ئەوا هێرش و پەلامار و سەرکەوتن بۆ شەیتانە، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم.

گەر بەندە مۆڵەتی دوژمنەکەی خۆیدا و دەرگای ماڵەکەی بۆ کردەوە و فەرمووی لێ کرد بۆ ژوورەوە و چەك و تفاقی پێویستی پێدا تاکو بەهۆیەوە لەگەڵی بجەنگێت ئەوا بەندە بۆ خۆی لۆمەکراوە، نەك کەسێکی تر.

فنفسك لُم ولا تلُم المطايا ومت كمدا فليس لك إعتذار

(لۆمەی نەفسی خۆت بکە نەك لۆمەی ولاخی سواری، بمرە بە دڵتەنگییەکی زۆرەوە هیچ پاساوێکت نییە)

---

١ لە چەند شوێنێکدا نووسەر ئاماژە بە سروشتی مرۆیی(الطباع) دەکات، مەبەستی ئەو سیفەتانەیە کە لەگەڵ هەویری مرۆڤدا شێلراون، وەك ئەو سیفەتانەی قورئان بۆ مرۆڤ ئاماژەی پێداوە، لەوانە لاوازی، نەزانی، سەرکێش و پەلەکەر، هتد... (وەرگێر)

دەروازەی شەشەم

فەزڵی ڕۆژوو

گەڕاینەوە بۆ شەرحی فەرموودەکەی "الحارث" کە باسی ئەوەی تێدایە چۆن بەندە خۆی لە دەستی دوژمنەکەی بپارێزێت:

فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ) ((فەرمانی پێکردوون بە ڕۆژوو، نموونەی ڕۆژووگر وەك پیاوێك وایە کە لەناو دەستەیەکدایە و قوتویەکی پێیە میسکی تێدایە، هەموویان پێی سەرسامن یان بە بۆنەکەی سەرسامن، بۆنی کەسی ڕۆژووگر لەلای خودا لە بۆنی میسك خۆشترە))

پێغەمبەر(ﷺ) کەسی ڕۆژووگری بە خاوەن قوتوی میسك شوبهاندووە، چونکە لەبەر چاوان دیار نییە و لەژێر پۆشاکەکەیدا شاراوەتەوە، هەروەك عادەتی ئەو کەسانەی کە میسك هەڵدەگرن، ڕۆژووگریش هەر بەو جۆرەیە ڕۆژووەکەی لە بینینی خەڵکی شاراوەتەوە و هەستەکانیان پەیی پێ نابات.

کەسی ڕۆژووگر ئەندامەکانی لە گوناه و خراپە بێدەنگن و زمانی لە درۆ و قسەی ناشیرین و شایەتی درۆ پارێزراوە، سکی لە خواردن و خواردنەوە، دامێنی لە جووتبوون و سەرجێیکردن، کاتێك قسە دەکات شتێك ناڵێت ڕۆژووەکەی بریندار بکات، بۆیە هەمرو قسەکانی باش و بەسوودن، هەر بەو جۆرە کار و کردەوەکانی، هەروەك بۆنێکی خۆشی میسك وایە کە ئەهلی مەجلیسەکەی هەڵیدەمژن و بۆنی دەکەن، هەر بەو جۆرە ئەو کەسانەی لەگەڵ کەسی ڕۆژووگردا دادەنیشن سوود دەبینێت لە دانیشتن لەگەڵی و لە قسەی درۆ و بێبنەما و وتەی ناشیرین و زیادەڕەوی سەلامەتە.

ئەمە بریتییە لە ڕۆژووی دروست، نەك تەنها خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە.

لە فەرموودەیەکی سەحیحدا: ((هەر کەس قسەی درۆ و بێبنەما (کلام الزور) و کارکردن بە قسەی درۆ و بێبنەما واز لێ نەهێنێت، خودا هیچ پێویستییەکی بەوە

نییە کەسەکە خواردن و خواردنەوە واز لێ بهێنێت))[1]، هەروەها لە فەرموودەیەکدا هاتووە: ((لەوانەیە رۆووگرێك بەشی لە رۆژووەکەی تەنها برسێتی و تونێتی بێت))[2]

رۆژوو بریتییە لە گرتنەوەی ئەندامەکان لە گوناه و خراپە، و گرتنەوەی سك لە خواردن و خواردنەوە، وەك چۆن خواردن و خواردنەوە رۆژوو دەشکێنن و تێکی دەدەن هەر بەو جۆرە گوناه و خراپە و تاوان پاداشتی رۆژوو ناهێڵن و تێکی دەدەن و وای لێ دەکەن وەك ئەوەی کەسەکە بەرۆژوو نەبووبێت.

لە بوونی بۆن لە رۆژووگردا جیاوازی کەوتۆتە نێوانیانەوە ئایا ئەوە لە دونیادایە یان لە دوارۆژدا؟ دوو بۆچوون هەیە:

لە نێوان دوو زانای گەورە "أبي محمد بن عبدالسلام" و "أبي عمر بن الصلاح" کێشمەکێشێك دروست بووە، "أبو محمد" پێیوایە ئەو بۆنە تایبەتە و لە دوارۆژدایە و لەویارەیەوە کتێبێکی داناوە، بەلام "أبو عمر" پێیوایە لە دونیا و دوارۆژیشدایە و لەو بارەیەوە کتێبێکی داناوە و بەرپەرچی "أبا محمد"ی داوەتەوە.

"أبو عمر" لەو بۆچوونەیدا رێگەی "أبي حاتم بن حبان" گرتۆتە بەر، "ابن حبان" لە سەحیحەکەیدا دەروازەیەکی لەسەر ئەم بابەتە کردۆتەوە و دەڵێ: ((ذكر البيان بأن خلوف فم الصائم أطيب عند الله من ريح المسك–باسی رۆشنکردنەوەی ئەوەی کە بۆنی دەمی رۆژووگر لە لای خودا لە بۆنی میسك خۆشترە)) پاشان فەرموودەکەی "الأعمش" بەدوایدا دەهێنێت کە لە "أبو صالح" و ئەویش(ابن حبان) لە "أبي هريرة" لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) ریوایەتی دەکەن، فەرموویەتی: ((هەموو کار و کردەوەکانی رۆڵەی ئادەم بۆ خۆیانە جگە لە رۆژوو، رۆژوو بۆ منە، و من پاداشتی دەدەمەوە، بۆنی دەمی رۆژووگر لەلای خودا لە بۆنی میسك خۆشترە))[3]

پاشان دەڵێ: ((ذكر البيان بأن خلوف فم الصائم أطيب عند الله من ريح المسك يوم القيامه))

---

١ أخرجه البخاري.

٢ أخرجه النسائي وابن ماجة وأحمد.

٣ صحيح ابن حبان.

پاشان فەرموودەیەکی تر لە "ابن جریج"ەوە لە "عطاء"ەوە لە "أبي صالح الزيات"ەوە کە گوێی لە "أبي هريرة" -خوا لێی رازی بێت- بوو دەیفەرموو: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((خودای موتەعال دەفەرموێ: هەموو کار و کردەوەکانی رۆڵەی ئادەم بۆ خۆیەتی جگە لە رۆژوو، رۆژوو بۆ منە، من پاداشتی دەدەمەوە، سوێند بەو کەسەی نەفسی محەمەدی بەدەستە بۆنی دەمی رۆژووگر لە لای خودا لە رۆژی دواییدا لە بۆنی میسك خۆشترە، بۆ رۆژوەوان دوو خۆشی هەیە: کاتێك دەیشکێنێ خۆشحاڵ دەبێت، کاتێکیش بە خزمەتی خودا دەگات بە رۆژووەکەی دڵخۆش دەبێت))

ئەبو حاتەم دەڵێ: ((دروشمی باوەڕداران لە رۆژی دواییدا سپێتی قولاپێیانە بە هۆی دەستنوێژەکەیانەوە لە دونیادا، ئەوەش جیاوازییەکە لە نێوان ئەوان و هەموو نومەتانی تردا، دروشمیان لە رۆژوودا لە رۆژی دواییدا خۆشی بۆنی دەمیانە کە لە بۆنی میسك خۆشترە، تاکو لە نێوان هەموو نومەتاندا لەو کۆبوونەوە مەزنەدا بەو کردارانە بناسرێنەوە، خودا بمانگێڕێت لەوانە))، [1]

پاشان دەڵێت: ((ذكر البيان بأن خلوف فم الصائم قد يكون أيضا أطيب من ريح المسك في الدنيا)) پاشان لە فەرموودەکەی "شعبة" دەگوێزێتەوە لە "سليمان"ەوە لە "ذكوان"ەوە لە "أبي هريرة"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە فەرمووی: ((هەموو کردارێك رۆڵەی ئادەم ئەنجامی دەدات بە دە چاکەیە تا سەرکەوتن بۆ حەوسەد چاکە، خودا دەفەرموێت: جگە لە رۆژوو، رۆژوو بۆ منە، هەر منیش پاداشتی دەدەمەوە، خواردن لە پێناوی مندا واز لێ دەهێنێت، خواردنەوە لە پێناوی مندا واز لێ دەهێنێت، بۆ رۆژوەوان دوو خۆشی هەیە: خۆشییەك کاتێك دەیشکێنێت، لەگەڵ خۆشییەك کاتێك بە پەروەردگاری دەگات، بۆنی دەمی رۆژووگر کە لە خواردن بەجێدەمێنێت لە لای خودا لە بۆنی میسك خۆشترە))، [2]

"أبو محمد" بەڵگە دەهێنێتەوە بەو فەرموودەی کە "خۆشی بۆنی دەم" بە "رۆژووی دواییی" سنوودار و تایبەت دەکات.

---

[1] صحيح ابن حبان.

[2] صحيح ابن حبان

دەڵێم: هەروەها ئەو فەرموودەی ئیمامی بوخاری و مسلم ریوایەتی دەکەن دیسان شایەتی بۆچوونەکەی ئەوە کە دەفەرموێ: ((سوێند بەو کەسەی نەفسی منی بەدەستە، هەر کەسێك لە رێگەی خودادا بریندار ببێت-خودا بۆ خۆی زاناترە بەوەی کێ لە پێناویدا بریندار دەبێت- رۆژی دوایی کەسەکە دێت و برینەکەی خوێنی لەبەر دەڕوات، رەنگەکەی رەنگی خوێنە و بۆنەکەی بۆنی میسك))

پێغەمبەر(ﷺ) دەربارەی برینی ئەو کەسەی لە پێناوی خودادا بریندار بووە رایگەیاند کە لە رۆژی دواییدا بۆنەکەی لە بۆنی میسك خۆشترە، ئەمەش هاوشێوەی ئەوەیە کە دەربارەی بۆنی دەمی رۆژووەوان فەرموویەتی، هەستی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە لە دونیادا خوێنە و ئەمە بۆنی دەمە، بەڵام لە رۆژی دواییدا خودای موتەعال بۆنی ئەو خوێن و دەمە دەگۆڕێت بۆ میسك.

"أبو عمر" بەڵگە دەهێنێتەوە بەوەی ئیبن حاتەم لە سەحیحەکەیدا باسی کردووە بەوەی خۆشی بۆنەکە لە کاتی سەرهەڵدانی بۆنەکەدایە، ئەوەش بەڵگەیە کە لە دونیادایە، کاتێك (خلوف فم الصائم) کە (المبتدأ)یە بە ناوەڵفرمان(ظرف)ێك واتە (حين يخلف) سنووردار کرد ئەوا هەواڵ دەربارەی کە بریتییە لە (أطيب عند الله) هەواڵێکە لە باری سنووردارکردنییدا، چونکە هەر کات موبتەدا"المبتدأ" بە وەسفێك یان حاڵێك یان زەرفێك سنووردار کرا ئەوا خەبەری موبتەداکەش دیسان سنووردار دەبێت، ئەمەش دەیسلەمێنێ کە بۆنی خۆشی دەمی رۆژووەوان لەو کاتەدایە کە بۆنەکە سەریهەڵداوە.

دەڵێت: حەسەنی کوڕی سوفیان لە "مەسنەد"ەکەیدا ریوایەتی کردووە لە "جابر"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی: ((لە مانگی رەمەزاندا ئومەتەکەم پێنج شتی پێ دراوە.....)) فەرموودەکەی هێناوە و لە بەشێکیدا دەفەرموێت: ((دووەمیان: ئێوارەیان لێ دێت و بۆنی دەمیان لە لای خودا لە بۆنی میسك خۆشترە)) [1].

پاشان قسەی راڤەکرانی فەرموودەکە لەسەر مانای "طيبة" دەگوێزێتەوە، هەروەها تەئویلیان

---

١ أخرجه البيهقي.

لەسەری و مەدح و سەنای رۆژوەوان و رازیبوون بەهۆی کردارەکەیەوە، لەسەر شێوازی زۆرینەیان کە بەبێ پێویست دەکەونە تەئویل کردن، تا وەك ئەوەی بەرەکەت کەوتبێتە ناو تەئویلاتەکانیانەوە و بوو بن بە وەکیلی ئەو کارە.

چ پێویستییەك بوونی هەیە و داوا دەکات "أطيب عند الله من ريح المسك" بە مەدح و سەنا بۆ رۆژووگر و رازی بوون لە کردارەکەی لێکبدرێتەوە و وشەکە لە مانای راستەقینەی خۆی دووربخرێتەوە؟!

زۆربەی ئەوانە بۆ وشەکە مانایەك دروست دەکەن پاشان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو مانایە مانای وشەکەیە لەناو دەقەکەدا، بەبێ سەرنجدان لە بەکارهێنانی ئەو وشەیە لە ماناکەدا کە دیاری دەکات یان ئەگەری زمان بۆ مانای وشەکە.

ئەوەی ناشکرایە ئەوەیە ئەو تەئویلانە مانای شایەتیدانی تێدایە بەسەر خودا و پێغەمبەردا(ﷺ) کە مەبەست بە فەرموودەکەی ئەوە و ئەوەیە، گەر وشەکە ئەو مانایە لە ئامێز نەگرێت کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی یان باو نەبێت لە فەرموودەکانیدا یان بە شێوەیەکی بەربلاو ئەو وشەیە لەو جۆرە مانایانەدا بەکارنەهاتبێت یان راڤەکردنەکەی بۆ وشەکە بەو مانایە نەبێت ئەوا شایەتییەکی پووچ و درۆی داوە و لە کەمترین حاڵیدا ئەوەیە کە شایەتیدانە بەبێ زانست.

ئەوەی ناشکرایە خۆشترین بۆن لای خەڵکی بۆنی میسکە، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) خۆشی ئەو بۆنی دەمەی لەلای خودا بە بۆنی خۆشی میسك شوبهاندووە لەلای ئێمە، بەڵکو مەزنتر لەوەش.

دانە پاڵی بۆنی خۆش لای خودای موتەعال وەك دانە پاڵی تەواوی سیفەتەکان و کردارەکانی تری وایە، ئەو بۆنکردنەی خودا وەك بۆنکردنی دروستکراوەکان نییە، هەروەك چۆن رازیبوون و تووڕەبوون و خۆشحاڵی و بێزراوی و خۆشەویستی و رقی خودا لە دروستکراوەکان ناچن، وەك چۆن زاتی خودای موتەعال لە زاتی دروستکراوەکانی ناچێت هەر بەو جۆرە سیفەتەکان و کردارەکانی خودا لە سیفەت و کرداری دروستکراوەکانی ناچن، خودای موتەعال قسەی پاك و جوانی پێخۆشە و بۆ لای

بەرزدەبێتەوە، کرداری چاکەش بەرز دەکاتەوە، ئەم پێخۆشبوونەی خودا وەك پێخۆش بوونی ئێمەی مرۆڤ نییە.

تەئویل کردنەکەی (أبي عمر) تەمومژی دەوروبەری ماناکەی ناڕەوێنێتەوە، چونکە ئەوەی ئەوان لە "بۆنی خۆش" بۆیان دروست دەبێت لەسەر "رازیبوون"یش بۆیان دروست دەبێت، گەر بڵێن: رازیبوونی خودا وەك رازیبوونی دروستکراوەکان نییە، ئەوا ئێوەش بڵێن: پێخۆشبوونی بۆنی خۆشیش لە لای خودا وەك بۆنی خۆش نییە لە لای دروستکراوەکان، هەر بەو جۆرە تەواوی ئەو سیفەتانەی تر لەم دەروازەیەوە دەخرێنە روو.

پاشان "أبو عمر" دەڵێت: باس کردنی رۆژی دوایی لە فەرموودەکەدا لەبەر ئەوەیە چونکە ئەو رۆژە رۆژی پاداشتە، لەو رۆژەدا لە ترازووی خودادا بۆنی دەمی رۆژووەوان لەگەڵ بۆنی میسك هەڵدەسەنگێنرێن و بۆنی دەمی رۆژووەوان قورسترە لە بۆنی میسك کە بۆ لابردنی بۆنی ناخۆش بەکاردەهێنرێت وەك رازیکردنی خودا لەو کارەدا، چونکە خودا فەرمانی کردووە بە دوورکەوتنەوە لە بۆنی ناخۆش و بۆنی خۆش لە خۆدان وەك لە مزگەوت و نوێژەکان و بۆنە جۆراوجۆرەکاندا لەخۆ دەدرێت، "رۆژی دوایی" تایبەت کردووە بە باس کردن لە هەندێ لە ریوایەتەکاندا، وەك چۆن لەم ئایەتەدا تایبەت کراوە: ﴿ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ ﴿١١﴾ ﴾ العادیات:١١، بۆیە فەرموودەکە بۆ رۆژی دوایی تایبەت و سنووورداری کردووە و لەوانی تردا رەهای کردووە، چونکە ئەسڵی باشتر بوون و خۆشتربوونی بۆنی دەمی رۆژووەوان لە هەردوو خانەی دونیا و دوارۆژدا جێگیر بووە.

دەڵێم: ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە "أبو عمر" بە شتێك بەرپەرچی "أبي محمد" دەداتەوە کە خودی "أبو محمد" و کەسانی تریش نەرێی ناکەن، ئەوەی کە "بۆنی خۆش"ی باسکراو لە دونیادا بە مەدح و سەنای خودا بۆ رۆژووەوان و رازیبوون لە کردارەکەی تەفسیر بکرێت کارێکە هیچ موسڵمانێك نەرێی ناکات، خودا لە کتێبەکەیدا مەدح و سەنای کردوون، هەروەها لەوەی پێغەمبەر(ﷺ) گەیاندوویەتی و لە کردارەکەیان رازی بووە، گەر ئەمە بریتی بێت لە "پێخۆش بوونی ئەو بۆنە" ئایا "أبو محمد" ئەمە نەرێ دەکات؟!

ئەوەی "أبو محمد" باسی کردووە: ئەم بۆنە خۆشییەکەی کاتێك بەسەر بۆنی میسکدا دەردەکەوێت کە رۆژێکە خوێنی شەهید بۆنی خۆشی دەردەکەوێت و وەك بۆنی میسك وایە، ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کارەکە لە رۆژی دواییدایە، لەو رۆژەدا رۆژووگر دەهێنرێ و بۆنی دەمی لە بۆنی میسك خۆشترە، وەك چۆن بریندار لە پێناوی خودادا دەهێنرێ و بۆنی خوێنەکەی لە بۆنی میسك خۆشترە، بە تایبەت کە جیهاد لە رۆژوو مەزنترە، گەر بۆنی خۆشی جیهاد لە رۆژی دواییدا دەربکەوێت گومانی تێدا نییە بۆ رۆژووش هەروایە و لەپێشترە.

ئەو فەرموودەی "جابر"یش: ((فإنهم يمسون وخلوف أفواههم أطيب من ريح المسك)) ئەم رستەیە رستەی حالە (الجملة الحالية) نەك رستەیەکی خەبەری(الجملة الخبرية)، چونکە خەبەری "أمسى" هەرگیز پیتی "واو"ی ناچێتە سەر، چونکە رستەکە(وخلوف أفواههم أطيب من ريح المسك) خەبەری موبتەدایە نەك خەبەری "أمسى"، بۆیە "واو"ی چووەتە سەر، گەر رستەکە حالی بووایە ئەوا "أبو محمد" دەیتوانی بڵێ: رستەکە بریتییە لە حاڵێکی تەقدیرکراو(الحال المقدرة) حاڵی تەقدیرکراویش گونجاوە لەو زەمەنی فیعلەی کە کاری تێکردووە دوابخرێت، بۆیە لە نموونەی ئەمە گەر باس لە "يوم القيامة" بکرێت و بڵێت: ((يمسون و خلوف أفواههم أطيب من ريح المسك يوم القيامة)) دەربڕینی رستەکە هیچ نەنگییەکی تێدا نابێت، وەك ئەوەی وتبێتی: ((يمسون وهذا لهم يوم القيامة-ئێوارەیان بەسەردا دێت و ئەوەیان لە رۆژی دواییدا بۆ هەیە))

ئەوەش: ((لخلوف فم الصائم حين يخلف-بۆنی دەمی رۆژووەوان کاتێك بۆن پەیدا دەبێت)) ئەم زەرفە(حين يخلف) تەحقیق و تەوکیدی مانای موبتەدا دەکاتەوە، لێیەوە بەیانی ویستێکی ژنەوراو دەکات، نەك مەجاز و نیستیعارە بێت، ئەمەش وەك ئەوە وایە بڵێیت: جیهادی باوەڕدار کاتێك جیهاد دەکات(جهاد المؤمن حين يجاهد) هەروەها نوێژی باوەڕدار کاتێك نوێژ دەکات خودا لە رۆژی دواییدا بەوە پاداشتی دەداتەوە، و پلەی بەرز دەکاتەوە لە رۆژی دواییدا، ئەمەش نزیکە لەو فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ): ((لا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ ، وَلا يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِينَ يَشْرَبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ))[1]

---

[1] اخرجه البخاري و مسلم.

مەبەستەکە ئەوە نییە سنووردارکردنی نەریتی ئیمانی رەها بێت لەو کەسە تەنها لە کاتی ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانەدا، بە جۆرێك کاتێك کارەکەی تەواوکرد و لە رەفتارەکە دابڕا جارێکی تر ئیمانی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوە نەرتیەکی بەردەوامی ئیمانی کەسەکەیە تا تەوبە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا، بۆیە هەتا ئەو سووریێت لەسەر کردارەکانی با کردارەکەش ئەنجام نەدات نەرتکردنی ئیمان بەدوای ئەو کەسەوەیە، زەم کردنی بەو سیفەتە و حوکمی دروست بوو لەسەر ئەنجامدانی کردارەکەی تەنها بە تەوبەیەکی نەصوح کۆتایی دێت، خودای موتەعال(ﷻ) زاناترە.

وتم: کۆتاهێنان بەم کێبەرکێیە ئەوەیە بوترێت: پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵیداوە کە ئەو بۆنخۆشییە لە رۆژی دواییدایە، چونکە رۆژی دوایی ئەو رۆژەیە پاداشتی کارو کردەوەکان و داخوازییەکانی خێر و شەڕی تێدا دەردەکەوێت، لەو رۆژەدا بۆنی خۆشی دەمی رۆژوەوان بۆ خەڵکی وەك بۆنی میسك دەردەکەوێت، وەك چۆن بۆنی خوێنی کەسی بریندار لە پێناوی خودادا وەك بۆنی میسك دەردەکەوێت، یان وەك چۆن نهێنییەکانی ناوەوە دێنە سەر روخسار و دەبن بە کارێکی ئاشکرا و پیسێتی بۆنی بێباوەڕان و رەشی روخساریان دەردەکەون.

هەروەها لەبەر ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵیداوە ئەو کارە ((حين يخلف)) و ((حين يمسون))ە، چونکە کاتی دەرکەوتنی کاریگەری عیبادەتەکەیە، بۆیە لەو کاتەدا بۆنە خۆشەکەی زۆر زیاترە لە بۆنی میسك لەلای خودا و فریشتەکانی، با ئەو بۆنەش لای بەندەکان ناخۆش بێت، لەوانەیە ناخۆشێك لای بەندەکان لەلای خودا خۆشەویست بێت، و بە پێچەوانەوە، خەڵکی لەو بۆنە بێزارن لەبەر ئەوەی پێچەوانەی سروشتیانە، خودای موتەعال پێیخۆشە، چونکە تەبایە لەگەڵ فەرمان و رازیبوون و خۆشەویستی ئەودا، بۆیە لەلای ئەو لە بۆنی میسکەکەی لای ئێمە خۆشترە، کاتێك رۆژی دوایی دێت ئەو بۆنخۆشییە بۆ بەندەکان دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت، هەر بەو جۆرە شوێنەواری تەواوی کردارەکان لە خێر و لە شەڕ، هەموو ئەوانە دەرکەوتنیان کامڵ دەبێت و لە رۆژی دواییدا ئاشکرا دەبن.

لەوانەیە کارێکی خێر یان شەڕ لە دونیادا ئەوەندە بەهێزببێت و زیاد بکات هەتا هەندێ

لە ناسەواری لەسەر بەندە دەربکەوێت، وەك چۆن بە بینینی چاو و بینینی دڵ (واتە بەصیرەت) موشاهەدە دەکرێت.

"ابن عباس"-خوا لە خۆی و باوکی رازی بێت- دەفەرموێ: ((چاکە رۆشنایی لە روخساردا هەیە و نوور لە دڵدا و هێز لە بەدەندا و فراوانی لە رۆزیدا و خۆشەویستی لە دڵی خەڵکیدا، هەر بەو جۆرە خراپە رەشی لە روخساردا بۆ هەیە و تاریکی لە دڵدا و لاوازی لە جەستەدا و ناتەواوی لە رۆزیدا و رق و کینە لە دڵی خەڵکیدا))[1]

عوسمانی کوڕی عەففان-خوا لێی رازی بێت- دەفەرموێ: ((هەر کەسێك کارێك ئەنجام بدات خودا پۆشاکی ئەو کارەی دەکات بە بەردا، ئەگەر خێر بوو ئەوا خێری بە بەردا دەکرێت، ئەگەر شەر بوو شەر بە بەریدا دەکرێت))[2]

ئەمە کارێکی روون و ئاشکرایە خاوەن بەصیرەتەکان و کەسانی تریش تیایدا بەشدارن و زانستیان پێی هەیە، هەتا پیاوێکی چاك و پاك بۆنی خۆشی لێ بەرزدەبێتەوە با بۆنی خۆشیشی لە خۆی نەدابێت، بۆنی خۆشی رۆحی لەسەر جەستە و جلوبەرگەکانی دەردەکەوێت، کەسی بەد و خراپەکاریش هەر بەو جۆرەیە، بەڵام کەسی تووشبوو بە پەتا و هەڵامەت هیچ کام لەو دوانە بۆن ناکات، بەڵکو هەڵامەتەکەی وای لێ دەکات نەرێی بۆن بکات، ئەمە بریتییە لە قسەی کۆتایی و یەکلاکەرەوە لەم بابەتەدا، خودا- سبحانه و تعالی- زاناترە بە راستی.

[1] ورد قريبا منه عند ابن أبي شيبة في "المصنف" من قول الحسن البصري، وعند أبي نعيم في "الحلية" من قول سليمان التيمي، وعند أيضا من قول الحسن بن صالح، ولم أقف عليه من قول ابن عباس.

[2] أخرجه أحمد في "الزهد" و ابن المبارك في "الزهد" و أبو داود في "الزهد".

دەروازەی حەوتەم

فەزڵی صەدەکردن

ئەو بەشەی فەرموودەکە: ((فەرمانی پێ کردوون بە صەدەقە کردن، نموونەی ئەو کەسە وەك نموونەی پیاوێك وایە کە دوژمنەکانی یەخسیریان کردووە، دەستیان تا گەردنی کۆت و بەند کردووە و دەیهێننە پێشەوە بۆ ئەوەی لە گەردنی بدەن، ئەویش دەڵێ: من بە زۆر و کەم فیدیەی گیانی خۆم دەدەم، بۆیە فیدیەی نەفسی خۆی بەوان دەدات))

ئەمەش دیسان لەو جۆرە وتانەیە کە بورهانەکەی بوونییەتی و بەڵگەکەی رووداننییەتی، صەدەقەکردن کاریگەری مەزنی هەیە لەسەر لادانی بەڵای جۆراوجۆر، با لە دەستی خراپەکارێك یان ستەمکارێك یان کافرێکەوە صەدەقەکە ئەنجام درابێت، خودای موتەعال چەندین جۆری بەڵای پێ لا دەبات، ئەمەش کارێکی ئاشکرایە لەلای خەڵکی بەگشتی، بەڵکو هەموو ئەهلی سەر زەوی دانی پیادا دەنێن، چونکە ئەزموونیان کردووە.

ئیمامی "الترمذي" لە جامیعەکەیدا لەو فەرموودەی ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەتی کردووە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ((صەدەقەکردن توڕەبوونی خودا دەکوژێنێتەوە، و مردنی خراپ پاڵپێوە دەنێت))[1]

وەك چۆن تووڕەبوونی پەروەردگار-تبارك وتعالى- دەکوژێنێتەوە گوناهان و هەڵە و خراپەش کپ دەکاتەوە هەوەك چۆن ئاو ئاگر خامۆش دەکات.

هەروەها لە "الترمذي"دا هاتووە لە "معاذ بن جبل"ەوە، فەرمووی: لەگەڵ پێغەمبەری خودا بووم لە یەکێك لە سەفەرەکاندا، رۆژێکیان لێیەوە نزیك بووم و ئێمە دەڕۆیشتین، فەرمووی: ((پێت خۆشە دەرگاکانی خێرت پێ نیشان بدەم؟ رۆژوو قەڵغانە، صەدەقە هەڵە و خراپە دەکوژێنێتەوە وەك چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە، هەر بەو جۆرە نوێژی

---

١ أخرجه الترمذي.

پیاوێك لە نیوەی شەودا، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ السجدة: ١٦))[1]

لە هەندێ ئاساردا هاتووە: ((زوو دەستبدەنە صەدەقەکردن، چونکە بەلا ناتوانێت باز بەسەر صەدەقەدا بدات))[2]

لەو نموونەی پێغەمبەری خوداوەﷺ کە بە پیاوێکی هێنایەوە دەهێنرێتە پێشەوە بۆ ئەوەی لە گەردنی بدەن ئەویش بە هەموو ماڵەکەی فیدیەی نەفسی خۆی دەدات، هەر بەو جۆرە صەدەقە کردن دەبێتە فیدیەی بەندە لە سزای خودایی، گوناهەکانی و هەڵە و خراپەکانی دەبنە هۆی تیاچوونی لەو کاتەدا صەدەقە دێت و دەبێتە فیدیە لە سزادانی و لە دۆزەخ رزگار دەبێت.

بۆیە پێغەمبەرﷺ لە فەرموودەیەکی سەحیحدا کە وتاری بۆ نافرەتان دا لە رۆژی جەژندا فەرمووی: ((ئەی کۆمەڵی ئافرەتان صەدەقە بکەن با بە خشڵەکانیشتان بێت، من ئێوەم بینی زۆرینەی ئەهلی ئاگر بوون))،[3]، وەك ئەوەی پێغەمبەر هانیان بدات و تامەزرۆیان بکات بۆ ئەوەی فیدیەی نەفسی خۆیان بدەن لە ئاگر.

لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە عودەی کوڕی حاتەمەوە لە پێغەمبەری خوداوەﷺ فەرمووی: ((هەر یەکێك لە ئێوە پەروەردگاری قسەی لەگەڵ دەکات بەبێ ئەوەی وەرگێڕ لە نێوانیاندا هەبێت، تەماشای لای راستی خۆی دەکات تەنها ئەوە دەبینێت کە پێش خۆی خستبوو، سەیری لای چەپی خۆی دەکات و تەنها ئەوە دەبینێت کە پێش خۆی خستبوو، سەیری بەردەمی خۆی دەکات تەنها رووبەڕووی خۆی ئاگر دەبینێت، لە ئاگر بترسن ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت))[4]

لە فەرموودەکەی "أبي ذر"دا فەرمووی: ((پرسیارم لە پێغەمبەری خوداﷺ کرد: چ

---

[1] أخرجه الترمذي والنسائي وابن ماجة وأحمد.

[2] أخرجه ابن عدي في "الكامل" والبيهقي في "الشعب" والخطيب في "تاريخ بغداد".

[3] أخرجه البخاري ومسلم.

[4] صحيح البخاري ومسلم.

شتێك بەندە لە ئاگر رزگار دەكات؟ فەرمووی: ئیمان بە خودا، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا لەگەڵ ئیمان كرداری لەگەڵ بێت؟ فەرمووی: گەردنكەچ ببیت لەوەی خودا تۆی تێدا ئەوەل كردووە، یان گەردنكەچ ببیت لەوەی خودا رۆزی تۆی داوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی ئەگەر هەژار بوو و شتێكی نەبوو تیایدا بۆ خودا گەردنكەچ ببێت؟ فەرمووی: ئەمر بە چاكە بكات و نەهی لە خراپە بكات، وتم: ئەی ئەگەر نەیتوانی ئەمر بە چاكە و نەهی لە خراپە بكات؟ فەرمووی: با یارمەتی كەسێكی داماو بدات، وتم ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی ئەگەر كار و پیشەیەكی نەدەزانی؟ فەرمووی: با یارمەتی ستەملێكراوێك بدات، وتم ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی ئەگەر كەسێكی لاواز بوو نەیتدەتوانی یارمەتی ستەملێكراو بدات؟ فەرمووی: ناتەوێ خێرێك لە هاوڕێكەتدا بەجێبهێڵی؟ با ئازارەكانی خۆی لە خەڵكی دووربخاتەوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا كەسێك ئەو كارە ئەنجام بدات دەچێتە بەهەشتەوە؟ فەرمووی: هەر باوەڕدارێك یەكێك لەم خەسڵەتانە بەدەستبهێنێت دەستی دەگیرێ تا دەیخەنە ناو بەهەشتەوە))[1]

عومەری كوڕی خەتتاب-خوا لێی رازی بێت- دەفەرموێ: ((بۆم باسكراوە، كردارەكان بەسەر یەكتردا شانازی دەكەن، صەدەقە دەڵێت: من لە هەمووتان چاكترم))[2]

لە هەردوو سەحیحەكەدا لە "أبي هريرة"ەوە فەرمووی: ((پێغەمبەری خودا(ﷺ) نموونەی كەسی دەستنوقاو و خێركەری بە دوو پیاو هێنایەوە كە هەریەكەیان عەبایەكی لە ئاسن لەبەردایە، یان دوو زرێپۆشی ئاسنین، دەستەكانیان بۆ سنگ و گەردنیان بەرزبوونەتەوە، كەسی خێركەر لە ئەنجامدانی هەر خێرێك زرێپۆشەكەی بۆ دەكرێتەوە تا پەنجەكانی دەگرێتەوە و ئاسەواری نامێنێت، كەسی دەستنوقاویش هەر كاتێك بیەوێت صەدەقەیەك بكات زرێپۆشەكەی دێتەوە یەك و هەموو حەلقەكان جێگەی دەگرنەوە))

ئەبو هورەیرە دەفەرموێ: من پێغەمبەری خودام(ﷺ) بینی بە پەنجەكەی دەفەرموو بەم جۆرە لەناو گیرفانی، گەر بتبینیبا فراوانی دەكرد و فراوان نەدەبوو.[3]

---

١ "البيهقي" لە كتێبی "شعب الإيمان"دا باسی كردووە.

٢ أخرجه البيهقي في "شعب الإيمان".

٣ صحيح البخاري.

ئیمامی بوخاری ئەم فەرموودەیەی لە "کتاب الزکاة"دا لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەت کردووە، دەربڕینەکەی بەم جۆرەیە: گوێی لە پێغەمبەری خوداﷺ بوو دەیفەرموو: ((فرونەی کەسی دەستنوقاو و بەخشندە وەك دوو پیاو وایە کە زرێپۆشی ئاسنینیان پۆشوە، لە مەمکیانەوە بۆ گەردنیان، کەسی بەخشندە کاتێك دەبەخشێت زرێپۆشەکە دایدەپۆشێت یان بۆی فەراهەم دێت تا سەرپەنجەکانی دەشارێتەوە و ئاسەواریان ناهێڵێت، کەسی دەستنوقاویش هەر کات بیەوێ شتێك ببەخشێت هەرچی حەلقەیەتی بە شوێنی خۆیاندا دەلکێن، ئەو دەیەوێ بەرینی بکات بەرین نابێت))

لە ئەبی بوردەوە لە باوکییەوە لە پێغەمبەری خوداوەﷺ فەرمووی: ((لەسەر هەموو موسڵمانێك صەدەقە هەیە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەی ئەگەر هیچی نەبوو؟ فەرمووی: بەدەستی خۆی ار دەکات و دەیکات و سوود بە خۆی دەگەیەنێ و صەدەقەش دەکات، وتیان: ئەی ئەگەر نەیبینییەوە؟ فەرمووی: یارمەتی خاوەن پێویستییەکی زۆر دەدات، وتیان: گەر نەیبینییەوە؟ فەرمووی: با بە مەعروف کار بکات و خۆی لە شەڕ بگرێتەوە ئەوەش بۆی دەبێت بە صەدەقە))[1]

لەبەر ئەوەی کەسی دەستنوقاو لە چاکە کۆت و بەندکراوە و خێر و چاکەی لێ قەدەغەکراوە، ئەوە سزاکەی لە جۆری کردارەکەیەتی، سنگی بەرتەسکە و رێگری والابوونی لێکراوە، سەخاوەتی کەمە و نەفسی بچووکە و دڵخۆشی دەگمەنە و خەم و بەژارە و دڵتەنگی زۆرە، پێویستییەکانی زۆر بە زەحمەت دەستەبەر دەبن و لە داواکانیدا کۆمەکی ناکرێت.

ئەو وەك پیاوێك وایە کە زرێپۆشێکی ئاسنینی لەبەردا بێت، هەردوو دەستی بە گەردنییەوە کۆتوبەند کراون بە جۆرێك ناتوانێت دەریان بهێنێت و جووڵەیان پێ بکات، هەر کات دەیەوێت دەستەکانی دەربهێنێت یان ئەو زرێپۆشە بەرین بکات هەر حەلقەیەك لە حەلکەکان دەلکێن بەو شوێنەوە کە لەسەری دانراون.

کەسی دەستنوقاویش هەر بەو جۆرەیە هەر کات دەیەوێ صەدەقە بکات دەستنوقاوییەکەی رێگری لێ دەکات، بۆیە دڵی وەك خۆی لە بەندیخانەدا دەمێنێتەوە،

---

[1] رواه البخاري.

کەسی خێرکەریش هەر کات بە کاری صەدەقە کردن هەڵدەستێت دڵی بۆی والا دەبێت و دڵناوایی و بەرینی روو لە سینەی دەکات، ئەوەش وەك فراوانبوونی ئەو زرێپۆشە وایە لەبەریدا، هەر کات صەدەقەی کرد بەرین و فراوان و گەورە دەبێت، هەر بەو جۆرە دڵخۆشی زیاد دەکات و سرووری مەزن دەبێت.

گەر لە صەدەقە کردندا تەنها ئەم سوودە هەبێت ئەوا حەقە بەندە دەستی بۆ ببات و زۆر ببەخشێت، خودای موتەعال دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾ التغابن: ١٦، هەر کەس خۆی لە ژەنگ و ژاری نەفسی بپارێزێت و خۆی پاك بکاتەوە، ئەوانە سەرفرازییان بەدەستهێناوە.

"عبدالرحمن بن عوف" -یان "سعد بن أبي وقاص"- تەوافی بەیتی دەکرد و تەنها ئەم دوعایەی دەخوێند: ((پەروەردگار، لە ژەنگ و ژاری نەفسی خۆم بپارێزە)) پێی وترا: ئەرێ بۆ بە دوعایەکی تر ناکەی؟ فەرمووی: ((گەر لە ژەنگ و ژاری نەفسم پاك ببمەوە و بپارێزرێم سەرکەوتن و رزگاربوونم بەدەستهێناوە))[1]

جیاوازی نێوان"شح-ژەنگ و ژار" و "بخل-دەستنوقاویی": ئەوەیە کە "شح" بریتییە لە هەڵپەی زۆر بۆ شتێك و زیادەڕەوی لە داوایدا و ئەوپەڕی هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی و چاوچنۆکی نەفس لەسەری.

"بخل"یش: بریتییە لە نەبەخشین لە دوای بەدەستهێنانی، خۆشەویستی ماڵەکە و دەستگرتن بەسەریدا، بۆیە ئەو کەسە پێش بەدەستهێنانی "شحیح"ە و دوای بەدەستهێنانی "بخیل"ە.

کەوابوو "بخل" بەری "شح"ە، "شح" بانگ بۆ "بخل" دەکات، "شح"لە قوڵایی نەفسدا شاراوەتەوە، هەر کەس "بخل"ی نواند ئەوا گوێڕایەڵی "شح"ی نەفسی کردووە، هەر کەسیش"بخل"ی نەبێت، ئەوا لە ژەنگ و ژاری نەفس پارێزگاری لێکراوە، ئەو کەسە کەسێکی سەرکەوتوو و رزگاربووە﴿ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾ الحشر: ٩.

---

١ أخرجه الطبري في التفسير، وابن عساكر في "تاريخ دمشق".

کەسی سەخی نزیکە لە خودا و لە خەڵك و لە ئەهل و خانەوادەی، هەر بەو جۆرە نزیکە لە بەهەشتەوە و دوورە لە دۆزەخ، کەسی دەستنوقاویش دوورە لە خودا و لە خەڵك و لە ئەهل و خانەوادەی، دوورە لە بەهەشت و نزیکە لە ئاگر، سەخاوەت و بەخشندەیی کەسێك تەنانەت لای نەیارەکانی خۆی خۆشەویست و شیرینی دەکات، بەڵام دەستنوقاویی کەسێك تەنانەت لای منداڵەکانی بێزراوی دەکات.

سنووری سەخاوەت: بەخشینی ئەوەی ئاتاجییەتی لە کاتی پێویستیدا، ئەوەش بگاتە دەستی ئەوانەی کە شایستەیانە بەپێی توانا، ئەوە بەو جۆرە نییە کە هەندێ خەڵکی کەم زانست دەڵێن: سنووری سەخاوەت ئەوەیە کە هەرچیت هەیە و نییە بیبەخشیت، گەر قسەی ئەم کەسە راستبووایە مانای ئیسراف(زیادەڕەوی لە سەرف کردندا) و تەبزیر(پژاندن بە دەوروبەردا) نەدەما، لە کاتێکدا لە قورئاندا زەمی ئەو دوو سیفەتە کراوە، هەر بەو جۆرە سوننەش نەهی لە هەردووکیان کردووە.

گەر سەخاوەت کارێکی باش و چاك بێت هەر کەس لەو سنوورەدا رابوەستێ پێی دەوترێت بەخشندە(کریم)، بۆیە ئەو کەسە شایستەی ناوهێنانی باشە، هەر کەس لە سنووری سەخاوەت کورتی هێنا ئەوا شایستەیە بە زەم کردن، لە ئەسەرێکدا ریوایەت کراوە: ((خودا(ﷻ) سوێندی بە عیزەتی خۆی خواردووە کە کەسی دەستنوقاو ناوسێیەتی نەکات))[1]

سەخاوەت دوو جۆرە:

یەکەمیان: سەخاوەتت بەو شتەی لە دەستی غەیری تۆدایە.

دووەم: سەخاوەتت بە بەخشینی ئەوەی لە دەستی خۆتدایە.

لەوانەیە کەسەکە سەخاوەتترین کەس بێت لەگەڵ ئەوەش هیچیان پێ نەبەخشێت، چونکە سەخاوەتی هەیە لەوەی لە دەستی ئەواندایە، ئەمەش مانای قسەی هەندێکیانە کە دەڵێن: ((سەخاوەت ئەوەیە ماڵەکەت ببەخشیت و لە ماڵی غەیری خۆت خۆپارێزی و خۆلادانت هەبێت))

---

[1] أخرجه ابن أبي الدنيا في "صفة الجنة".

گوێم لە شێخولئیسلام "ابن تیمیة" بوو -قدس الله روحه- دەیفەرموو: خودا وەحی کرد بۆ ئیبراهیم(سلامی خوای لێبێ) ((دەزانی بۆچی من تۆم کرد بە خەلیل؟ فەرمووی: نەخێر، فەرمووی: لەبەر ئەوەی بینیم بەخشین لە لای تۆ لە وەرگرتن خۆشترە))[1]

ئەم سیفەتە یەکێکە لە سیفەتەکانی پەروەردگار -جل جلاله- خودای موتەعال دەبەخشێ و وەرناگرێت، خواردن بە خەڵکی دەبەخشێ و خواردن وەرناگرێت، خودا لە هەموو کەس سەخاوەتترە و بەخشندەترین بەخشندەیە، خۆشەویستترین کەس لە لای ئەو کەسێکە بەسیفەتەکانی خودا خۆی دەڕازێنێتەوە، خودا بەخشندەیە و بەخشندەیی بۆ بەندەکانی پێخۆشە، زانایە و زانایانی خۆشدەوێت، بە ئازایە و ئازایانی خۆشدەوێت، جوانە و جوانی خۆشدەوێت.

ئیمامی "الترمذي" لە جامعەکەیدا ریوایەتی کردووە لە "خالد بن إلياس"ەوە ئەویش لە "صالح بن أبي حسان"ەوە دەڵێت: گوێم لە "سعيد بن المسيب" بوو دەیفەرموو: ((خودا پاکە و پاکی خۆشدەوێت، خاوێنە و خاوێنی خۆشدەوێت، بەخشندەیە و بەخشندەی خۆشدەوێت، سەخییە و سەخی خۆشدەوێت، ماڵ و لانەتان پاك بکەنەوە، خۆتان بە یەهود مەشوبهێنن))، دەڵێ ئەمەم بۆ "مهاجر بن مسمار" باس کرد وتی: عامیری کوڕی سەعد بۆی باس کردم لە باوکییەوە -خوا لێی رازی بێت- ئەویش لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) هەمان شت جگە لە: لە جێگەی ئەوەی بڵێت "فنظفوا أخبيتكم" فەرمووی "فنظفوا أفنيتكم"))[2]

هەروەها لە "الترمذي"دا لە "كتاب البر"دا دەفەرموێ: لە ئەبو هورەیرەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((کەسی سەخی لە خوداوە نزیکە، لە بەهەشتەوە نزیکە، لە خەڵکەوە نزیکە، لە ئاگرەوە دوورە، کەسی دەستنوقاو لە خوداوە دوورە، لە بەهەشتەوە دوورە، لە خەڵکەوە دوورە، لە ئاگرەوە نزیکە، کەسێکی نەزانی سەخی لەلای خودا خۆشەویستترە لە عابیدێکی دەستنوقاو))[3]

---

١ ورد في هذا آثار عن بعض السلف.

٢ هذا حديث غريب خالد بن إلياس يضعف.

٣ أخرجه الترمذي.

له هەردوو سەحیحەکەدا: ((خودا(ﷻ) تاکە و تاکی خۆشدەوێت))[1]

خودا(ﷻ) ڕەحیمە و خاوەن بەزەییەکانی خۆش دەوێت، خودا ڕەحم بەو بەندانە دەکات کە بە ڕەحمن، خودا داپۆشەرە و ئەو بەندانەی خۆشدەوێت کە نهێنی خەڵکی دادەپۆشن، لێبوردەیە و ئەوانەی خۆشدەوێت کە دەبوورن، لێخۆشبووە و ئەوانەی خۆشدەوێت لە خەڵکی خۆشدەبن، لەتیفە و لوتفی لە بەندەکانی خۆشدەوێت، خودا ڕقی لە کەسی ڕەق و وشك و دڵڕەق و توندە، نەرمونیانە و نەرمونیانی خۆشدەوێت، حەلیمە و حیلمی خۆشدەوێت، چاکەخوازە و چاکە و ئەهلی چاکەی خۆشدەوێت، خودا عەدلە و عەدالەتی خۆشدەوێت، پاساو و بیانووی بەندەکانی قبووڵ دەکات و پێیخۆشە بەندەکانیش پاساو و بیانووی یەکتری قبووڵ بکەن، خودای موتەعال پاداشتی بەندەکەی بەپێی ئەم سیفەتانە دەداتەوە بە بوون و نەبوونیان، هەر کەس خەڵکی عەفو بکات خودا عەفوی دەکات، هەر کەس لە خەڵکی خۆشببێت خودا لێی خۆش دەبێت، هەر کەس لە خەڵکی ببوورێت خودا لێی دەبوورێت، هەر کەس حەقڕەو بێت خودا بە حەقی دەگەیەنێت، هەر کەس لەگەڵ بەندەکانی نەرمونیانی بنوێنێت خودا لەگەڵی نەرمونیان دەبێت، هەر کەس ڕەحم بە دروستکراوەکانی خودا بکات خودا ڕەحمی پێ دەکات، هەر کەس چاکەیان لەگەڵ بکات خودا چاکەی لەگەڵ دەکات، هەر کەس چاویان لێ بپۆشێت خودا چاوی لێ دەپۆشێت، هەر کەس خێر و خۆشی بەسەریاندا دابباڕێنێت خودا بەسەریدا دادەباڕێنێت، هەر کەس قازانجیان پێ بگەیەنێت خودا قازانجی پێ دەگەیەنێت، هەر کەس بیان پۆشێت خودا دەیپۆشێت، هەر کەس شوێنی پەنهان و نهێنییەکانیان بکەوێت خودا شوێنی پەنهان و نهێنییەکانی دەکەوێت، هەر کەس سووك و ڕسوایان بکات خودا سووك و ڕسوای دەکات، هەر کەس خێری خۆی لەوان بگرێتەوە خودا خێری خۆیی لێ دەگرێتەوە، هەر کەس سەرپێچی لە خودا بکات و لێی دووریکەوێتەوە خوداش لەو دووردەکەوێتەوە، هەر کەس مەکر و فێڵ بکات خودا مەکر و فێڵەکەی ئابلۆقەی خۆی دەدات، هەر کەس خەڵکی فریو بدات ئەوا خودا بە فریوەکەی خۆی گێژدەی دەکات، هەر کەس بە هەر سیفەتێك لە دونیادا مامەڵەی

---

[1] أخرجه البخاري ومسلم.

دروستکراوەکانی خودا بکات خودا لە دونیا و دوارۆژدا بە هەمان سیفەت مامەڵەی لەگەڵ دەکات، خودا بۆ بەندەکەی بەو شێوەیەیە کە بەندە لەگەڵ دروستکراوەکانی خودا مامەڵە دەکات.

بۆیە لەو فەرموودەدا هاتووە: ((هەر کەس موسڵمانێك داپۆشێت خودا لە دونیا و دوارۆژدا دایدەپۆشێت، هەر کەس تەنگەلانییەك لە تەنگەلانییەکانی دونیا لەسەر باوەڕدارێك بڕەوێنێتەوە خودا تەنگەلانییەك لە تەنگەلانییەکانی رۆژی دوایی لەسەر لادەبات، هەر کەس لەسەر کەسێکی قەرزدار کارئاسانی بکات خودا حسابی لەسەر ئاسان دەکات))[1]

هەروەها: ((هەر کەس دەست لە گوناهان بە پەشیمانییەوە بکێشێتەوە خودا لە هەڵە و تێکەوتنەکانی دەست دەکێشێتەوە))[2]

هەروەها: ((هەر کەس مۆڵەت بدات بە کەسێکی قەرزداری دەست تەنگ یان قەرزەکەی لەسەر لابات خودا لە سێبەری عەرشی خۆیدا جێگەی دەکاتەوە))[3]

چونکە ئەو کەسەکەی خستە ژێر سێبەری ئارامگرتن و مۆڵەت پێدان، رزگاری کرد لە گەرمی داواکردنی قەرزەکە، هەروەها گەرمی تێچوونی گێڕانەوەی قەرزەکە لەگەڵ دەست تەنگی و دەستەوسانیدا، بۆیە خودا لە رۆژی دواییدا لە گەرمی خۆر بە سێبەری عەرشی خۆی دەپارێزێت.

هەر بەو جۆرە ئەو فەرموودەیە کە لە "الترمذي" و کەسانی تریشدا هاتووە: ((ئەی کۆمەڵی ئەوانەی بە زمان ئیمانیان هێناوە و هێشتا ئیمان نەچووەتە ناو دڵیانەوە، ئازاری موسڵمانان مەدەن و شوێنی پەنهان و نهێنییەکانیان مەکەون، هەر کەس شوێنی پەنهان و نهێنی براکەی بکەوێت خودا شوێنی پەنهان و نهێنییەکەی دەکەوێت، هەر کەسێکیش خودا شوێنی پەنهان و نهێنی بکەوێت ئەوا سووك و رسوای دەکات با

---

١ أخرجه مسلم.

٢ أخرجه أبوداود وابن ماجة.

٣ أخرجه مسلم.

لە سوچی ماڵەکەی خۆیدا بێت))[1]

هەروەك چۆن قەرز دەکەیت قەرزت لێ داوا دەکرێتەوە، بۆیە بەو جۆرە بە کە خۆت دەتەوێت، خودای موتەعال بۆ تۆیە بەو جۆرەی کە تۆ لەگەڵ خودا و بەندەکانیدا مامەڵە دەکەیت.

کاتێك دووڕووان نیسلامبوونی خۆیان لە دەرەوە ئاشکرا کرد و بێباوەڕییان لە ناوەوە حەشار دا خودای موتەعال لە ڕۆژی دواییدا نوورێکیان لەسەر پردی سیرات نیشان دەدات، بۆیان ئاشکرا دەکات کە دەتوانن بەسەر پردی سیراتدا بپەڕێنەوە، بەڵام کوژانەوەی نورەکەیان لێ دەشارێتەوە، بۆیە ڕێگە نادات لە سیرات بپەڕنەوە وەك سزایەك بۆ جۆری کردارەکەیان.

هەر بەو جۆرە ئەو کەسەی شتێك بۆ خەڵکی نمایش دەکات پێچەوانەی ئەوەی خودا لەسەر ئەو دەیزانێت، خودا لە دونیا و دواڕۆژدا هۆکاری دەرچوون و ڕزگاربوونی نیشان دەدات، بەڵام پێچەوانەی ئەوەی بۆ دەشارێتەوە، لە فەرموودەیەکدا: ((هەر کەس ریا بکات خودا ریای بە روودا دەشکێنێتەوە، هەر کەس کار و کردەوەکانی بۆ ناوبانگ بێت خودا بەو ناوبانگە ڕسوا و بێناوی دەکات))[2]

مەبەستەکە ئەوەیە کە خودای موتەعال بە کەسی بەخشندەی خێرکەر شتگەلێك دەبەخشێت کە بە کەسی دەستنوقاو نابەخشرێت، لە خودی خۆیدا بۆی بەرین و والا دەکات، هەر بەو جۆرە لە ڕۆزی و ئەخلاق و نەفس و هۆکارەکانی بژێوی، وەك پاداشتێك لە جۆری کردارەکانی.

---

١ اخرجه الترمذي.

٢ اخرجه البخاري ومسلم.

دەروازەی هەشتەم

فەزڵی یادی خودا

ئەو بەشەی فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ): ((فەرمانی پێکردوون یادی خودای موتەعال بکەن، نموونەی ئەوە وەك پیاوێك وایە کە دوژمن بە پەلە بە دوایەوەن، تا دەگاتە قەلایەکی دامەزراو خۆی لە دوژمنەکانی دەپارێزێت، بەندەش هەر بەو جۆرەیە تەنها بە یادی خودا دەتوانێت خۆی لە دەستی شەیتان قوتار بکات))

گەر تەنها ئەم خەسڵەتە بە یادی خوداوە بێت شایستەی ئەوە بوو بەندەی خودا زمانی لە یادی خودا سارد نەبوایەتەوە، بەڵکو بەردەوام تەر و پاراو بووایە، چونکە تەنها بە یادی خودا دەتوانێت لە دەستی دوژمنەکەی خۆی قوتار بکات، دوژمن تەنها لە دەرگای بێئاگاییەوە لێی دەچێتە ژوورەوە، ئەو دوژمنە هەمیشە بۆ مرۆڤ لە شکاردایە کاتێك بێئاگا دەبێت پەلاماری دەدات و دەیکاتە نێچیری خۆی، هەر کات بەندەی خودا یادی خودای کرد ئەو دوژمنە دەچێتە دواوە و بچووك دەبێتەوە و قەلاچۆ دەکرێت، تا وەك باڵندەیەکی بچووك یان وەك مێشێکی لێ دێت، بۆ ئەو مەبەستەیە ناونراوە "الوسواس الخناس"، واتە وەسوەسە دەخاتە ناو سینەی مرۆڤەوە، کاتێك بەندە دەکەوێتە یادی خودا شەیتان "خنس" واتە بزردەبێت و پشتهەڵدەکات و دەچێتەوە یەك.

"ابن عباس" دەفەرموێ: ((شەیتان لەسەر دڵی رۆڵەی ئادەم ئەژنۆی داناوە، کاتێك سەهویەك دەکات یان بێئاگا دەبێت وەسوەسەی بۆ دروست دەکات، هەرکە یادی خودای کرد بزر دەبێت و پشتهەڵدەکات))[1]

لە "مەسنەدی ئیمام ئەحمەد"دا لە زیادی کوڕی ئەبی زیادەوە کە لە "معاذ بن جبل"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پێیگەیشتووە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ)

---

١ أخرجه ابن أبي شيبة في "المصنف" والضياء في "المختارة" بإسناد صحيح، وعلق البخاري في "التفسير" من صحيحه قريبا منه.

فەرمووی: ((هیچ مرۆڤێك كارێكی نەكردووە باشتر بێت و رزگاركەر بێت لە سزای خودایی لە یادی خودا))

مەعاز دەفەرموێ: ((پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: دەتانەوێ هەواڵتان پێ بدەم دەربارەی باشترین كردارتان، پاكترینیان لەلای مەلیكی خۆتان، بالاترینیان لە پلە و پایەتان، باشتر بۆتان لە بەخشینی زێڕ و زیو، هەروەها باشتر بێت لەوەی بە دوژمنەكەتان بگەن لە گەردنیان بدەن و لە گەردنتان بدەن؟ وتیان بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: یادی خودا(ﷻ)))[1]

هەروەها لە سەحیحی "مسلم"دا لە "أبي هريرة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: ((پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە رێگەیەكی مەككەدا تێدەپەڕی، بە پاڵ چیایەكدا تێپەڕی پێی دەڵێن "جمدان" لەو شوێنەدا فەرمووی: بڕۆن بەردەوام بن لە رۆیشتن، ئەوە "جمدان"ە، ئەوانەی تەنهاكەوتنەوە پێشڕەوییان كرد، وتیان: كێن ئەوانەی تەنها كەوتونەتەوە ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: ئەو پیاو و ژنانەی زۆر یادی خودا دەكەن))[2]

هەروەها لە "سنن أبي داود"دا لە "أبي هريرة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر دەستەیەك لە مەجلیسێك هەستن و یادی خودای موتەعالیان نەكردبێت وەك لەسەر كەلاكی كەرێكی تۆپیو هەستابن وایە و بۆیان دەبێت بە خەم و پەژارە و پەشیمانی))[3]

لە ریوایەتەكەی "الترمذي"دا: ((هەر دەستەیەك لە مەجلیسێك دادەنیشن و یادی خودای تێدا ناكەن و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەرەكەیان نادەن بۆیان دەبێت بەكەمی خێر و كۆڵی خراپە، گەر خودا بیەوێت سزایان دەدات و گەر بیەوێت لێیان خۆش دەبێت))[4]

---

١ أخرجه احمد.

٢ صحيح مسلم.

٣ أخرجه ابو داود و احمد و النسائي.

٤ أخرجه الترمذي واحمد.

هەروەها لە "صحيح مسلم"دا لە "الأغر بن أبي مسلم"ەوە وتی: شایەتی دەدەم لەسەر "أبي هريرة و أبي سعيد" کە -ئەو دووانە- شایەتیان دا لەسەر پێغەمبەری خودا کە فەرموویەتی: ((هەر دەستەیەك دادەنیشن و یادی خودا دەکەن فریشتەکان دەورەیان دەدەن، رەحمەت دایان دەپۆشێت، ئارامی بەسەریاندا دادەبارێت، و خودا لای ئەوانەی لای خۆیین یادیان دەکات(ناویان دەهێنێت)))[1]

لە "الترمذي"دا لە "عبدالله بن بسر"ەوە پیاوێك وتویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دەرگای خێر زۆرە، من ناتوانم بە هەموویان هەستم، شتێکم پێ بڵێ دەستی پێوە بگرم و زۆرم لەسەر نەکەوێ و لەبیرم بچێتەوە)) لە ریوایەتێکی تردا: ((یاسا و رێساکان(الشرائع)ی ئیسلام لەسەرم زۆربوون، منیش پیر بووم، شتێکم پێ بڵێ دەستی پێوە بگرم و زۆرم لەسەر نەکەوێ و لەبیرم بچێتەوە)) فەرمووی: ((با بەردەوام زمانت بە یادی خودا تەڕ و پاراو بێت))

هەر لە "الترمذي"دا لە ئەبی سەعیدەوە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) پرسیاری لێکرا: ئەو بەندانە کێن لە رۆژی دواییدا لەلای خودا باشترین و بەرزترین پلە و پایەیان هەیە؟ فەرمووی: ((ئەوانەی زۆر یادی خودا دەکەن)) وترا: ئەی پێغەمبەری خودا: ئەوانە لە کەسی غەزاکەر لە پێناوی خودادا باشترن؟ فەرمووی: ((گەر بە شمشێرەکەی لە کافر و هاوەڵدانەران بدات تا شمشێرەکەی دەشکێ و بە خوێن سوور دەبێت، بەڵام یادکەرانی خودا هەر لە ئەو پلە و پایەیان بەرزترە))[2]

هەروەها لە "صحيح البخاري"دا لە ئەبی موساوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((نموونەی ئەوەی یادی پەروەردگاری دەکات لەگەڵ ئەوەی یادی پەروەردگاری ناکات وەك زیندوو و مردوو وان))[3]

هەروەها لە دوو سەحیحەکەدا: لە "أبي هريرة"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ)

---

١ صحيح مسلم.

٢ اخرجه الترمذي و احمد.

٣ صحيح البخاري.

فەرمووی: ((خودا-تبارك وتعالى- دەفەرموێت: لەگەڵ گومانی بەندەکەمدام بە من، من لەگەڵ ئەوم کاتێك یادم دەکات، گەر لە نەفسی خۆیدا یادم بکات لە نەفسی خۆمدا یادی دەکەم، گەر لەناو کۆمەڵێکدا باسم بکات لەناو کۆمەڵێکی باشتر لەوانە باسی دەکەم، گەر بستێك لێم نزیك ببێتەوە باڵێك لێی نزیك دەبمەوە، گەر باڵێك لێم نزیك ببێتەوە دوو باڵ لێی نزیك دەبمەوە، گەر بە رۆیشتن بێت بۆ لای من بە راکردن دەچم بە دەمییەوە))[1]

هەروەها لە "الترمذي"دا لە ئەنەسەوە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((گەر بە پاڵ باخچەی بەهەشتدا تێپەڕین بچنە ژوورەوە و پشوویەك بە خۆتان بدەن، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، باخچەکانی بەهەشت چین؟ فەرمووی: ئەڵقەی زیکر))[2]

هەروەها لە"الترمذي"دا لەپێغەمبەری خوداوە(ﷺ) لەخوداوە(عز وجل) دەفەرموێت: ((بەندەکەم، هەموو بەندەکەم ئەو کەسەیە یادم دەکات لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی دوژمندا))[3]

ئەم فەرموودەیە یەکلاکەرەوەیە لە گەورەیی ئەو کەسەی یادی خودا دەکات و گەورەیی ئەو کەسەی بۆ خودا تێدەکۆشێت، کەسی یادکەری تێکۆشەر(الذاكر المجاهد) چاکترە لەلای خودا لە یادکەری بێ جیهاد، هەروەها باشتر و چاکترە لە تێکۆشەری بێناگا(المجاهد الغافل)، هەروەها یادکەری بێ جیهاد لە لای خودا لە تێکۆشەری بێناگا باشترە.

باشترین و چاکترین یادکەران بریتین لە تێکۆشەران، باشترین تێکۆشەران بریتین لە یادکەران، خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَٱثْبُتُواْ وَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾ الأنفال: ٤٥، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێنا، گەر رووبەڕووی دەستەیك بوونەوە ئارام بگرن و زۆر یادی خودا بکەن بەڵکو خودا

---

١ صحيح البخاري ومسلم.

٢ أخرجه الترمذي وأحمد.

٣ أخرجه الترمذي.

رزگار و سەرفرازتان بکات، فەرمانی پێکردن بە یادی زۆر و جیهاد کردن پێکەوە، بۆ ئەوەی لەسەر کەناری رجا و بەدەستهێنانی رزگاریدا بن، خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا ﴿٤١﴾﴾ الأحزاب: ٤١، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێنا زۆر یادی خودا بکەن، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ﴾ الأحزاب: ٣٥، ئەو پیاو و ژنانەی زۆر یادی خودا دەکەن، هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا قَضَيۡتُم مَّنَٰسِكَكُمۡ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَذِكۡرِكُمۡ ءَابَآءَكُمۡ أَوۡ أَشَدَّ ذِكۡرٗا﴾ البقرة: ٢٠٠، گەر مەناسیکی حەجتان تەواو کرد یادی خودا بکەن وەك یادکردنی باب و باپیرانتان بەڵکو توندتر و زۆرتر لەو جۆرە یادە.

فەرمان بە زیکری بە دوو شتەوە بەستەوە: زۆری یادی خودا و توندوتۆڵی لە یادی خودادا، چونکە بەندە زۆر پێی ناتاجە و تەنها چاوتروکانێك ناتوانێت لێی بێنیاز ببێت، هەر ساتێك بەندە سەرقاڵی یادی خودا نەبێت دەبێتە وەباڵ بەسەریەوە و ئەو ساتە بۆ ئەو نییە، بەڵکو زیانۆمەندییەکەی مەزنترە لە قازانجەکەی لە بارێکدا کە لە خودا بێئاگا بێت.

هەندێ لە عاریفان دەڵێن: گەر بەندەیەك ئەوەندە و ئەوەندە ساڵ روو لە خودا بکات، پاشان ساتێك پشت لە خودا بکات ئەوا ئەوەی لەدەستی چووە مەزنترە لەوەی بەدەستی هێناوە.

"البيهقي" لە عائشەوە-خوا لێی رازی بێت- باسی دەکات ئەویش لە باوکییەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر ساتێك بەسەر رۆڵەی ئادەمدا تێدەپەڕێ و یادی خودای تێدا ناکات لەرۆژی دواییدا بۆی دەبێت بەخەم و پەژارەو پەشیمانی))[1]

دیسان "البيهقي" لە "معاذ بن جبل"ەوە فەرموودەیەکی بەرزکراە دەگێڕێتەوە: ((ئەهلی بەهەشت حەسرەتیان تەنها لە ساتێکە کە بەسەریاندا گوزەری کردووە و یادی خودایان تێدا نەکردووە))[2]

---

١ اخرجه البيهقي.

٢ اخرجه البيهقي.

لە "أم الحبيبة" هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((هەرچی قسەی رۆڵەی ئادەمە لەسەری دەنوسرێ و بۆ ئەو نییە، جگە لە فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە و یادی خودا(عزوجل)))[1]

هەروەها لە "معاذ بن جبل"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پرسیارم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کرد: چ کار و کردەوەیەك لەلای خودا زۆر خۆشەویستە؟ فەرمووی: ((ئەوەیە کە بمریت و زمانت بە یادی خودا(عزوجل) تەڕ و پاراو بێت))[2]

هەروەها "أبو درداء"-خوا لێی رازی بێت- دەفەرموێ: ((هەموو شتێك سپیکردنەوە و پاککردنەوەی بۆ هەیە، سپیکردنەوەی دڵان بریتییە لە یادی خودا(عزوجل)))[3]

هەروەها "البيهقي" -لە فەرموودەیەکی بەرزکراوەدا- لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە- خوا لە خۆی و باوکی رازی بێت- لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) دەفەرموێ: ((هەموو شتێك سپیکردنەوەی بۆ هەیە، سپیکردنەوەی دڵان بریتییە لە یادی خودا(عزوجل) هیچ شتێك بە ئەندازەی یادی خودا (بۆ مرۆڤ) رزگارکەر نییە، وتیان: تەنانەت جیهادیش لەپێناوی خودادا؟ فەرمووی: با شمشێرەکەشی بوەشێنێت هەتا دەبڕێتەوە(واتە هەتا دەشکێت)))[4]

گومانی تێدا نییە دڵی مرۆڤ ژەنگ دەگرێت وەك چۆن کانزاکان لە نوحاس و زیو ژەنگ دەگرن، پاکبوونەوەی لەو ژەنگە لە رێگەی یادی خوداوەیە، یادی خودا دەست بە پاکبوونەوەی دەکات تا وەك ئاوێنەیەکی سپی درەوشاوەی لێ دەکات، کە یادی خودا وازلێهێنرا ژەنگ دەکاتەوە، کە دەست بە یادی خودا دەکاتەوە پاکدەبێتەوە.

ژەنگی دڵ بە هۆی دوو شتەوەیە: بێئاگایی و گوناه، سپیبوونەوەش لەم دوانە بە دوو شتەوەیە: بە یادی خودا و داوای لێخۆشبوون(الذكر والإستغفار) هەر کەس بێئاگایی

---

[1] أخرجه الترمذي وابن ماجة.

[2] أخرجه الطبراني وصححه ابن حبان وقال ابن حجر في "نتائج الأفكار": هذا حديث حسن.

[3] أخرجه البيهقي في "الشعب".

[4] شعب الإيمان.

زۆربەی کاتی بوو ئەوا ژەنگ لەسەر دڵی کۆما بووە، ژەنگەکەی بەپێی بێئاگاییەکەیەتی، کە دڵ ژەنگ دەگرێت ئیتر وێنەی زانراوەکان(المعلومات)ی وەك خۆیان لەسەر نەقش نابێت، بۆیە باتڵ لە وێنەی حەقدا دەبینێت، و حەقیش لە وێنەی باتڵدا، چونکە کاتێك ژەنگ لەسەری کۆما دەکات تاریکی دەکات و وێنەی راستییەکان وەك خۆی نابینێت.

کاتێك ژەنگ لەسەری کۆما بوو و بەرەو رەشهەڵهاتن رۆیشت و بوو بە چینێکی ئەستوور لە ژەنگ و ژار و پیسی، واتە بە زاراوە قورئانییەکە بوو بە(ران) ئیتر وێناکردن و پەیبردنی ئەو دڵە دەرگای لێ دادەخرێت، حەق قبوڵ ناکات و باتڵ رەد ناکاتەوە، ئەمەش گەورەترین سزادانی دڵە، بنچینەی ئەم دۆخەش لە بێئاگایی و شوێنکەوتنی ئارەزوەوە دەستی پێ کردووە، ئەو دوانە نووری دڵ دەکوژێننەوە و بەصیرەت کوێردەکەنەوە ﴿وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴿٢٨﴾﴾ الكهف: ٢٨، بە گوێی ئەو کەسە مەکە دڵیمان لە یادی خۆمان بێئاگا کردووە، ئەو کەسە کاروبارەکانی هەڵچوون و داچوون و زیادەڕەوییە.

گەر کەسێك ویستی شوێنی کەسێك بکەویت با تەماشا بکات ئایا ئەو کەسە: لە ئەهلی یادی خودایە یان لە ریزی بێئاگایانە، گەر دەسەڵاتدار بەسەر کەسەکەدا بریتی بوو لە ئارەزوو، ئەوا ئەو کەسە لە ریزی بێئاگایانە، کارەکەشی زیادەڕەوی و تێپەڕاندن و گەمژەییە(وكان أمره فرطا)، بۆیە نابێت کەس شوێنی بکەوێ و چاو لە کردارەکانی بکات، چونکە سەری لە تیاچوونەوە دەردەکات، مانای "فرط" لە ئایەتەکەدا بە "تیابردن" تەفسیر کراوە، واتە: کار و باری ئەو کەسە کە پێویستە پابەندی بێت و پێیهەڵبستێت و سەرفەرازی و راستەڕێگەی ئەوی تێدابێت تیاچووە و تیایدا دۆڕاوە.

هەر بەو جۆرە وشەکە بە تێپەڕاندن و زیادەڕەوی لێکدراوەتەوە، واتە: "فرط" مانای "قد أفرط"ی هەیە، هەروەها بە سەرتیاچوون(الهلاك) تەفسیرکراوە، هەروەها بە پێچەوانەی حەق لێکدراوەتەوە، هەموو ئەمانەش کۆمەڵێك قسەی لەیەکتر نزیکن.

مەبەستەکە: خودای موتەعال نەهی کردووە لە گوێڕایەڵی ئەو کەسەی ئەم سیفەتانەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر هەر کەسێك تەماشای شێخ و پێشەوا د

نیمامەکەی خۆی بکات، گەر بینی لەو جۆرە کەسانەیە ئەوا با لێی دوور بکەوێتەوە، گەر بینی یادی خودا و شوێنکەوتنی سوننەت بەسەریدا زاڵە و کارەکەی تیابردن و تیاچوون و زیادەڕەوی نییە، بەڵکو لە کارەکەیدا کەسێکی سوور و لێبڕاوە با دەستی پێوە بگرێت.

هیچ جیاوازییەك لە نێوان زیندوو و مردوودا بوونی نییە بە یادی خودا نەبێت، نموونەی ئەو کەسەی یادی پەروەردگاری دەکات لەگەڵ ئەو کەسەی یادی پەروەردگاری ناکات وەك نموونەی زیندوو و مردوو وان.

لە "مسند"دا بە بەرزکراوەیی فەرموودەیەك هاتووە: ((یادی خودا زۆر بکەن، تا بوترێت ئەو کەسە شێتە))[1]

---

[1] مسند احمد.

دەروازەی نۆیەم

سوود و قازانجەکانی یادی خودا

لە یادی خودادا نزیکەی سەد سوود هەیە:

یەکەم: شەیتان راودنێت و قەلاچۆی دەکات و تێکیدەشکێنێت.

دووەم: خودا(ﷻ) رازی دەکات.

سێیەم: خەم و پەژارە لە دڵ دەسڕێتەوە.

چوارەم: خۆشی و سروور و کرانەوە بۆ دڵ دەهێنێت.

پێنجەم: دڵ و جەستە بەهێز دەکات.

شەشەم: رووی مرۆڤ و دڵی مرۆڤ نوورانی دەکات.

حەوتەم: رۆزی بۆ مرۆڤ دەهێنێت.

هەشتەم: هەیبەت و شیرینی و گەرم و گەشی دەکات بە پۆشاکی کەسی یادکەر.

نۆیەم: خۆشەویستی بۆ دەستەبەر دەکات کە بریتییە لە رۆحی ئیسلام و جەمسەری بەرداشی نایین و خولگەی بەختەوەری و رزگاربوون، خودا بۆ هەر شتێك هۆیەکی داناوە، هۆی خۆشەویستی کردووە بە بەردەوامی لە یادی خودا، هەر کەس دەیەوێ خۆشەویستی خودا(ﷻ) بەدەست بهێنێت با زمان و دڵی بە یادی خودا تەڕ و پاراو بن، زکری خودا وانە و بەیادهێنانەوەیە وەك چۆن دەروازەیەکە لە زانست، لەگەڵ ئەوەشدا زیکر دەروازەی خۆشەویستییە و شەقامە مەزنەکەیەتی و شارێگە راست و دروستەکەیەتی.

دەیەم: مەقامی چاودێری بۆ دەستەبەر دەکات و لەوێوە دەگاتە مەقامی ئیحسان، بۆیە خودا دەپەرستێت وەك ئەوەی بیبینێت، هیچ رێگەیەك بۆ گەیشتن بە مەقامی ئیحسان لەبەردەم کەسی بێئاگادا نییە، وەك بۆ کەسی دانیشتوو هیچ رێگەیەك نییە بۆ گەیشتن بە مەنزڵ.

یازدەیەم: گەڕانەوەی بەردەوام بۆ لای خودا بۆ کەسی یادکەر دەستەبەر دەکات، هەتا بە یادی خودا زۆرتر بۆ لای خودا بگەڕێتەوە دڵی لە هەموو بارەکانی تدا زۆرتر و زیاتر بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە، بۆیە خودا دەبێت بە داڵدە و پەنا و هانا و رووگەی دڵی، دەبێتە ئەو شوێنەی لە کاتی بەلاٌ و ناخۆشییەکاندا هەڵدێت بۆ لای.

دوازدەیەم: نزیکی لە خوداوە بۆ کەسەکە دەستەبەر دەکات، بەپێی بڕی زیکرەکەی لە خودا نزیك دەبێتەوە، هەر بەو جۆرە بەپێی بڕی بێئاگاییەکەی لە خودا دوور دەکەوێتەوە.

سیازدەیەم: دەرگایەکی مەزن لە دەرگای ناسینی خودا(مەعریفە) بە رووبدا دەکاتەوە، هەتا زیکر کردنەکەی زیاتر بێت خوداناسییەکەی زیاتر دەبێت.

چواردەیەم: هەیبەت و جەلال لە دڵی بەرانبەر بە خودا دروست دەبێت، ئەوەش بۆ توندی دەست بەسەرداگرتنی خودا بەسەر دڵیداو ئامادەبوونی خودا لەدڵیدا دەگەڕێتەوە، بە پێچەوانەی کەسی بێئاگاوە، پەردەی هەیبەتی خودا لە دڵیدا زۆر تەنك و لاوازە.

پازدەیەم: یادی خودا دەبێتە هۆی یادی خودا بۆ بەندەکەی: ﴿ فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ ﴾ البقرة: ١٥٢، یادم بکەن یادتان دەکەم.

گەر لە یادی خودادا تەنها ئەم سوودە بوونی هەبێت بەسە گەورەیی و شکۆ بۆ یادی خودا.

پێغەمبەر(ﷺ) لە پەروەردگارییەوە فەرموودەیەك دەفەرموێ: ((هەر کەس لە نەفسی خۆیدا یادم بکات لە نەفسی خۆمدا یادی دەکەم، هەر کەس لە ناو کۆمەڵێکدا یادی من بکات(باسم بکات) لە ناو کۆمەڵێکی باشتر لەوانەدا یادی دەکەم (باسی دەکەم)))[1]

شازدەیەم: زیندەگی بۆ دڵ دەستەبەر دەکات، گوێم لە شێخولئیسلام "ابن تیمیة" بوو دەیفەرموو: زیکر بۆ دڵ وەك ئاو وایە بۆ ماسی، دەبێ حاڵی ماسی چۆن بێت کاتێك لە ئاو دەردەهێنرێت؟!.

---

[1] تقدم تخریجه.

حەڤدەیەم: یادی خودا رۆزی دڵ و رۆحە، کاتێك مرۆڤ لەدەستی دەدات وەك جەستەی لێ دێت بەبێ خواردن و خواردنەوە.

جارێك لە نوێژی بەیانی شێخولئیسلام "ابن تیمیة"دا ئامادە بووم، پاشان دانیشتن و یادی خودای دەکرد تا کاتی نزیك بە چێشتەنگاو، پاشان لای بە لامدا کردەوە و فەرمووی: ئەمە ژەمی بەیانیمە، گەر ئەم ژەمە نەخۆم هێز و پێزم نامێنێت، یان قسەیەکی نزیك بەم قسەیە.

جارێکیان پێی فەرمووم: تەنها بە مەبەستی پشوویەك بە نەفس و خۆئامادەکردنەوە دەست لە یادی خودا هەڵدەگرم، بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو پشوەوە خۆم بۆ یادێکی تر ئامادە بکەم، یان قسەیەك نزیك بەم قسەیە.

هەژدەیەم: ژەنگ و ژار لەسەر دڵ لادەبات و پاکی دەکاتەوە، وەك لە فەرموودەکەدا پێشتر باسمان کرد.

هەموو شتێك ژەنگ و ژاری خۆی هەیە، ژەنگ و ژاری دڵ بریتییە لە بێئاگایی و ئارەزوو، سپیبوونەوە و پاکبوونەوەشی بریتییە لە یادی خودا و تەوبە و داوای لێخۆشبوون، ئەم مانایە پێشتر باسمان لە بارەوە کردووە.

نۆزدەیەم: هەڵەو خراپە و تاوان لە مرۆڤ هەڵدەوەرێنێ و دەیبات، یادی خودا مەزنترین چاکەیە، چاکەش خراپە دەسڕێتەوە و لایدەبات.

بیستەم: وەحشەت و نامۆبوون لە نێوان بەندە و پەروەردگاریدا -تبارك وتعالى- ناهێڵێت، وەحشەتێك لە نێوان کەسی بێئاگا و خودادا بوونی هەیە کە تەنها بە زیکر هەڵدەگیرێت.

بیست و یەك: ئەوەی بەندە یادی پەروەردگاری پێ دەکات لە جەلال و تەسبیح و حەمد و سەنا بە هانای خاوەنەکەیەوە دێت، ئیمامی ئەحمەد لە "مسند"دا لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) ریوایەتی کردووە کە فەرموویەتی: ((ئەوەی یادی جەلالی خودای پێ دەکەن لە تەهلیل و تەکبیر و تەحمید[1] لە کاتی تەنگانەدا بە هاناتانەوە

---

١ لا إله إلا الله، الله أكبر، الحمد لله.

دێت، بە دەوری عەرشدا سۆز دەبەخشنەوە، دەنگیان وەك دەنگی هەنگ وایە، خودا بە بیر خاوەنەکەیان دەهێننەوە، ئێوە پێتان خۆش نییە شتێکتان هەبێت خودا بە بیرتان بهێنێتەوە؟))[1] ئەم فەرموودەیە یان ماناکەی.

بیست و دوو: بەندە کاتێك خۆی بە خودای خۆی ناساند ئەویش بە یادی خودا لە کاتی خۆشیدا ئەوا لە کاتی تەنگانەدا دێت بە هانایەوە، لە ئەسەردا مانای ئەمە هاتووە: بەندەی گوێڕایەڵی یادکەری خودای موتەعال کاتێك تەنگانەیەك رووی لێ دەکات یان داوای پێویستییەك لە خودا دەکات فریشتەکان دەڵێن: پەروەردگار، دەنگێکی ناسراو لە بەندەیەکی ناسراوەوە.

کەسی بێئاگای پشتهەڵکەریش لە کاتی یادی خودا کاتێك بانگی لێ دەکات یان داوای لێ دەکات فریشتەکان دەڵێن: پەروەردگار، دەنگێکی نەناسراو و ناساز لە کەسێکی نەناسراوی ناسازەوە.[2]

بیست و سێ: یادی خودا رزگارکەرە لە سزای خودا، وەك "معاذ"-خوا لێی رازی بێت- لە فەرموودە بەرزکراوەکەدا پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ((هیچ کار و کردەوەیەکی رۆڵەی ئادەم بە ئەندازەی یادی خودا بۆ ئەو رزگاکەر نییە))[3]

بیست و چوار: یادی خودا هۆی داباریینی سەکینەت و داپۆشینە بە رەحمەت، هەروەها دەورەدانی یادکەران بە فریشتەکان، وەك پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی لەو بارەوە داوە.

بیست و پێنج: هۆی دوورخستنەوەی زمانە لە غەیبەت و قسە گواستنەوە و درۆ و قسەی ناشیرین و پووچ و خراپ، بەندە هەر دەبێ قسە بکات، گەر بە یادی خودا و یادی فەرمانەکانی زمانی گۆنەکات، ئەوا بەو جۆرە حەرامانە زمانی دێتە گۆ یان بە هەندێك لەوانە، تەنها سەلامەتی لە یادی خودادایە.

بینین و ئەزموون شاهیدی ئەوە دەدەن، هەر کەس زمانی بە یادی خوداوە هۆگر بووبێت خودا زمانی لە قسەی خراپ و پووچ دەپارێزێت، هەر کەسێکیش زمانی لە

---

١ أخرجه أحمد وابن ماجة.

٢ أخرجه محمد بن فضيل الضبي في "الدعاء" وابن أبي شيبة في "المصنف" والبيهقي في "شعب الإيمان".

٣ تقدم تخريجه.

یادی خودا وشکی کرد ئەوا بە هەموو خراپە و پووچ و بەتاڵێك لە زمانی دەپژێت، ولا حول ولا قوة إلا بالله.

بیست و شەش: مەجلسی زیکر مەجلیسی فریشتەکانە، مەجلیسی قسەی پووچ و بەتاڵیش مەجلیسی شەیتانە، با بەندە کامەیانی پێ باشە و کامەیان لەپێشترە هەڵببژێرێت، ئەو لەگەڵ ئەهلی ئەو دەستەیەدا دەبێت لە دونیا و دوارۆژدا.

بیست و حەوت: کەسی یادکەر بە یادەکەی بەختەوەر دەبێت، هەر بەو جۆرە ئەهلی مەجلیسی، ئەو کەسە کەسێکی بە پیت و فەرە روو لە هەر شوێنێك بکات، کەسی لەغوکەر و بێئاگاش خۆی و ئەهلی مەجلیسی رووبەڕووی خەم و پەژارە دەکاتەوە.

بیست و هەشت: لە رۆژی دواییدا مرۆڤ لە حەسرەت دەپارێزێت، چونکە هەر مەجلیسێك یادی خودای تێدا نەکرێت دەبێتە حەسرەت و پەژارە لە رۆژی دواییدا.

بیست و نۆ: یادی خودا لەگەڵ گریان -لە تەنهاییدا- هۆیەکە بۆ چوونە ژێر سێبەری عەرشی خودا لە رۆژی گەرمای مەزندا، خەڵکی لە ژێر گەرمای خۆردا لە مەیدانی حەشردا تواونەتەوە، بەڵام یادکەر خۆی داوەتە ژێر سێبەری عەرشی رەحمان(ﷻ).

سیهەم: سەرقاڵبوون بە یادی خوداوە هۆیەکە بۆ پێ بەخشینی خودایی بە باشترین و چاکترین بەخششێك کە بە داواکەران دەدرێت، لە فەرموودەکەی عومەری کوڕی خەتتاب-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((خودا دەفەرموێ: هەر کەس یادی من سەرقاڵی بکات لە دواکردن لە من باشترینی ئەوەی بە داواکەرانی دەدەم بەوی دەبەخشم))[1]

سی و یەك: یادی خودا ئاسانترین بەندایەتییە، لەگەڵ ئەوەش مەزنترین و باشترین بەندایەتییە، جووڵەی زمان سووکترین و ئاسانترین جووڵەی ئەندامەکانە، گەر هەر ئەندامێکی تری جەستە لە شەو و رۆژێکدا بە ئەندازەی زمان بجوڵابایە ئەوا شەکەت و ماندوو دەبوو، بەڵکو لە جووڵە دەکەوت ونەیدەتوانی بەو کارە هەڵبستێت.

---

١ أخرجه البخاري.

سی و دوو: یادی خودا درەختی نێژراوی ناو بەهەشتە، ئیمامی "الترمذي"لە جامیعەکەیدا لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە(خوا لێی رازی بێت) ریوایەتی کردووە فەرموویەتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((لەشەوی ئیسرادا بەخزمەتی ئیبراهیم گەیشتم و پێی وتم: ئەی محمد، لە منەوە سەلام لە ئومەتەکەت بکە، هەواڵیان پێ بدە کە بەهەشت خاکێکی پاك و جوان و بۆنخۆشی هەیە، ئاوەکەی زوڵاڵە، دەشتی پان و پۆرە، درەختە سەوزبوەکانی بریتییە لە: "سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر")) ئیمامی "الترمذي" لەسەر فەرموودەکە دەفەرموێ: فەرموودەیەکی حەسەن و سەحیحە.

سی و سێ: بەخشش و فەزڵی خودایی کە لەسەر یادی خودا پەیدا دەبێت لەسەر هیچ کار و کردەوەیەکی تر پەیدا نابێت.

لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە: لە "أبي هريرة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس-لە رۆژێکدا سەد جار- بڵێ: " لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ " خێری رزگارکردنی دە بەندەی بۆ هەیە، و سەد چاکەی بۆ دەنوسرێ و سەد خراپەی لێ هەڵدەوەرێت، ئەو رۆژە تا ئێوارە لە شەیتان پارێزراو دەبێت، هیچ کەس کارێکی چاکەی باشتر لە ئەو ئەنجام نەداوە مەگەر کەسێك لەو زۆرتری کردبێت))

((هەر کەس بڵێ: "سبحان الله وبحمده" لە رۆژێکدا سەد جار خراپەکانی هەڵدەوەرێن با وەك کەفی دەریاش زۆربن))[1]

هەروەها لە صەحیحی "مسلم"دا لە ئەبی هورەیرەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((گەر بڵێم: "سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر"لەلام خۆشتر و باشترە لەوەی خۆری بەسەردا هەڵدێت))[2]

لە "الترمذي"دا لە فەرموودەکەی ئەنەسی کوڕی مالیکەوە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس بەیانیان و ئێواران بڵێ: "اللهم إني أصبحت أشهدك وأشهد حملة

---

١ صحيح البخاري ومسلم.

٢ صحيح مسلم.

عرشك، وملائكتك، وجميع خلقك، أنك أنت الله، لا إله إلا أنت، وأن محمدا عبدك ورسولك"، خودا چارەکێکی نەو کەسە لە ئاگر رزگار دەکات، هەر کەس دوو جار بیلێت خودا نیوەی نەو کەسە رزگار دەکات، هەر کەس سێ جار بیلێت خودا دوو سێ بەشی لە ئاگر رزگار دەکات، هەر کەس چوار جار بیلێت خودا لە دۆزەخ رزگاری دەکات))[1]

هەروەها لە "الترمذي"دا لە "ثوبان"ەوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس کاتێك تێوارەی لێ دێت و کاتێك رۆژی لێ دەبێتەوە بلێ: "رضيت بالله ربا، وبالإسلام دينا، وبمحمد(ﷺ) رسولا" لەسەر خودا حەقە رازی بکات))[2]

هەروەها لە "الترمذي"دا: ((هەر کەس بچێتە بازاڕەوە و بلێت: " لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ حَيٌّ لاَ يَمُوتُ بِيَدِهِ الْخَيْرُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ" خودا هەزار هەزار چاکەی بۆ دەنوسێت و هەزار هەزار خراپەی لێ هەڵدەوەرێنێت و هەزار هەزار پلەی بەرز دەکرێتەوە))[3]

سی و چوار: بەردەوام بوونی یادی پەروەردگار -تبارك وتعالى- دەبێتە هۆی ئەوەی بەندە لەبیری خودادا بێت و لەبیری خۆی نەباتەوە، چونکە لەبیرچوونەوەی خودا بۆ بەندەکەی هۆی بەدبەختی ئەوە لە دونیا و دواڕۆژدا، لەبیرکردنی خودا بۆ بەندەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی بەندە خۆی و بەرژەوەندی خۆی لەبیر بچێتەوە، خودای موتەعال دەفەرموێت﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ أُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿١٩﴾ ﴾ الحشر: ١٩، وەك ئەوانە مەبن خودایان لەبیرچوو، خوداش خۆیانی لەبیر خۆیان بردنەوە، ئەوانە یاخیبووان و سنوور بەزێنانن.

کاتێك بەندە خۆی لەبیرچوویەوە پشت لە بەرژەوەندییەکانی خۆی هەڵدەکات و لەبیریان دەکات و بە شتی ترەوە لێیان سەرقاڵ دەبێت ئەوکات تیادەچێت و تێکدەچێت، هەر دەبێ بەو جۆرەش بێت، وەك کەسێك کە کشتوکاڵێك یان بێستانێك یان رانەمەڕێکی

---

١ أخرجه أبوداود والبخاري في "الأدب المفرد" والترمذي والنسائي.

٢ أخرجه الترمذي والطبراني.

٣ أخرجه الترمذي والدارمي.

هەیە کە چاکبوون و خێروبێریان لە ئاگالێبوون و خزمەت کردنیاندا بێت، بەڵام بچێت کەمتەرخەم بێت بەرانبەریان و پشتگوێیان بخات و لەبیریان بباتەوە، ئەوکات بەرژەوەندییەکانی دەکەونە بەر مەترسییەوە، بێ هیچ گومانێك ئەو کەسە تێکدەچێت و تیادەچێت، ئەمە و لەگەڵ ئەگەری ئەوەی کەسانی تر لە جێگەی ئەو راست ببنەوە و بەو کارە هەڵبستن، ئەی دەبێ گومانی بە نەفسی خۆی چۆن بێت کە بووەتە هۆی تیاچوون و بەدبەختی و شەقاوەتی بەهۆی پشتگوێ خستنی و کەمتەرخەمی بەرانبەری و گوێنەدان بە بەرژەوەندییەکانی، و پەکخستنی چاودێری و ئاگالێبوون و وازهێنان لە کارگەلێك کە ببێتە هۆی چاککردنی، چ تێکچوون و تیاچوون و بێهیوایی و بێبەشبوونێکی مەزنە!

ئەمە ئەو کەسەیە کە کاروبارەکانی هەر هەموو زیادەڕەوییە(وكان أمره فرطا)، بۆیە کارەکانی لەدەستچووە، و بەرژەوەندییەکانی تیاچووە، و هۆکاری دابڕان و بێهیوایی و تیاچوون نابڵۆقەی داوە.

هیچ رێگەیەك بۆ سەلامەتی لەمانە بوونی نییە جگە لە یادی خودای موتەعال، و تامەزرۆبوون بۆ یادی ئەو، و بەردەوام پاراوبوونی زمان بە زیکری پەروەردگاری، بەندە پێویستە یادی خودا وەك ژیان و زیندەگی خۆی تەماشا بکات کە لێی بێنیاز نییە، هەروەها وەك خۆراکی جەستە تەماشای بکات کە بە نەبوونی جەستە تێکدەچێت و تیادەچێت، هەروەها وەك ئاو تەماشای بکات کە بە نەبوونی لە تینوێتیدا تیادەمرێت، هەروەها وەك پۆشاك تەماشای بکات بۆ گەرما و سەرما، هەر بەو جۆرە وەك لانەیەك تەماشای بکات بۆ ساردی زستان و گەرمای هاوین.

پێویستە لەسەر بەندە یادی خودا لەم پلە و پایەدا تەماشا بکات، بەڵکو مەزنتر، تیاچوونی رۆح و دڵ لە کوێ و تیاچوونی جەستە و تێکچوونی لە کوێ! تیاچوونی جەستە هەر دەبێ رووبدات، لەوانەیە باشبوون و بەختەوەرییەکی هەتاهەتایی بەدوایدا بێت، بەڵام تیاچوونی دڵ و رۆح تیاچوونێکە چاکبوون و باشبوونی جەستە بە هانایەوە ناچێت و هەرگیز رزگاری لێوە بەدەست نایەت، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم.

گەر لە سوودەکانی یادی خودادا تەنها ئەم سوودە بوونی هەبوایە ئەوا بەس بوو بۆ ئەوەی بە هەمیشەیی یادی خودا بکرێت.

هەر کەس خودا لەبیر بکات خودا نەفسی خۆی لە دونیادا لەبیر دەباتەوە، هەر بەو جۆرە لەناو سزای رۆژووی دواییدا خودا ئەو بەندەیە لەبیر دەباتەوە﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴿١٢٥﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴿١٢٦﴾ ﴾ طه: ١٢٤-١٢٦، هەر کەس پشت لە یادی من بکات ژیان و گوزەرانێکی دژوار و پڕ لە کوێرەوەری دەبێت و رۆژی راستبوونەوەش بە کوێری حەشری دەکەین، دەڵێت: خودایە بۆ منت بە کوێری حەشر کرد خۆ من کەسێکی بە بینا بووم، دەڵێت: هەر بەو جۆرەی ئایەتەکانی ئێمەت بۆ هات و لەبیری خۆتت بردەوە، ئەوا بە هەمان شێوە لە ئەمرۆشدا تۆ لە یاد دەبرێیتەوە.

واتە لە ناو سزادا لەبیر دەبرێتەوە وەك چۆن ئایەتەکانی ئێمەی لەبیری خۆی بردەوە، و نەیهێنانەوە یادی خۆی و کاری پێ نەکردن.

پشت هەڵکردن لە یادی خودا پشتهەڵکردن لەو یادە دابەزێنراوە(قورئان) دەگرێتە خۆ کە بریتییە لە کتێبەکەی خودا، ئەوەش مەبەستەکەیە، هەر بەو جۆرە پشت هەڵکردن یادکردنەوەی پەروەردگار بە کتێبەکەی و ناوەکانی و سیفەتەکانی و فەرمانەکانی و نیعمەتەکانی لەخۆ دەگرێت، هەموو ئەمانە پاشکۆی پشت هەڵکردنن لە کتێبەکەی پەروەردگاری، وشەی "ذکر" لە ئایەتەکەدا یان "مصدر مضاف"ە بۆ "معمول"ەکەی کە بریتییە لە "المذکور" یان ناوێکی "مضاف"ە بۆ لای "فاعل"ەکەی، یان"مضاف إضافة الأسماء"ی رووتە، واتە: هەر کەس پشت لە کتێبەکەم بکات و نەیخوێنێتەوە و لێی رانەمێنێ و کاری پێ نەکات و تێینەگات ژیان و بژێوی تەنگەلانی تالاو و نازار و سزا دەبێت لەسەری.

وشەی "الضنك" بریتییە لەتەنگەلانی و تەنگانەو بەلا، وەسف‌کردنی خودی مەعیشەت بە "الضنك" بۆ موبالەغەیە لەو کارەدا، هەروەها ئەو مەعیشەتە بە سزای بەرزەخ تەفسیر کراوە، ئەوەی دروستە ئەوەیە: مەعیشەتەکە ژیانی دونیا و سزای بەرزەخیش

دەگرێتەوە، چونکە لە هەردوو بارەکەدا لە تەنگەلانی و شەکەتی و ناخۆشیدایە، لە رۆژی دواییدا لەناو سزای دۆزەخدا لەبیردەبرێتەوە.

ئەمەش پێچەوانەی ئەهلی سەعادەت و سەربەرزییە، ژیانیان لە دونیادا پاکترین و باشترین ژیانە و هەر بەو جۆرە لە بەرزەخدا و لە رۆژی دوایشدا باشترین پاداشت چاوەڕوانیانە، خودای موتەعال دەفەرموێ: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ النحل: ٩٧، هەر کەس کرداری چاکە بکات لە نێر و لە مێ و ئەو کەسە باوەڕدار بێت بە ژیان و زیندەگییەکی چاك و پاك دەیژییەنین، و بە چاکترین و باشترین کرداریان پاداشتیان دەدەینەوە، ئەمە لە دونیادا، پاشان دەفەرموێ: ﴿ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ النحل: ٩٧، ئەمە لە بەرزەخ و دوارۆژدا.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ فِى ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مَا ظُلِمُوا۟ لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً ۖ وَلَأَجْرُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٤١﴾ ﴾ النحل: ٤١، ئەوانەی لەبەر خودا کۆچیان کرد لەدوای ئەوەی ستەمیان لێکرا، لە دونیادا نیشتەجێی ناو خێر و چاکەیان دەکەین و پاداشتی دوارۆژیش گەورەترە، گەر بیانزانیایە.

هەروەها: ﴿ وَأَنِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾ هود: ٣، داوای لێخۆشبوون لە پەروردگارتان بکەن و پاشان تەوبە بکەن بۆ لای، هەتا کاتی دیاریکراو و ناوبراو بەخۆشی و چاکەوە دەتانژییەنێت.

ئەمە لە دونیادا، پاشان دەفەرموێ: ﴿ وَيُؤْتِ كُلَّ ذِى فَضْلٍ فَضْلَهُۥ ﴾ هود: ٣، فەزڵ بە هەموو خاوەن فەزڵێك دەدات، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۗ وَأَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ ۗ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾ ﴾ الزمر: ١٠، بڵێ: ئەی ئەو بەندانەی ئیمانتان هێنا لە پەروەردگارتان بترسن، ئەوانەی لەم دونیایەدا چاکەیان ئەنجامدا چاکەیان بۆ هەیە، زەوی خودا بەرین و بەرفراوانە، نارامگران بە ناکۆتا لە پاداشت پاداشتیان دەدرێتەوە.

ئەمە چوار شوێن کە خودای موتەعال باسی ئەوەی تێدا دەکات کەسی "محسن" بەهۆی "إحسان"ەکەیەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە: پاداشتێك لە دونیادا و پاداشتێك لە دوارۆژدا، چاکە پاداشتێکی بە پەلە و خێرای تێدایە، خراپەش هەر بەو جۆرەیە و سزایەکی خێرا و بە پەلەی تێدایە.

گەر پاداشت بۆ کەسی چاکەکار تەنها والابوونی سینە و کرانەوەی دڵ و هاتنی سروور و چێژوەرگرتن بێت لە مامەڵەی پەروەردگار و گوێڕایەڵی بۆی و یاد کردنی و خۆشی رۆح بە خۆشەویستی و یادی و دڵخۆشی بە پەروەردگار(ﷻ) مەزنتر لەو دڵخۆشییەی کەسێك بەهۆی نزیکبیەوە لە دەسەلاتدارێك یان سوڵتانێك هەیەتی، بەس بوو بۆ ئەوەی کەسی چاکەکار لە چاکەکانی بەردەوام بێت.

ئەوەش کە سزای خراپەکاری پێ دەدرێتەوە: لە بەرتەسکبوونەوەی سینە، و دڵڕەقی و پەرتبوون و تاریکی و تەنگەلانی و خەم و پەژارەو دڵتەنگی و ترس، ئەمانە حاڵەتگەلێکن هەر کەس کەمترین هەستی هەبێت گومانی لە بوونیان نییە، بەڵکو غەم و پەژارە و دڵتەنگی و تەنگەلانی سزای بە پەلەن بۆ کەسەکە، ئاگرێکی دونیایین و دۆزەخێکی ئامادەکراون.

رووکردنە خودا و گەڕانەوە بۆ لای و رازیبوون پێی و لێی و پڕبوونی دڵ بەخۆشەویستی و گەرمی و تین لە یادی خودادا و خۆشی و سروور بە ناسینی خودا پاداشتگەلێکی بە پەلەی دونیایین، بەهەشتێکی ئامادەکراون، ژیانێکی خۆش و بالایە کە بە ژیانی مەلیکەکان بەراورد ناکرێت.

گوێم لە ئێشخولئیسلام "ابن تیمیة" بوو-قدس الله روحه- دەیفەرموو: ((لە دونیادا بەهەشتێك هەیە هەر کەس تێی نەچێت ناچێتە بەهەشتەکەی دوارۆژەوە))

جارێکیان پێی وتم: ((نەیارەکانم چیم لێ دەکەن؟ من بەهەشت و باخ و بێستانەکەم لە سینەمدایە، بۆ هەر کوێ بچم لەگەڵمە و لێم جیانابێتەوە، من بەندیخانەم خەڵوەتە، کوشتنم شەهادەتە، دەرکردنم لە وڵات سیاحەتە(گەشت و گوزارە)))

لە بەندیخانەی قەلعە دەیفەرموو: ((گەر پڕ بەم قەلایە زێڕیان پێ ببەخشم هێشتا یەکسان نییە بە شوکری ئەم نیعمەتە)) یان فەرمووی: ((نەمتوانیوە پاداشتیان بدەمەوە کە بوونەتە هۆی ئەم خێرە بۆ من)) یان شێوەی ئەم قسەیە.

کاتێك بەند کرابوو لە سوژدەکانیدا دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ)) چەندە خودا بیویستبایە دووبارەی دەکردەوە.

جارێك پێی وتم: ((بەندی ئەو کەسەیە دڵی لە پەروەردگاری بەند کراوە، دیل ئەو کەسەیە ئارەزووەکانی کۆت و بەندیان کردووە))

کاتێك خرایە ناو قەلاکەوە، بە ناویدا سوڕایەوە و تەماشای کرد و ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُۥ بَابٌۢ بَاطِنُهُۥ فِيهِ ٱلرَّحْمَةُ وَظَٰهِرُهُۥ مِن قِبَلِهِ ٱلْعَذَابُ ﴿١٣﴾﴾ الحديد: ١٣، دیوارێك دەدرێت بە نێوانیاندا کە دەرگایەکی هەیە، ناوەوەی رەحمەتی تێدایە دەرەوە و ئاشکراشی لەو رووەوە سزای تێدایە.

خودا دەزانێت هیچ کەسێکم نەبینیوە ژیان و زیندەگی وەك ئەو خۆش و پاك و ئارام بێت، لەگەڵ ئەو تەنگانە و ناخۆشی و تەنگەلانییەی کە تێیکەوتبوو، پێچەوانەی خۆشی و نیعمەتی باوی خەڵکی، بەڵکو دژی هەموو ئەوانە، لەگەڵ ئەوەی لە بەندیخانەدا بوو، هەڕەشەی لێ دەکرا و رووبەڕووی هەژانیان کردبوەوە، کەچی ئەو لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ژیان و زیندەگییەکەی زۆر خۆش و ئارام بوو، سینەی هەمیشە والا بوو، خاوەنی دڵێکی بەهێز بوو، نەفسی پڕ لە سروور بوو، گەشیی خۆشی و نیعمەت لە روخساری دەدرەوشایەوە.

ئێمە هەر کات ترس رووی لێ دەکردین و گومانەکانمان خراپ دەگەڕا و زەویمان لێ دەهاتەوە یەك دەهاتین بۆ خزمەتی، هەر ئەوەندە بوو کە دەمانبینی و گوێمان بۆ قسەکانی دەگرت، هەموو ئەو شتانەمان دەڕاوەنەوە و دەگۆڕان بۆ والابوونی سینە و هێز و یەقین و دڵنیایی و ئارامی.

پاکێتی بۆ ئەو خودایەی بەهەشتەکەی نیشانی بەندەکانی دەدات بەر لە گەیشتن بە لیقای ئەو(ﷻ) پاکێتی بۆ ئەو خودایەی دەرگاکانی بەهەشتی لە خانەی کرداردا بۆ

بەندەکانی ئاوەڵا کردووە، بۆیە لە ڕۆح و نەسیم و خۆشی بەهەشت بەشیان دەدرێت، تاکو ئەوان هێز و کۆششیان بۆ داوای بەهەشت بێت و پێشبڕکێ لەسەر بەهەشت بکەن.

هەندێ لە عاریفان دەڵێن: ((گەر مەلیکەکان و کوڕەکانیان بیانزانیبایە ئێمە لە چ زیندەگییەکداین ئەوا لەسەری بە شمشێر لەگەڵمان دەجەنگان))[1]

کەسێکی تر دەڵێت: ((ئەهلی دونیا هەژار و داماون، لە دونیا دەرچوون تامی خۆشترینیان نەکرد! وترا: ئەو خۆشترینە چییە لە دونیادا؟ وتی: خۆشەویستی و ناسین و یادی خودا)) یان هاوشێوەی ئەم قسەیە.

کەسێکی تر دەڵێت: ((هەندێك کات بەسەر دڵدا تێدەپەڕێت لە خۆشیدا دەکەوێتە سەما))

یەکێکی تر دەڵێت: ((هەندێك کات بەسەرمدا گوزەر دەکات دەڵێم: گەر ئەهلی بەهەشت لەم خۆشی و نیعمەتەدا بن ئەوا لە ژیانێکی زۆر خۆش و پاك و نارامدان))

بۆیە خۆشەویستی خودای موتەعال و ناسینی و بەردەوامی یادکردنی و سوکنایی بۆ هاتن لە پەنایدا و دڵنیایی لەلای ئەو و تەنها کردنەوەی بە خۆشەویستی و ترس و رجا و تەوەکول و مامەڵە، بە جۆرێك بە تەنها ئەو دەست بگرێت بەسەر لێبڕان و عەزم و ویستی بەندەدا، ئەمانە بریتین لە بەهەشتی دونیا، نیعمەتێکە کە بە هیچ نیعمەتێکی تر ناشوبهێنرێت، ئەو بەهەشتە بینایی چاوی خۆشەویستانە و ژیان و زیندەگی عاریفانە.

ڕۆشنبوونەوەی چاوی خەڵکی بەوان بەپێی ڕۆشنبوونەوەی چاوی ئەوانە بەخودای موتەعال، هەر کەس چاوی بە خودا ڕۆشن ببێتەوە هەرچی چاوە پێی ڕۆشن دەبێتەوە، هەر کەس چاوی بەخودا ڕۆشن نەبێتەوە بە حەسرەتی دونیا نەفسی پارچە پارچە دەبێت.

تەنها ئەوانە باوەڕ بەم ڕاستیانە دەهێنن کە ژیان و زیندەگی لە دڵیاندایە، بەڵام کەسی دڵ مردوو تەنها وەحشەتت لا دروست دەکەن، تۆش چەند دەتوانی بە بزرکردنی ئەو کەسە لە خۆت هۆگری بە خوداوە دروست بکە، تەنها بە ئامادەبوونی ئەو کەسە

---

١ اخرجه ابو نعيم في "الحلية" والبيهقي في "الزهد".

وەحشەت روو لە تۆ دەکات، گەر پێیەوە تووش بوویت ئەوا تەنها دەرەوەی خۆتی پێ بدە و بە دڵ کۆچی لێ بکە، و بە پەنهانت لێی جیابەرەوە، بەو جۆرە کەسانەوە خۆت سەرقاڵ مەکە لە شتێك کە پێویستتر و لە پێشتترە بۆ تۆ.

بزانە حەسرەت-هەموو حەسرەت- بریتییە لە خەریکبوون بە کەسێکەوە کە سەرقاڵبوون پێیەوە هیچ قازانجێکت پێ ناگەیەنێت، جگە لە تیاچوونی ئەو بەشەی خودا بۆ تۆی دانابوو، لەوێشەوە دابڕان لە خودا و بەفیڕۆدانی کاتەکانت پێیەوە، و پەرتبوونی دڵت لەسەری، و لاوازی هەوڵ و کۆشش و پەرتبوون و بەش بەشبوونی ویست و لێبڕانت.

گەر تووشبووی بەم جۆرە حاڵەتە-کە هەر دەبێ تووشت ببیت- تیایدا مامەڵەی خودا بکە و خودات لەیادنەچێت، هەتا دەتوانی با قسە و کارەکانت لە پێناوی ئەودا بێت، لە خودا نزیك ببەرەوە بەو شتانەی رەزامەندی خودایان تێدایە، با کۆبوونەوەت لەگەڵی ببێتە بازرگانییەك بۆت، مەیکە بە زیانۆمەندی بەسەر خۆتەوە، وەك ئەو پیاوە وابە کە لە گەشتێکدایە و کەسێك دێتە سەر رێگەکەی و لە رۆیشتن رایدەگرێت، هەوڵبدە و بکۆشە لەگەڵ خۆت بیبەیت و گەشتی پێ بکەیت، ئەو کات تۆ ئەو هەڵدەنێیت و هەڵدەگریت نەك ئەو تۆ هەڵبنێت و هەڵبگرێت، گەر نەیویست و حەزێکی بۆ ئەو گەشتە لا نەبوو ئەوا لەگەڵی مەوەستە، بەڵکو تۆ رێگە بگرە بەر و دەستبەرداری ئەو ببە، و لا بەلایدا مەکەرەوە، چونکە ئەو کەسە-هەر کەسێك بێت- رێگرە، تۆ بە دڵتەوە خۆت قوتار بکە، رۆژ و شەوەکانت بەنرخ تەماشا بکە، با رۆژت لێ ئاوا نەبێت بەر لە گەیشتن بە مەزڵ چونکە دەگیرێیت، یان با بەیانیت بەسەردا نەیەت تۆ لە هەمان مەنزڵدا بیت و هاوەڵەکانت تۆیان لە مەنزڵەکەدا بەجێهێڵاڵ بێت و تۆ تەنها کەوتبیت، ئەو کات چۆن دەتوانی بە کاروانەکەیان بگەیتەوە!.

سی و پێنج: یادی خودا گەشت بە بەندە دەکات و دڵی بەرەو خودا دەبات ئەو هەر لەسەر جێگەی نوستنە، یان لە بازاڕ و دوکانەکەیەتی، یان لە حاڵی تەندروستی و نەخۆشیدایە، یان لە باری نیعمەت و چێژوەرگرتن و زیندەگیدایە، بە پێوەیە یان وەستاوە یان لەسەر لا پاڵکەوتووە، لە سەفەردایە یان لە ماڵ و شاری خۆیدا، هیچ کار

و کردەوەیەك نییە شیاو و گونجاو بێت لەگەڵ هەموو ئەم دۆخ و بارانە جگە لە یادی خودا، تەنانەت گەشت بە دڵی کەسەکە دەکات لە کاتێکدا لەناو جێگەدا نوستووە، لە باری خەوتندا پێشی ئەو کەسە دەداتەوە نەخەوتووە و لە بێناگاییدایە، بۆیە ئەم کەسە کاروان دەبڕێت و لەناو جێگەدا پاڵیداوەتەوە، بەڵام ئەو کەسەی نەخەوتووە و بێناگایە لە کاروان دواکەوتووە، ئەوەش فەزڵێکی خودایە دەیدات بە هەر کەسێك بیەوێت.

لە یەکێك لە عابیدانەوە دەگێڕنەوە: دەبێتە میوانی عابیدێکی تر، عابیدە خانەخوێکە (واتە خاوەن ماڵەکە) شەو هەڵدەستێت بۆ شەونوێژ، بەڵام عابیدە میوانەکە لەناو جێگەی خۆی راکشاوە، کە رۆژیان لێ بوویەوە عابیدە خانەخوێکە پێی وت: کاروان بەجێیهێڵایت، یان قسەیەك هاوشێوەی ئەمە، ئەویش پێی فەرموو: شانوشکۆی کەسێك ئەوە نییە لە شەودا سەفەر بکات بۆ ئەوەی لە رۆژدا لەگەڵ کارواندا بێت، بەڵکو شان و شکۆ ئەوەیە شەو لەناو جێگەی خۆیدا بوویێت و لە رۆژدا پێشی کاروانەکە کەوتبێت.

ئەمە و هاوشێوەی ئەمە دەگونجێ بە راست لێکبدرێتەوە، وەك چۆن دەگونجێ بە هەڵە لێکبدرێتەوە، هەر کەس وا لێکیبداتەوە کە کەسی پاڵکەوتوو لەناو جێگەکەیدا پێشی ئەو کەسە دەکەوێت لە شەودا سەرقاڵی نوێژ و یاد و بەندایەتییە ئەوە لێکدانەوەیەکی پووچ و بێبنەمایە، بەڵکو لێکدانەوەکە ئەوەیە ئەو کەسە پاڵکەوتووە لەناو جێگەکەیدا دڵی بە پەروەردگارەوە وابەستە کردووە، دەنکۆڵەی دڵی خۆی بە عەرشەوە لکاندووە، دڵی لەگەڵ فریشتەکاندا تەوافی عەرشی رەحمان دەکات و بە دەوریدا دەسوڕێتەوە، لە دونیا و ئەوەی تێیدایە بزر بووە، کۆسپێك هاتۆتە بەردەمی لە ئازار یان سەرما کە نەیهێڵاوێت شەونوێژەکەی بکات، یان ترسی هەبووە دوژمن ببینێت کە بە دوایەوە بوون، یان هەر پاساو و بیانوویەکی تر، ئەو لەسەر جێگەکەی بووە، بەڵام هیچ کەسێك جگە لە خودا لە دڵیدا نەبووە، مەگەر تەنها خودا بۆخۆی بزانێت چی لەناو دڵیدا بووە.

کەسێکی تر نوێژی کردووە و قورئانی خوێندووە، بەڵام لە دڵیدا خۆپەسەندی و ریا و حەزی پلە و پایە و ناوبانگ و خۆخستنە دڵی خەڵکی لەلا بووە کە مەگەر تەنها خودا

پێیان ناگادار بێت، یان دڵی لە دۆڵێك بووە و جەستەی لە دۆڵێکی تر، بۆیە گومانی تێدا نییە ئەو کەسە پاڵکەوتووە لە ناو جێگەدا رۆژی لێ دەبێتەوە و بە چەندین قۆناغ پێشی ئەو کەسە نوێژکەرە کەوتووە، کار لەسەر دڵە، نەك لەسەر جەستە، شان لەسەر کەسی نیشتەجێ دادەدات نەك هەوار و شوێن، گرنگ بزوێنەری یەکەمە، بۆیە یادی خودا لێبڕانی کەسی خامۆش دەبزوێنێ و خۆشەویستی پشتهەڵکردوو دەگێڕێتەوە و داوای مردوو زیندوو دەکاتەوە.

سی و شەش: زیکر لە دونیادا دەبێتە نوور بۆ کەسی زیکرکەر، هەر بەو جۆرە دەبێتە نوورێك بۆ گۆڕەکەی، و نوورێك لە رۆژی زیندووبوونەوەدا، لەسەر پردی سیرات لە پێشییەوە دەڕوات، بۆیە هیچ شتێك وەك یادی خودا دڵ و قەبر نوورانی ناکات.

خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿ أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ﴾الأنعام: ١٢٢، ئایا ئەو کەسەی کە مردبوو زیندوومان کردەوە و نوورێکمان پێ بەخشی بەناو خەڵکیدا پێی بڕوات و هاتوچۆی پێ بکات، وەك ئەو کەسە وایە کە لە تاریکستاندایە و ناتوانێت لێی بێتە دەرەوە. یەکەمیان بریتییە لەو نیماندارەی بەهۆی نیمان بە خودا و خۆشەویستی و ناسینی خودا و یادی خوداوە نوورانی بووە، دووەمیان بریتییە لەو کەسە بێئاگا لە خودا کە پشتی لە یاد و خۆشەویستی کردووە.

شانوشکۆ -هەموو شان و شکۆیەك- و سەرفەرازی-هەموو سەرفەرازییەك- لە نووردایە، بەدبەختی-هەموو بەدبەختییەك- لە لەدەستدانی ئەو نوورەدایە.

بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) پێداگری دەکرد لە داواکردنی ئەو نوورە لە پەروەردگاری-تبارك وتعالی- کاتێك داوای لێ دەکات ئەو نوورە بکاتە ناو گۆشتییەوە، ئێسکییەوە، دەمارەکانییەوە، پێستییەوە، گوێ و چاوییەوە، لەسەر و لە خوار و لەلای راست و لەلای چەپ و لە پێشەوە و لە دواوە، تا دەفەرموێ: ((واجعلني نورا-خودایە بمکە بە نوور))[1]

داوای لە پەروەردگار-تبارك وتعالی- کرد نوور بخاتە ناو دەرەوە و ناوەوەی، هەروەها

---

١ اخرجه مسلم.

نوور بخاته دەوروبەری و لە هەموو ناراستەکانەوە، لە کۆتایشدا داوا دەکات هەموو بوونی بگۆڕێت بۆ نوور.

بۆیە ئایینی خودا(عزوجل) نوورە، کتێبەکەی نوورە، ئەو خانەیەی بۆ دۆستانی خۆی ئامادەی کردووە نوورێکە دەدرەوشێتەوە، خودا-تبارك وتعالى- نووری ئاسمانەکان و زەوییە، یەکێك لە ناوە جوانەکانی بریتییە لە "النور"، تاریکستانەکان بە نووری رووی جوانی خودای موتەعال رۆشن بوونەتەوە.

لە دوعاکەی پێغەمبەردا لە رۆژی "الطائف"دا: ((أَعُوذُ بِنُورِ وَجْهِكَ الَّذِي أَشْرَقَتْ لَهُ الظُّلُمَاتُ وَصَلُحَ عَلَيْهِ أَمْرُ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ مِنْ أَنْ تُنْزِلَ بِي غَضَبَكَ، أَوْ يَحِلَّ عَلَيَّ سُخْطُكَ، لَكَ الْعُتْبَى حَتَّى تَرْضَى، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِكَ -پەناده‌گرم بە نووری رووی پاکت کە تاریکستانەکانی بۆ رۆشن بوونەتەوە، و ئەمری دونیا و دواڕۆژی لەسەر دامەزراوە، بەوەی تووڕەبوونت رووم لێ بکات، یان رق و خەشمت بەسەرمدا دابارێت، لە دەرگانەی تۆدام هەتا رازی دەبیت، هیچ هەوڵ و هێزێك بوونی نییە بە تۆوە نەبێت))[1]

ئیبن مەسعود -خوا لێی رازی بێت- دەفەرموێ: ((لەلای پەروەردگارتان شەو و رۆژ نییە، نووری ئاسمان و زەوی لە نووری رووی خودایە))[2]

لە هەندێ وشە و دەربڕینی ئەم ئەسەرەدا هاتووە: ((نووری ئاسمانەکان و زەوی لە نووری رووی خودایە))[3] "عثمان الدارمي" باسی کردووە.

خودای موتەعال دەفەرموێ: ﴿ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا ﴾ الزمر: ٦٩، زەوی بە نووری پەروەردگاری رۆشن بوویەوە.

کاتێك خودا-تبارك وتعالى- لە رۆژی دواییدا دێت بۆ جیاکردنەوەی بەندەکانی لە یەکتر لەو رۆژەدا زەوی بە نووری خودا رۆشن دەبێتەوە، ئەو کاتە رۆشنبوونەوەی زەوی

---

١ أخرجه الطبراني.

٢ أخرجه الطبراني و أبو الشيخ في "العظمة" والبيهقي بإسناد ضعيف.

٣ ریوایەتەکەی "عثمان الدارمي" بەم جۆرەیە "نووری ئاسمانەکان لە نووری رووی خودایە".

بەهۆی خۆر و مانگەوە نییە، چونکە خۆر و مانگ پێچراوەتەوە و نووریان نەماوە، حیجابی خودای موتەعال لەو رۆژەدا نوورە.

ئەبو موسا دەفەرموێ: پێغەمبەر(ﷺ) راستبوویەوەو پێنج کەلیمەی پێ وتین: خودا ناخەوێت، شیاو نییە بۆ خودا بخەوێت، دادپەروەری دادەبەزێنێ و بەرزی دەکاتەوە، کرداری شەو بەر لە کرداری رۆژ بۆ لای بەرز دەکرێتەوە، هەر بەو جۆرە کرداری رۆژ بەر لە کرداری شەو، حیجابی خودا نوورە، گەر دەربکەوێت جوانی و پاکی و شکۆمەندی رووی خودا هەتا چاوی بڕ بکات لە دروستکراوەکان دەیسوتێنێت، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ أَنۢ بُورِكَ مَن فِي ٱلنَّارِ وَمَنۡ حَوۡلَهَا ﴾ النمل: ٨، ئەو کەسەی لای ئاگرەکەیە و دەوروبەری ئاگرەکەش بەرەکەتدار بوون، [1]

رۆشنبوونەوەی ئەو پەردەیە بە نووری رووی پاکی خودای موتەعالە، گەر ئەو پەردەیە نەبوایە جوانی و پاکی و شکۆمەندی رووی خودا هەتا چاوی بیگاتێ دەیسوتاند.[2]

بۆیە کاتێك خودا (تبارك وتعالى) بۆ چیاکە جیلوە دەکات و شتێکی کەم لەو پەردەیە بەروویدا لادەدات چیاکە نوقمی زەوی دەبێت و تەخت دەبێت بۆ پەروەردگاری و نامێنێتەوە.

ئەمەش مانای قسەکەی "ابن عباس"ە لەسەر ئایەتی﴿ لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ﴾الأنعام: ١٠٣، بینین پەی بە ئەو نابات، دەفەرموێ: ((ئەوە خودایە(عزوجل) ئەگەر بە نووری خۆی جیلوە بکات هیچ شتێك خۆی بۆ ئەو راناگرێت))[3]

ئەمە بریتییە لە بلیمەتی تێگەیشتنی ئیبن عەبباس-خودا لە خۆی و باوکی رازی بێت- و وردی زیرەکی و ژیری ئەو دەگەیەنێت، چۆن وا نابێت کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) دوعای بۆ کردووە خودا تەئویلی فێر بکات.

خودا-تبارك وتعالى- بە چاو لە رۆژی دواییدا دەبینرێت، بەلام پەیبردن(إدراك)ی بینین

---

[1] أخرجه مسلم.

[2] چاوی خوداش بە هەموو شوێن و هەموو دروستکراوێك دەگات، بۆیە هەموو بوون دەسوتا و نەدەما. (وەرگێر)

[3] أخرجه الترمذي.

بە خودا هەرگیز گونجاو نییە با بیشیبینێت، پەیبردن کارێکە لە پشت بینینەوەیە- نموونەی بەرز و بڵند بۆ خودایە- ئێمە خۆر دەبینین، بەڵام پەی پێ نابەین وەك ئەوەی کە هەیە یان نزیك بە ئەوەی کە هەیە.

بۆیە ئیبن عەبباس کاتێك لەسەر بینین پرسیاری لێکرا و ئەم ئایەتەی بۆ خوێنرایەوە: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴾ الأنعام: ١٠٣، فەرمووی: ئایا تۆ ئاسمان نابینی؟ وتی: با، فەرمووی: ئایا پەی پێ دەبەی؟ وتی: نەخێر، فەرمووی: خودای موتەعال مەزنتر و شکۆمەندترە.[1]

خودای موتەعال نموونەیەکی بۆ نووری خۆی لە دڵی باوەڕداردا هێناوەتەوە کە تەنها زانایان تێیدەگەن و دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ ۖ ٱلْمِصْبَاحُ فِى زُجَاجَةٍ ۖ ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّىٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِىٓءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ ۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ ۗ يَهْدِى ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَٰلَ لِلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣٥﴾ ﴾ النور: ٣٥، خودا نووری ئاسمانەکان و زەوییە، نموونەی نوورەکەی وەك تاقێك وایە چرایەکی تێدا بێت، چرایەك لەناو شووشەیەکدا بێت، شووشەکە وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار پاك و درەوشاوە بێت، سەرچاوەی گڕەکەی لە درەختێکی موبارەکی زەیتوونەوەیە، نە خۆرهەڵاتی و نە خۆرئاوایی، زەیتەکەی هەرچەند هێشتا ئاگری بەرنەکەوتووە خەریکە گڕ دەگرێت و نوورانی دەبێت، نوور لەسەر نوور، خودا هەر کەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات بۆ سەر نوورەکەی، خودا نموونەگەلێك بۆ خەڵکی دەهێنێتەوە، خودا بە هەموو شتێك زانایە.

توبەی کوڕی کەعب دەفەرموێ: نموونەی نوورەکەی لە دڵی کەسی موسڵماندا.[2]

ئەمە ئەو نوورەیە خودا هەڵیدەداتە ناو دڵی باوەڕدارەوە لە ناسینی خودا و خۆشەویستی و ئیمان پێی و یادی خودا، ئەوە ئەو نوورەیە کە خودا بۆی دابەزاندوون و

---

١ مەبەستی ئەوەیە خودا دەبینرێت بەڵام پەی بە حەقیقەت و ماهییەتی خودا نابرێت، وەك ئایەتە ئاماژەی پێ دەکات. (وەرگێڕ)

٢ ورود قريب منه عن "ابن عباس" أخرجه الطبري.

بەو نوورە ئەوانی زیندوو کردۆتەوە، بەو نوورەوە بە ناو خەڵکیدا هاتوچۆ دەکەن، ریشەی ئەو نوورە لە ناو دڵیاندایە، پاشان کڵپەی ئەو نوورە بەهێز دەبێت تا لەسەر روخساریان و ئەندامەکانیان و جەستەیان رەنگ دەداتەوە و دەردەکەوێت، بەڵکو لەسەر پۆشاکەکانیان و خانوو و ماڵەکانیان، ئەو کەسانەی وەك ئەوان وان هەست بەو نوورە دەکەن، بەڵام هەموو خەڵکانی تر-کە وەك ئەوان نین- نەرێی ئەو نوورە دەکەن.

کاتێك رۆژی دوایی دێتە بەرەوە ئەو نوورە دەردەکەوێت، بۆیە بە لای راستیانەوەیە و لە پێشیانەوە دەڕوات بۆ بڕینی پردی سیرات کە تاریکە، ئەوان لەو رۆژەدا نورەکەیان بەپێی بەهێزی و لاوازی ئەو نوورەیە لە دونیادا لە دڵیاندا بووە، هەیانە نوورەکەی وەك خۆر وایە، هەیانە وەك مانگ وایە، هەیانە وەك ئەستێرە، هەیانە وەك چرا، هەیانە نوورێکی کز کە تەنها بەرپێ رۆشن دەکاتەوە، جارێك بەرپێ رۆشن دەکاتەوە و جارێکیش دەکوژێتەوە، ئەگەر ئەوە حاڵی نوورەکەی بێت لە دونیادا ئەوا بە ئەندازەی ئەوە لەسەر پردی سیرات نووری پێ دەدرێت، بەڵکو ئەوە هەمان نوورە و لەو رۆژەدا دەرکەوتووە و بەرجەستە بووە، لە کاتێکدا کەسی دووڕوو لە دونیادا نوورێکی جێگیری نییە، بەڵکو نوورەکەی هەر ئەوەیە کە دەریخستووە و خاوەنی نووری ناوەکی نییە، بۆیە نوورێکی رووالەتی پێدەدرێت کە سەرئەنجامەکەی تاریکی و لەدەستچوونە.

خودای موتەعال نموونەی ئەو نوورە و شوێن و هەڵگری و ماددەی سوتانەکەی بە تاقێکی نوورانی دەهێنێتەوە، تاق بریتییە لە شوێنێك کە لە ناو دیواردا دروست دەکرێت، ئەو تاقە بریتییە لە سینەی کەسی باوەڕدار، لە ناو ئەو تاقەدا شووشەیەکی بلورین بوونی هەیە کە پاکترین و روناکترین شووشەیە، تا لە سپێتی و پاکێتیدا بە ئەستێرەیەکی گەشی درەوشاوە تەشبیھ کراوە، ئەوەش بریتییە لە دڵ، دڵ بە شووشە تەشبیھ کراوە، چونکە چەند سیفەتێکی هەیە کە تەنها لە دڵی باوەڕداردا بوونی هەیە، لەوانە: پاکێتی، تەنکی و ناسکی، بەرگەگر و تۆکمە و دامەزراو، بە پاکێتییەکەی حەق و هیدایەت دەبینێت، بە نەرمییەکەی بەزەیی و سۆز و رەحم بەدەست دەهێنێت، دژ بە دوژمنەکانی خودا دەجەنگێ و بەرانبەریان رەقە و لەسەر حەق توندە، هیچ سیفەتێکیان سیفەتێکی تر ناسڕێتەوە و دەستدرێژی ناکاتە سەری،

بەڵکو یارمەتی دەدات و پشتیوانی دەکات: ﴿أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ﴾ الفتح: ٢٩، توند و تیژ لەسەر کافران و بە بەزەیی لەگەڵ یەکتر، هەروەها دەفەرموێ: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ﴾ آل عمران: ١٥٩، بە رەحمەتی خودا بۆیان نەرم بوویت، گەر کەسێکی وشك و زبر و دڵڕەق بوویتایە لە دەوروبەرت بلاوەیان دەکرد، هەروەها دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ﴾ التوبة: ٧٣، ئەی پێغەمبەر، دژ بە کافران و دووڕووان بکۆشە و رەق و زبر بە بەرانبەریان.

لە ئەسەرێکدا هاتووە: ((دلاّن لە زەوی خودادا دەفری خودان، خۆشەویسترینیان لەلای نەرمترین و دامەزراوترین و پاکترینیانە))[1]

هاوتەریب لەگەڵ ئەم دڵەدا دوو دڵی ناپەسەند هەن کە لە دوو بەرە دژ بە یەکەکەدا بەرانبەر بە یەکتر وەستاون:

یەکەمیان: دڵێکی رەقی وەك بەرد کە هەرچی سۆز و بەزەیی بێت تێیدا نییە، ئیحسان و چاکە و پاکێتییەك حەقی پێ ببینێت لە ناویدا بوونی نییە، بەڵکو زاڵمێکی نەفامە، نەزانە بە حەق و بێ رەحمە بە خەڵك، بەرانبەر بەمە دڵێکی لاوازی ئاویی کە هیچ هێزێکی تێدا نییە و خۆڕاگر نییە، بەڵکو هەموو وێنەیەك وەردەگرێت، هێزی تۆمارکردن و پارێزگاری کردنی وێنەکانیشی نییە، هیچ هێزێکی کاریگەری لەسەر دەوروبەری خۆی نییە، بەڵکو تێکەڵ بە هەر کەسێك بوو کاری تێدەکەن، لە لاواز و لە بەهێز لە چاك و پاك و لە خراپ و پیس.

لە ناو شووشەکەدا چرایەك هەیە، ئەوەش بریتییە لەو نوورەی لەسەری پڵیتەکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو پڵیتەیە هەڵگری نوورەکەیە، بۆ ئەو نوورە ماددەیەکی سوتان بوونی هەیە، ئەوەش بریتییە لە زەیت کە لە دارێکی زەیتوونەوە وەرگیراوە، دارزەیتوونەکە لە شوێنێکی زۆر تەختی میانەگیردایە، سەرەتای رۆژ و کۆتایی رۆژ خۆر لێی دەدات،

---

١ أخرجه الطبراني في "مسند الشاميين".

زەیتەکەی پاڵفتەترین زەیتە و دوورترین شتێکە لە لێڵییەوە، لە پاکێتیدا خەریکە بەبێ ئاگر گڕ دەگرێت و دەسوتێت، ئەمە بریتییە لە ماددەی نووری چراکە.

هەر بەو جۆرە ماددەی نووری چرا لە ناو دڵی باوەڕداردایە، لە درەختی وەحییەوە وەرگیراوە کە مەزنترین شتێکە لە رووی بەرەکەتەوە، و دوورترینە لە لادان و هەڵچوون و داچوون، بەڵکو بریتییە لە بارێکی مام ناوەند و میانەگیر و باشترین و پەسەندترین، وەك لادانی نەصرانییەکان لادان رووی لێ نەکردووە، هەر بەو جۆرە وەك لادانی یەهودییەکان تێکەڵ بە لادان نەبووە، بەڵکو لە هەموو شتێکدا لە ناوەندی ئەو دوو بەرە ناپەسەندەدایە، ئەمە بریتییە لە ماددەی گڕی چرای ئیمان لە دڵی باوەڕداردا.

لەبەر ئەوەی ئەو زەیتە ئەوەندە پاك و بێگەردە خەریکە گڕ دەگرێت و بۆ خۆی رۆشن دەبێتەوە، پاشان بە ئاگر دادەگیرسێت و رۆشنبوونەوەکەی زیاد دەکات و ماددەی رووناکی ئاگرەکە پێی بەهێز دەبێت، بۆیە ئەوە دەبێتە نوور لەسەر نوور.

کەسی باوەڕدار بەم جۆرەیە، دڵی نوورانییە، خەریکە حەق دەناسێتەوە بە فیترەت و بە ئەقڵ، بەڵام سووتەمەنی بۆ داگیرسان لە نەفسی خۆیدا بوونی نییە، بۆیە ماددەی وەحی دێت و دەگات بە دڵی و تێکەڵ دەبێت پێی، ئەو کات نورەکەی کە نووری فیترەتە بە هۆی نووری وەحییەوە زیاد دەکات و نووری وەحی و نووری فیترەت پێکەوە کۆدەبنەوە و دەبن بە نوور لەسەر نوور، دڵ خەریکە حەق گۆدەکات هەرچەند هێشتا کاریگەرییەکەی نەبیستووە، پاشان کاریگەرییەکە دەبیستێ کە تەبا و هەماهەنگە لەگەڵ ئەوەی فیترەتی شایەتی بۆداوە، بۆیە دەبێتە نوور لەسەر نوور، ئەمە بریتییە لە شانوشکۆی باوەڕدار لە پەیبردن بە حەق بە شێوەیەکی گشتی، پاشان کاریگەرییەکە دەبیستێ و حەقی گشتی بۆ ورد دەکاتەوە، ئەو کات ئیمانەکەی لە شایەتی وەحی و فیترەتەوە سەرهەڵدەدات.

با کەسی ژیر و هۆشمەند سەرنجی ئەم ئایەتە مەزنە بدات و بەراوردی لەگەڵ ئەم مانا بڵندانەدا پێ بکات، خودا(ﷻ) باسی نووری خۆی کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا، هەروەها باسی نووری خۆی کردووە لە دڵی بەندە باوەڕدارەکانیدا، ئەو نوورە ژنەوراو و بینراوە بە بەصیرەت و بە دڵ، ئەو نوورەی بەصیرەت و دڵی رۆشن کردۆتەوە، هەروەها

نووری بەرهەستی بینراو بە چاوان(واتە خۆر)، ئەو نوورەی جیهانی سەر و خواری رۆشن کردۆتەوە، ئەم دوو جۆرە لە نوور دوو نووری زۆر مەزنن، یەکێکیان لەویتریان مەزنترە.

وەك چۆن گەر یەکێکیان لە شوێنێك یان جێگەیەك بزر ببێت مرۆڤ و گیاندارانی تر ناتوانن تیایدا بژین، چونکە گیانداران کاتێك دروست دەبن نوور بوونی هەبێت، شوێنی تاریك کە نووری لێ هەڵنایەت گیاندارانی تێدا ناژین، بەڵکو هەرگیز دروست نابن، هەر بەو جۆرە ئەو ئومەتەی نووری وەحی و ئیمان لەدەست دەدات، دڵێك ئەم نوورەی لەدەست بچێت مردوویەکی راستەقینەیە، وەك چۆن گیانداران ژیان لەدەست دەدەن لەو جێگانەی کە نووریان تێدا نییە.

خودا(ﷻ) بەراوردێك دەکات لە نێوان زیندەگی و نووردا، وەك لەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ﴾ الأنعام: ١٢٢، ئایا ئەو کەسەی کە مردبوو زیندوومان کردەوە و نوورێکمان پێ بەخشی بەناو خەڵکیدا پێی بڕوات و هاتوچۆی پێ بکات، وەك ئەو کەسە وایە کە لە تاریکستاندایە و ناتوانێت لێی بێتە دەرەوە. هەر بەو جۆرە ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَٰكِن جَعَلْنَاهُ نُورًا نَّهْدِي بِهِ مَن نَّشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا ﴾ الشورى: ٥٢، هەر بەو جۆرە رۆحێکمان لە ئەمری خۆمان بۆ کردی بە وەحی، تۆ نەتئەزانی کتێب و ئیمان چییە، بەڵام کردمان بە نوورێك کە هەر کەسێکمان بوێت لە بەندەکانمان بەو هیدایەتی دەدەین.

وتراوە: ئەو جێناوەی کە لە وشەی"جعلناه"ی ئایەتەکەی "الشوری"دایە بۆ وشەی "أمر" دەگەڕێتەوە، هەروەها وتراوە: بۆ وشەی "الکتاب"، یان بۆ وشەی"الإیمان" یان بۆ وشەی "الروح"، واتە ماناکەی بەم جۆرەی لێ دێت: ((جعلنا ذالك الروح الذي أوحيناه إليك نورا-واتە ئەو رۆحەی کە بۆمان وەحی کردی کردوومانە بە نوور))، ناوی لێنا "الروح" لەبەر ئەو ژیان و زیندەگییەی لێیەوە سەرهەڵدەدات، هەروەها کردوویەتی بە "نور" بە هۆی ئەو رۆشنبوونەوە و روناکبوونەوەی لێیەوە پەیدا دەبێت، ئەو دووانەش

هاوتای یەکترن، لە هەر شوێنێك ئەو ژیان و زیندەگییە ببینرێنەوە بە هۆی ئەو رۆحەوە رۆشنبوونەوە و روناکبوونەوە دەبینرێنەوە، هەر بەو جۆرە لە هەر شوێنێك روناکبوونەوە و رۆشنبوونەوە ببینرێنەوە ژیان و زیندەگی دەبینرێنەوە، دڵی هەر کەسێك ئەو رۆحە وەرنەگرێت خاوەن دڵێکی مردووی تاریکە، وەك چۆن ئەو کەسەی جەستەی رۆحی ژیانی لێ جیاببێتەوە دەبێت بە تیاچوویەکی پووکاوە و بێ بەها.

بۆ ئەو مەبەستە خودا(ﷻ) دوو نموونە دەهێنێتەوە: ئاویی و ئاگریی پێکەوە، لەبەر ئەو ژیان و زیندەگییەی لە ئاوەوە سەرهەڵدەدات و ئەو روناکی و نوورەی لە ئاگرەوە سەرهەڵدەدات، وەك لە سەرەتای سورەتی"البقرة"ەوە نموونەکەی هێناوەتەوە: ﴿مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّآ أَضَآءَتْ مَا حَوْلَهُۥ ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِى ظُلُمَٰتٍ لَّا يُبْصِرُونَ ﴿١٧﴾﴾ البقرة: ١٧، نموونەی ئەوانە وەك نموونەی ئەو کەسە وایە کە ئاگرێکی کردۆتەوە، کاتێك دەوروبەری رۆشن کردەوە، خودا نوورەکەیانی برد و ئەوانی لەناو تاریکییەکاندا بەجێهێڵاً و نابینن.

دەفەرموێ: ((ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ -خودا نوورەکەی بردن)) نەیفەرموو: "بنارهم-ئاگرەکەی بردن" چونکە ئاگر سوتان و رۆشنبوونەوەی تێدایە، خودا ئەوەی برد کە رۆشنبوونەوە و روناکبوونەوەی تێدایە، و ئەوەی هێڵاًیەوە بۆیان کە ئازار و سوتانی تێدایە.

حاڵی دووڕووانیش هەر بەو جۆرەیە: نووری ئیمانیان بە هۆی دووڕوویەوە رۆیشتووە و گەرمی و تینی بێباوەڕی و شك و گومان و تەمومژ ماوەتەوە و دڵی هێناونەتە کوڵ، دڵی دووڕووان لە دونیادا بە گەرمای دووڕوویی و ئازار و دوکەڵ و ژەهر و بڵێسەکەی هەڵقرچاوە، لە رۆژی دواییشدا بە ئاگرێکی سوتێنەر کە لە دڵ و ناخ و هەناوییەوە هەڵدەقوڵێ و هەڵیدەقرچێنێت.

ئەمە نموونەی ئەو کەسەیە کە نووری ئیمان لە دونیادا هاوەڵی نەکردووە، بەڵکو لە دڵی دەرچووە و لێی جیابوەتەوە دوای ئەوەی کەمێك پێی رۆشن بووبوەوە، ئەوە بریتییە لە حاڵی کەسی دووڕوو، حەقی ناسی و پاشان رەدی کردەوە، دانی بە حەقدا نا و پاشان سەرپێچی لێ کرد، ئەو لە تاریکستاندایە و کەڕ و لاڵ و کوێرە، وەك خودای

موتەعال لە حەقی هاوشێوەکانی ئەواندا دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ الأنعام: ٣٩، ئەوانەی ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەزانی، کەڕ و لاڵن لەناو تاریکیدا، هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً ۚ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٧١﴾﴾ البقرة: ١٧١، نموونەی ئەوانەی بێباوەڕیان نواند وەك نموونەی ئەو کەسە(ئەو شوانە) وایە کە دەنگدەداتە ئاژەڵەکان بەوەی تەنها دەنگ و بانگ و هەرا دەبیستێت، کەڕ و لاڵ و کوێر، ئەوانە هیچ ناژنەون و تێناگەن.

خودای موتەعال حاڵی دووڕووان لە دەرچوونیان لە ناو نوور دوای ئەوەی بۆیان ڕۆشن بوویەوە شوبهاندووە بە حاڵی ئەو کەسەی لە شەوێکی تاریکدا ئاگرێکی کردۆتەوە و دوای پێبوونی ئاگرەکە و ڕۆشنبوونەوەی دەوروبەر ئاگرەکە ڕۆشنایی نامێنێ و دەکوژێتەوە، چونکە دووڕووان بە تێکەڵ بوونیان بە موسڵمانان و نوێژکردن و ڕۆژوویان لەگەڵیان و گوێگرتنیان لە قورئان و بینینی بەیداخی ئیسلام و مینبەری نووریی ئیسلام تیشك و ڕووناکیان بینی و نوورەکەیان کەوتە پێش چاو و لایان بەرجەستە بوو، بۆیە خودای موتەعال لە حەقی ئەوانەدا دەفەرموێ: ﴿فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴿١٨﴾﴾ البقرة: ١٨، ئەوانە ناگەڕێنەوە، چونکە لە ئیسلام جیابوونەوە دوای ئەوەی چوونە ناویەوە و پێی ڕۆشن بوونەوە، بۆیە ئیتر ئەوان ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئیسلام.

هەروەها خودا لە حەقی بێباوەڕاندا دەفەرموێ: ﴿فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٧١﴾﴾ البقرة: ١٧١، چونکە ئیسلامییان نەژنەوت و لێی حاڵی نەبوون و نەچوونە ناویەوە و بە نوورەکەی ڕۆشن نەبوونەوە، بەڵکو بەردەوام لە تاریکستانی بێباوەڕیدان، کەڕ و لاڵ و کوێرن.

پاکێتی بۆ ئەو خودایەی کەلامی خۆی کردووە بە شیفای ئەوەی لە سینەدایە، و بانگ دەکات بۆ ئیمان و حەقیقەتەکانی و بەهەشتی هەتاهەتایی ونیعمەتی بەردەوام و ڕێنموونی مەردوومان دەکات بۆ سەر ڕێگەی ڕەوا و هیدایەت.

من گوێم لە بانگەری ئیمانە ئەگەر گوێیەك هەبێت بۆ بیستن و تێگەیشتن، ئامۆژگارییەکانی قورئان شفای دڵانە گەر خاڵیبێتەوە لە گومڕایی و سەرلێشێوان، بەڵام بارەشی شك و گومان و تەمومژەکان چرای دڵیان کوژاندۆتەوە، دەستی بێناگایی

و نەفامی گەیشتە ئەو دڵە و دەرگای هیدایەت و روشدی لێ کڵۆم کرد و کلیلەکانی بزر کرد و ئەوەی ئەنجامی دابوو بوو بە ژەنگ و ژار و پەردەی ئەستوور و لەسەر دڵیان نیشت و نیتر قسە و ئامۆژگاری سوودێك بە ئەو دڵە ناگەیەنێت، بە حەزەکانی سەرلێشێوان و شك و گومانی پووچ دڵی سەرخۆش بووە و گوێ بۆ قسەی سەرزەنشکار ناگرێت، بە کۆمەڵێك ئامۆژگاری ئامۆژگاری کرا کە لە تیر و ڕم تیژتر بوون، بەڵام لە دەریای نەفامی و بێئاگایی و یەخسیری حەز و ئارەزوودا تیاچوو((وما لجرح بميت إيلام-برین ئێش بە مردوو ناگەیەنێت))

نموونەی دووەمی ئاویی ئەو ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێت: ﴿ أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فِيهِ ظُلُمَٰتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصَٰبِعَهُمْ فِىٓ ءَاذَانِهِم مِّنَ ٱلصَّوَٰعِقِ حَذَرَ ٱلْمَوْتِ ۚ وَٱللَّهُ مُحِيطٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٩﴾ ﴾ البقرة: ١٩، یان وەك ئەو بارانە لێزمەی لە ئاسمانەوە دادەبارێت، تاریکی و گرمە و بروسکەی تێدایە، پەنجەیان لە گوێیان دەنێن لە گرمە و نالە و تریشقەکەی و ترسان لە مردن، خودا ئابلۆقەی بێباوەڕانی داوە.

"الصيب" ئەو بارانەیە بە خێرایی لە ئاسمانەوە دادەبارێت، ئەو بارانە نموونەی قورئانە کە ژیان و زیندەگی دڵی پێوەیە، هەروەك ئەو بارانەی کە ژیان و زیندەگی زەوی و رووەك و گیانداران لە ئەستۆ دەگرێت، باوەڕداران ئەو ژیان و زیندەگییە لە قورئان پەی پێ دەبەن، لەوە گەیشتن چەندە قورئان زیندەگی بێ ترس و هەڕەشە بە مرۆڤ دەبەخشێت، بوونی بروسکە و هەورەگرمە لە ناویدا رێگر نییە لە گەیشتن بەو ژیان و زیندەگییەی تێیدایە، بروسکە و چەخماخە و هەورەگرمەش بریتین لەو هەڕەشە و ترساندنانەی لەناو قورئاندایە، هەروەها ئەو سزادان و "بەنموونەکردن"انەی کە خودا ئەوانەی پێ دەترسێنێت سەرپێچی لە فەرمانەکانی دەکەن، قورئان هەواڵیداوە ئەو بروسکە و هەورەگرمانە دادەبارێنێتە سەر ئەوانەی کە پێغەمبەرەکەیان(ﷺ) بەدرۆ دەزانی، یان بروسکەو هەورەگرمەی قورئان بریتییە لەو فەرمانە توند و بەهێزانەی خودا بۆ سەر ئیمانداران دایدەبەزێنێت، وەك جیهادی دوژمنان و ئارامگرتن لەسەر بەلاو ناخۆشی و فەرمانە گرانەکان لەسەر نەفسی مرۆڤ کە پێچەوانەی حەز و ویستی دەروونە، هەموو ئەوانە وەك تاریکی و گرمە و بروسکە و چەخماخە وان، بەلام هەر کەس رێ و شوێنی بارانی رەحمەت بزانێت و لەوە تێبگات چ ژیان و زیندەگییەکی لێوە پەیدا دەبێت لە تاریکی و گرمە و چەخماخەکەی نامۆ نابێت و وەحشەت نایگرێت، بەڵکو هۆگری پێوە پەیدا دەکات و خۆشحاڵ دەبێت، چونکە هیوا و ئومێدی ژیانەوە و فەڕ و پیتی لێدەکرێت.

بەڵام کەسی دووڕوو بە هۆی کوێربوونی دڵی چاوییەوە لە تاریکی تێناپەڕێت، تەنها بروسکە دەبینێت کە خەریکە چاوەکانی کوێر بکات، یان گرمە و ناڵەیەکی گەورە و تاریکی، بۆیە هەست بە نامۆیی دەکات و لێی دەترسێت، پەنجەکانی دەناخنێتە ناو گوێیەکانییەوە و چاوەکانی دەنوقێنێ تاکو دەنگی هەورەگرمەکە نەبیستێت و بروسکە و چەخماخەکە نەبینێت، چونکە چەخماخەکەی بەهێزە و ڕۆشناییەکەی بێوێنەیە، ئەو لەوە دەترسێ بروسکەکە چاوی لەگەڵ خۆی ببات و کوێر ببێت، چونکە چاوی لاوازترە لەوەی لەگەڵ چەخماخەکەدا ببینێت و خۆی ڕابگرێت، ئەو لە تاریکیدا گوێی لە دەنگی هەورە بروسکەکەیە کە دادەبارێت، ئەو بروسکە چاوفڕێنەرەش دەبینێت، کاتێك بەردەمی ڕۆشن دەکاتەوە دەست بە ڕۆیشتن دەکاتەوە و لەبەر ڕۆشناییەکەیدا چەند هەنگاوێك دەنێت، کە تیشکی چەخماخەکە نامێنێت بە سەرسامییەوە دەوەستێت و نازانێت بۆ کوێ بچێت، بەهۆی نەزانینەکەیەوە نازانێت هەموو ئەوانە لە پێویستییەکانی بارانی لێزمەیە، ئەو بارانەی ژیانی زەوی و ڕووەك و گیاندارانی پێوەیە، ژیان و زیندەگی ئەو لە خودی خۆیدایە، ئەو تەنها گرمە و ناڵە و بروسکە و تاریکی دەبینێت و لە پشتی ئەوەوە هەستێکی تری نییە، بۆیە وەحشەت و نامۆبوون لێی جیانابێتەوە و ترس و تۆقین دەبێتە کالای بالای.

بەڵام ئەو کەسەی هۆگری بارانی لێزمە بووە و دەزانێت چ خێر و فەڕ و ژیان و قازانجێك لەگەڵ خۆی دەهێنێت دەزانێت هەر دەبێ گرمە و چەخماخە و تاریکی لەگەڵ بێت، ئەوەش بەهۆی هەورەکانەوەیە، بۆیە هۆگری ئەو بارانە لێزمە دەبێت و بە هاتنی نامۆبوون ڕووی لێ ناکات، هەموو ئەوانە ڕێگری ناکەن لەوەی بەشی خۆی لەو بارانە لێزمە وەربگرێت.

ئەمە نموونەیەکی پڕاوپڕە بۆ ئەو بارانە لێزمەی جبریل(سلامی خوای لێبێ) لەلای پەروەردگارەوە-تبارك وتعالی- دایبەزاندووە بۆ سەر دڵی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ ئەوەی هەموو دڵ و بوونی پێ زیندوو ببنەوە،حیکمەتی خودا وایە کە ئەو بارانە لێزمەی وەحی هەور و گرمە و چەخماخەی لەگەڵ بێت، هەروەك ئەو بارانە لێزمە ئاوییەی دادەبارێتە سەر زەوی، ئەوەش مەزنترین حیکمەتێك و هۆکارگەلێکی ڕێکخراوە کە خودای عەزیز و حەکیم ڕێکیخستوون.

بەشی کەسی دووڕوو لەو بارانە لێزمە تەنها هەور و گرمە و چەخماخەیە، شتێکی تر لە پشتی ئەمەوە نازانێت، بۆیە ئەوەی باوەڕداران هۆگرییان لەگەڵ هەیە ئەو وەحشەتی هەیە بەرانبەری، ئەوەی زانایان پێی ئارام و دڵنیان ئەو لێی بە گومانە، ئەوەی ئەهلی بەصیرەت و خوداناسان یەقینیان پێی هەیە ئەو شك و دڵەڕاوکێی هەیە لەسەری، نموونەی چاوی ئەو لە نموونەی ئاگرییدا وەك چاوی شەمشەمەکوێرە وایە لە قرچەی نیوەڕۆدا، گوێی ئەو لە نموونەی ئاوییدا وەك گوێی کەسێك وایە کە بە گرمە و ناڵەی هەورەگرمە مردووە و کۆتایی پێهاتووە، باس ئەوە کراوە کە هەندێ لە گیانداران بەهۆی هەورەگرمەوە گوێی خۆیان لەدەست دەدەن.

گەر ئەم ئەقڵ و گوێ و چاوانە رووبەڕووی شك و گومان و تەمومژی شەیتان و خەیاڵاتی تێکدەرانە و گومانی درۆ بوونەوە، لە ناویاندا دێت و دەچێت و راست دەبێتەوە و دادەنیشێت، مەیدانی تێدا فراوان دەکات، بەهۆیەوە وتی وتی زۆری بۆ دروست دەبێت، زەوی پڕ دەکات لە قسە و باسەکانی، زۆرن ئەوانەی وەڵامی ئەو جۆرە کەسانە دەدەنەوە و قسەکانیان لێ وەردەگرن و هەڵدەستن بە بانگەوازەکەیان و بەرگری لەبیر و بۆچوونەکانیان و جەنگان لەژێر بەیداخیاندا و زۆرکەری ژمارەیان، بەڵام چەندە کەم نرخ و بێ بەهان لەلای خودا و دۆستانی خودا.

بە هۆی تووشبون بە بەڵای ئەمانەوە و زیان گەیاندن بە دڵ بە هۆی قسەکانیانەوە خودا سیتری خۆی لەسەر هەڵگرتوون و رسوایی کردوون، و پەردەی لەسەر نهێنی و پەنهانەکانیان لاداوە، و نیشانەکانیان و کردارەکانیان و قسەکانیانی رۆشن کردۆتەوە، خودای موتەعال بەردەوام دەفەرموێ: ((ومنهم...لەوانە...))، ((ومنهم...))، ((ومنهم...)) تا هەموو کارەکانیان دەربکەوێ و حەقیقەتیان رۆشن ببێتەوە و نهێنییەکانیان بێتە دەرەوە.

خودای موتەعال لە سەرەتای سورەتی "البقرة"دا باسی سیفەتەکانی باوەڕداران و بێباوەڕان و دووڕووانی کردووە، سیفەتی باوەڕدارانی لە سێ ئایەتدا باس کردووە، سیفەتی بێباوەڕانی لە دوو ئایەتدا ئاماژە پێداوە، دەربارەی دووڕووان زیاتر لە دە ئایەت باسی سیفەتەکانیان دەکات، چونکە توشبوون بە بەڵای ئەو دەستەیە گشتییە و

موسیبەتی تێکەڵبوونیان زۆر گەورەیە، ئەوانە لە شێوە و ڕەنگی خۆمانن و تەبایی و سەرخستن بۆ ئێمە نیشان دەدەن، بە پێچەوانەی بێباوەڕەوە کە دوژمنایەتی خۆی ئاشکرا کردووە و پەنهانی خۆی خستۆتە دەرەوە و بەوەی ئاشکرای کردووە پێت دەڵێت لێم جیابەرەوە و منت نەوێ و دۆستایەتیم مەکە.

دەروازەی یازدەهەم

چووواندنی وەحی ئاسمان بە ئاوی ئاسمان(بە باران)

هاوشێوەی ئەو دوو نموونەیە کە باسکران لە سورەتی "الرعد"دا هاتووە:﴿ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌۢ بِقَدَرِهَا فَٱحْتَمَلَ ٱلسَّيْلُ زَبَدًا رَّابِيًا ﴾الرعد: ١٧، خودا لە ئاسمانەوە باران(ئاو) دادەبارێنێت، دۆڵ (شیو) بە ئەندازەی خۆی لافاوی پێدا تێدەپەڕێت، لافاوەکە پڵوپووش و لیتەی سەرئاوکەوتوو لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت.

ئەم نموونەیە نموونەیەکی ئاوییە، وەحی -کە دایبەزاندووە و ژیان و زیندەگی دڵانی تێدایە- شوبهاندووە بەو ئاوەی لە ئاسمانەوە دادەبەزێت، ئەو دڵانەش کە دەبنە هەڵگری ئەو ئاوە بە دۆڵ و شیوەکانی شوبهاندووە کە لافاویان لێوە پەیدا دەبێت.

بۆیە دڵی مەزن زانستی مەزن لەئامێز دەگرێت، وەك ئەو دۆڵە مەزنەی کە ئاوێکی زۆر لەخۆ دەگرێت، دڵی بچووکیش وەك دۆڵی بچووکە و زانستێکی کەم لە ئامێز دەگرێت، هەر دڵێك بە ئەندازەی بەرینی خۆی لەو زانستە وەردەگرێت، وەك چۆن شیو و دۆڵەکان بە ئەندازەی خۆیان ئاویان پیادا گوزەر دەکات.

لەبەر ئەوەی شیو و دۆڵەکان بوون بە مەجرای لافا و و سێلاوەکان کە پڵوپووش و زەبەنگ سەریان دەکەون و وەك کەفێکی تۆپەڵ بوو دەردەکەون و لەگەڵ ئاوەکەدا دەجوڵێن، سەرەوە ئەو زەبەنگ و پڵوپووشانەیە و ژێرەوەی ئاوێکی سازگار کە ژیان و زیندەگی تێدایە، دۆڵەکە ئەو کۆما سەرئاوکەوتووە بۆ لا تەنیشتەکان لا دەدات تا شتێك لە کەفی پڵوپووش لەسەر ئاوەکە نامێنێتەوە، تەنها ئاوەکە دەمێنێتەوە کە خودای موتەعال زەوی پێ ئاو دەدات، و وڵات و بەندەکان(خاك و خەڵك) و درەخت و گیاندارانی پێ دەژێنێتەوە، زەبەنگ و پڵوپووشەکانیش لادەکەون و دەخرێنە قەراغ دۆڵەکەوە.

زانست و ئیمانیش هەر بەو جۆرەیە، خودا لە ئاسمانەوە دایبەزاندووەتە سەر دڵان و هەڵیانگرتووە، بەهۆی تێکەڵبوونی بە دڵان پڵوپووشی حەز و ئارەزووەکان و شك و

گومانەکانی هەڵگرتووە و کەوتۆتە سەرەوە و زانست و ئیمان و هیدایەتیش لە قوڵایی و ناخی دۆڵی دڵدا نیشتەجێ بووە، ئەو شوێنەش بریتییە لە ڕەگ و ریشە و ئەسڵ و کرۆکی دڵ، وەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ((ئیمان [1] دابەزیوە بۆ ڕەگ و ریشەی دڵی پیاوان))، بوخاری لە حوزەیفەوە ریوایەتی کردووە [2]

بەردەوام ئەو زەبەنگ و پڵۆپووشە دەڕوات و لادەکەوێت و کەم کەم بەرەو تیاچوون و نەمان دەچێت تا بە تەواوی بنبڕ دەبێت و زانستی بەسوود و ئیمانی پاڵفتە لە قوڵایی دڵدا دەمێنێتەوە، خەڵکی بۆ پاراوبوون رووی لێ دەکەن، ئاوی لێهەڵدەگۆزن و لێی پاراو دەبن و کشتوکاڵی لەبەر دەکەن.

لە فەرموودەیەکی سەحیحدا لە "أبي موسى"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی: ((نموونەی ئەو هیدایەت و زانستەی خودا منی پێ ڕەوانە کردووە، وەك بارانێکی لێزمە وایەکە بەر زەوییەك دەکەوێت، شوێنێ پاك و بەپیتی تێدایە ئاوەکە وەردەگرێت و لەوەڕگا و گژوگیایەکی زۆر سەوز دەکات، هەندێك لەو زەوییە کرێنە و هیچی لێ سەوز نابێت بۆیە ئاوەکە هەڵدەگرێت و خەڵکی ئاوی لێ دەخواتەوە و کشتوکاڵیشی لەبەر دەکەن، هەندێکی تری تەخت و پان و پۆڕە ئاو هەڵناگرێت و لەوەڕگاش سەوز ناکات، ئەمە نموونەی ئەو کەسەیە لە ئایینی خودا تێگەیشت و لەوەی خودا منی پێ ڕەوانە کرد سوودی وەرگرت، خۆی فێربوو و خەڵکیشی فێرکرد، نموونەی ئەو کەسەش کە سەری بەم ئایینە بەرز نەبوویەوە، و قبوڵی ئەو هیدایەتەی نەکرد کە منی پێ ڕەوانە کراوە))[3]

پێغەمبەر(ﷺ) بەپێی هیدایەت و زانست خەڵکی بۆ سێ چین دابەش دەکات:

چینی یەکەم: میراتگر و جێنشینی پێغەمبەران(سلامی خوایان لێبێ) ئەمانە بریتین لەو کەسانەی بە ئایینی خودا هەستاون لە رووی زانست و کردار و بانگەوازەوە بۆ لای

---

١ لە فەرموودەکەدا وشەی"ئیمان" نەهاتووە، بەڵکو وشەی "ئەمانەت" هاتووە.

٢ أخرجه البخاري ومسلم.

٣ أخرجه البخاري ومسلم.

خودا(عزوجل) و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ئەمانە بریتین لە شوێنکەوتەی راستەقینەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوان وەك ئەو زەویانە وان کە پاك و بەپیت و بەفەرن، ئاوەکە وەردەگرن و لەوەرگا و گژوگیای زۆر سەوز دەکەن، بۆیە لە نەفسی خۆیاندا پاك دەبنەوە و خەلکیشیان پێ پاك دەبێتەوە.

ئەمانە بریتین لەو کەسانەی کە بەصیرەت لە ئایینداا لەگەڵ هێز لەسەر بانگەواز لە خۆیاندا کۆدەکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەیە ئەوان میراتگری پێغەمبەرانن(سلامی خوایان لێبێ) ئەوانەی خودا دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿ وَٱذْكُرْ عِبَٰدَنَآ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ أُو۟لِى ٱلْأَيْدِى وَٱلْأَبْصَٰرِ ﴿٤٥﴾ ﴾ ص: ٤٥، باسی بەندەکانمان ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب بکە، کەسانێکی خاوەن دەست(هێز و دەسەلات لە ئەمری خودادا) و خاوەن بەصیرەت.

"الأيدي" بریتییە لە هێز لە ئەمری خودادا، "الأبصار"یش بریتییە لە بەصیرەت لە ئایینی خودادا(عزوجل) بەهۆی "بەصیرەت"ەوە حەق پەی پێ دەبرێت و دەناسرێتەوە، بەهۆی "هێز"ەوە دەتوانرێت ئایینەکە بگەیەنرێت و جێبەجێ بکرێت و بانگ بکرێت بۆ لای، ئەم چینە هێزی لەبەرکردن و تێگەیشتن و فیقهیان لە ئایین لەلایە، هەروەها تێگەیشتنی ورد و رۆشن لە تەئویل، بۆیە لە دەقەکانەوە(دەقەکانی قورئان و فەرموودە) رووباری زانستەکان لەلایان هەڵدەقوڵێت، لەو دەقانەوە گەنجینە دەردەهێنن و تێگەیشتنێکی تایبەت دەبێتە رۆزیان، وەك ئەمیری موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبی تالب (خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت -کاتێك پرسیاری لێکرا-: ((ئایا پێغەمبەر(ﷺ) جیا لە خەلکی ئێوەی بە شتێك تایبەت کردووە؟ فەرمووی: نەخێر، سوێند بەو کەسەی تۆو دەتەقێنێ و زیندەوەر دەخولقێنێ، مەگەر تێگەیشتنێك بە بەندەیەك درابێت لە کتێبەکەی خودا))[1]

ئەو "تێگەیشتن"ە وەك لەوەرگا و گژوگیا زۆرەکە وایە کە زەوی دەیرووێنێت، ئەمەش ئەوەیە کە ئەم چینی یەکەمەی پێ جیادەکرێتەوە، لە:

---

١ اخرجه البخاري.

چینی دووەم: ئەمانە دەقەکانیان لەبەرکردووە، هەموو هەوڵیان لەبەرکردن و دەرخ کردنی دەقەکانە، خەڵکی رووبیان تێدەکەن و ئەو دەقانەیان لێ وەردەگرن، و مانای لێ دەردەهێنن، و گەنجینەکەی دێننە دەرەوە، و بازرگانی پێوە دەکەن و بەو زەویانەدا کە ئامادەیی چاندن و رووانیان تێدایە دەیوەشێنن، بۆیە شاراوە و نارووەکان و نهێنیەکانی دێننە دەرەوە، هەر کەسێك بەپێی خۆی: ﴿قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ﴾ البقرة: ٦٠، هەر دەستەیەك ئاوگۆزەی تایبەت بە خۆیان دەزانی.

ئەمانە ئەو دەستەیەن کە پێغەمبەر(ﷺ) دەربارەیان دەفەرموێت: ((خودا کەسێك رووسوور دەکات کە گوێی لە قسەکانی من دەبێت و لێی تێدەگات، وەك چۆن بیستوونی بەو جۆرە دەیانگەیەنێت، لەوانەیە هەڵگری فیقهێك بۆخۆی فەقیه نەبێت، لەوانەیە هەڵگری فیقهێك فیقهەکەی بگەیەنێت بە فەقیهتر لە خۆی))[1]

ئەوەش وەك "عبدالله بن عباس" زانای ئومەت و وەرگێڕی قورئان، ئەوەی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) بیستوویەتی لە بیست فەرموودە تێنەپەڕیوە، کە تیایدا بفەرموێ: "سمعت-بیستم" یان "رأیت-بینیم" بەڵام لە زۆرێك لە هاوەڵانەوە بیستوویەتی، بەرەکەت کەوتە ناو تێگەیشتن و هەڵهێنجانی لە قورئانەوە تا هەموو دونیای بە زانست و تێگەیشتن پڕکرد.

"أبو محمد بن حزم" دەفەرموێت: فتواکانی "ابن عباس" لە حەوت بەرگی گەورەدا کۆکراوەتەوە.

ئەوەش بەپێی ئەوەی بە کۆکەرەوان گەیشتووە ئەگینا زانست و فیقه و هەڵهێنجان و تێگەیشتن لە قورئانی "ابن عباس" وەك دەریا وابووە، بە تایبەت لەو شوێنانەی قورئاندا کە خەڵکی تیایدا هەژار و نەزان بوون، ئەو هەروەکو خەڵکی گوێی لە قورئان و فەرموودە گرت، هەروەکو ئەوان لەبەری کرد، بەڵام زەوییەکەی ئەو پاکترین و بە پیت و فەرترین زەوی بوو بۆ کشتوکاڵ، تۆوی دەقەکانی بە زەمینەی دڵدا وەشاند، هەرچی گژ و گیا و رووەکی بە نرخە تیایدا رووا: ﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ ذُو

---

١ أخرجه الترمذي، وابن ماجة، وأحمد وأبو يعلى، والحميدي، وأبو نعيم في "الحلية".

ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١﴾ ﴾ الجمعة: ٤، ئەوە فەزڵی خودایە دەیدات بە هەر کەسێك کە خۆی دەیەوێت، خودا خاوەنی فەزڵی مەزنە.

فتوا و تەفسیر و هەڵهێنجانەکانی "ابن عباس" لە کوێ و ئەوانەی "أبي هريرة" لە کوێ؟ لە کاتێکدا "أبو هريرة" لە "ابن عباس" لەبەرکردنی باشتر بوو، بەڵکو لە هەموو ئومەت لەبەرکردنی بەهێزتر و تیژتر بوو، فەرموودەکەی چۆن بیستبوو بەو جۆرە دەیگێڕایەوە، شەوان بیری خۆی دەهێنانەوە، هەموو هەوڵ و کۆششی تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی لەبەری بوو تاکو بە دەوروبەری بگەیەنێت، بەڵام هەوڵ و کۆششی "ابن عباس" بۆ تێگەیشتن و هەڵهێنجانی مانا و تەقاندنەوەی دەقەکان و هەڵگرتنی رووبار لێیانەوە و دەرهێنانی گەنجینەکانی تەرخان کرابوو.

خەڵکی لە دوای ئەوانیش بوون بە دوو دەستەوە:

بەشێك کە کاریان لەبەرکردن و دەرخکردن و گێڕانەوەو گەیاندن بوو بەو جۆرەی بیستبوویان، بەبێ هەڵهێنجان و دەرهێنانی گەنجینەی ئەو دەقانەی کە لەبەریان کردبوو.

لەگەڵ بەشێك کە کاریان بریتی بوو لە هەڵهێنجان و دەرهێنانی ئەحکام لە دەقەکان و تێگەیشتن لەوەی تێیاندایە.

بەشی یەکەمیان وەك "أبي زرعة، و أبي حاتم، و ابن وارة(محمد بن مسلم بن عثمان)" پێش ئەمانیش وەك"بندار محمد بن بشار، و عمرو بن الناقد، و عبدالرزاق"، لەمانیش پێشتر وەك "محمد بن جعفر غندر، وسعيد بن أبي عروبة"و کەسانی تریش لە ئەهلی لەبەرکردن و وردەکاری دەرخی ئەوەی بیستبوویان، بەبێ هەڵهێنجان و کارکردن تیایاندا و دەرهێنانی ئەحکام لە وشەی دەقەکانەوە.

بەشی دووەم: وەك "مالك، و الليث، و سفيان، و إبن المبارك، والشافعي، و الأوزاعي، و إسحاق، و أحمد بن حنبل، و البخاري، و أبي داوود، و محمد بن نصر المزوري" و هاوشێوەکانی ئەمانە کە هەڵهێنجان و فیقهیان لەگەڵ ریوایەت کۆکردەوە.

ئەم دوو دەستەیە بەختەوەرترین خەلقی خودان بەوەی خودا بە پێغەمبەرەکەیدا(ﷺ)

رەوانەی کرد، ئەم دوو دەستەیە ئەوانەن کە هیدایەتی خودایان وەرگرت و سەریان پێی بەرزبوویەوە.

چینی سێیەم: بریتین لە بەدبەختترین خەلقی خودا، ئەوانەی هیدایەتی خودایان قبوڵ نەکرد و سەریان پێی بەرز نەبوویەوە، نە لەبەرکردن و نە تێگەیشتن و نە ریوایەت و نە دیرایەت و نە ریعایەت.[1]

چینی یەکەم: ئەهلی ریوایەت و ریعایەت و دیرایەت بوون.

چینی دووەم: ئەهلی ریوایەت و ریعایەت بوون، بەشێکیشیان لە دیرایەت هەبووە، بەڵام بەشیان لە ریوایەتدا زۆرتر بووە.

چینی سێیەم: بەدبەختەکانن، نە ریوایەت و نە دیرایەت و نە ریعایەت﴿ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٤﴾ ﴾ الفرقان: ٤٤، ئەوانە تەنها وەك ئاژەڵان وان، بەڵکو سەرلێشواوترینن لە ڕێگە و ڕەوگەدا، ئەمانە ئەوانەن کە وڵات بەرتەسك دەکەنەوە و نرخ لە خەڵکی گران دەکەن و هەموو هەوڵ و کۆششێکیان بریتییە لە تێرکردنی سك و داوێنیان، گەر ڕۆچوون بکات لەوەی تێیدایە ئەوا لە پاڵ ئەو دوانەدا گرنگیدانیان بە پۆشاك و جلوبەرگ و خۆجوان کردن بۆ پەیدا دەبێت، گەر هەوڵ و کۆششی زیاتر بکەن گرنگی زۆرتر بە ماڵ و باخ و بێستان و هۆکارەکانی سواری دەدەن، گەر لەمەش زیاتر هەوڵ و کۆششیان بەرز ببێتەوە ئەوا گرنگی دەدەن بە دەسەڵات و کورسی و سەرخستنی نەفسی سەگانە(النفس الكلبية)، گەر هەوڵ و کۆششیان لەمەش بەرز ببێتەوە ئەوا گرنگی دەدەن بە سەرخستنی ئەو نەفسە سەگانە بۆ سەرخستنی نەفسی درندانە(النفس السبعية)

بەڵام سەرخستنی نەفسی فریشتەیی(النفس الملكية) هیچ گرنگییەکی لەلای ئەو پێ نادرێت.

---

[1] ریوایەت(الرواية): بریتین لە ئەهلی فەرموودە، دیرایەت(الدراية): بریتین لە ئەهلی فیقە و ئیجتیهاد، ریعایەت(الرعاية): بریتین لە ئەهلی کار و تێکۆشان لە ڕووی دەقەکانی قورئان و فەرموودەوە کە زیاتر ئەهلی تەصەوف سەدەی سێ و چوار دەگرێتەوە. (وەرگێر)

نەفسەکان سێ جۆرن: سەگانە و درندانە و فریشتانە.

نەفسی سەگانە: بە ئێسقان و لەتەنان و لاکەتۆپیو و سەر و سیخوڕ قەناعەت دەکات.

نەفسی درندانە: بەوەی سەرەوە قەناعەت ناکات، بەڵکو دەبێت نەفسەکانی تر تێکوپێك بشکێنێت و بە حەق و بە باتڵ بەسەریدا سەربکەوێت.

نەفسی فریشتەییش: لە هەموو ئەوانە بەرزبووەتەوە، خۆی بۆ لای دۆستی بالا(خودا) یەکلاکردۆتەوە، هەموو هەوڵ و کۆششی بریتییە لە زانست و ئیمان، و خۆشەویستی خودا و گەڕانەوەی بەردەوام بۆ لای و دڵنیایی و ئارامی بە خودا و سوکنایی لەگەڵی و هەڵبژاردنی خۆشەویستی و رەزامەندی ئەو بەسەر هەموو خۆشەویستی و رەزامەندییەکدا، ئەوەی کە لە دونیا دەستی بۆ دەبات تەنها بۆ ئەوەیە بە بەدیهێنەر و دروستکەر و سەرپەرشتیارەکەی خۆی بگەیەنێت، نەك بەهۆی ئەو شتانەوە لە خودا دابڕێت.

دەروازەی دوازدەهەم

چووواندنی وەحی بە نوور

پاشان خودای موتەعال نموونەی دووەم دەخاتە روو، ئەوەش بریتییە لە نموونەی ئاگریی و دەفەرموێت: ﴿وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُ﴾ الرعد: ١٧، ئەوەش گڕی تێبەردەدەن و دەیخەنە ناو ئاگرەوە بە مەبەستی خشڵی جوانکاری و سوود و خۆشی لێ بینین هەروەك ئەوە زبڵ و خەوش و خاڵە، ئەمەش وەك ئاسن و نوحاس و زیو و ئاڵتوون و کانزاکانی تر، ئەوانە دەخرێنە کورەوە بۆ ئەوەی پاڵفتە بن لەو خەوش و لیتەی پێیانەوە لکاوە، خەوش و لیتەکەیان جیادەکرێنەوە و فڕێ دەدرێن و پاڵفتەکە دەمێنێتەوە، ئەوەش ئەو بەشەیە سوود بە خەڵکی دەگەیەنێت.

کاتێك خودای موتەعال ئەم دوو نموونەی هێنایەوە باسی حوکمی ئەو کەسەی کرد کە وەڵامی دایەوە و بە هیدایەتەکەی سەری بەرز بوویەوە، هەروەها باسی حوکمی ئەو کەسەشی کرد کە وەڵامی نەدایەوە و بە هیدایەتەکەی سەری بەرز نەبوویەوە، دەفەرموێت: ﴿لِلَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمُ الْحُسْنَىٰ وَالَّذِينَ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لَافْتَدَوْا بِهِ ۚ أُولَٰئِكَ لَهُمْ سُوءُ الْحِسَابِ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ الْمِهَادُ ﴿١٨﴾﴾ الرعد: ١٨، ئەوانەی وڵامی پەروەردگاری خۆیان دایەوە سەرئەنجامی چاك و باشیان بۆ هەیە، ئەوانەش وەڵامی خودایان نەدایەوە گەر هەموو ئەوەی لە زەویدایە هی ئەوان بێت و ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بێت دەیکەن بە فیدیەی رزگاربوونی خۆیان، ئەوانە خراپترین حساب و دادگاییان بۆ هەیە و سەرئەنجام و شوێن و لانەیان دۆزەخە، و ئەوەش خراپترین راخەر و شوێن و جێگەیەکە.

مەبەستەکە ئەوەیە خودا ژیانی لەگەڵ نوور و مردنی لەگەڵ تاریکی هاوتا کردووە، زیندەگی و ژیانی رۆحی و جەستەیی بە نوورەوەیە کە بریتییە لە هەویری ژیان، هەروەك چۆن هەویری رۆشنبوونەوەیە، بۆیە ژیان بەبێ نوور نابێت، وەك چۆن

ڕۆشنبوونەوە بەبێ نوور دەستەبەر نابێت، هەروەها وەك چۆن ژیان و زیندەگی دڵی پێوەیە هەر بەو جۆرە کرانەوە و والاّبوون و بەرینی دڵی تێدایە، هەروەك لە "الترمذي"دا هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر نوور بچێتە ناو دڵەوە بەرین و ئاوەلاّ دەبێت)) وترا نیشانەی ئەوە چییە؟ فەرمووی: ((گەڕانەوە بۆ خانەی هەتاهەتایی، و پشتهەڵکردن لە خانەی غروور، و خۆئامادەکردن بۆ مردن بەر لەوەی بەسەریدا دابارێت))[1]

نووری بەندەیە کار و کردەوەکان و قسە و گوفتارەکان بۆ لای خودای موتەعال بەرزدەکاتەوە، تەنها وشەی چاك و پاك بۆ لای خودا بەرز دەبێتەوە، ئەو وشانەی کە نوورن و سەرچاوەکەیان نوورە، هەر بەو جۆرە تەنها کار و کردەوەی چاك و پاك بۆ لای خودا بەرزدەبێتەوە، تەنها پاکان و چاکان لە ڕۆحەکان بە خزمەتی خودا دەگەن، ئەو ڕۆحانە بریتین لە ڕۆحی ئیمانداران کە بەو نوورەی بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ) دابەزی نوورانی بوون، فریشتەکانیش لە نوور دروستکراون، وەك لە "صحيح مسلم"دا هاتووە لە عائیشەوە -خوا لێی ڕازی بێت- لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی: ((فریشتەکان لە نوور دروستکراون، شەیتانەکانیش لە ئاگر و ئادەمیش لەوەی بۆتان وەسفکراوە))[2]

لەبەر ئەوەی ڕەگەزی فریشتەکان لە نوورە ئەوان دەتوانن بۆ لای پەروەردگاریان-تبارك وتعالى- بەرز ببنەوە، هەر بەو جۆرە ڕۆحی باوەڕداران دەتوانن بۆ لای پەروەردگاریان بەرزببنەوە کاتێك فریشتەکان گیانیان دەکێشن و جەستەیان بەجێدەهێڵن، بۆیە دەرگای ئاسمانی دونیایان بۆ دەکرێتەوە، پاشان دەرگای ئاسمانی دووەم و سێیەم و چوارەم، تا لە کۆتاییدا دەگەنە ئاسمانی حەوتەم، لەبەردەم خوداوە(عزوجل) ڕادەوەستێنرێن، پاشان ئەمر دەکرێ نووسراوەکەی لە ئەهلی باڵایان(العليين) بۆ بنوسرێت.

لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆحە ڕۆحێکی پاك و خاوێن و چاکە و نوورانی بووە و ڕۆشن بووەتەوە لەگەڵ فریشتەکاندا بۆ لای خودا(عزوجل) بەرز دەبێتەوە.

---

١ أخرجه ابن المبارك.

٢ صحيح مسلم.

بەڵام ئەو ڕۆحەی کە پیس و تاریك و لێڵە دەرگای ئاسمانەکانی بۆ ناکرێتەوە، و سەرناکەوێت بۆ لای خودا، بەڵکو لە ئاسمانی دونیاوە ڕەوانە دەکرێتەوە بۆ جیهان و ڕەگەزەکەی خۆی، چونکە ڕۆحێکی زەمینی نزمە، بەڵام ئەوەی یەکەمیان ئاسمانی و باڵایە، کەوابوو هەر ڕۆحێك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەگەز و ئاستەی تیایدا ژیاوە و لێیەوە هاتووە، ئەمەش لە فەرموودە درێژەکەی "البراء بن عازب"دا ڕۆشن دەبێتەوە کە ئیمام ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە، هەروەها"أبو عوانة الإسفراييني" لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی، هەروەها "الحاكم" و کەسانی تریش ڕیوایەتیان کردووە، بۆیە فەرموودەیەکی سەحیحە.[1]

مەبەستەکە ئەوەیە:

هیچ کار و کردەوە و قسە و گوفتار و ڕۆحێك بۆ لای خودا بەرز نابێتەوە ئەگەر نوور نەبن، مەزنترین خەلقی خودا لە نووردا نزیکترین کەسە لە خوداوە و بەڕێزترینیانە لەلای ئەو -سبحانه-.

لە "المسند"دا لە "عبدالله بن عمرو"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ)فەرمووی: ((خودای موتەعال دروستکراوەکانی لە تاریکی دروست کرد، و لە نووری خۆی هەڵدایە سەریان، هەر کەس لەو نوورەی بەرکەوتبێت هیدایەتی وەرگرتووە، هەر کەس نوورەکە نەیپێکابێت گومڕا دەبێت))[2]

ئەم فەرموودە مەزنە ئەسڵێکە لە ئەسڵەکانی ئیمان، و دەروازەیەکی مەزنی لە دەروازەکانی نهێنی و حیکمەتی قەدەر پێ دەکرێتەوە، خودای موتەعال کۆمەککار و یارمەتیدەرە.(ﷻ)

ئەو نوورەی کە خودا(ﷻ) هەڵیداوەتە سەریان بووەتە هۆی ژیان و زیندەگی و هیدایەتیان، فیترەتی مرۆڤ لەو نوورە بەشی خۆی وەرگرتوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو نووری فیترەتە بە تەواوی و بە کاملی سەربەخۆ نەبووە ئەوا خودا بە نووری وەحی بۆی

---

١ أخرجه ابو داود، وأحمد، وابن أبي شيبة، و الطيالسي، والحاكم.

٢ المسند، وأخرجه أيضا الترمذي والحاكم وغيرهما.

تەواو کردوون کە دایبەزاندووە بۆ سەر پێغەمبەرانی(سلامی خوایان لێبێ)، فیترەت بەو نوورە پێشینەی کە لە رۆژی پێدانی نووردا بەدەستی هێنا پەی بەو نوورە دەبات بۆ پێغەمبەران دابەزێنراوە، بۆی نووری پێغەمبەرایەتی و وەحی دەچێتە پاڵ نووری فیترەت، نوور لەسەر نوور، ئەوجا دڵان پێی رۆشن دەبنەوە و روخسارەکان نوورانی و رۆحەکان پڕ لە ژیان و زیندەگی و ئەندامەکان ملکەچ و ژێربار بۆ بەندایەتی بە ویستی کەسەکە، ئەو کات دڵ بەهۆی بەندایەتی ئەندامەکانی جەستەوە ژیان و زیندەگی زیاتر دەخاتە پاڵ ژیان و زیندەگییەکەی خۆی.

پاشان ئەو نوورە نوورێکی مەزنتر و باڵاتر بە فیترەت نیشان دەدات، ئەوەش نووری سیفەتە بەرز و بڵندەکانە کە هەرچی نووری ترە بەرانبەر ئەم نوورە خامۆش دەبێت، ئەم نوورە بە بەصیرەتی ئیمان دەبینرێت، بینینێك بە بەصیرەت کە وەك بینینی شتە بینراوەکان وایە لە رێگەی چاوەوە، ئەوەش بە هۆی زاڵبوون و دەست بەسەرداگرتنی یەقین بەسەر دڵدا، و والابوونی حەقیقەتی ئیمان بۆی، تا وەك ئەوەی تەماشای عەرشی مەزنی رەحمان دەکات و خودا دەبینێت ئیستوای کردووە لەسەری، وەك چۆن خودای موتەعال لە کتێبەکەیدا هەواڵی لەبارەوە داوە، هەروەها وەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی لەبارەوە راگەیاندووە، خودا دەبینێت ئەمری مەملەکەتەکانی رادەپەڕێنێ، فەرمان دەردەکات و رێگری دەکات، دروست دەکات و رۆزی دەدات، دەمرێنێ و دەژێنێت، بڕیار دەردەکات و جێبەجێی دەکات، عیززەت دەبەخشێ و زەلیل دەکات، شەو و رۆژ وەردەگێڕێ، و رۆژگار لە نێوان خەڵکی هاتوچۆ پێ دەکات، هێز و دەسەلاتەکان دەگۆڕێت، دەوڵەتێك لا دەبات و یەکێکی تر دەهێنێت.

پەیامبەران لە فریشتەکان(سلامی خوایان لێبێ) لە نێوان بەرزکردنەوەی ئەمر بۆ لای خودا و دابەزاندنی ئەمرن لە ئەوەوە، فەرمانەکان و مەراسیمەکانی بەدوای یەکدا دێن بەپێی بەدرادا هاتنی کاتەکان، ویست و خواستی خودا چۆن داوا بکات وا جێبەجێ دەکرێن، ئەوەی بیەوێت دەبێت لەو کاتەی کە دەیەوێت و بەو جۆرەی کە دەیەوێت، بەبێ زیاد و کەم، و پێشکەوتن و دواکەوتن، فەرمان و دەسەلاتی خودا لە ئاسمانەکان و زەوی و بەشەکانیدا جێبەجێ دەبن، هەروەها لە ژێر زەوی و لەسەر زەوی و لە دەریا

و ئاسمان و تەواوی بەشەکانی جیهان و گەردیلەکانیدا، تاوتوێیان دەکات و هەڵیاندەسوڕێنێ و ئەوەی بیەوێت تیایاندا رووەدەدات، خودا بە زانست ئابڵۆقەی هەموو شتێکی داوە، و هەموو شتێکی بە ژمارە ئامار کردووە، ڕەحمەت و حیکمەتی هەموو شتێکی گرتۆتەوە، بیستنی خودای موتەعال هەموو دەنگەکان دەبیستێت، دەنگێکی لێ تێکناچێت و لێی تێکەڵ نابێت، بەڵکو هەموو دەنگ و ئاوازەکان دەبیستێت بە جیاوازی زمانیان و جۆراوجۆری پێویستییەکانیان، بۆیە بیستنێك لە بیستنێکی تر سەرقاڵی ناکات، و زۆری داواکان هەڵەی پێ ناکات، خودا وەرس و شەکەت و بێزار نابێت بەهۆی پێداگری و سووربوونی داوای بەندەکانییەوە.

بینینی خودا تەواوی بینراوەکان دەبینێت، تەپەی پێی مێروولەیەکی ڕەش لەسەر تاشە بەردێك لە شەوێی تاریکدا دەبیستێ و مێروولەکە دەبینێت، پەنهان لەلای خودا شەهادەیە، نهێنی لەلای خودا ئاشکرایە، خودا نهێنی دەزانێ و شاراوەتریش لە نهێنی، نهێنی ئەوەیە ناخی مرۆڤ لە ئامێزی دەگرێت و بە دڵیدا گوزەر دەکات، و ئەبوون بە وشە تاکو بە جووڵەی لێوەکان دەربڕرێن، شاراوەتریش لە نهێنی بریتییە لە: ئەو شتەی هێشتا بە دڵدا گوزەری نەکردووە، بۆیە خودا دەزانێت ئەوە و ئەوە، لەو کاتە و لەو کاتەدا بە دڵی کەسەکەدا گوزەر دەکات.

بوون و بڕیار(الخلق والأمر) بۆ خودای موتەعالە، و موڵك و حەمدیش هەر بۆ ئەوە، دونیا و دواڕۆژ بۆ خودایە، نیعمەت و فەزڵ و مەدح و سەنا و چاکە و هەموو موڵك و هەموو حەمد تەنها بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، هەموو خێرێك بە دەستی خودایە، دەسەڵات و توانینی خودا بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە و هەموو شتێك دەگرێتەوە، ڕەحمەتی خودا هەموو شتێکی گرتۆتەوە و نیعمەتەکانیشی گەیشتۆتە هەموو زیندوویەك: ﴿ يَسْـَٔلُهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِى شَأْنٍ ﴿٢٩﴾ ﴾ الرحمن: ٢٩، ئەوانەی لە ئاسمانەکان و لە زەویدان داوای لێ دەکەن، هەموو ڕۆژێك ئەو لە شان و شکۆیەکدایە، لە گوناه خۆشدەبێت، خەم و پەژارە دەڕەوێنێتەوە، تەنگانە لا دەبات، کەسی شکستە ڕاست دەکاتەوە، هەژار دەوڵەمەند دەکات، نەزان فێردەکات، گومڕا هیدایەت دەدات و کەسی حەیران ئیرشاد دەکات، پەنای ئەوانە دەدات پەنای پێ دەگرن، کەسی بەستراو

دەکاتەوە، برسی تێر دەکات، رووت پۆشتە دەکاتەوە، شفای نەخۆش دەدات، نەهلی بەلا چارەسەر دەکات، تەوبەی تەوبەکاران قبوڵ دەکات، چاکەی چاکەکاران دەداتەوە، ستەملێکراو سەردەخات، پشتی ستەمکاران دەشکێنێت، لە هەڵەکان دەبورێت، عەیب و عارەکان دەشارێتەوە، ترسی کەسە ترساوەکان دەڕەوێنێتەوە، دەستەیەك بەرزدەکاتەوە و دەستەیەك دادەبەزێنێت.

ناخەوێت و خەوتن بۆ خودا دروست و شیاو نییە، ترازوو دادەبەزێنێ و بەرزی دەکاتەوە، کرداری شەو بەر لە کرداری رۆژی بۆ لای ئەو بەرز دەکرێتەوە، هەر بەو جۆرە کرداری رۆژ بەر لە کرداری شەو بۆ لای بەرز دەکرێتەوە، حیجابی خودای موتەعال نوورە، گەر دەریکەوێت جوانی و شکۆمەندی و نووری رووی پاکی هەتا بینین بیگاتێ دەیسوتێنێت.[1]

دەستی راستی پڕە و بەخشین و سەرفکردن خودا بێزار و ماندوو و وەڕس ناکات، بەشەو و بەرۆژ بەخشندەیە و بەخششی لێ دەبارێ، لەو کاتەوەی دروستکراوەکانی دروست کردووە لە دەستی راستی خودا بەخششەکان دێنە خوارێ و شتێك لێیان کەمی نەکردووە.

دڵ و ناواچاوانی بەندەکانی بە دەستی خودایە، جڵەوی کاروبارەکان بە قەزا و قەدەری خوداوە بەستراوەتەوە، هەموو زەوی لەناو لەپی دەستی خودادایە لە رۆژی دواییدا، هەموو ئاسمانەکان بە لای راستی خوداوە پێچراونەتەوە، هەموو ئاسمانەکان لە لەپی دەستێکدا و زەوی لە دەستێکی تردا، پاشان دەیانهەژێنێت، و دەفەرموێت: من مەلیکم، من مەلیکم، من دونیام دامەزراند و پێشتر شتێك نەبوو، من دەیگێڕمەوە و دووبارەی دەکەمەوە هەر وەك یەکەمجاری.

هیچ گوناهێك لە لای خودا بۆ لێخۆشبوون بە گەورە تەماشا ناکرێت، هیچ داواکارییەك بۆ پێدان و پێ بەخشین لەلای ئەو-تبارك وتعای-گەورە نییە.

گەر هەموو نەهلی ئاسمانەکان و هەموو نەهلی زەوی و یەکەم دروستکراو تا دواهەمین دروستکراو لە ئینس و لە جین لەسەر دڵی خواناسترین کەس و خۆپارێزترین کەس

---

١ بینینی خودا بە هەموو شوێن و شتێك دەگات. (وەرگێڕ)

کۆببنەوە شتێك لە مولکی خودا زیاد ناکات، هەر بەو جۆرە گەر یەکەمین دروستکراو تا دواهەمین دروستکراو و ئینس و جین لەسەر دڵی خراپترین دروستکراوی خودا کۆببنەوە شتێك لە مولکی خودا کەم ناکات، گەر ئەهلی ئاسمانەکان و زەوی و ئینس و جین و زیندوو و مردوو و تەڕ و وشك هەر هەموو لە یەك شوێندا کۆببنەوە و داوا لە خودا بکەن و خوداش داوای یەك بە یەکیان جێبەجێ بکات ئەوا بە ئەندازەی گەردیلەیەك لەوەی لەلای خودایە کەم ناکات.

گەر هەموو درەختەکانی زەوی-لەو کاتەوەی درەخت سەریهەڵداوە تا ئەو رۆژەی دونیا کۆتایی پێ دێت- بکرێنە قەڵەم و دەریا و حەوت دەریای تریش لە پشتی ئەوەوە ببێت بە مەرەکەب و بەو قەڵە و مەرەکە کەلیماتی خودا بنوسرێتەوە ئەوا قەڵەم و مەرەکەب کۆتاییان پێ دێت بەلاّم هێشتا کەلیماتی خودا بەدیهێنەر-تبارك وتعالی- کۆتایی پێ نەهاتووە.

چۆن کەلیماتی خودا-جل جلاله- کۆتاییان پێ دێت لە کاتێکدا سەرەتا و کۆتاییان بۆ نییە؟ دروستکراوەکان سەرەتا و کۆتاییان بۆ هەیە، بەدیهاتووەکان لەپێشترن بە تیاچوون و کۆتاهاتن، چۆن دروستکراو(مەخلوق) دروستنەکراو کۆتایی پێ دەهێنێت؟!

ئەو یەکەمە و پێش ئەو هیچ شتێك بوونی نەبووە، ئەو دواهەمینە و هیچ شتێك لە دوای ئەو بوونی نییە، ئەو ئاشکرایە و هیچ شتێك لەسەریەوە بوونی نییە، ئەو شاراوەیە و هیچ شتێك لەخوار(لەژێر) ئەوەوە بوونی نییە.

ئەو-تبارك وتعالی- شایستەیە بە یادکردن و بەندایەتی و حەمدکردن، لە پێشترە بە شوکرکردن، سەرخەرترین کەسێکە بۆ ئەوانەی داوای سەرکەوتنی لێ دەکەن و خۆیان رادەستی ئەو کردووە، بە بەزەییترین کەسێکە و خاوەنی هەموو شتێکە، لە هەموو کەس زیاتر دەبەخشێت کاتێك داوای لێ بکرێت، لە هەموو ئەوانەی دەسەلاّتیان هەیە لێبوردنی زیاترە، لەوانە بەخشندەترە رووبیان لێ دەنرێت، لەوانەش دادپەروەرترە کە تۆڵە دەکەنەوە.

بڕیاری خودا لە دوای زانستی خوداوەیە، لێبوردنی خودا لە دوای دەسەلاّتی خوداوەیە، لێخۆشبوونی لە دوای عیززەتییەتی، پێنەدان و لێگرتنەوەی لە دوای حیکمەتییەتی، سەرپەرشتی کردنی لە چاکە و رەحمەتی خۆیەتی.

مـا للعبـاد عليه حق واجب كــلا ولا سعي لديه ضائع

إن عذبوا فبعدله، أو نعموا فبفضله، وهو الكريم الواسع

(بەندەکان هیچ حەقێکی واجبکراویان لەسەر خودا نییە، و هیچ هەوڵ و کۆششێکیش بۆ خودا لەلای خودا ون نابێت، گەر سزا بدرێن بە عەدلی خودایە و پاداشت بدرێنەوە بە فەزڵی ئەوە، ئەو بەخشندە و بەرینکەری رۆزی و نیعمەتە)

خودا ئەو مەلیکەیە کە هاوەڵی بۆ نییە، ئەو تاك و تەنهایە دژ و بەرانبەری بۆ نییە، ئەو دەوڵەمەندەیە کە پشتیوانی پێویست نییە، ئەو سەروەرەیە کە منداڵ و هاوسەری بۆ نییە، ئەو زاتە بالایە هاوشێوەی نییە و کەسێکی هاوشێوەی ئەو ناونەنراوە، هەموو شتێك تیادەچێت جگە لە رووی پاکی خودای مرتەعال، هەموو مولکێك تیاچوون رووی تێدەکات جگە لە مولکی ئەو، هەموو سێبەرێك دێتەوە یەك و کورتدەبێتەوە جگە لە سێبەری ئەو، هەموو فەزڵێك چۆڕایی دێت جگە لە فەزڵی ئەو-سبحانه-.

بە فەزڵ و رەحمەتی گوێڕایەڵی لێ دەکرێت، بە زانست و حیکمەتی لێی یاخی دەبن، گوێڕایەڵی دەکرێت و شوکر دەکات، لێی یاخی دەبن و چاو لە گوناهان دەخشێنێ و لێیان خۆشدەبێت، هەموو نەقمەتێکی خودا لە دادپەروەرییەوەیە، هەموو نیعمەتێکی خودا لە فەزڵەوەیە، نزیکترین شەهیدە، نزمترین پارێزەرە، مرۆڤ لە نەفسی جیادەکاتەوە، ناوچاوانی لەدەستدایە، ئاسەوارەکانی ئیستنساخ کردووە، ئەجەلەکانی تۆمار کردووە، دڵان لای ئەو لە دەرەوەیە، نهێنی لای ئەو ئاشکرایە، پەنهان لای ئەو شەهادەیە، بەخششەکانی کەلامە: ﴿إِنَّمَآ أَمْرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾﴾ یس: ٨٢، فەرمان و بڕیارەکانی گەر شتێکی بوێت پێی بڵێت ببە دەبێت.

کاتێك نووری ئەو سیفەتانە دڵ رۆشن دەکەنەوە هەرچی نووری ترە لای دەپوکێتەوە، لە پشتی ئەوەوە بیر و خەیاڵی مرۆڤ نایگاتێ و دەربڕین لە ئاستی کۆڵەوارە.

مەبەستەکە: یادی خودا دڵ و روخسار و ئەندامەکان رۆشن دەکەنەوە، ئەوە بریتییە لە نووری بەندە لە دونیا و بەرزەخ و لە رۆژی دواییدا.

دەروازەی سیازدەهەم

کار و کردەوەکان نووری خۆیان لە ئیمان وەردەگرن

بەپێی نووری ئیمان لە دڵی بەندەدا کار و کردەوە و قسەکانی دێنە دەرەوە و نوور و بورهانیان بۆ هەیە، هەتا هەندێك لە باوەڕداران نووری کردارەکانیان-کاتێك بۆ لای خودا-تبارك وتعالی- بەرزدەبنەوە وەك نووری خۆر وایە، نووری رۆحیشی هەر بەو جۆرەیە کاتێك بۆ لای خودا بەرزدەکرێتەوە، نوورەکەشی لە رۆژی دواییدا کە دەیەوێت بەسەر پردی سیراتدا گوزەر بکات بە لای راستییەوە و لە پێشییەوە دەڕوات، نووری روخساریشی بە هەمان شێوەیە لە رۆژی دواییدا، خودا کۆمەککارە و هەموو پشت و پەنایەك تەنها ئەوە.

سی و حەوت: یادی خودا سەری هەموو کار و بارێکە، رێگەی هەموو باوەڕداران و کاروانیانە، دەسەلاتی یاد پەرش و بلاوە، هەر کەس دەرگایەکی لە یادی خودا بەڕوودا بکرێتەوە ئەوە چوونەژوورەوەی بۆ لای خودا(عزوجل) بە روودا کراوەتەوە، کەواتە با خۆی پاك بکاتەوەو بچێتە ژوورەوە بۆ لای پەروەردگاری(تبارك وتعالی) و هەموو ئەوەی دەیەوێت لای ئەو بەدەستی بهێنێت، چونکە گەر پەروەردگار ببینێتەوە هەموو شتێك دەبینێتەوە، هەر بەو جۆرە گەر پەروەردگاری لەدەست بچێت هەموو شتێکی لەدەست دەچێت.

سی و هەشت: لە دڵدا بۆشایی و هەژارییەك بوونی هەیە تەنها یادی خودا(عزوجل) پڕی دەکاتەوە، گەر یادی خودا بوو بە دروشمی دڵ بە جۆرێك ئەو ببێت بە یادکەری ئەسڵی و زمان ببێتە شوێنکەوتەی، ئەوە ئەو یادەیە کە بۆشاییەکەی ناو دڵ پڕ دەکاتەوە، و هەژارییەکەی دەگۆڕێت بە دەوڵەمەندی، بۆیە کەسەکە بێ ماڵ و دارایی دەوڵەمەند دەبێت، بەبێ عەشرەت و شوێنکەوتە بەهێز و عەزیز دەبێت، بەبێ دەسەلات هەیبەتی بۆ پەیدا دەبێت، گەر لە یادی خودا بێتاگابوو پێچەوانەی هەموو ئەوانەی سەرەوەی بۆ پەیدا دەبێت، هەژارە لەگەڵ دارایی و سەروەت و ساماندا، زەلیلە بە دەسەلاتەوە، رسوا و بێهێزە بە عەشرەت و شوێنکەوتەی زۆرەوە.

سی و نۆ: یادی خودا دابڕاوان لە یەکتر کۆدەکاتەوە، و کۆبووەوان لە یەکتر دادەبڕێت، دوور نزیك دەخاتەوە و نزیك دوور دەخاتەوە، ئەوەی دابڕاوە لە دڵ و ویست و هیممەت و عەزمی بەندە یادی خودا کۆیان دەکاتەوە، سزا، گەورەترین سزا لە دابڕان لەوانەدایە، ئازارگەلێك بەهۆی پەرتبوون لەسەریان و لە دەستچوونیان سەرهەڵدەدەن، بە هەمان شێوە ژیان و زیندەگی، هەموو زیندەگی و خۆشییەك لە کۆبوونەوەی دڵ و ویست و هیممەت و عەزمدایە.

هەر بەو جۆرە هەموو خەم و پەژارە و حوزن و حەسەرەتێك -بەهۆی بێبەشبوون و لەدەستچوونی بەش و داواکانەوە- بە یادی خودا دەڕەوێنەوە.

هەموو ئەو کۆڵی گوناه و تاوان و خراپانەی لەسەری کۆبوونەتەوە یادی خودا پەرش و بلاۆیان دەکات تا هەر هەمووی لێ هەڵدەوەرێ و دەسڕێنەوە و دەپوکێنەوە.

ئەو سەربازانەی شەیتان کە بۆ جەنگان لەگەڵی کۆبوونەتەوە پەرش و بلاۆ دەکات، ئیبلیس بە بەردەوامی دەستە لە دوای دەستە لە سەربازەکانی بۆ سەری رەوانە دەکات، هەتا کەسەکە زیاتر بە دوای خودادا بگەڕێ و توندتر دەست بە خوداوە بگرێت دەستەی چڕتر و زۆرتر و گەورەتر لە دەسەلاتدا بۆ سەری رەوانە دەکات، ئەوەش بەپێی ئەوەی لەلای بەندەیە لە کەرەستەی خێر و ویست و خواست، هیچ رێگەیەك بۆ بلاۆ پێکردنی ئەم دەستانە بوونی نییە جگە لە یادی خودا.

نزیك کردنەوەی دووریش: دوارۆژی بۆ نزیك دەکاتەوە کە شەیتان و خۆزگە و ناوات دووری دەخەنەوە، بەردەوام دڵ و زمانی بە یادی خودا گەرم و گەشە تا وەك ئەوەی چووبێتە ناوی و تیایدا ئامادە بووبێت، ئەو کاتە دونیا لەبەر چاوی بچووك دەبێتەوە، و دوارۆژ لەبەر دڵی گەورە دەبێت.

نزیکی لێ دوور دەخاتەوە: بریتییە لە دوورخستنەوەی دونیا کە لە دوارۆژ لێی نزیکترە، هەر کات دوارۆژ لەبەر دڵی نزیك بوویەوە دونیای لێ دوور دەکەوێتەوە، بە پێچەوانەشەوە هەتا لەم قۆناغی ژیانە نزیك ببێتەوە لە قۆناغی ژیانەکەی تر دوور دەکەوێتەوە، بۆیە هیچ رێگەیەك بۆ ئەمە بوونی نییە جگە لە بەردەوام بوون لە یادی خودا، خودا کۆمەککارە.

چل: یادی خودا دڵ لە خەوی بێئاگایی بەئاگا دەهێنێت، لە وەنەوز و خەوەنوچکێ رایدەپەڕێنێت، هەر کات دڵ خەو دایدەگرێتەوە زۆرێك لە قازانج و خێری لەدەست دەچێت، و ئەوەی زاڵ دەبێت بەسەر تەمەنیدا بریتی دەبێت لە زیانزمەندی، هەر کات بەئاگا هات و بێدار بوویەوە ئەوەی بەهۆی خەوەکەیەوە لەدەستی چووبوو هەستی پێ دەکات، بۆیە خۆی دەپێچێتەوە و ئەو بڕە لە تەمەن کە بەدەستییەوە ماوە زیندوو دەکاتەوە، ئەوەی لەدەستی چووبوو باربوو دەکاتەوە، ئەو بێداربوونەوەش تەنها بەهۆی یادی خوداوەیە، چونکە بێئاگایی خەوێکی قورسە.

چل و یەك: یادی خودا درەختێکە بەرەکەی بریتییە لە مەعریفەی جۆراوجۆر و حاڵی جۆراوجۆر کە سالیکان خۆیان بۆ هەڵکردووە و لەو پێناوەدا دەکۆشن، هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ گەیشتن بەو بەروبوومە جگە لە ڕێگەی یادی خودا، هەتا ئەو درەختە مەزنتر بێت و ڕەگ و ریشکی زۆرتر بە ناخی زەویدا ڕۆبچێت بەروبوومەکەی مەزنتر دەبێت، کەسی یادکەر بە یادەکەی بەری هەموو مەقامەکان بەدەست دەهێنێت، لە بێداربوونەوەوە بۆ یەکتاپەرستی، ئەوەش ئەسڵی هەموو مەقامێکە، و ئەو بنکەیە کە مەقامەکەی لەسەر بینا دەکرێت، وەك چۆن دیوار لەسەر بناغە دروست دەکرێت، یان هەروەك چۆن سەقف لەسەر چواردیوار ڕاستدەبێتەوە، ئەوەش هەر بەو جۆرەیە گەر بەندە بێدار نەبێتەوە ناتوانێت مەنزیلەکانی بەرەو خوداچوون ببڕێت، ناشتوانێ بێدار ببێتەوە لە ڕێگەی یادی خوداوە نەبێت وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بۆیە بێئاگایی خەوی دڵە بەڵکو مردنی دڵە.

چل و دوو: یادکەر(بەندە) لە یادکراوەوە(خودا) نزیکە، بەڵکو یادکراوی لەگەڵە، ئەم لەگەڵبوونە لەگەڵبوونێکی تایبەتە جیا لە "لەگەڵبوون"ی زانست و ئابڵۆقەدانی گشتی، ئەمە لەگەڵبوونی نزیکی و ویلایەت و خۆشەویستی و سەرخستن و کۆمەکی کردنە، وەك دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ ﴿١٢٨﴾ ﴾ النحل: ١٢٨، خودا لەگەڵ ئەوانەدایە خۆپارێزی دەکەن و ئەوانەی کە "محسن"ن، چاکەکارن، یان ئەوانەی لە پلە و پایەی "ئیحسان"دان. هەروەها: ﴿ وَٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿١٤٦﴾ ﴾

البقرة: ٢٤٩، خودا لەگەڵ ئارامگراندایە، هەروەها: ﴿لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا﴾ التوبة: ٤٠، حوزن و دڵتەنگی رووت لێ نەکات خودامان لەگەڵە.

بەشێکی گەورە بۆ کەسی یادکەر لەم لەگەڵبوونەوە بەدەست دەکەوێت، وەك لە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە: ((من لەگەڵ بەندەکەمم هەتا یادم بکات و لێوەکانی بە یادی من بجوڵێن))[1]

لە ئەسەرێکی تردا: ((ئەهلی یادی من ئەهلی مەجلیسی منن، ئەهلی شوکرکردنی من ئەهلی زیادکردنن لەلای منەوە، ئەهلی گوێڕایەڵی من ئەهلی ڕێزی منن، ئەهلی یاخیبوون لە من لە ڕەحمەتی خۆم بێهیوایان ناکەم، گەر تەوبە بکەن من خۆشەویستیانم، من تەوبەکارانم خۆشدەوێت، گەر تەوبە نەکەن من دەبمە پزیشکیان، بە بەلا و موسیبەت دایان دەگرمەوە تاکو لە نەنگییەکان پاکیان بکەمەوە))[2]

ئەو لەگەڵبوونە بەدەستهاتووە بۆ یادکەر لەگەڵبوونێکە لە هیچ شتێك ناچێت، لەگەڵبوونێکە تایبەتتر لەوەی بۆ کەسی چاکەکار و خۆپارێز(المحسن والمتقي) بەدەست دێت، ئەوە لەگەڵبوونێکە زمان ناتوانێت تەعبیری لێ بکات، نایەتە ناو وەسفکردن، بەڵکو تەنها لە ڕێگەی چێژەوە دەزانرێت، ئەم جۆرە لەگەڵبوونە جێگەی خلیسکانی زۆرێك لە پێیەکانە گەر نەتوانێت جیاکاری بکات لە نێوان دێرین و ڕووداو(القديم والمحدث)، و لەنێوان پەروەردگار و بەندە، و دروستکەر و دروستکراو و بەندە و پەرستراو(العابد والمعبود)دا، ئەگینا دەکەوێتە ناو مەزهەبی حلولەوە و وەك نەصارای لێ دێت، یان دەکەوێتە ناو مەزهەبی "یەکبوون"ەوە کە دەستەی "وحدة الوجود"[3]

---

١ علقه البخاري في صحيحه، وهكذا ابن ماجة، واحمد، وابن المبارك في "الزهد" وصححه ابن حبان والحاكم، ولم يتعقبه الذهبي.

٢ لم أقف عليه مسندا، ونقل ابن عبدالهادي في"العقود الدرية" عن شيخ الإسلام ابن تيمية قوله((يقول الله تعالى في بعض الكتب....)) فذكره فكأنه يريد كتب أهل الكتاب، فهو على هذا من الإسرائيليات.

٣ حلول: تواندەوە، ئەوانەی پێیان وابوو مرۆڤ بەهۆی یادی خوداوە دەگاتە ئاستێك بە خودا تێکەڵ ببێت و لە خودادا بتوێتەوە، یەکێتی بوون(وحدة الوجود): ئەوانە بوون کە پێیان وابوو خودا و گەردوون و مرۆڤ و ژیان و هەموو بوونەکانی تر یەك بوونی زەبەلاحە.

تێیکەوتن، ئەوانەی پێیان وایە بوونی خودا خودی بوونی ئەم مەوجوداتەیە، بەڵکو پەروەردگار و بەندە و دروستکراو و حەق لەلایان بوونی نییە، بەڵکو پەروەردگار بەندەیە و بەندە پەروەردگارە، ئەو دروستکراوە هاوشێوەیە بریتییە لەو حەقە پاك و بێگەردە، بەرزی و شکۆمەندییەکی مەزن و گەورە بۆ خودا لەوەی ستەمکاران و لوتبەرزان دەیڵێن.

مەبەستەکە: گەر لای بەندە بیر و باوەڕێکی دروست بوونی نەبێت کاتێك دەسەلاتی یادی خودا بەسەریدا زاڵ دەبێت و بەهۆی یادکراو(خودا)وە لە یادەکە و لە نەفسی خۆی بزر دەبێت، ئا لەو کاتەدا -بەهۆی نەبوونی بیروباوەڕێکی دروستەوە- لە دەروازەی حلول و یەکبوونەوە دەچێتە ژوورەوە.

چل و سێ: یادی خودا وەك ئازادکردنی کۆیلە و خێر و صەدەقەکردن بە ماڵ و سامان و کڕینی پێویستی جیهاد وایە لە پێناوی خودادا، هەروەها وەك وەشاندنی شمشێر وایە لەبەر خودا و لە ڕێگەی خودادا.

پێشتر ئاماژەمان پێداوە: ((هەر کەس-لە ڕۆژێکدا سەد جار- بڵێت: " لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ " خێری ڕزگارکردنی دە بەندەی بۆ هەیە، و سەد چاکەی بۆ دەنوسرێ و سەد خراپەی لێ هەڵدەوەرێت، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە شەیتان پارێزراو دەبێت، هیچ کەس کارێکی چاکەی باشتر لە ئەو ئەنجام نەداوە مەگەر کەسێك لەو زۆرتری کردبێت))[1]

"إبن أبي الدنيا" لە "الأعمش"ەوە لە "سالم بن أبي الجعد"ەوە دەڵێ: بە "أبي الدرداء"-خوا لێی ڕازی بێت- وترا: پیاوێك سەد نەفسی ئازاد کردووە، فەرمووی: ((ڕزگارکردنی سەد نەفس بە ماڵ و دارایی بۆ ئەو کەسە زۆرە، باشتر لەوە بریتییە لە ئیمانێك کە شەو و ڕۆژ پێیەوە وابەستە بێت، هەروەها بەردەوام یەکێك لە ئێوە زمانی بە یادی خودا(ﷻ) تەڕ و پاراو بێت))[2]

---

١ تقدم تخريجه.

٢ اخرجه محمد بن فضيل الضبي في"الدعاء" و احمد في "الزهد" وابن أبي شيبة في "المصنف" والبيهقي في "الشعب" وفي إسناده إنقطاع.

ئیبن مەسعود دەفەرموێ: ((گەر بۆ خودا چەند دانە تەسبیحاتێك بكەم لام خۆشەویسترە بە ئەندازەی ژمارەی ئەو تەسبیحانە دینار لە پێناوی خودادا(ﷻ) ببەخشم))[1]

عەبدولاّی كوڕی عومەر و عەبدولاّی كوڕی مەسعود پێكەوە دانیشتبوون، عەبدولاّی كوڕی مەسعود فەرمووی: ((گەر بە رێگەیەكدا بڕۆم و تیایدا بڵێم: "سبحان الله والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر"لام خۆشەویستترە بە ئەندازەی ئەوانە درهەم لە پێناوی خودادا(ﷻ) ببەخشم))، عەبدولاّی كوڕی عومەریش فەرمووی: ((گەر بە رێگەیەكدا بڕۆم و ئەوانەی تێدا بڵێم لەلام خۆشەویسسترە بە ژمارەی ئەوانە خەڵكی بۆ جیهاد لە پێناوی خودادا(ﷻ) ئامادە بكەم))[2]

پێشتر ئاماژەمان بە فەرموودەكەی "أبي الدرداء"[3] كرد، فەرمووی:((پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: دەتانەوێ هەواڵتان پێ بدەم دەربارەی باشترین كردارتان، پاكترینیان لەلای مەلیكی خۆتان، بالاترینیان لە پلە و پایەتان، باشتر بۆتان لە بەخشینی زێڕ و زیو، هەروەها باشتر بێت لەوەی بە دوژمنەكەتان بگەن لە گەردنیان بدەن و لە گەردنتان بدەن؟ وتیان بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: یادی خودا (ﷻ))) ئیبن ماجە و "الترمذي" ریوایەتیان كردووە و "الحاكم" دەڵێ: ئیسنادەكەی سەحیحە.[4]

چل و چوار: یادی خودا لوتكەی شوكرە، هەر كەسێك یادی خودا نەكات شوكری خودای نەكردووە، "البيهقي" لە "زيد بن أسلم"ەوە باس دەكات كە موسا(سلامی خوای لێبێ) فەرموویەتی: ((پەروەردگارم تۆ نیعمەتی زۆرت بە من بەخشیوە نیشانم بدە كە زۆر شوكرت بكەم، خودا فەرمووی: زۆر یادم بكە، گەر زۆر یادم بكەی زۆر شوكرت كردووم، ئەگەریش منت لەیاد بچێت ئەوە كوفرت بە من كردووە))[5]

---

١ أخرجه ابن أبي شيبة في "المصنف" وأخرجه البيهقي في "الشعب".

٢ أخرجه البيهقي في "الشعب" و ابن أبي شيبة في "المصنف".

٣ پێشتر تەم فەرموودە "مەعاز" ریوایەتی كردووە.

٤ تقدم تخريجه.

٥ شعب الإيمان وابن أبي شيبة في "المصنف" وابن أبي الدنيا في "الذكر".

دیسان "البیهقي" له کتێبی "شعب الإیمان"دا له عەبدولاێ کوڕی سەلامەوە فەرمووی، موسا(سلامی خوای لێبێ) فەرمووی: ئەی پەروەردگار، ئەو شوکرە کامەیە کە شایستەی تۆیە؟ خودا وەحی بۆ نارد: بەردەوام زمانت بە یادی من تەڕ و پاراو بێت، فەرمووی: ئەی پەروەردگار من جاری وایە لە حاڵێکدام بە مەزنترت دەزانم لەو حاڵەتەدا یادت بکەم، فەرمووی: ئەو حاڵە چییە؟ فەرمووی: لەشم پیس بێت، یان لەسەر پێشاو بم، یان میز بکەم، خودا فەرمووی: با لەو حاڵەتانەشدا بیت، فەرمووی: خودایە چی بڵێم؟ فەرمووی: بڵێ: ((**سبحانك وبحمدك وجنبني الأذى، سبحانك وبحمدك فقني الأذى- "سبحانك وبحمدك"** ئازارم لێ بەدووربگرە، "سبحانك وبحمدك" لە ئازار بپارێزە))[1]

دەڵێم: عائشە فەرمووی: ((پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە هەموو کات و بارێکدا یادی خودای دەکرد))[2]

هیچ حاڵەتێك لەو حاڵەتانەی هەڵواردە(الإستثناء) نەکرد، ئەمەش بەڵگەیە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە حاڵەتی پاکێتی و لە حاڵەتی جەنابەدا یادی خودای کردووە.

لە حاڵەتی چوونە سەر ئاودا هیچ کەس نەیبینیوە تا لێیەوە بگێڕنەوە، بەڵام پێش چوونە سەر ئاو و دوای چوونە سەر ئاو بۆ ئومەتەکەی یادی خودای بەیان کردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوپەڕی گرنگی پێدانی پێغەمبەر(ﷺ) بە یادی خودا، تەنانەت لە چوونە سەر ئاویشدا یادی خودا وازلێنەهێناوە، هەر بەو جۆرە لە کاتی هاوسەری کردندا ڕێورەسمی یادی خودای بۆ ئومەتەکەی خستۆتە روو، یەکێك لەوان بڵێت: ((بِسْمِ اللهِ، اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا-بەناوی خودا، خودایە شەیتانمان لێ بەدوور بگرە، و شەیتان لەو نەوەی پێمان دەبەخشی بەدوور بگرە))[3]

بەڵام یادی خودا لەناو چوونە سەر ئاودا و لە کاتی کاری هاوسەری کردنەکەدا گومانی تێدا نییە کە بە دڵ ناپەسەند نییە، چونکە دڵ هەر دەبێت لە یادی خودادا بێت، بۆیە

---

١ شعب الإيمان.

٢ أخرجه مسلم وصححه البخاري.

٣ شعب الإيمان.

نابێت دڵی لە یادی کەسێك لابدات کە خۆشەویستترین کەسێکە لەلای، گەر تەکلیف لە دڵ بکرێت یادی خودا لەو بارەدا لەبیر بباتەوە ئەوە تەکلیفێکی محاڵە، وەك شاعیرێك(المتنبي) دەڵێ:

يراد من القلب نسيانكم وتأبى الطباع على الناقل

(لە دڵ داوا دەکرێت ئێوەی لەبیربچێتەوە، بەڵام سروشت یان نەقشبوونی ئێوە لە دڵدا مل نادات بە گوازەرەوەی دڵ)

یادی خودا بە زمان لەو حاڵەتەدا بۆمان باس نەکراوە و تەکلیفمان لێ نەکراوە، و بە پەسەند لە لایەن پێغەمبەرەکەمانەوە(ﷺ) بۆمان نەگوازراوەتەوە، لە هیچ هاوەڵێکی پێغەمبەریشەوە -خوایان لێ رازی بێت- باس نەکراوە.

"عبدالله بن أبي الهذيل" دەفەرموێ: ((خودای موتەعال پێیخۆشە یادی بکرێت لە بازاڕ و لە هەموو حاڵ و بارێکدا جگە لە سەرئاو))[1]

لەو حاڵەتەدا ئەوەندە بەسە مرۆڤ هەست بە حەیا بکات و هەست بە چاودێری خودا و نیعمەتی ئەو لەسەر خۆی بکات، ئەوە بریتییە لە مەزنترین یاد، یادی هەموو حاڵێك بەو جۆرەیە کە پێی شایستە بێت، شیاو و شایستە بەو حاڵەتە رازی بوونە بە حەیاکردن لە خودای موتەعال و بە مەزن زانینی و یادی نیعمەتەکان و چاکەی خودا بۆ ئەو لە دەرکردنی ئەو نەیارە ئازاریەخشەدا لە ناو سکی ئەو، گەر لە سکیدا بمایەتەوە دەبووە هۆی مردنی، بۆیە نیعمەت لە دەرچوونیدا بوونی هەیە وەك چۆن نیعمەت لە خواردن و خواردنەوەیدا بوونی هەیە.

"علي بن أبي طالب" کاتێك لەسەر ئاو دەهاتە دەرەوە دەستی بە سکی خۆیدا دەهێنا و دەیفەرموو: ((هاوار بۆ ئەم نیعمەتە گەر خەڵکی قەدزانیان بکردبایە))[2]

هەندێ لە پێشین دەیانفەرموو: ((حەمد بۆ ئەو خودایەی چێژی ئەو نیعمەتەی پێ بەخشیم و قازانجەکەی لە جەستەمدا هێلاکیەوە و زیانەکەی لێ دەرکردم))[1]

---

١ أخرجه أبو نعيم في "الحلية" والبيهقي في"الشعب".

٢ أخرجه ابن أبي الدنيا في "الشكر" والبيهقي في "الشعب" بإسناد ضعيف جدا.

هەر بەو جۆرە یادکردنی خودا لە حاڵەتی سەرجێی کردندا، ئەو نیعمەتەی باس دەکرد کە خودا پێی بەخشیوە و منەتی کردووە بەسەریدا، نیعمەتی هاوسەری کردن لە بەرزترین و مەزنترین نیعمەتەکانی خودایە، کاتێك بەو کارە نیعمەتەکەی خودا یاد دەکاتەوە لە ناخەوە شوکر قوڵپ دەدات، بۆیە یادی خودا لوتکەی شوکری خودایە.

پێغەمبەر(ﷺ) بە"معاذ"ی فەرموو: ((سوێند بەخودا ئەی "معاذ" من تۆم خۆشدەوێت، لەبیرت نەچێت دوای هەموو نوێژێك بڵێیت: "اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ" خودایە لەسەر یاد و شکور و بەندایەتی باشت کۆمەکیم بکە))[2]

پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە دوعاکەدا زیکر و شوکری کۆکردۆتەوە، وەك چۆن خودای موتەعال لەم ئایەتەدا زیکر و شوکری کۆکردۆتەوە: ﴿ فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ ﴿١٥٢﴾ ﴾ البقرة: ١٥٢، یادم بکەن یادتان دەکەم، شوکرم بکەن و کوفرم پێ مەکەن (یان کوفر بە نیعمەتەکانم مەکەن).

چل و پێنج: بەرێزترین دروستکراوی خودا لە خۆپارێزان ئەو کەسەیە کە زمانی بە یادی خودا تەر و پاراوە، ئەو لە ئەمر و نەهی خودا لە خودا دەترسێت و زیکریشی کردووە بە دروشمی خۆی.

بۆیە خۆپارێزی(التقوى) چوونە بەهەشت و رزگاری لە ئاگر بۆ پێویست کردووە، ئەمەش بریتییە لە پاداشت و ئەجری خودایی بۆ ئەو.

یادی خوداش نزیکی لە خوداوە بۆ دەستەبەر دەکات، ئەمەش بریتییە لە مەنزیلەت لەلای خودا.

کارکەران بۆ دوارۆژ دوو بەشن: هەیانە بۆ ئەجر و پاداشت کار دەکەن و هەیانە بۆ پلە و پایە و مەنزیلەت لەلای خودا، ئەم دەستەیان پێشبڕکێ لەگەڵ ئەوانەدا دەکەن کە مەنزیلە و نزیکیان لە خوداوە بەدەستهێناوە.

---

١ أخرجه الطبراني في"الدعاء".

٢ أخرجه أبو داود، والنسائي، وأحمد.

خودای موتەعال هەردوو جۆرەکەی لە سورەتی"الحدید"دا باس کردووە، دەفەرموێ:
﴿ إِنَّ ٱلْمُصَّدِّقِينَ وَٱلْمُصَّدِّقَٰتِ وَأَقْرَضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَٰعَفُ لَهُمْ وَلَهُمْ أَجْرٌ كَرِيمٌ ﴿١٨﴾ ﴾
الحدید: ١٨، ئەو پیاو و ژنانەی صەدەقە دەکەن و قەرزی چاك و پاك بە خودا دەدەن، بۆیان دووچەندانە دەکرێتەوە و مەزنترین پاداشتیان بۆ هەیە. ئەم دەستەیە ئەوانەن بە دوای ئەجر و پاداشتەوەن، پاشان دەفەموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَ ﴾ الحدید: ١٩، ئەوانەی ئیمانیان بە خودا و پێغەمبەرانی هێنا ئەوانە راستگۆیانن(صدیقانن)، ئەمانەش ئەوانەن بە دوای پلە و پایە و مەنزیلەتەوەن لەلای خودا، پاشان دەفەرموێت: ﴿ وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ ﴾ الحدید: ١٩، شەهیدەکان لەلای پەروەردگاریان پاداشت و نووری خۆیان هەیە، وتراوە: ئەمە عەتفکراوەتەوە سەر "خەبەر" لە: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ ﴾ الحدید: ١٩، هەواڵیداوە کە ئەوانە بریتین لە "الصدیقون" و ئەوانە ئەو"الشهداء"ن کە دەبن بە شاهید بەسەر گەلانەوە، پاشان بە خەبەرێکی تر هەواڵی دەربارەیان راگەیاند ئەوەش ئەو بەشەی ئایەتەکەیە کە دەفەرموێت: ﴿ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ ﴾الحدید: ١٩، **بۆیە بە چوار شت خەبەری دەربارەی ئەو دەستەیە راگەیاند:**

یەکەم ئەوانە "الصدیقون"ن، دووەم "الشهداء"ن، ئەم دەستەیە دەستەی پلە و پایە و مەنزیلەتن، پاشان خەبەری دەربارەیان راگەیاند کە -سێیەم- ئەجر و پاداشتیان بۆ هەیە و -چوارهەمیش- نوورییان بۆ هەیە، ئەم دوانەی کۆتاییش ئەوانەن کە بە دوای ئەجر و پاداوەشتەوەن لەلای خودا.

وتراوە: قسەکە تێر و تەواو بووە لە ئەو شوێنەی خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿ ٱلصِّدِّيقُونَ ﴾ الحدید: ١٩، پاشان دەست بە باسی حاڵی "الشهداء" دەکات و دەفەرموێت: ﴿ وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ ﴾الحدید: ١٩.

بۆیە باسی "المتصدقین"ی کرد کە ئەهلی چاکە و ئیحسانن، پاشان باسی "المؤمنین" کە ئیمان لە دڵیان بنجی داکوتیوە و پێی پڕ بوون، ئەوانە بریتین لە "المتصدقون" و

ئەهلی زانست و کرداری چاکە، یەکەمیان ئەهلی ئیحسان و چاکە بوون، بەڵام ئەمەی دووەمیان صدیقییەتیان لەوانەی یەکەم کاملتڕە.

پاشان خوداﷻ باسی "الشهداء" دەکات، ئەوانە خودای موتەعال ڕۆزی و نووریان بۆ ڕەوانە دەکات، لەبەر ئەوەی ڕۆحی خۆیان بە خودا بەخشی و خوداش بۆی باربوو کردنەوە بەوەی وەك زیندووان زیندوون و ڕۆزییان بۆ ڕەوانە دەکات، بۆیە ڕۆزی و نووریان بۆ دەچێت، ئەمانە بریتین لە بەختەوەران.

پاشان باسی بەدبەختان(الأشقياء) دەکات و دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٠﴾ ﴾ المائدة: ١٠، ئەوانەی بێباوەڕیان کرد و ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی، ئەوانە هاودەمی دۆزەخن.

مەبەستەکە: خوداﷻ باسی خاوەن ئەجر و پلە و پایەکان دەکات، ئەم دوو کارەش ئەو دوانەن فیرعەون بەڵێنی بە ساحیرەکاندا گەر سەربکەون بەسەر موسادا(سلامی خوای لێبێ) وتیان:﴿ أَئِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿٤١﴾ قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ إِذًا لَّمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾ الشعراء: ٤١-٤٢، ئایا هیچ پاداشتێکمان بۆیە گەر ئێمە زاڵ و سەکەوتوو بووین؟ وتی: بەڵێ، کەوابوو ئێوە دەچنە ریزی نزیکانەوە. واتە هەردووکیتان پێ دەبەخشم: پاداشت و پلە و پایە و نزیکی لە منەوە.

بۆیە کارکەران کار بۆ پاداشت دەکەن و عاریفانیش کار دەکەن بۆ مەنزیلە و نزیکبوونەوە لە خودا، کاری ناوەوە(الأعمال القلبية)ی ئەوانە زۆرتر و زیاترە لەوانی تر، بەڵام کار و کردەوەی بەدەنی ئەوانەی یەکەم زۆرتر و زیاترە لەوانەی دووەم.

"البيهقي" لە "محمد بن كعب القرظي"ەوە-ڕەحمەتی خودای لێ بێت- دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: موسا(سلامی خوای لێبێ) فەرمووی: ((پەروەردگار، چ دروستکراوێکت بەڕێزترین دروستکراوی تۆیە؟ فەرمووی: ئەوانەی بەردەوام زمانیان بە یادی خودا تەڕ و پاراوە، فەرمووی: پەروەردگار، چ دروستکراوێکت لە هەمووان زاناترە؟ فەرمووی: ئەو کەسەی لە پاڵ زانستەکەی خۆیدا بەدوای زانستی کەسانی تردا دەگەڕێت، فەرمووی: پەروەردگار، چ دروستکراوێکی تۆ دادپەروەرترین دروستکراوە؟ فەرمووی:

ئەو کەسەی حوکم بەسەر نەفسی خۆیدا دەکات وەك چۆن بەسەر خەڵکیدا دەریدەکات، فەرمووی: پەروەردگار، چ دروستکراوێکت تاوان و گوناهی لە هەمووان گەورەترە؟ فەرمووی: ئەو کەسەی من تۆمەتبار دەکات، فەرمووی: پەروەردگار، بۆ کەس هەیە تۆ تۆمەتبار بکات؟ فەرمووی: ئەو کەسەی هەڵبژاردن دەداتە دەستی من و پاشان بە بڕیارەکەم رازی نابێت))[1]

دیسان "البیهقي" لە "ابن عباس"ەوە ریوایەتی کردووە، فەرموویەتی: ((کاتێك موسا(سلامی خوای لێبێ) بە نوێنەری رۆیشت بۆ "طور سیناء" فەرمووی: پەروەردگار کام بەندانە خۆشەویسترین بەندەی تۆن؟ فەرمووی: ئەو کەسەی یادم دەکات و منی لەبیرناچێتەوە))[2]

کەعب دەفەرموێت: ((موسا(سلامی خوای لێبێ) دەفەرموێت: پەروەردگار، ئایا تۆ نزیکی تا ئاخافتنت لەگەڵ بکەم، یان دووری بانگت لێ بکەم؟ خودای موتەعال فەرمووی: ئەی موسا، من هاودەمی ئەو کەسەم کە یادم دەکات، فەرمووی: من دەکەومە ناو حاڵێکەوە تۆ بە مەزنتر دەزانم لەوەی یادت بکەم، فەرمووی: ئەو حاڵانە چین ئەی موسا؟ فەرمووی: کاتی چوونە سەر پێشاو و لەشگرانی، فەرمووی: لە هەمور حاڵ و بارێکدا یادم بکە)).[3]

عوبێدی کوڕی عومەیر دەفەرموێت: ((کردنی "سبحان الله"یەك لە لاپەڕەی ئیماندارەا باشترە بۆ ئەو لە هەرچی چیای دونیایە کە ئالتوونیان لێوە بەدەست بهێنێت))[4]

حەسەن دەفەرموێت: ((کاتێ رۆژی دوایی دێت بانگکەرێك بانگ دەکات: ئەهلی ئەم کۆبوونەوە ئەمڕۆ دەزانن کێ شایستەیە بە رێزلێنان، ئەوانە لە کوێن کە: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ السجدة: ١٦،

---

١ شعب الإيمان.

٢ شعب الإيمان.

٣ اخرجه احمد في "الزهد" وابن أبي شيبة لة "المصنف" وابو نعيم في "الحلية" والبيهقي في "الشعب".

٤ اخرجه ابن المبارك في "الزهد" و ابن أبي شيبة في "المصنف" و ابو نعيم في "الحلية" و البيهقي في "شعب الإيمان".

واتە ئەوانەی شەوان جەستەیان لە جێگەی نووستن بێزار دەبێت و هەڵدەستن بۆ نوێژ و دوعا و پاڕانەوە بە ترس و تەماعی گەیشتن بە ڕەحمەت و لێخۆشبوونی خودایی، فەرمووی: ئەوانە هەڵدەستنەوە و بەسەر سەری خەڵکیدا دەچنە پێشەوە، فەرمووی: پاشان بانگکەرێك بانگ دەکات: ئەهلی ئەم کۆبوونەوەیە ئەمڕۆ دەزانن کێ شایستەیە بە ڕێزلێنان، ئەوانە لە کوێن کە: ﴿ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَٰرَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ ﴾ النور: ٣٧، بازرگانی و کڕین و فرۆشتن لە یادی خودا بێناگای نەکردن، فەرمووی: ئەوانەش ڕاستدەبنەوە و بەسەر سەری خەڵکیدا دەچنە پێشەوە، فەرمووی: پاشان بانگەرێك بانگ دەکات: ئەمڕۆ ئەهلی ئەم کۆبوونەوە دەزانن کێ شایستەیە بە ڕێزلێنان، ئەوانە لە کوێن لە هەموو حاڵ و بارێکیاندا حەمدی خودایان دەکرد؟ فەرمووی: ئەوانە هەڵدەستنەوە و ژمارەیان زۆرە، پاشان لێپرسینەوە و حساب لەگەڵ ئەوانیتردا دەست پێ دەکات))[1]

پیاوێك هات بۆ لای "أبا مسلم الخولاني" پێی وت: ئامۆژگاریم بکە، ئەی "أبا مسلم"، فەرمووی: یادی خودا بکە لەپاڵ هەر دار و دیوارێکدا، وتی: زیاتر ئامۆژگاریم بکە، فەرمووی: ئەوەندە یادی خودا بکە هەتا خەڵکی بەو یادی خوداوە وابزانن شێتی، دەڵێن: "أبو مسلم" زۆر یادی خودای دەکرد، پیاوێك بینی کاتێك ئەو یادی خودای دەکرد، پرسی: ئەو پیاوەی لەگەڵتانە شێتە؟ "أبو مسلم" ئەمەی گوێ لێ بوو، فەرمووی: ئەم کەسە(واتە خۆی) شێت نییە، ئەی برازای خۆم، بەڵکو ئەمە(ئەم یادکردنەی خودا) دەوای شێتییە.

چل و شەش: لە دڵدا ڕەقییەك بوونی هەیە تەنها یادی خودا دەیتوێنێتەوە، پێویستە بەندە بە یادی خودای موتەعال چارەسەری(تەداوی) دڵی خۆی بکات.

حەمادی کوڕی زەید لە "المعلى بن زيد"ەوە باسی ئەوە دەکات کە ((پیاوێك بە حەسەنی وت: ئەی باوکی سەعید، سکاڵام هێناوەتە لای تۆ لەدەست دڵڕەقی خۆم؟ فەرمووی: بە یادی خودا بیتوێنەرەوە))[2]

---

١ أخرجه معمر في "الجامع" و من طريقه البيهقي في "الشعب الإيمان".

٢ أخرجه عبدالله بن أحمد في زوائده على "الزهد" والبيهقي في "الشعب".

چونکه هەر کات بێناگایی لەسەری توندبوویەوە و رەقی دڵ لەسەری چڕبوویەوە کە یادی خودای کرد ئەو رەقییە دەتوێتەوە وەك چۆن قورقوشم لە ئاگردا دەتوێتەوە، هیچ شتێك بە ئەندازەی یادی خودا(ﷻ) دڵڕەقی مرۆڤ ناتوێنێتەوە.

چل و حەوت: یادی خودا شیفا و دەوای دڵە و بێناگایی نەخۆشی دڵە، بۆیە دڵی نەخۆش شیفا و دەوای لە یادی خودادایە.

مەکحول دەڵێ: یادی خودا شیفایە و یادی خەڵکی نەخۆشی.

"البيهقي" لە مەکحولەوە: ((کاتێك دڵ یادی خودا دەکات شیفا و دەوای بۆ دێت، کاتێك بێناگا دەبێت شکست دەخوات، وەك وتراوە

إذا مرضنا تداوينا بذكركم فنترك الذكر أحيانا فننتكس))

(گەر نەخۆش بکەوتباین بە یادی تۆ خۆمان چارەسەر دەکرد، هەندێ جار یادمان واز لێ دەهێنا شکستمان دەخوارد لە چارەسەر) [1]

چل و هەشت: یادی خودا بنچینە و لوتکەی سەرۆکاری خودایە بۆ بەندەکەی، بێناگاییش بنچینە و بناغەی سنووربەزێنییە، بەندە بەردەوام یادی پەروەردگاری(ﷻ) دەکات تا خودا خۆشیدەوێت و سەرۆکاری دەکات، هەر بەو جۆرە بەندەیەك بەردەوام لە خودا بێناگا دەبێت تا خودا رقی لێی دەبێت و نەیاری دەکات.

"الأوزاعي" دەفەرموێ: "حسان بن عطية" فەرمووی: ((بەندە بە هیچ شتێك دەستدرێژی نەکردووە بۆ سەر پەروەردگاری خراپتر لەوەی پێیناخۆش بێت یادی بکات یان کەسێك یادی بکات)) [2]

ئەم دەستدرێژی کردنە هۆکەی بریتییە لە بێناگایی، بەردەوام بەندە لە بێناگاییدا دەبێت تا رکی لە یادی خودا دەبێتەوە و پێیناخۆشە خەڵکی یادی بکات، لەو بارەدا خودا ئەو کەسە دەکات بە دوژمنی خۆی وەك چۆن کەسی یادکەر دەکات بە دۆستی خۆی.

---

١ أخرجه البيهقي في الشعب وأبو القاسم الأصفهاني في "الترغيب والترهيب" عن مكحول مرسلا.

٢ أخرجه البيهقي في الشعب.

چل و نۆ: هیچ شتێك بە ئەندازەی یادی خودا نیعمەت راناکێشێ و نەقمەت لەسەر مرۆڤ لا نابات، خودا(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾الحج: ٣٨، خودا بەرگری دەکات لەوانەی ئیمانیان هێنا، لە خوێندنەوەیەکی تردا "إن الله يدفع"- پاڵی پێوە دەنێت، دەیڕەوێنێتەوە، "دفع و دفاع"ی خودا لە باوەڕداران بەپێی هێز و کەماڵی ئیمانە، جەوهەری ئیمان و هێز و پێزی بە یادی خوداوەیە، هەر کەس ئیمانی کامڵ بێت و یادی خودای زۆر بێت بەرگری خودا و رەواندنەوەی هێزی دوژمن لەسەری گەورەتر و مەزنتر دەبێت، هەر کەس ئیمان و یادی خودای کەم بێت ئەوا بەرگری بۆی کەم دەکات، یاد بە یاد و لەبیرچوونەوە بە لەبیرچوونەوە.

خودا(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ﴾ إبراهيم: ٧، گەر شوکری خودا بکەن بۆتان زیاد دەکەم.

یادی خودا لوتکەی شوکری خودایە، وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، شوکریش راکێشەری نیعمەتەکانی خودایە و هۆیەکە بۆ زیادبوونی نیعمەت.

هەندێ لە پێشین-رەحمەتی خودایان لێ بێت- دەفەرمون: ((چەندە ناشیرینە بێتاگایی لە کەسێك کە لە چاکەکردن لەگەڵت بێتاگا نابێت))[1]

پەنجا: یادکردنی خودا صەڵواتی خودا و فریشتەکان لەسەر یادکەر پێویست دەکات.

هەر کەس خودا و فریشتەکانی صەڵەوات لە دیداری بدەن هەموو سەرفەرازییەکی بەدەستهێناوە، و دەرگای هەموو سەرکەوتنێکی بەڕوودا کراوەتەوە، خودا(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ﴿٤١﴾ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾ ﴾ الأحزاب: ٤١-٤٣، ئەی دەستەی باوەڕداران، یادی زۆری خودا بکەن، بەیانیان و ئێواران تەسبیحاتی بکەن، ئەوە خودایە لەگەڵ فریشتەکانی صەڵەوات لە ئێوە دەدەن تاکو لە تاریکستان بۆ نوور و رۆشنایی دەرتان بهێنن، ئەو بە باوەڕداران بەبەزەییە.

---

١ أخرجه عبدالرحمن السلمي في "طبقات الصوفية" وأخرجه البيهقي في "الشعب الإيمان".

ئەم صەڵەواتەی خودا-تبارك وتعالى- و فریشتەکانی بۆ ئەوانەیە کە زۆر یادی خودا دەکەن، ئەم صەڵەواتە لە خودا و فریشتەکانییەوە هۆیەکە بۆ دەرهێنانیان لە تاریکستانەوە بۆ ناو نوور و رۆشنایی، کاتێك صەڵەواتیان لە خودا و فریشتەکانەوە پێگەیشت و لە تاریکییەوە هاتن بۆ ناو نوور، دەبێ چ خێرێك بمێنێتەوە و ئەوان بەو کارەیان بەدەستی نەهێنن؟! دەبێ چ شەرێك بمێنێتەوە خودا لەسەر ئەوان لای نەدابێت؟!

هاوار بۆ بێئاگایان لە چ خێر و فەزڵێکی پەروەردگاریان بێبەش بوون! کۆمەك هەر لای خودایە.

پەنجا و یەك: هەر کەس دەیەوێ لە دونیادا بچێتە باخەکانی بەهەشتەوە و تیایاندا نیشتەجێ ببێت با بچێتە ناو کۆڕی یادی خوداوە، چونکە ئەو کۆڕانە باخچەکانی بەهەشتن.

"ابن أبي الدنيا" و کەسانی تریش لە "جابر بن عبدالله" وە ریوایەیان کردووە کە فەرموویەتی: پێغەمبەر(ﷺ) هاتە دەرەوە بۆ لامان و فەرمووی: ((ئەی خەڵکینە، پشوو و ئارامی بە خۆتان بدەن لە باخچەکانی بەهەشتدا)) وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، باخچەکانی بەهەشت کامانەن؟ فەرمووی: ((کۆڕی یادی خودا)) پاشان فەرمووی: ((بەیانیان و ئێواران تێی بچن و یادی خودا بکەن، هەر کەس دەیەوێ پلە و پایەی خۆی لە لای خودای موتەعال بزانێت با سەرنج بدات و بزانێت پلە و پایەی خودا لەلای ئەو چۆنە، خودای موتەعال پلە و پایەی بەندەکە لەو شوێنە دادەنێت کە بەندەکە پلە و پایەی خودای تێدا داناوە))[1]

پەنجا و دوو: کۆڕی یادی خودا کۆڕی فریشتەکانە، فریشتەکان لە دونیادا روو لە هیچ کۆڕێك ناکەن جگە لە کۆڕی یادی خودا، وەك لە دوو سەحیحەکەدا هاتووە لە فەرموودەکەی "الأعمش"ەوە لە "أبي صالح"ەوە لە "أبي هريرة"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((خودا کۆمەڵێك فریشتەی هەیە جیا لەوەی کردارەکانی مرۆڤ دەنوسن بەسەر رێگە و بانەکاندا دەگەڕێن، بەدوای ئەهلی یادی خودادا

---

١ اخرجه عبد بن حميد في "مسنده" وأبو يعلى في "مسنده" والحاكم وغيرهم بإسناد ضعيف.

دەسوڕێنەوە، کاتێك دەستەیەك دەبینن یادی خودا دەکەن بانگ لە یەکتری دەکەن: وەرن بۆ لای پێویستییەکەتان)) فەرمووی: ((بە باڵەکانیان تا ئاسمانی دونیا دایان دەپۆشن)) فەرمووی: ((پەروەردگاریان پرسیاریان لێ دەکات-ئەو زاناترە بە ئەوان- بەندەکانم چییان دەوت؟)) فەرمووی: ((دەڵێن(فریشتەکان): تەسبیحاتی تۆیان دەکرد، تۆیان بە گەورە رادەگرت، حەمد و سەنای تۆیان دەکرد، مەزنی و شکۆمەندییان دەدایە پاڵ تۆ)) فەرمووی: ((خودا دەفەموێ: ئایا ئەوان منیان بینیوە؟)) فەرمووی((دەڵێن: نەخێر، سوێند بەخودا تۆیان نەبینیوە)) فەرمووی ((خودا دەفەرموێ: باشە گەر منیان ببینیبایە چۆن دەبوون؟)) فەرمووی ((دەڵێن: گەر تۆیان ببینیبایە زۆرتر عیبادەتی تۆیان دەکرد و زۆرتر حەمد و سەنای تۆیان دەکرد و شکۆمەندییان دەدایە پاڵت و زۆرتر تەسبیحاتی تۆیان دەکرد)) فەرمووی ((خودا دەفەرموێ: داوای چییان لە من دەکرد؟)) فەرمووی ((دەڵێن: داوای بەهەشتیان لێ دەکردی)) فەرمووی ((خودا دەفەرموێ: ئایا بەهەشتیان بینیوە؟)) فەرمووی((دەڵێن: نەخێر، سوێند بە خودا ئەی پەروەردگار، نەیان بینیوە)) فەرمووی ((خودا دەفەرموێ: باشە ئەوان چۆن دەبوون گەر بیان بینیبایە؟)) فەرمووی ((دەڵێن: گەر بیان بینیبایە زۆرتر هەوڵیان بۆ دەدا و زۆرتر کۆششیان بۆ دەکرد و حەز و ویستیان بۆی زۆرتر دەبوو)) فەرمووی ((خودا دەفەرموێ: ئەی لە چی پەنایان دەگرت؟)) فەرمووی ((دەڵێن: لە ئاگر)) فەرمووی ((خودا دەفەرموێ: باشە ئەوان ئاگریان بینیوە؟)) فەرمووی ((دەڵێن: نەخێر، سوێند بە خودا ئەی پەروەردگار نەیان بینیوە)) فەرمووی ((خودا دەفەرموێ: ئەوان چۆن دەبوون گەر ئاگریان ببینیبایە؟)) فەرمووی ((دەڵێن: گەر بیان بینیبایە زۆرتر لە ئاگر هەڵدەهاتن و زیاتر لێی دەترسان)) فەرمووی ((خودا دەفەرموێ: ئێوە بە شاهید بن من لەوان خۆشبووم، بۆیە یەکێك لە فریشتەکان دەڵێت: خودایە، فلانە کەسی تێدا بوو ئەو لەوان نەبوو، ئەو تەنها بۆ پێویستی خۆی هاتبوو، خودا دەفەرموێ: ئەوانە کۆڕ و مەجلیسێکن کە هاودەم و هاومەجلیسانیان بەدبەخت نابن))[1]

ئەمە بەهۆی بەرەکەتی ئەوانەوە لەسەر خۆیان و لەسەر کەسانی تریش، ئەوانە بەشیان

---

[1] صحیح البخاری، وصحیح مسلم.

هەیە لەم ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ ﴾ مریم: ٣١، منی پڕ لە خێر و فەڕ و بەرەکەت کردووە لە هەر شوێنێك بم، هەر بەو جۆرە کەسی باوەڕدار روو لە هەر شوێنێك بکات موبارەکە، و کەسی بەدکاریش روو لە هەر شوێنێ بکات شومی و وەیشوومەیە.

بۆیە کۆڕی یادی خودا کۆڕی فریشتەکانە، و کۆڕی بێئاگایی کۆڕی شەیتانەکانە، هەر کەس دەدرێتە پاڵ و هاوشێوەی خۆی، و هەر مرۆڤێك روو لەوە دەکات کە بۆی گونجاوە و لەگەڵی تەبایە.

پەنجا و سێ: خودا(ﷻ) بە یادکەران شانازی بەسەر فریشتەکاندا دەکات، وەك ئەو فەرموودەی"مسلم" لە سەحیحەکەیدا لە "أبي سعيد الخدري"ەوە ریوایەتی کردووە، فەرمووی: موعاویە هاتە دەرەوە بۆ کۆڕێك لە مزگەوت و وتی: چی ئێوەی کۆکردۆتەوەو لێرە داینیشاندوون؟ وتیان: دانیشتوین یادی خودا دەکەین، وتی: سوێندتان دەدەم بە خودا تەنها ئەوە ئێوەی کۆکردۆتەوە؟ وتیان: سوێند بە خودا تەنها ئەوە ئێمەی کۆکردۆتەوە، وتی: من ئێوەم سوێند نەدا وەك تۆمەتبار کردنتان، هیچ کەس بە ئەندازەی من لە گێڕانەوەی فەرموودە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) مەنزیلەی نزم نییە، پێغەمبەر(ﷺ) جارێك هاتە دەرەوە بۆ کۆڕێك لە هاوەڵانی، و فەرمووی: ((چی ئێوەی دانیشاندووە؟ وتیان: دانیشتووین یادی خودای موتەعال دەکەین و حەمد و سەنای دەکەین لەسەر ئەوەی هیدایەتی داین بۆ ئیسلام و منەتی کرد لەسەرمان، فەرمووی: سوێندتان دەدەم بە خودا تەنها بۆ ئەوە کۆبوونەتەوە؟ وتیان: سوێند بە خودا تەنها بۆ ئەوە دانیشتووین، فەرمووی: من سوێندم نەدان لەبەر تۆمەتبار کردنتان، بەڵام جبریل هات و هەواڵی پێدام: کە خودای موتەعال شانازی بە ئێوەوە دەکات لای فریشتەکانی))[1]

ئەم شانازی کردنە لە پەروەردگارەوە-تبارك وتعالى- بەڵگەیە لەسەر شەرەفمەندی زیکر لەلای و خۆشەویستی بۆی، و تایبەتمەندی زۆری بەسەر کار و کردەوەکانی تردا.

---

١ صحيح مسلم.

پەنجا و چوار: کەسی ئالوودە بە یادی خودا بە پێکەنینەوە دەچێتە بەهەشتەوە، "ابن أبي الدنيا" لە "أبي الدرداء"ەوە فەرموویەتی: ((ئەو کەسەی بەردەوام زمانی بە یادی خودا تەڕ و پاراوە بە پێکەنینەوە دەچێتە ناو بەهەشتەوە))[1]

پەنجا و پێنج: هەموو کار و کردەوەکان بۆ یادی خودا تەشریع کراون، مەبەست و مەرام تیایاندا یادی خودای موتەعالە.

خودا(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ ﴿١٤﴾﴾ طه: ١٤، نوێژ بۆ یادی من بکە.

وتراوە: "المصدر" واتە"الذكر" خراوەتە پاڵ"الفاعل" واتە"الياء"، کەوابوو ماناکەی بەم جۆرەی لێ دێت: نوێژ بکە بۆ ئەوەی منیش بەهۆیەوە یادی تۆ بکەم.

وتراوە: "المصدر" واتە"الذكر" خراوەتە پاڵ"المذكور" واتە ماناکەی دەبێتە"لتذكرني بها"- بۆ ئەوەی بەهۆیەوە(بەهۆی نوێژەوە) یادی من بکەیت، بۆیە لێرەدا "اللام" دەبێتە "لام التعليل"- لامی بەیانکەری هۆ.

وتراوە: "لام"ەکە لامی کاتییە(اللام الوقتية)، واتە: نوێژ لە کاتی یادی مندا بکە، وەك ئەو ئایەتە پیرۆزە: ﴿ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِدُلُوكِ ٱلشَّمۡسِ ﴾ الإسراء: ٧٨، هەروەها ئایەتی: ﴿ وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾ الأنبياء: ٤٧، ترازوو و کێشانە و پێوانەی دادپەروەری بۆ ڕۆژی دوایی دادەنێین.

ئەمە مانایەکی ڕاست و ڕەوانە لە مەبەستی ئایەتەکە، بەڵام تەفسیر کردنی ئایەتەکە تەنها بەوە جێگەی سەرنجە، چونکە ئەو "لام"ە کاتییە ئاوەڵفرمانی کات(أسماء الزمان والظرف)ی بەدوادا هاتووە، بەڵام"الذكر" چاوگە نەك ئاوەڵفرمان، مەگەر ببەسترێتەوە بە ئاوەڵفرمانێکی سڕاوەوە(زمان محذوف)، ئەو کات ماناکەی بەو جۆرەی لێ دێت: "لە کاتی یادی مندا"، ئەمەش ئەگەرە.

دروستتر ئەوەیە کە: ئەو "لام"ە "لام التعليل" بێت، واتە: نوێژ بکە لە پێناوی یادی مندا، ئەمەش پێویست دەکات نوێژ ئەنجام بدرێت لە کاتی یادی خودادا، کاتێك بەندە

---

١ أخرجه ابن أبي شيبة في "المصنف" وأحمد في "الزهد"، والحسين المروزي في زوائده على"الزهد لابن المبارك"، وأبو نعيم في "الحلية" بإسناد حسن.

یادی پەروەردگاری دەکات یادی خودا پێش یادەکەی ئەو کەوتووە، کاتێك خودا یادی بەندەکەی دەکات ئیلهامی دەکات بۆ یادکردن، بۆیە هەر سێ ماناکە حەقن.

هەروەها خودا-سبحانه وتعالی-دەفەرموێت: ﴿ ٱتْلُ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ﴾العنكبوت: ٤٥، ئەو وەحیەی بۆت هاتووە لە کیتاب بخوێنە، و نوێژ ئەنجام بدە، نوێژ نەهی دەکات لە کار و کردەوەی خراپ و دزێو و ناپەسەند، زیکری خودا مەزنترە.

وتراوە، ماناکەی: ئێوە لە نوێژدا یادی خودا دەکەن، ئەویش یادی ئەو کەسە دەکات کە یادی کردووە، بۆیە یادی خودا گەورەترە بۆ ئێوە لە یادی ئێوە بۆ خودا، ئەمە لە"ابن عباس و سلمان و أبي الدرداء و ابن مسعود"ەوە-خوایان لێ رازی بێت- ریوایەت کراوە.[1]

"ابن أبي الدنيا" لە "فضيل بن مرزوق"ەوە لە "عطية"ەوە باسی کردووە کە: ﴿وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ﴾، دەڵێ: ئەمە مانای ئەو ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێت: ﴿ فَٱذْكُرُونِىٓ أَذْكُرْكُمْ ﴾ البقرة: ١٥٢، بۆیە یادی خودای موتەعال بۆ ئێوە گەورەترە لە یادی ئێوە بۆ خودا.[2]

"إبن زياد و قتادة" دەڵێن ماناکەی: یادی خودا گەورەترە لە هەموو شتێك.

وترا بەسەلمان: چ کردارێك لە هەموو کردارێك باشترە؟ فەرمووی: قورئانت نەخوێندۆتەوە؟ ﴿وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ﴾ ئەوەی دەبێتە شاهید بۆ ئەم وتەیە ئەو فەرموودەیە کە "ابو الدرداء" گێڕایەوە و پێشتر ئاماژەمان پێدا: ((دەتانەوێ هەواڵتان پێ بدەم بە باشترین کاروکردەوەتان، پاکترینیان لەلای مەلیکەکەتان، باشتر بێت بۆ ئێوە لە بەخشینی زێڕ و پارە...)) فەرموودەکە [3]

---

١ أنظر تفسير الطبري.

٢ أخرجه الطبري في "التفسير".

٣ أنظر ما تقدم.

شێخولئیسلام "أبو العباس"-قدس الله روحه- دەیفەرموو: مانای دروستی نایەتەکە: نوێژ دوو مەبەستی زۆر مەزنی تێدایە، یەکێکیان لەوی تریان مەزنترە، نەهی دەکات لە کاری خراپە و ناپەسەند و یادی خوداش لە ئامێز دەگرێت، یادی خودا تیایدا مەزنترە لە نەهیکردن لە کاری خراپە و ناپەسەند.[1]

"ابن أبي الدنيا" لە "ابن عباس"ەوە ریوایەتی کردووە کە پرسیاری لێکراوە: چ کار و کردەوەیەك باشترین کار و کردەوەیە؟ فەرمووی: یادی خودا.

لە "السنن"دا لە عائشەوە-خوا لێی رازی بێت- لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی: ((تەواف بە دەوری بەیت و رۆیشتن لە نێوان سەفا و مەروە و هەڵدانی بەرد بۆ یادکردنی خودا دانراون)) "أبو داود و الترمذي" ریوایەتیان کردووە، "الترمذي" دەفەرموێ: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[2]

پەنجا و شەش: باشترین ئەهلی هەر کار و کردەوەیەك ئەوانەن کە لەو کار و کردەوانەدا زۆرترین یادی خودا(عزوجل) دەکەن، باشترین رۆژووگر ئەو کەسەیە کە زۆرترین یادی خودا لە رۆژووەکەیدا ئەنجام دەدات، باشترین صەدەقەکەر ئەو کەسەیە کە لە کارەکەیدا زۆرتر یادی خودا دەکات، باشترین حاجی ئەو کەسەیە کە لە حەجەکەیدا زۆرترین یادی خودا دەکات، هەر بەو جۆرە تەواوی کار و کردەوەکان.

"ابن أبي الدنيا" فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە تیایدا دەفەرموێ، پێغەمبەری خودا پرسیاری لێکرا: چ ئەهلی مزگەوتێك باشترین ئەهلی مزگەوتە؟ فەرمووی: ((ئەوانەی زۆرترین یادی خودا دەکەن))، وترا: چ ئەهلی جەنازەیەك باشترینیانە؟ فەرمووی: ((ئەوانەی زۆرترین یادی خودا دەکەن))، وترا: چ حەجکەرێك باشترین حەجکەرە؟ فەرمووی: ((ئەوانەی زۆرترین یادی خودا دەکەن))، وترا: چ سەردانکەرێکی نەخۆش باشترین سەردانکەرە؟ فەرمووی: ((ئەوانەی زۆرترین یادی خودا دەکەن))، ئەبوبەکر دەفەرموێت: ((یادکەران هەموو خێرێکیان بۆ خۆیان برد))[3]

---

١ أنظر "العبودية".

٢ أخرجه ابو داود والترمذي واحمد.

٣ أخرجه ابن المبارك في "الزهد" والبيهقي في "شعب الإيمان".

"عبيد بن عمير" دەڵێت: ((گەر لەسەرتان گرانە ئازاری ئەم شەوە بچێژن و دەستنوقار بوون لە بەخشینی ماڵ و ترسان لەوەی بچن بە گژ دوژمندا و لەگەڵی بجەنگن، ئەوا یادی خودا زۆر بکەن))[1]

پەنجا و حەوت: بەردەوامبوون لە یادی خودا دەبێتە جێگرەوەی کارە چاکەکانی تر، و لە جێگەیان دادەنیشێت، جا کارە چاکەکان جەستەیی بن یان دارایی یان جەستەیی و دارایی وەك حەجی دووەم و سێیەم.

ئەمەش بەرۆشنی لەفەرموودەکەی "أبو هريرة"ەوە دەردەکەوێت: هەژارە کۆچکەرەکان هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) و وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، دەوڵەمەندەکان پلە و پایەی بەرز و خۆشی و نیعمەتی بەردەوامیان بۆ خۆیان برد، نوێژ دەکەن وەك ئێمە و رۆژوو دەگرن وەك ئێمە، لەگەڵ ئەوەش ماڵ و داراییان هەیە و حەجی پێدەکەن و عەمرەی پێ ئەنجام دەدەن و جیهادی پێ رێکدەخەن، فەرمووی: ((دەتانەوێ شتێکتان فێر بکەم بەوانە بگەنەوە کە پێشتان کەوتوون و پێش ئەوانە بکەون کە دواتان کەوتوون، و هیچ کەسێك لە ئێوە باشتر نەبێت، مەگەر کەسێك ئەوە بکات کە ئێوە کردووتانە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: لە دوای هەر نوێژێك تەسبیحات (سبحان الله) و حەمدی خودا (الحمد لله) و "الله أكبر" بکەن...)) فەرموودەکە، بوخاری و مسلم ریوایەتیان کردووە.[2]

یادی خودای کرد بە باربووکردنەوەی ئەوەی لە دەستیان چووە لە حەج و عەمرە و جیهاد و هەواڵی دا کە بەو یادی خودایە پێشی ئەوان دەکەون، کاتێك دەوڵەمەندان بەوەیان زانی ئەوانیش ئەنجامیان دا و یادیان خستە پاڵ خێر و صەدەقە کردن و عیبادەت بە ماڵ و داراییان، بۆیە هەردوو چاکەکەیان بەدەست هێنا، هەژارەکان پێشبڕکێیان لەگەڵ کردن و وتیان بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوەی ئێمە ئەنجامی دەدەین دەوڵەمەندەکانیش ئەنجامی دەدەن، ئەوان بە شتێك تایبەت برونەوە کە

---

١ أخرجه ابن أبي شيبة في "المصنف" واحمد في "الزهد" وابو نعيم في "الحلية".

٢ صحيح البخاري و صحيح مسلم.

هەژارەکان دەسەلاتیان بەسەریدا نییە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾ المائدة: ٥٤، ئەوە فەزڵێکە خودا دەیدات بە هەر کەسێك خۆی بیەوێت و خواستی لەسەر بێت)).

لە فەرموودەکەی "عبدالله بن بسر"دا فەرمووی: پیاوێکی ئەعرابی هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، کار و ئەخلاق و ئەحکامەکانی ئیسلام لەسەرم زۆر بوون، کارێکم پێ بڵێ هەموو ئەوانەم بۆ کۆبکاتەوە و بەشی من بکات، فەرمووی: ((یادی خودای موتەعال بکە)) وتی ئەوە بەشم دەکات ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: ((بەڵێ، لەسەریشت زیادە))[1]

ئامۆژگاریکەر(ﷺ) شتێکی پێ نیشان دا کە پاڵی بنێت بۆ ئەحکامەکانی ئیسلام و سووربوون لەسەریان و زۆرکردنیان، چونکە گەر کەسەکە یادی خودای کرد بە دروشمی خۆی ئەوا خودای خۆشدەوێت و ئەوەی خودا پێیخۆش بێت خۆشی دەوێت، هیچ شتێك بە ئەندازەی ئەحکامەکانی ئیسلام کە مرۆڤ لە خودا نزیك دەکاتەوە لای خودا خۆشەویست نییە، بۆیە پێغەمبەر -ص- شتێکی نیشان دا بەهۆیەوە ئەحکامەکان جێبەجێ بکات، و لەسەری ئاسان بکات، ئەوەش بریتییە لە یادی خودا، کە ئەم خاڵەی دواتر ڕۆشنی دەکاتەوە:

پەنجا و هەشت: یادی خودا مەزنترین کۆمەکییە بۆ گوێڕایەڵی خودای موتەعال، یادی خودا کارە چاکەکان و گوێڕایەڵییەکان لای بەندە شیرین دەکات، و لەسەری ئاسان دەکات، و تام و چێژی پێ دەبەخشێت و ڕۆشنایی چاوی دەکاتە ناو ئەو کارە چاکانەوە و خۆشی و سرووری بەوانەوە دەبێت، چونکە زۆر لەخۆکردن و گرانی و ناڕەحەتییان تێدا نابینێتەوە بە پێچەوانەی ئەوەی کەسی بێئاگا هەستی پێ دەکات و ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەزموون شاهیدی ئەم ڕاستییە دەدات، ئەمەش خاڵی دواتر ڕۆشنی دەکاتەوە:

پەنجا و نۆ: یادی خودا گران سووك دەکات و سەخت ئاسان دەکات، دژواریش تەخت و بێ گرفت، لەسەر هەر گرانێك یادی خودا بکرێت سووك دەبێت، لەسەر هەر

---

١ تقدم تخريجه.

سەختێك یادی خودا بكرێت ئاسان دەبێت، لەسەر هەر دژوارێك یادی خودا بكرێت تەخت دەبێت، لەسەر هەر توندییەك یادی خودا بكرێت كۆتایی پێ دێت و لەسەر هەر تەنگوچەڵەمەیەك یادی خودا بكرێت دەكرێتەوە، بۆیە یادی خودا كرانەوەیە لەدوای تەنگانە، ئاسانییە لە دوای گرانی، دەرووە لە دوای خەم و پەژارە، ئەمەش خاڵی دواتر رۆشنی دەكاتەوە:

شەست: یادی خودا هەرچی ترسە لە دڵ دەردەكات، و كاریگەرییەكی زۆر گەورەی هەیە لە دەستەبەركردنی ئاسایش، هیچ شتێك بە ئەندازەی یادی خودا سوود بەو كەسە ناگەیەنێت كە ترسی لەسەر چڕ بووەتەوە، ئەو پێی یادەكەی و بە ئەندازەی یادەكەی ئاسایشی بۆ دابین دەبێت و ترسەكەی دەڕەوێتەوە، تا وەك ئەوەی ئەو ترسەی خۆی لێپەنا دەدا بووبێت بە ئاسایش بۆی، بەڵام كەسی بێئاگا لە ئاسایشەكەی خۆی دەترسێت، تا وەك ئەوەی هەموو ئاسایشەكەی ترس و لەرزین بێت، هەر كەسێك كەمترین هەستی هەبێت هەردوو بارەكەی ئەزموون كردووە، خودا كۆمەككارە.

شەست و یەك: یادی خودا هێز بە كەسی یادكەر دەدات، ئەوەی لەگەڵ یادی خودا ئەنجام دەدرێت بەبێ یادی خودا ناتوانرێت ئەنجام بدرێت، من بۆخۆم ئەوەم لە هێز و توانای شێخولئیسلام "ابن تیمیة"-قدس الله روحه- بینی، لە رۆیشتن و قسە و هەڵوێست و نووسینەكانیدا، هەموو ئەوانە جێی سەرسوڕمان بوون، لە رۆژێكدا ئەوەندەی دەنووسی كە بەرگرەوان(الناسخون) بە هەفتەیەك یان زۆرتر دەیانوسییەوە، سەربازەكان لە جەنگدا كاری مەزنیان لە هێزی شێخولئیسلام بینیوە.

پێغەمبەر(ﷺ) "فاطمة"ی كچی و عەلی-خوایان لێ رازی بێت- فێركرد هەموو شەوێك كە دەچنە ناو جێگەكەیان سی و سێ جار "سبحان الله" و سی و سێ جار "الحمد لله" و سی و چوار جار "الله أكبر" بكەن، كاتێك "فاطمة" داوای كارەكەرێكی لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) كرد و سكاڵای خۆی لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) كرد لەو هەموو ئازارەی لە دەستهاڕ و كاری ماڵەوە و خزمەت كردن دەیچێژێت، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی فێر كرد و فەرمووی: ((ئەوە بۆ ئێوە لە كارەكەر باشترە))[1]

---

١ أخرجه البخاري ومسلم.

وتراوه: هەر کەس بەردەوام بێت لەسەر ئەوە هێزێك لە جەستەیدا دەبینێتەوە کە بێنیازی دەکات لە کارەکەر و خزمەتکار.

گوێم لە شێخولئیسلام "ابن تیمیة" بوو-رەحمەتی خودای لێ بێت- کە ئەسەرێکی لەم دەروازەیەوە باس دەکرد، ئەوەش: فریشتەکان کاتێك فەرمانیان پێکرا عەرشی خودا هەڵبگرن، وتیان: پەروەردگار، چۆن عەرشی تۆ هەڵبگرین لە کاتێکدا مەزنی و گەورەیی و شکۆمەندی تۆی لەسەرە، خودا فەرمووی: بڵێن: "لا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم" کاتێك ئەوەیان خوێند توانییان هەڵیبگرن، تا لای "ابن أبي الدنيا" بینیمەوە ئەم ئەسەرەی وەك خۆی لە "ليث بن سعد"ەوە، ئەویش لە "معاوية بن صالح"ەوە باس کردووە، دەڵێت: مامۆستاکانمان هەواڵیان پێداوین: یەکەم شتێك کە خودا(ﷻ) دروستی کرد بریتی بوو لە هەڵگرانی عەرش-ئەو کاتە عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو- وتیان: پەروەردگار بۆ چ مەبەستێك ئێمەت دروست کردووە؟ فەرمووی: ئێوەم بۆ هەڵگرتنی عەرشەکەم دروست کردووە، وتیان: پەروەردگار، کێ دەتوانێ عەرشی تۆ هەڵبگرێت کە مەزنی و شکۆمەندی و گەورەیی و جەلال و وبقاری تۆی لەسەرە؟ فەرمووی: بۆ ئەو مەبەستە ئێوەم دروست کردووە، ئەوانیش چەند جار پرسیارەکەیان لە خزمەتی خودادا دووبارە کردەوە، خوداش پێیانی فەرموو: بڵێن: "لا حول ولا قوة إلا بالله" بۆیە توانیان هەڵیبگرن.

ئەم یادە کاریگەرییەکی سەرسوڕهێنی هەیە لە ئازار و مەینەتییەکانی کاروبارە گرانەکان و شاندانە ژێر دژوارییەکان، و چوونە لای پادشاکان و ئەو کەسەی لێی دەترسێ و هەروەها گرتنەبەری سەختی و نەهامەتییەکان.

هەر بەو جۆرە کاریگەرییەکی سەرسوڕهێنی هەیە لەسەر لابردنی هەژاری، وەك "ابن أبي الدنيا" لە "ليث بن سعد"ەوە لە "معاوية بن صالح"ەوە لە "أسد بن وداعة"ەوە ریوایەتی کردووە فەرمووی: پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((هەر کەس لە رۆژێکدا سەد جار بڵێ: "لا حول ولا قوة إلا بالله" هەرگیز هەژاری رووی لێ ناکات))[1]

---

١ لم اقف عليه.

"حبيب بن مسلمة" كاتێك بە دوژمن دەگەیشت یان كاتێك رووبەڕووی قەلایەك دەبوویەوە پێیخۆش بوو بڵێت: ((لا حول ولا قوة إلا بالله)) رۆژێك رووبەڕووی قەلایەك بوویەوە موسڵمانان ئەوەیان خوێند و "ألله أكبر"یان كرد قەلاكە شەقی برد و رۆمەكان شكستیان خوارد.[1]

شەست و دوو: كاركەرانی دوارۆژ لە مەیدانی پێشبڕكێدان، یادكەران لەو مەیدانەدا لەپێش هەمووانەوەن، بەڵام تەپوتۆزی سەر ڕێگە ناهێڵێت پێشكەوتنەكەیان ببینرێت، كاتێك تەپوتۆزەكە ڕەوییەوە و دەركەوتن ئەو كات دەبینرێن و دەزانن چەندە پێشكەوتوون.

"الوليد بن مسلم" دەڵێت: محەمەدی كوڕی عەجلان بۆی باس كردین، وتی: لە "عمر مولى غفرة"م بیستووە، دەیوت: كاتێك پەردە لادرا بۆ خەڵكی لە رۆژی دواییدا لەمەڕ پاداشتی كردارەكانیان، ئەوا هیچ كردارێك نابینن پاداشتەكەی لە یادی خودا مەزنتر بێت، خەڵكانێكی زۆر بە بینینی ئەوە حەسرەت دایان دەگرێتەوە، و دەڵێن: هیچ شتێك بە ئەندازەی یادی خودا لەسەرمان ئاسان نەبوو.

"أبو هريرة" دەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((بڕۆن "تاكڕەوەكان" پێشكەوتن، وتیان: تاكڕەوەكان كێن و چین؟ فەرمووی: ((ئەوانەی هۆگر و پابەند دەبن بە یادی خودا و دەیكەن بە ڕێگە و ڕەوگەی خۆیان، یادی خودا كۆڵی گوناه و خراپەیان لە كۆڵ دەكاتەوە))[2]

لە هەندێ گوزارەدا هاتووە: "المستهترون بذكر الله"، واتە ئەوانەی هۆگری بوون، دەوترێت: "استهتر فلان بكذا" كاتێك هۆگری ئەو شتە ببێت.

تەفسیرێكی تری بۆ هەیە: "أهتروا في ذكر الله" واتە ئەوان تەمەنیان درێژ دەبێت و هاودەمەكانی ئەوان تیادەچن، بەڵام ئەوان هەر سەرقاڵی یادی خودان.

دەوترێت: "أهتر الرجل فهو مهتر": كاتێك بە هۆی بەساڵاچووندا قسەی بۆ نەكرێت،

---

١ أخرجه البيهقي في "دلائل النبوة" وابن عساكر في "تاريخ دمشق".

٢ أخرجه الترمذي والبيهقي.

بۆیە "الهزء" بریتییە لە تێکەوتن لە قسەکردندا تا وای لێ دێت بخەرەفێ و ئەقڵی لەدەست بدات، مانایەکی تری "الهزء" بریتییە لە پووچ، "رجل مستهزء" بە کەسێك دەوترێت شتی پڕ و پووچی زۆر بێت.

لە فەرموودەکەی ئیبن عومەردا: "أعوذ بالله أن أكون من المستهزئين"-پەنا دەگرم بە خودا لەوەی بچمە ریزی گاڵتەچییەکانەوە، حەقیقەتی وشەی"الإستهتار" بریتییە لە زۆرکردنی شتێك و هۆگربوون پێی، جا شتەکە حەق بێت یان باتڵ، تا گەر بوترێت: "فلان مستهتر" تەنها شتی پووچ و باتڵی لێ دەخوێنرێتەوە، کاتێك بە شتێك سنووردار بکرێت پێی کۆت و بەند دەبێت، "هو مستهتر" یان"قد أهتر في ذكر الله تعالى"، واتە: پێی هۆگربووە و بەهۆیەوە تیایدا رۆچووە.

دەوترێت: "استهتر فيه وبه" تەفسیری ئەمەش لە ئەسەرێکی تردا هاتووە: ((یادی خودا زۆر بکەن تا بوترێت: فلاڵن شێتە))[1]

شەست و سێ: یادی خودا هۆیەکە بۆ ئەوەی پەروەردگار تەصدیقی بەندەکەی پێ بکات، یادی خودا هەواڵێکە لەمەڕ خودا و ئەوسافی کەماڵی و سیفەتی جەلالی، کاتێك بەندە ئەمانە رادەگەیەنێت پەروەردگار تەصدیقی دەکات و لەگەڵ درۆزناندا حەشر ناکرێت، بەڵکو رجا دەکرێت لەگەڵ صادیقاندا حەشر بکرێت.

"أبو إسحاق" لە "الأغر أبي مسلم"ەوە ریوایەتی کردووە کە شایەتیداوە لە "أبي هريرة و أبي سعيد الخدري"ەوە-خوایان لێ رازی بێت- ئەوانیش لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی: ((کاتێك بەندە دەڵێت: "لا إله إلا الله، والله أكبر" خودا-تبارك وتعالى- دەفەرموێت: بەندەکەم راست دەکات، هیچ خودایەك نییە جگە لە من و من لە هەمووان گەورەتر و مەزنترم، کاتێك دەڵێت: "لا إله إلا الله وحده" خودا دەفەرموێ: بەندەکەم راست دەکات، هیچ خودایەك نییە جگە لە من بە تاکوتەنهایی، کاتێك دەڵێ: "لا إله إلا الله وحده لا شريك له" خودا دەفەرموێ: بەندەکەم راست دەکات، هیچ خودایەك نییە

---

[1] ئەوانەی یادی خودا زۆر دەکەن هەستەکانیان لە دەورویەری خۆیان دادەبڕێن، لە یادی خودادا رۆدەچن و سەرنجیان لەسەر دەورویەر کەم دەبێتەوە، زۆرجار قسەیان لەگەڵ دەکرێت و نایبیستن و بێئاگان، لەم بارەدا خەڵکانێك کە نەزانن بە حاڵیان وا دەزانن ئەو کەسە تێکچووە و ئەقڵ و هۆشی تەراو نییە. (وەرگێر)

جگە لە من بە تاکوتەنهایی و هیچ هاوەڵێك بۆ من بوونی نییە، کاتێك دەڵێت: " لا إله إلا الله، له الملك وله الحمد" خودا دەفەرموێ: بەندەکەم راست دەکات: هیچ خودایەك نییە جگە لە من، موڵك و حەمد بۆ منە، کاتێك بەندە دەڵێت: "لا إله إلا الله، ولا حول ولا قوة إلا بالله" خودا دەفەرموێ: بەندەکەم راست دەکات، هیچ خودایەك نییە جگە لە من، هیچ هەوڵ و هێزێك بوونی نییە بە خوداوە نەبێت))

"أبو إسحاق" دەڵێ: پاشان"الأغر أبي مسلم" شتێکی وت تێنەگەیشتم، وتم بە "أبي جعفر" ئەوە چی وت؟ وتی: دەڵێت: ((هەر کەس لە سەرەمەرگدا بیانڵێت ئاگر نایسوتێنێت))[1]

شەست و چوار: خانووەکانی بەهەشت بە یادی خودا بیناەدەکرێن، کاتێك بەندە لە یادی خودا دەوەستێت فریشتەکانیش لە بیناکردن دەوەستن، کاتێك دەستدەکاتەوە بە یادی خودا دەستدەکەنەوە بە بیناکردن.

"ابن أبي الدنيا" لە کتێبەکەیدا ریوایەتی کردووە لە "حكيم بن محمد الأخنسي"ەوە دەڵێت: پێمگەیشتووە کە گەرەکەکانی بەهەشت بە یادی خودا دروست دەکرێن، کاتێك کەسەکە لە یادی خودا دەوەستێت ئەوانیش لە بیناکردن دەوەستن، پێیان دەوترێت بۆ کار ناکەن، ئەوانیش دەڵێن: دەبێ کرێکەمان بۆ بێت ئەوجا کاردەکەین.[2]

"ابن أبي الدنيا" لە "أبي هريرة"ەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس بڵێ: "سبحان الله وبحمده سبحان الله العظيم" حەوت جار، لە بەهەشتدا بورجێکی بۆ دەکرێتەوە))[3]

وەك چۆن بیناکردنی بەهەشت بە زیکرە، درەختی باخ و بێستانەکەشی دیسان بە زیکرە، وەك ئەو فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) لە ئیبراهیم خەلیلەوە(سلامی خوای لێبێ): ((بەهەشت خاکەکەی پاك و بۆنخۆشە، ئاوەکەی رەوانە، دەشتی پان و پۆڕی هەیە، درەختە چێنراوەکانی بریتین لە: "سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله والله أكبر"))[4]

---

١ أخرجه الترمذي والنسائي.

٢ كتاب ابن أبي الدنيا.

٣ أخرجه البخاري موقوفا بإسناد ضعيف.

٤ تقدم تخريجه.

بۆیە یادی خودا درەختە چێنراوەکان و بینا دروستکراوەکانن.

هەروەها "ابن أبي الدنيا" لە عەبدولاای کوڕی عومەرەوە-خوایان لێ رازی بێت- دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((چاندنەکانی بەهەشت زیاد بکەن، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، چاندنەکانی بەهەشت چیین؟ فەرمووی: بریتیین لە "ماشاءالله، لا حول ولا قوة إلا بالله"))

شەست و پێنج: یادی خودا بەربەستێکە لەنێوان بەندە و دۆزەخدا، کاتێك ڕێگەیەکی بۆ دۆزەخ بە روودا دەکرێتەوە بە هۆی کردارێك لە کردارەکانییەوە یادی خودا دەبێتە بەربەست و داخەری ئەو ڕێگەیە، ئەگەر کەسەکە بە هەمیشەیی و بەتەواویی لە یادی خودادا بوو دەبێتە بەربەستێکی مەحکەم کە هیچ دەرچەیەك بۆ دۆزەخ ناهێڵێتەوە و کڵۆمیان دەکات.

"عبدالعزيز بن أبي رواد" دەڵێت: پیاوێك لە دەشت و سارادا مزگەوتێکی دروست کردبوو، لە قیبلەکەیدا حەوت بەردی دانابوو، کاتێك کە نوێژەکەی دەکرد دەیوت: ئەی بەردەکان ئێوە بە شاهید بن کە هیچ خودایەك نییە جگە لە "الله" بە تاکوتەنهایی، دەڵێ: ئەو پیاوە نەخۆش کەوت، ڕۆحیان بەرزکردەوە بۆ ئاسمان، دەڵێت(پیاوەکە): لە خەوندا بینیم فەرمان کرا بۆ ئەوەی بمبەن بۆ ئاگر، دەڵێ: یەکێك لە بەردەکانم بینی کە زانیم زۆر گەورە بووە یەکێك لە دەرگاکانی دۆزەخی لێ داخستم، دەڵێ: دواتر هێنامیان بۆ دەرگایەکی تر، یەکێکی تر لە بەردەکان کە دەمزانی زۆر گەورە بووە دەرگایەکی تری دۆزەخی لێ داخستم، دەڵێ: پاشان هێنامین بۆ دەرگایەکی تر، بینینم یەکێکی تر لە بەردەکان کە دەمزانی زۆر گەورە بووە دەرگایەکی تری دۆزەخی لێ داخستم، تا هەموو بەردەکان هەموو دەرگاکانی دۆزەخیان لێ داخستم.[1]

شەست و شەش: فریشتەکان داوای لێخۆشبوون بۆ کەسی یادکەر دەکەن وەك چۆن داوای لێخۆش بوون بۆ کەسی تەوبەکار دەکەن، وەك ئەوەی "حسين المعلم" دەیگێڕێتەوە، لە "عبد الله بن بريدة"ەوە لە "عامر الشعبي"ەوە لە "عبدالله بن عمرو

---

[1] أخرجه ابو القاسم التيمي الأصبهاني في "الترغيب والترهيب".

بن العاص"ەوە فەرمووی: لە کتێبی دابەزێنراوی خودادا بینیومە: کاتێك بەندەیەك دەڵێت: ((الحمد لله)) فریشتەکان دەڵێن: "رب العالمین"، کاتێك دەڵێت: ((الحمد لله رب العالمین)) فریشتەکان دەڵێن: ((خودایە لە بەندەکەت خۆش ببە)) کاتێك بەندەکە دەڵێت: ((سبحان الله)) فریشتەکان دەڵێن: ((وبحمده)) کاتێك دەڵێت: ((سبحان الله وبحمده)) فریشتەکان دەڵێن: ((خودایە لە بەندەکەت خۆش ببە)) کاتێك دەڵێت: ((لا إله إلا الله)) فریشتەکان دەڵێن: ((والله أکبر)) کاتێك دەڵێت: ((لا إله إلا الله والله أکبر)) فریشتەکان دەڵێن: ((خودایە لە بەندەکەت خۆش ببە))[1]

شەست و حەوت: شاخەکان و بیابانەکان و شوێنە چۆڵەکان شانازی دەکەن و مژدە دەدەن بەو کەسەی یادی خودای موتەعال دەکات.

ئیبن مەسعود دەفەرموێ: چیایەك بە ناوەکەی بانگ لە چیایەکی تر دەکات، ئایا ئەمڕۆ کەست بەلادا تێپەڕی یادی خودا بکات؟ یەکێکیان دەڵێ: بەڵێ، و یەکێکیان دەڵێ: نەخێر.

"الأعمش" لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: چیایەك بە ناوەکەی بانگ لە چیایەکی تر دەکات: ئەی فلان، ئایا ئەمڕۆ کەسێکت بە پاڵدا تێپەڕی یادی خودا بکات؟ هەیانە دەڵێ: نەخێر و هەیانە دەڵێ: بەڵێ.[2]

شەس و هەشت: زۆرکردنی یادی خودا مرۆڤ لە دووڕوویی(نفاق) قوتار دەکات، چونکە دووڕووان زۆر کەم یادی خودا دەکەن، خودا(عزوجل) دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٤٢﴾﴾ النساء: ١٤٢، تەنها کەمێك یادی خودا دەکەن.

کەعب دەفەرموێت: هەر کەس یادی خودای زۆر کرد لە نیفاق رزگاری بووە.[3]

بۆیە -خودا زاناترە- کۆتایی سورەتی "المنافقین" بەم ئایەتە هاتووە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾

---

١ كتاب ابن أبي الدنيا في "الذكر" لم يطبع حتى الآن.

٢ ورد بعضه عن أنس موقوفا عند ابن أبي شيبة في "المصنف" وابن المبارك في "الزهد"، وأخرجه الطبراني في "الأوسط" وأبو نعيم في "الحلية".

٣ أخرجه البيهقي في "الشعب".

المنافقون: ٩، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ماڵ و منداڵتان لە یادی خودا بێناگاتان نەکات، ئەوانەی ئەو کارە دەکەن ئەوانە کەسانێکی زیانۆمەندن.

دەربارەی "الخوارج" لە هەندێ لە هاوەڵان پرسیار کرا-خوایان لێ رازی بێت-: ئایا ئەوانە دووڕووانن؟ فەرمووی: نەخێر، دووڕووان زۆر کەم یادی خودا دەکەن.[1]

نیشانەی نیفاق بریتییە لە: کەمی یادی خودا(عزوجل) بۆیە زۆرکردنی یادی خودا سەلامەتی لە نیفاق بەرهەم دەهێنێت، خودا(عزوجل) بەخشندەتر و بەڕێزترە لەوەی دڵێکی یادکەر بە نیفاق گیرۆدە بکات، بەڵکو ئەوە بۆ دڵانێکە لە یادی خودا بێئاگا بووە.

شەست و نۆ: یادی خودا لەناو هەموو کاروکردەوەکاندا تام و چێژێکی وای تێدایە کە لە هیچ تامێك ناچێت، گەر پاداشت بۆ کەسی یادکەر تەنها ئەو تام و چێژە بەدەستهاتووە و ئەو خۆشییە بێت کە بۆ دڵ بەرهەم دێت، ئەوا ئەوەی بۆ بەس بوو، بۆیە کۆڕی یادی خودا بە باخچەکانی بەهەشت ناوبراوە.

مالیکی کوڕی دینار دەفەرموێت: هیچ چێژکەرێك بە ئەندازەی یادکەرانی خودا(عزوجل) چێژیان وەرنەگرتووە.

هیچ کارێکی چاکە بە ئەندازەی یادی خودا سووك و ئاسان نییە، و بە ئەندازەی ئەوە تام و چێژی نییە، و هیچ خۆشی و سرووڕێك بۆ دڵ ناگاتە خۆشی و سرووری یادی خودا.

حەفتا: یادی خودا -لە دونیادا- گەشاوەییەك دەخاتە ڕوخساری کەسەکەوە، و نوورێکی لە دواڕۆژدا پێ دەبەخشێت، بۆیە یادکەران گەشاوەترین ڕوخساریان لە دونیادا هەیە و زۆرترین نووریان لە دواڕۆژدا پێ دەبەخشرێت.

لەو فەرموودە"مرسل"انەی کە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەگێڕنەوە، فەرموویەتی: ((هەر کەس لە ڕۆژێکدا سەد جار بڵێت: " لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ يُحْيِي وَيُمِيتُ بيده الخير وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ " لە ڕۆژی دواییدا ئەو کەسە دێت و ڕوخساری لە مانگی چواردە نوورانی ترە))[2]

---

١ أخرجه ابن أبي شيبة في "المصنف".

٢ أخرجه بنحوه الطبراني في "مسند الشاميين".

حەفتا و یەك: بەردەوام بوون لە یادی خودا لەسەر ریگاوبان و لە ماڵەوە و لە نیشتەجێبوون و لە سەفەر و شوێنە جیاجیاکاندا زۆربوونی شاهیدە بۆ کەسەکە لە رۆژی دواییدا، چونکە شوێن و ماڵ و شاخ و دەشت و زەوی شایەتی بۆ کەسی یادکەر دەدەن لە رۆژی دواییدا.

خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿إِذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ۝١ وَأَخْرَجَتِ الْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ۝٢ وَقَالَ الْإِنسَانُ مَا لَهَا ۝٣ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ۝٤ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا﴾ الزلزلة: ١- ٥.

"الترمذي" لە جامیعەکەیدا ریوایەتی کردووە لە "سعيد المقبري"ەوە لە "ابي هريرة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەم ئایەتەی خودێندەوە:﴿ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ۝٤ ﴾ الزلزلة: ٤، ئەو رۆژە هەواڵەکانی باس لێوە دەکات، پاشان فەرمووی: دەزانن گێڕانەوەی هەواڵەکانی چییە؟ وتیان: خودا و پێغەمبەر زاناترن، فەرمووی: هەواڵەکانی ئەوەیە کە شایەتی بدات لەسەر هەموو بەندەیەکی نێر و مێ بەوەی لەسەر پشتی ئەنجام دراوە، دەڵێت: فلاڵن رۆژ ئەوە و ئەوە و ئەوەی ئەنجام دا)) "الترمذي" دەڵێت: ئەمە فەرموودەیەکی حەسەن و سەحیحە.[1]

ئەو کەسەی لە هەموو جێگە و شوێنێك یادی خودا(ﷻ) دەکات شایەتەکانی زۆر دەبن، رجاوایە زۆربەی ئەو شاهیدانە لە رۆژی راستبوونەوەی شاهیدەکان و شایەتیداندا شایەتییەکانیان قبوڵ بکرێت، ئەو رۆژە مرۆڤ دڵخۆش و شاگەشکە ببێت بە شایەتییەکانیان.

حەفتا و دوو: خەریکبوون بە یادی خوداوە کەسەکە لە قسە و باسی پووچ دووردەخاتەوە، لەوانە غەیبەت و دووزمانی و لەغو و مەدحی خەڵکی و زەمکردن و شتانی تر، زمان لە قسەکردن ناکەوێت، جا یان دەبێت بە زمانێکی یادکەر یان دەبێت بە زمانێکی لەغوکەر، هەر دەبێ یەکێکیان ئەنجام بدات.

ئەوە نەفسە، گەر لە حەقدا سەرقاڵی نەکەی لە باتڵدا سەرقاڵت دەکات، ئەوە دڵە گەر خۆشەویستی خودا تیایدا نیشتەجێ نەبێت، ئەوا هەر دەبێت خۆشەویستی

---

١ اخرجه الترمذي واحمد والنسائي.

دروستکراوەکانی تیادا نیشتەجێ ببێت، ئەوە زمانە گەر بە یادی خوداوە سەرقاڵی نەکەی بە لەغو و بێماناییەوە سەرقاڵت دەکات، ئەوەش دەبێتە کۆڵی گوناه بەسەرتەوە، بۆیە یەکێك لەم دوو رێگەیە هەڵببژێرە، و نەفست لە یەکێك لەم دوو مەنزیلەیدا دابنێ.

جەفتا و سێ: ئەمە ئەوە بوو کە لە سەرەتاوە باسمان کرد، و ئاماژەیەکمان پێکرد، لێرەدا روونتر قسەی لەبارەوە دەکەین، ئەمەش بەهۆی ئەو سوودە مەزنەی کە لێیەوە بەدەست دێت، و هەموو کەسێك پێی ئاتاجە و زەروورییەتی، شەیتانەکان کە دوژمنی مرۆڤن وەحشەت و نامۆیی بۆ مرۆڤ دروست دەکەن، دەبێ حاڵی کەسێك چۆن بێت دوژمنەکانی وەحشەت و نامۆییان بۆ دروست کرد بێت و بە رقەوە دەستیان لە بینی نابێت و ئابڵۆقەیان دابێت، و هەر یەکەیان بڕێك ئازار و شەڕ و خراپەی بەسەردا دابارێنن؟

هیچ رێگەیەك بۆ بڵاوە پێکردنی دەستەی ئەوانە بوونی نییە جگە لە یادی خودا(ﷻ).

لە فەرموودەیەکی مەزن و شکۆمەند و پایەداردا هاتووە -کە پێویستە هەموو موسڵمانێك لەبەری بکات- ئێمەش بەدوورودرێژی خۆی باسی دەکەین بەهۆی سوودی زۆرییەوە و پێویستی خەڵکی بۆی، ئەوەش بریتییە لە فەرموودەکەی سەعیدی کوڕی موسەیب کە لە "عبدالرحمن بن سمرة بن حبیب"ەوە ریوایەتی کردووە دەڵێت: رۆژێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) هاتە دەرەوە بۆ لامان ئێمە لە سوفەی مەدینە بووین، لەناوماندا هەستا و فەرمووی: ((من دوێنێ شەو شتی سەیر و سەمەرەم بینی، پیاوێکم لە ئومەتی خۆم بینی فریشتەی گیانکێش(ملك الموت) هات بۆ ئەوەی رۆحی بکێشێت، چاکەی لەگەڵ دایك و باوکی هات و فریشتەی گیانکێشی لێ رەدکردەوە، پیاوێکم بینی سزای گۆڕی بەروودا کرابوویەوە، دەستنوێژەکەی هات و لەوە رزگاری کرد، پیاوێکم بینی لە ئومەتەکەم شەیتانەکان وەحشەت و نامۆییان بۆ دروست کرد بوو، یادی خودا(ﷻ) هات و شەیتانەکانی لێ دەرکرد، پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی فریشتەی سزا وەحشەت و نامۆبوونیان بۆ دروست کرد بوو، نوێژەکەی هات و لەدەستی ئەوانە رزگاری کرد، پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی لە تینوێتیدا گڕی گرتبوو-لە ریوایەتێکدا زمانی هاتبووە دەرەوە- هەر کات لە حەوزە ئاوێك نزیك دەبوویەوە

ڕێگەی لێ دەگیرا و دەردەکرا، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی هات و ناوی پێ دا و پاراوی کرد، پیاوێکم لە ئەمەتەکەم بینی و پێغەمبەرانم بینی ئەڵقە ئەڵقە دەنیشتبوون، لە هەر ئەڵقەیەك نزیك دەبوویەوە دەردەکرا خۆشۆردنی لە لەشگرانی هات و دەستی گرت و لە تەنیشتنی منەوە دایناء پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی بەردەمی تاریك بوو، دواوەی تاریك بوو، لای ڕاستی تاریك بوو، لای چەپی تاریك بوو، سەرەوەی تاریك بوو ژێرەوەی تاریك بوو، ئەو لەناو ئەو تاریکییەدا سەرسام مابوو، حەج و عەمرەکەی هاتن و لەو تاریکییە قوتاریان کرد، و خستیانە ناو نوورەوە، پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی بەدەستی ڕوخساری خۆی لە کلپە و بلێسەی ئاگر دەپاراست صەدەقەکردنی هات و بوو بە دیوارێك لە نێوان ئەو و ئاگردا، و لەسەر سەریەوە سێبەری بۆ کرد، پیاوێکم بینی لە ئومەتەکەم قسەی لەگەڵ باوەڕداراندا دەکرد و قسەیان لەگەڵ نەدەکرد، سیلەی ڕەحمەکەی هات و وتی: ئەی کۆمەڵەی موسڵمانان، ئەم پیاوە سیلەی ڕەحمی بەجێدەهێنا قسەی لەگەڵ بکەن، ئەوانیش قسەیان لەگەڵ کرد و تەوقەیان لەگەڵ کرد و ئەویش بە هەمان شێوە، پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی زەبانییەکانی دۆزەخ وەحشەت و نامۆبوونیان بۆ دروست کرد بوو، ئەمر بە مەعروف و نەهی لە مونکەرەکەی هات و لە دەستی ئەوانە ڕزگاری کرد، و دایە دەستی فریشتەی ڕەحمەت، پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی هاتبوو بە چۆکدا، لە نێوان ئەو و خوداداا(عزوجل) حیجاب بوونی هەبوو، ئەخلاق جوانییەکەی هات و دەستی گرت و بردی بۆ لای خودا(عزوجل) پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی لاپەڕەی کردارەکانی بۆ لای چەپی بوون، ترسی لە خودا هات و لاپەڕەکەی لێ وەرگرت و دایە دەستی ڕاستی، پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی ترازووی چاکەکانی سووك بوو ڕۆژە تاڵەکانی هاتن و ترازووەکەیان قورس کرد، پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی لە لێواری دۆزەخدا بەپێوە وەستا بوو ڕجا و ئومێدی بە خودا(عزوجل) هات و لەو دۆخە قوتاری کرد و ڕۆیشت، پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی هەڵدرایە ناو ئاگرەوە فرمێسکەکانی کە لە ترسی خودا(عزوجل) گریا بوو هاتن و لە ئاگر ڕزگاریان کرد، پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی لەسەر پردی سیرات بە پێوە وەستابوو دەلەرزی وەك لەرزینی پەلی دارخورما لە ڕۆژێکی ڕەشەبای بەهێزدا، گومانی باشی بە خودا (عزوجل)

هات و لەرزینەکەی نەهێلا و رۆیشت، پیاوێکم لە ئومەتەکەم بینی لەسەر پردی سیرات لەسەر سك دەڕۆیشت و هەندێ جاریش بە گاوەڵکێ و هەندێ جاریش دەگیرا صەڵەواتی لە دیداری من هات و بەرزیکردەوە سەرپێ و رزگاری کرد، پیاوێکم بینی لە ئومەتەکەم گەیشتە دەرگاکانی بەهەشت و بەرووبدا داخران شەهەدەتی "لا إله إلا الله" هات و دەرگاکانی بۆ کردەوە و خستییە بەهەشتەوە)) ئەم فەرموودەیە "الحافظ أبو موسى المديني" لە کتێبی"الترغيب في الخصال المنجية والترهيب من الخلال المردية"دا ریوایەتی کردووە، کتێبەکەی لەسەر دامەزراندووە و بووە بە شەرحی ئەم فەرموودەیە، هەروەها دەفەرموێت: ئەم فەرموودەیە زۆر حەسەنە، لە "سعيد بن المسيب"ەوە هەر سێ:"عمر بن ذر" و "على بن زيد جدعان" و "هلال ابو جبلة" ریوایەتیان کردووە.[1]

شێخولئیسلام "ابن تيمية"-قدس الله روحه- شانوشکۆی ئەم فەرموودەی زۆر مەزن تەماشا دەکرد، پێمگەیشتووە کە فەرموویەتی: بەڵگەی دروست لەسەر دروستی ئەرموودەکە بوونی هەیە.

مەبەست لەو بەشەی فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ) :((پیاوێکم بینی لە ئومەتەکەم شەیتانەکان وەحشەت و نامۆییان بۆ دروست کرد بوو، یادی خودا(ﷻ) هات و شەیتانەکانی لێ دەرکرد)) ئەمە تەبایە لەگەڵ فەرموودەکەی "الحارث الأشعري" کە لەم کتێبەدا شەرحمان کردووە.

ئەو بەشەی فەموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ) کە تیایدا دەفەرموێت: ((فەرمانتان پێ دەکەم بە یادی خودا(ﷻ) نموونەی ئەوە وەك پیاوێك وایە کە دوژمنەکەی بە دواوەیەتی، بەپەلە بۆ گرتنی دەردەچن، ئەویش دەڕوات تا دەگاتە قەلایەکی تۆکمە و دامەزراو خۆی تێدەخات و لە دەستیان رزگاری دەبێت))

شەیتانیش هەر بەو جۆرەیە، بەندەکان ناتوانن خۆیانی لەدەست قوتار بکەن مەگەر تەنها بە یادی خودا(ﷻ).

---

[1] هذا الحديث يرويه عبدالرحمن بن سمرة-رضي الله عنه- وعنه: المجاهد وسعيد بن المسيب.

لە"الترمذي"دا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە، فەرمووی: پێغەمبەری خوداﷺ فەرمووی: ((هەر کەس بڵێت-واتە کاتێك لە ماڵەوە دەردەچێت- "بسم الله، توكلت على الله، لا حول ولا قوة إلا بالله" پێی دەوترێت: ئەوەندەت بەسە، هیدایەتت دەدرێت و پارێزگریت لێ دەکرێت، شەیتانیش خۆی لێ کەنارگیر دەکات، دەڵێت بە شەیتانێکی تر: تۆ چۆن دەتوانی روو لە کەسێك بکەی هیدایەت دراوە و بێنیازکراوە و پارێزگاری لێ کراوە؟)) ئەم فەرموودەیە "أبو داود والنسائي و الترمذي" ریوایەتیان کردووە و "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[1]

پێشتر ئەو فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) ناماژەی پێکراوە کە دەفەرموێت: ((هەر کەس- لە رۆژێکدا سەد جار- بڵێ: " لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ " لە شەیتان دەیپارێزێت هەتا ئێوارە))

سوفیان لە "أبي الزبير"ەوە ریوایەتی کردووە ئەویش لە "عبدالله بن ضمرة"ەوە ئەویش لە "كعب"ەوە فەرمووی: ((ئەگەر پیاوێك لە ماڵەوە دەرچوو وتی: "بسم الله" فریشتەیەك دەڵێت: هیدایەت درایت، کاتێك دەڵێ: "توكلت على الله" فریشتەکە دەڵێت: بێنیاز کرایت، کاتێك دەڵێت: "لا حول ولا قوة إلا بالله" فریشتەکە دەڵێت: پارێزگاریت لێکرا، شەیتانەکان هەندێکیان بە هەندێکیان دەڵێن: بگەڕێنەوە، هیچ ڕێگەیەك بۆ سەری لەبەردەمتاندا کراوە نییە، ئێوە چی دەکەن لە کەسێك: بێنیازکرابێت و هیدایەت درابێت و پارێزگاری لێکرابێت؟))[2]

"أبو خلاد البصري" دەڵێت: هەر کەس بچێتە ناو ئیسلامەوە دەچێتە ناو قەلایەکەوە، هەر کەس بچێتە ناو مزگەوتەوە دەچێتە ناو دوو قەلاوە، هەر کەس لە ئەڵقەیەکدا دابنیشێت یادی خودا(ﷻ) بکات دەچێتە ناو سێ قەلاوە.

"الحافظ أبو موسى" لە کتێبەکەیدا لە فەرموودەکەی "عمران الجويني"ەوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە-خوا لێی رازی بێت- لە پێغەمبەری خوداوەﷺ فەرمووی: ((کاتێك

---

١ سيأتي تخريجه.

٢ أخرجه المعمر في "الجامع" وابن أبي شيبة في "المصنف" و أبو نعيم في "الحلية" بإسناد صحيح.

بەندە لایەکی خۆی دەخاتە سەر جێگەکەی و دەڵێت: "بسم الله" و پاشان سورەتی "الفاتحة" دەخوێنێت، لە شەڕی جن و ئینس سەلامەت دەبێت، هەروەها لە شەڕی هەموو شتێك))[1]

لە "صحيح البخاري"دا لە حەمەدی کوڕی سیرینەوە لە "أبي هريرة"ەوە -خوا لێی ڕازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەر کردمی بە سەرپەرشتیاری زەکاتی ڕەمەزان تاکو پارێزگاری لێ بکەم، یەکێك هات بۆ لام، دەستی کرد بە هەڵگرتنی خواردن، منیش گرتم، وتی: بەرمبدە من جارێکی تر ناگەڕێمەوە...)) فەرموودەکەی باس کرد، فەرمووی: لە سێیەم جاردا وتی: چەند وشەیەکت فێردەکەم کە خودا بەهۆیەوە سوود بە تۆ دەگەیەنێت، کاتێك ڕۆیشتییە ناو جێگەی نوستن "آية الكرسي" بخوێنە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، چونکە بەردەوام لە خوداوە پارێزگاری لە تۆ دەکرێت، شەیتانیش لێت نزیك نابێتەوە هەتا ڕۆژت لێ دەبێتەوە، بۆیە ڕێگەی دا بڕوات، نەم قسە و هەواڵەی بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) گەیاند، فەرمووی: ڕاستی لەگەڵ کردووی و نەو زۆر درۆزنە))[2]

"الحافظ أبو موسى" ڕیوایەتی کردووە لە "أبي الزبير"ەوە نەویش لە "جابر"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((کاتێك مرۆڤ دەچێت بۆ ناو جێگەکەی فریشتەیەك و شەیتانێك دەستپێشخەری دەکەن بۆ سەری، فریشتەکە دەڵێ: بەخێر- ڕۆژەکەت- کۆتایی پێ بهێنە، شەیتانەکەش دەڵێ: بەشەڕ-ڕۆژەکەت- کۆتایی پێ بهێنە، ئەگەر یادی خودای کرد تا بەسەریدا زاڵ دەبێت-واتە خەو- فریشتەکە شەیتان ڕاودەنێت و دەریدەکات و بەردەوام دەیپارێزێت، کاتێکیش بەناگا دێت فریشتەیەك و شەیتانێك دەستپێشخەری دەکەن بۆ سەری، فریشتەکە دەڵێ: بەخێر دەستپێبکە، شەیتانەکەش دەڵێت: بەشەڕ دەستپێبکە، گەر وتی: "الحمد لله الذي أحيا نفسي بعد موتها ولم يمتها في منامها، الحمد لله الذي يمسك التي قضى عليها الموت ويرسل الأخرى إلى أجل مسمى، الحمد لله الذي يمسك السموات والأرض أن تزولا ولئن زالتا إن

---

[1] أخرجه البزار والديلمي.

[2] صحيح البخاري مغلقا بصيغة الجزم، ووصله النسائي، وابن خزيمة في "صحيحه".

أمسكهما من أحد من بعده، الحمد لله الذي يمسك السماء ان تقع على الأرض إلا بإذنه" فريشتەكە شەيتان راودەنێت و دەريدەكات و بەردەوام دەيپارێزێت))[1]

لە هەردوو سەحيحەكەدا هاتووە: لە "سالم بن أبي الجعد"ەوە لە "كريب"ەوە لە "ابن عباس"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر يەكێك لە ئێوە چوود لای هاوسەرەكەی و وتی: "اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا" كەر منداڵێك لە نێوانيان پەيدا ببێت هەرگيز شەيتان زيانی پێ ناگەيەنێت))[2]

"الحافظ ابو موسى" ريوايەتی كردووە لە "الحسن بن علي"ەوە فەرمووی: من دەبە كەفيلی نەو كەسەی نەم بيست نايەتە دەخوێنێت كە خودای موتەعال لە دەسەلاتی هەموو ستەمكارێك بيپارێزێت، هەروەها لە هەموو شەيتانێكی مارید و لە هەموو درندەيەكی زيانبەخش و لە هەموو دزێكی دەستدرێژكار: "آية الكرسي" و سێ نايەت لە سورەتی "الأعراف"﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ هەتا﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٥٤﴾﴾ الأعراف: ٥٤-٥٧، دە نايەتی سەرەتای "الصافات" و سێ نايەت لە "الرحمن"﴿يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنِ ٱسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا۟ مِنْ أَقْطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ فَٱنفُذُوا۟ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَٰنٍ ﴿٣٣﴾ فَبِأَىِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٤﴾ يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ فَلَا تَنتَصِرَانِ ﴿٣٥﴾﴾ الرحمن: ٣٣ - ٣٥ و كۆتايی سورەتی "الحشر"﴿لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ﴾ الحشر: ٢١، ...هەتا كۆتايی سورەتەكە))[3]

"محمد بن أبان" دەڵێت: پياوێك خەريكی نوێژكردن بوو لە مزگەوت، شتێك لە تەنيشتييەوە پەيدا بوو، ترس داگيری كرد، وتی: هيچ ترسێكت لە من نەبێت، من لەبەر خودا هاتووم بۆ لای تۆ، بچۆ بۆ لای "عروة" و پرسياری لێ بكە: بە چ شتێك پەنا دەگرێت بە خودا لە شەيتانێك لە شەيتانەكان؟ وتی: پێم وت: من تەنها نيمانم بە خودای مەزن هێناوە، و كوفرم بە "جبت و طاغوت" كردووە و دەستم گرتووە بە

---

١ أخرجه النسائي في "عمل اليوم والليلة" وابن خزيمة في "صحيحه".

٢ صحيح البخاري وصحيح مسلم.

٣ أخرجه الخطيب البغدادي في "تاريخ بغداد" وابن أبي الدنيا في "الذكر".

گرتی نەپساوی ئیسلامەوە، خودا بیسەر و زانایە، خودا بۆ من بەسە و بێنیازم دەکات و هەر کەس دوعا بکات دەیبیستێ، لەو دیو خوداوە کۆتایی بوونی نییە.[1]

"بشر بن منصور" دەڵێت لە "وهیب بن الورد"ەوە وتی: پیاوێك شەوێك دەچێت بۆ گۆڕستان، دەڵێ: گوێم لە دەنگێکی گەورە بوو، جێگەیەکیان هێنا و دایان خست، شتێك هات و لەسەری دانیشت، وتی: سەربازەکانی لە دەوری کۆبوونەوە، پاشان هاواری کرد و وتی: کێ "عروة بن الزبیر"م بۆ لە ئەستۆ دەگرێت؟ هیچ کامیان وەلامیان نەدایەوە، هەتا چەندین جار -خودا بیەوێت- ئەو دەنگە دووبارە بوویەوە، بەکێکیان وتی: من لە ئەستۆی خۆمی دەگرم، دەڵێ: بەرەو مەدینە رۆیشت و من سەیرم دەکرد، پاشان گەڕایەوە و وتی: رێگەیەك نییە بۆ گەیشتنە "عروة"ە، پێی وت: دۆزەخی، بۆچی؟ وتی: بینیم کە بەیانی لێ دەبێتەوە و ئێوارەی بەسەردا دێت کۆمەڵێك وشە دەخوێنێت، بۆیە بەهۆی ئەو وشانەوە دەستی ئێمە بە ئەو ناگات، پیاوەکە دەڵێ: کە رۆژم لێ بوویەوە وتم بە خانەوادەکەم: ئامادەم بکەن بۆ سەفەر، هاتم بۆ مەدینە، پرسیاری "عروة"م کرد و نیشانیان دام، بینیم پیاوێکی زۆر پیرە، وتم: چ شتێك دەڵێی کاتێك رۆژت لێ دەبێتەوە یان کاتێك ئێوارەت بەسەردا دێت؟ نەیویست هەواڵم پێ بدات، ئەوەی بینیبووم و بیستبووم بۆم گێڕایەوە، فەرمووی: چووزانم، جگە لەوەی کە رۆژم لێ دەبێتەوە دەڵێم: " آمَنْتُ بِاللّٰهِ الْعَظِيمِ، وَكَفَرْتُ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ، وَاسْتَمْسَكْتُ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انْفِصَامَ لَهَا، وَاللّٰهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ " کە رۆژم لێ دەبێتەوە سێ جار دەیڵێم، کە ئێوارەم بەسەردا دێت سێ جار دەیڵێم.[2]

"ابو موسی" لە "مسلم البطین"ەوە دەگێڕێتەوە وتویەتی: ((جبریل(سلامی خوای لێبێ) بە پێغەمبەری فەرموو: عیفریتێك لە جن دەیەوێت فێڵت لێ بکات، کە دەچییە ناو جێگە بڵێ: "أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ، الَّتِي لا يُجَاوِزُهُنَّ بَرٌّ وَلَا فَاجِرٌ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ، وَبَرَأَ وَذَرَأَ، وَمِنْ شَرِّ مَا يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ، وَمِنْ شَرِّ مَا يَعْرُجُ فِيهَا، وَمِنْ شَرِّ مَا ذَرَأَ

---

[1] حلية الأولياء.

[2] أخرجه ابن أبي الدنيا في "الهواتف" وابن عساكر في "تاريخ دمشق".

فِي الأَرْضِ، وَمِنْ شَرِّ مَا يَخْرُجُ مِنْهَا، وَمِنْ شَرِّ فِتَنِ اللَّيْلِ والنَّهَارِ، ومِنْ شَرِّ كُلِّ طَارِقٍ إلاَّ طَارِقاً يَطْرُقُ بِخَيْرٍ يَارَحْمنُ"))[1]

له دوو سەحیحەکەدا جێگیر بووە کە شەیتان لە بانگ هەڵدێت.

"سهيل بن أبي صالح" دەڵێت: باوکم ناردمی بۆ "بني حارثة" منداڵێکم-یان هاوەڵێکم- لەگەڵ بوو، بانگکەرێك لە دیوارێکەوە بە ناوی خۆی بانگی -منداڵەکەی-کرد، ئەوەی لەگەڵم بوو سەرکەوت بەسەر دیوارەکەدا، بەڵام هیچی نەبینی، ئەوەم بۆ باوکم گێڕایەوە، فەرمووی: گەر بزانیبایە تووشی ئەوە دەبیت نەمدەناردی، بەڵام گەر دەنگێکت بیست بانگی بدە، من گوێم لە "أبا هريرة" بوو لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) دەیگێڕایەوە، فەرموویەتی: ((شەیتان کاتێك بانگ دەدرێت پشت هەڵدەکات و بای لێ بەردەبێت))[2]

لە ریوایەتێکدا: ((کاتێك گوێی لە بانگ دەبێت پشت هەڵدەکات و لێی بەردەبێت تاکو بانگەکە نەبیستێت....)) فەرموودەکە.[3]

"الحافظ أبو موسى" لە "أبي رجاء"ەوە ریوایەتی کردووە، ئەویش لە "أبي بكر الصديق"ەوە -خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((زۆر "لا إله إلا الله" و "أستغفر الله" بکەن، شەیتان دەڵێت: بە گوناه هەموویانم تیابرد، ئەوانیش بە وتنی: "لا إله إلا الله" و "أستغفر الله" منیان تیابردووە، کە ئەوەم لێرە بینین بە هەوا و ئارەزوو رووبەڕووی تیاچوونم کردنەوە، تا وا گومان دەبەن ئەوان لەسەر هیدایەت بن و داوای لێخۆشبوون لە خودا نەکەن))[4]

هەروەها"الحافظ أبو موسى" لە "إبراهيم بن الحكم" دەگێڕێتەوە ئەویش لە باوکییەوە، لە "عكرمة"ەوە دەڵێت: پیاوێکی موسافیر بە پاڵ پیاوێکی خەوتوودا گوزەر دەکات، دوو شەیتانی لە پاڵدا دەبینێت، موسافیرەکە گوێی لێ دەبێت یەکێك لە دوو شەیتانەکە بە هاوەڵەکەی خۆی دەڵێ: برۆ دڵی ئەم خەوتووە تێکبدە، کە لێی

---

١ أخرجع معمر في "الجامع" وابن أبي شيبة في "المصنف" مرفوعا، وأخرجه النسائي في "عمل اليوم و الليلة.

٢ أخرجه البخاري ومسلم.

٣ أخرجها البخاري.

٤ أخرجه ابن أبي عاصم في "السنة" و أبو يعلى في "مسنده" والطبراني في "الدعاء".

نزیك بوویەوە گەڕایەوە و وتی: بە خوێندنی ئایەتێکەوە خەوتووە کە ڕێگەی بۆ نێمە نەهێڵاوەتەوە، ئەویش ڕۆیشت بۆ لای خەوتووەکە کاتێك لێی نزیك بوویەوە گەڕایەوە و وتی: ڕاست دەکەی، دواتر هەردوو ڕۆیشتن، پاشان موسافیرەکە پیاوە نووستووەکەی بە ناگا هێنا و هەواڵی ئەوەی پێدا کە بینیبووی لە دوو شەیتانەکە، و پرسیاری لێ کرد: لەسەر چ ئایەتێك خەوتی؟ وتی لەسەر ئەم ئایەتە: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ ۗ أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ الأعراف: ٥٤

"أبو النضر هاشم بن القاسم" دەڵێت: لە ماڵەکەم دەمبینی[1]، پێم وترا: ئەی "أبا النضر" دەرچۆ لە جیرانیمان، دەڵێ: ئەوە زۆر لەسەرم گران بوو، بۆیە نامەیەکم بۆ "ابن إدريس و المحاربي و أبي أسامة" نووسی لە کوفە، لە وەڵامدا "المحاربي" بۆی نووسی بووم:

بیرێك لە مەدینە هەموو جارێ حەبلی سەتڵەکەی دەپچڕا، دەستەیەك لە خەڵکی هاتنە سەر ئەو بیرە و ئەوانیش[2] سکاڵای خۆیان لای ئەو دەستەیە کرد، ئەوانیش داوای سەتڵێ ئاویان کرد، پاشان ئەم وشانەیان بەسەردا خوێند و ڕژاندیانەوە ناو بیرەکە، ئاگرێك لە بیرەکە هاتە دەرەوە لەسەر سەری بیرەکە کوژایەوە.

"أبو النضر" دەڵێ: منیش تەشتێ ئاوم هێنا و ئەم وشانەم بەسەردا خوێند و وەشاندم بە هەموو گۆشە و سوچێکی ماڵەکەدا و هاواریان لێ کردم: ئەی "أبا النضر" تۆ نێمەت سووتاند، نێمە لە جیرانی تۆ دەگوێزینەوە.

وشەکان: ((بسم الله، أمسينا بالله الذي ليس منه شيء ممتنع، وبعزة الله التي لا ترام ولا تضام، وبسلطان الله المنيع نحتجب، وباسمائه الحسنى كلها، عائذا من الأبالسة، ومن شر شياطين الإنس والجن، ومن شر كل معلن أو مسر، ومن شر ما يخرج بالليل ويكمن بالنهار، ويكمن بالليل ويخرج بالنهار، ومن شر ما خلق وذرأ وبرأ، ومن شر إبليس

---

[1] واتە جینم دەبینی . (وەرگێڕ)

[2] خەڵکی نیشتەجێی دەوروبەری بیرەکە. (وەرگێڕ)

وجنوده، ومن شر كل دابة أنت آخذ بناصيتها، إن ربي على صراط مستقيم، أعوذ بالله بما استعاذ به موسى وعيسى وإبراهيم الذي وفى من شر ما خلق وذرأ وبرأ، ومن شر إبليس وجنوده، ومن شر ما يتقي-بەناوی خودا، بە خوداوە تیوارەمان لێ هات کە هیچ شتێك لەلای ئەو رێگر نییە، ئیوارەمان لێهات بە عیززەتی خوداوە کە ئاپوخێ و نایەتەوە یەك، بە سوڵتانی توندوتۆڵی خودا پەنادەگرین، بۆ هەموو ئاوە جوانەکانی هانا دەبەین لە هەموو ئیبلیسەکان و شەڕی شەیتانەکانی ئینس و جین، پەنادەگرین بە خودا لە شەڕی ناشکرا و نهێنی، لە شەڕی ئەوانەی بە شەو دەردەچن و بە ڕۆژ خۆیان حەشار دەدەن، لە شەڕی ئەوەی دروستکراوە و بەدیهێنراوە، لە شەڕی ئیبلیس و سەربازەکانی، لە شەڕی هەر گیاندارێك ناوچاوانی لەدەستی تۆدایە، پەروەردگارم لەسەر شارێگەی ڕاست و ڕەوانە، پەنا دەگرم بە خودا لەوەی موسا و عیسا و ئیبراهیمی خاوەن وەفا پەنایان بە خودا لێگرت، لە شەڕی ئەوەی خودا دروستی کردووە و بەدیهێناوە، هەروەها لە شەڕی ئیبلیس و سەربازەکانی و لە شەڕی هەر شتێك مرۆڤ خۆی لێ دەپارێزێت،

اعوذ بالله السميع العليم من الشيطان الرجيم،

بسم الله الرحمن الرحيم:

﴿وَالصَّٰٓفَّٰتِ صَفّٗا ۝١ فَالزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا ۝٢ فَالتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا ۝٣ إِنَّ إِلَٰهَكُمۡ لَوَٰحِدٞ ۝٤ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَرَبُّ ٱلۡمَشَٰرِقِ ۝٥ إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِزِينَةٍ ٱلۡكَوَاكِبِ ۝٦ وَحِفۡظٗا مِّن كُلِّ شَيۡطَٰنٖ مَّارِدٖ ۝٧ لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى ٱلۡمَلَإِ ٱلۡأَعۡلَىٰ وَيُقۡذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٖ ۝٨ دُحُورٗا وَلَهُمۡ عَذَابٞ وَاصِبٌ ۝٩ إِلَّا مَنۡ خَطِفَ ٱلۡخَطۡفَةَ فَأَتۡبَعَهُۥ شِهَابٞ ثَاقِبٞ ۝١٠﴾ الصافات: ١-١٠))

ئەمە هەندێ لەوەی پەیوەستە بەفەرموودەکەی پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) کە دەفەرموێت: ((هەر بەو جۆرە، بەندەش ناتوانێت خۆی لە شەیتان بپارێزێت مەگەر لە ڕێگەی یادی خودای موتەعالەوە))

با لێرە بەدواوە چەند باسێکی بەسوود کە پەیوەستە بە یادی خوداوە –وەك تەواوکاری سوودەکانی تر- باس لێوە بکەین:



جۆرەکانی یادی خودا

یادی خودا دوو جۆرە:

یەکەمیان: یادی ناوە جوانەکانی پەروەردگار و سیفەتەکانی، و مەدح و سەنای خودای موتەعال و پاکڕاگرتن و تەقدیس کردنی لە هەر شتێك شایستەی خودای موتەعال نەبێت.

ئەمەش دیسان دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: سەرهەڵدانی مەدح و سەنای خودا لە کەسی یادکەرەوە، ئەم جۆرەیان ئەوەیە کە لە فەرموودەکاندا باسکراون، وەك: ((سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر)) هەروەها((سبحان الله وبحمده)) هەروەها((لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير)) و هاوشێوەکانی ئەمانە، باشترینی ئەمانە ئەوەیانە کە مەدح و سەنای زۆرتر و زیاتر و گشتگیرتر لە ئامێز بگرێت، وەك: ((سبحان الله عدد خلقه)) ئەمە باشترە لە تەنها وتنی: ((سبحان الله)) هەروەها وتنی: ((الحمد لله، عدد ما خلق في السماء، وعدد ما خلق في الأرض، وعدد ما بينهما، وعدد ما هو خالق)) باشترە لە تەنها وتنی: ((الحمد لله))

ئەمە لە فەرموودەکەی "جويرية"دا-خودا لێی رازی بێت- هاتووە کە پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووە: ((چوار کەلیمەم لە دوای تۆوە وت، سێ جار، گەر پێوانە بکرێن بەوەی وتووتە هەتا ئەمڕۆ ئەوا هاوتایان دەکەن: "سبحان الله عدد خلقه، سبحان الله رضى نفسه، سبحان الله زنة عرشه، سبحان الله مداد كلماته")) "مسلم" ریوایەتی کردووە.[1]

لە "الترمذي و سنن أبي داود"دا لە "سعد بن أبي وقاص"ەوە لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەچنە ماڵی نافرەتێك کە چەو و زیخ و ناوکە خورما لەبەردەستیدا بووە و

---

[1] صحيح مسلم.

تەسبیحاتی خودای پێکردوون، پێغەمبەر پێی فەرموو: ((دەتەوێ هموالت بە شتێك پێ بدەم لەسەرت ئاسانتر بێت و باشتریش بێت لەمە؟)) فەرمووی: ((سبحان الله عدد ما خلق في السماء، وسبحان الله عدد ما خلق في الأرض، وسبحان الله عدد ما بين ذالك، وسبحان الله عدد ما هو خالق، والله أكبر مثل ذالك، والحمد لله مثل ذالك، ولا إله إلا الله مثل ذالك، ولا حول ولا قوة إلا بالله مثل ذالك))[1]

جۆری دووەم: هەواڵدان دەربارەی خودا -تبارك وتعالى- بە ئەحکامی ناوە جوانەکان و سیفەتەکانی، وەك ئەوەی بڵێیت: "خودا(عزوجل) دەنگی بەندەکانی دەبیستێت و جوڵەیان دەبینێ، و هیچ شتێکی شاراوە لە کار و کردەوەکانیان لای خودا شاراوە نییە، و خودا لە باوك و دایکیان بۆ ئەوان بە بەزەییترە، و خودا دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و لەو کەسەی وشترەکەی بزر کردووە و دەگەڕێتەوە بۆ لای بە ئەوپەری بەندەکەی خۆشحاڵترە" و هاوشێوەی ئەمانە.

باشترینی ئەم جۆرەیان ئەوەیە کە: مەدح و سەنای خودا بکەیت بە شتێك کە خودا مەدح و سەنای خۆی پێ کردووە، یان پێغەمبەر(ﷺ) مەدح و سەنای پەروەردگاری پێ کردووە، بەبێ لادان و پەکخستن و بەبێ تەشبیە و نموونەدان.

ئەم جۆرەش دیسان سێ جۆرە: حەمد(الحمد)، و سەنا(الثناء)، و مەجد(المجد).

حەمد: هەواڵدان دەربارەی خودای موتەعال بە سیفاتی کەمالی، لەگەڵ خۆشەویستی خودا و رازیبوون لێی، ئەو کەسەی خودای خۆشبوێت و بێدەنگ بێت حەمدی خودای نەکردووە، هەر بەو جۆرە ئەو کەسەی سەنای خودا دەکات و خۆشیناوێت حەمدی خودای نەکردووە، دەبێت خۆشەویستی و سەنا کۆببێتەوە ئەوجا حەمدی خودای کردووە، گەر جار لە دوای جار چاکەکانی خودا(المحامد)ی باس دەکرد ئەوە بریتییە لە سەنا(الثناء)، گەر مەدح کردنەکەی بە سیفەتی "الجلال والعظمة والكبرياء والملك" بوو ئەوە بریتییە لە مەجد(المجد).

خودای موتەعال لە سەرەتای سورەتی "الفاتحة"دا هەر سێ جۆرەکەی کۆکردۆتەوە،

---

[1] أخرجه الترمذي وابو داود والنسائي.

کاتێك بەندە دەفەرموێت: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ الفاتحة: ٢، خودای موتەعال دەفەرموێ: بەندەکەم حەمدی کردم، کاتێك دەڵێت: ﴿ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ الفاتحة: ٣، خودای موتەعال دەفەرموێ: بەندەکەم سەنای کردم، کاتێك دەڵێت: ﴿ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾ الفاتحة: ٤، خودا دەفەرموێت: بەندەکەم مەجدی کردم (شکۆمەندی کردم)، یان تەمجیدی کردم.[1]

جۆری دووەمی یادی خودا: یادی ئەمر و نەهی و ئەحکامی خودایە، ئەمەش دیسان دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: یادی خودا بەوانە(بە ئەمر و نەهی) وەك هەواڵدانێك بەوەی خودا فەرمانی بەوە کردووە و نەهی لەوە کردووە و ئەوەی پێخۆشە و ئەوەی پێ ناخۆشە و بەوە رازییە و بەوە رازی نییە.

جۆری دووەم: یادی خودا لە کاتی ئەمر کردنیدا، بۆیە دەست بەجێبەجێ کردنی ئەمرەکەی دەکات، هەروەها یادی خودا لە کاتی نەهیکردنیدا، بۆیە خۆی لێ بەدوور دەگرێت و لێی هەڵدێت.

کەوابوو یادی ئەمر و نەهی خودا شتێکە و یادی خودا لە کاتی ئەمر و نەهی خودادا شتێکی ترە، گەر هەموو ئەم جۆرانە بۆ کەسی یادکەر کۆبوویەوە ئەوا یادەکەی دەبێتە باشترین یادی خودا، و باڵاترین و مەزنترین سوودی لێوە بەدەست دەهێنێت.

پابەندبوون بە ئەمر و نەهی خوداوە و وەستان لەسەر سنوورەکانی کە جۆری دووەمی یادی خودایە بریتییە لە فیقهی مەزن(الفقه الأكبر)، ئەوەی دەکەوێتە خوار ئەمەوە - واتە بەیان کردنی ئەحکامەکانی خودا و ئەوەی پێی رازییە و ئەوەی پێیخۆش نییە بە فێربوون و فێرکردن- لە باشترین یادی خودایە گەر نێتی دروست بێت و ئیخلاصی لە کارەکەدا بەدەست هێنابێت.

هەروەها: لە یادی خودا(ﷻ) ئەوەیە کە: یادی نیعمەت و چاکە و کۆمەکییەکانی خودا بکرێت و ئاماژە بە ئاسەواری فەزڵی خودا بکرێت لەسەر بەندەکانی، ئەمەش دیسان لە جۆرە بەرز و باڵاکانی یادی خودایە.

---

[1] أخرجه مسلم في صحيحه.

کەوابوو پێنج جۆر لە یادی خودا بوونی هەیە:

هەندێ جار بە دڵ و بە زمان دەکرێن کە بەرێتین لە باشترین یادی خودا، هەندێ جاریش تەنها بە دڵ کە پلەی دووەمی هەیە و هەندێ جاریش تەنها بە زمان کە پلەی سێیەمی هەیە.

باشترین یادی خودا ئەوەیە دڵ و زمانی تیادا کۆببێتەوە، بەڵام یادی خودا بە تەنها دڵ باشترە لە یادی خودا بە تەنها زمان، چونکە یادکردنی خودا بە دڵ مەعریفە بەرهەم دەهێنێت و پشکۆی خۆشەویستی دەگەشێنێتەوە و حەیا لە مرۆڤدا زیاد دەکات و ترسی خودا بەرهەم دەهێنێت و بانگ دەکات بۆ چاودێری خودایی و کەسەکە لە کەمتەرخەمی -لە گوێڕایەڵییەکان- دەگێڕێتەوە و رێگەی لێ دەگرێت بۆ چوونە ناو پاخیبوون و خراپەوە، بەڵام یادی خودا بە تەنها زمان هیچ یەکێك لەو بەرهەمانە بەرهەم ناهێنێت، گەر شتێکیش بەرهەم بهێنێت کز و لاوازە.

باسی دووەم

(فەزڵی زیکر زۆرترە لە دوعاکردن)

یادی خودا بالاترە لە دوعاکردن، چونکە یادی خودا مەدح و سەنایە بۆ خودا(ﷻ) بە ئەوصافە جوانەکانی و نیعمەت و بەهرەکانی و ناوە جوانەکانی، دوعاش بریتییە لە داوای پێویستییەکانی بەندە لە خودا، ئەوە لە کوێ و ئەمە لە کوێ؟

بۆیە لە فەرموودەدا هاتووە: ((هەر کەس یادی من لە داواکردن لە من بێئاگای بکات باشترینی ئەوەی بە داواکارانی دەدەم بەوی دەبەخشم))[1]

بۆ ئەو مەبەستەیە لە دوعادا باش و پەسەندە کەسی دوعاکەر بە حەمدی خودا دەست پێ بکات و مەدح و سەنای بکات پێش پێویستییەکەی و وتنی داواکەی، وەك لە فەرموودەکەی "فضالة بن عبید"دا هاتووە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) گوێی لە پیاوێك برو لە دوعاکانیدا حەمدی خودای نەکرد و صەڵەواتی لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) نەدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئەو کەسە پەلەی کرد)) پاشان بانگی کرد و بە ئەو و کەسانی تری فەرموو ((گەر کەسێك لە ئێوە دوعای کرد با بە حەمدی پەروەردگاری(ﷻ) و مەدح و سەنای دەست پێ بکات، پاشان صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر لێبدات، پاشان هەر داوایەکی هەیە بیکات)) ئیمام ئەحمەد و "الترمذي" ریوایەتیان کردووە و "الترمذي" دەفەرموێت: فەرموودەیەکی حەسەن و سەحیحە، هەروەها "الحاکم" لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە.[2]

هەر بەو جۆرە دوعاکەی "ذي النون(یونس)"(سلامی خوای لێبێ) کە پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری دەفەرموێت: ((دوعاکەی یونسی برام، هەر کەسێك تەنگەژە و نارەحەتییەکی هەبێت گەر بیخوێنێت خودا دەروو لە نارەحەتییەکەی دەکاتەوە: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ

---

١ تقدم تخريجه.

٢ أخرجه أبو داود والترمذي والنسائي واحمد.

سُبْحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ الأنبياء: ٨٧، هيچ خودايەك بوونى نييە جگە لە تۆ، پاكێتى بۆ تۆ، من لە ريزى ستەمكاران بووم))[1]

لە "الترمذي"دا هاتووە: ((دوعاكەى "ذي النون"(يونس)ى برام كاتێك داواى كرد و لە سكى حوتەكەدا بوو﴿ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ الأنبياء: ٨٧، هەر موسڵمانێك لە هەر شتێكدا ئەو دوعايە بكات خودا وەڵامى دەداتەوە))[2]

هەر بەو جۆرە تەواوى دوعاكانى پێغەمبەرى خودا، صەلات و سەلامى خودا لەسەر بێژەرەكەى بێت.

هەروەها لەو دوعانە دوعاى تەنگانەيە كە دەفەرموێت: ((لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَرَبُّ الأَرْضِ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ -هيچ خودايەك نييە جگە لە خواى مەزنى حەليم، هيچ خودايەك نييە جگە خواى پەروەردگارى عەرشى مەزن، هيچ خودايەك نييە جگە لە خودا پەروەردگارى ئاسمانەكان و پەروەردگارى زەوى و پەروەردگارى عەرشى ريزدار و بەخشندە))[3]

هەروەها لە فەرموودەكەى "البريدة الأسلمي"دا كە ئەهلى سونەن ريوايەتيان كردووە، هەر بەو جۆرە "ابن حبان" لە سەحيحەكەيدا: پێغەمبەرى خودا(ﷺ) گوێى لە پياوێك بوو دەيوت: " اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِأَنَّكَ أَنْتَ اللَّهُ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ الْأَحَدُ الصَّمَدُ، الَّذِي لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَكَ كُفُوًا أَحَدٌ - خودايە، داوات لێدەكەم بەوەى من شايەتى دەدەم تۆ خودايەكى هيچ خودايەك بوونى نييە جگە لە تۆ، كەسێكى تاكوتەنها و پشتوپەنا كە نە بووە و نەهيچى لێ دەبێت و هيچ كەسێك لە شانوشكۆدا هاوشانى ئەو ناكات" فەرمووى: سوێند بەو كەسەى نەفسى منى بەدەستە، ئەو كەسە بە "الإسم الأعظم"-مەزنترين ناوى خودا، داواى لە خودا كرد، ئەو ناوەى گەر بانگى خواى پێ بكەى وەڵام دەداتەوە و گەر بەو ناوە داواى لێ بكەى پێت دەبەخشێت))[4]

---

[1] أخرجه ابن السني و ابن عدي.

[2] أخرجه الترمذي والنسائي واحمد وأبو يعلى والبزار.

[3] أخرجه البخاري ومسلم.

[4] أخرجه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجة واحمد.

"أبو داود و النسائي" لە ئەنەسەوە ریوایەتیان کردووە کە: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) دانیشتووە و پیاوێك نوێژی کردووە و پاشان ئەم دوعایەی خوێندووە: ((أللهم إني أسألك بأن لك الحمد، لا إله إلا أنت المنان، بديع السموات و الأرض، يا ذا الجلال و الإكرام، يا حي يا قيوم- خودایە من داوات لێ دەکەم بەوەی حەمد و سەنا بۆ تۆیە، هیچ خودایەك بوونی نییە جگە لە تۆ، خودای خاوەن منەت و بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، ئەی خاوەن"الجلال والإكرام"، ئەی زیندووی راگری ئاسمانەکان و زەوی)) پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئەو پیاوە بە مەزنترین ناوی خودا داوای لە خودا کرد، ئەو ناوەی گەر-بە هۆیەوە- بانگ لە خودا بکرێت وەلام دەداتەوە و گەر داوای لێ بکرێت دەبەخشێت))[1]

پێغەمبەر(ﷺ) رایگەیاند کە دوعا وەلام دەدرێتەوە گەر مەدح و سەنا و یادی خودای پێش بکەوێت، ئەوەش بریتییە لە مەزنترین ناوی خودا(اسم الله الأعظم)، بۆیە یادی خودا و مەدح و سەنای خودا باشترین رێگەیە تاکو بەندە لێیەوە داوا و پێویستییەکانی بۆ خزمەتی پەروەردگار بەرز بکاتەوە.

ئەمەش سوودێکی ترە لە سوودەکانی یادی خودا و مەدح و سەنا کردنی، و وادەکات دوعا وەلام بدرێتەوە.

بۆیە ئەو دوعایەی یادی خودا و سەنای پێش دەکەوێت نزیکترە بە وەلامدانەوە لە تەنها دوعاکردن بەبێ یادی خودا و مەدح و سەنا، گەر لە پاڵ یاد و مەدح و سەنادا کەسەکە حاڵی هەژاری و نەداری و دەستەوسانی و گەدایی خۆی بۆ لای خودا بەرز کردەوە و دانی بە هەموو نەوانەدا نا ئەوا دوعاکەی زۆر نزیکترە بە وەلامدانەوە لە هەر دوعایەکی تر، چونکە کەسەکە سیفەتی کەماڵ و ئیحسان و چاکەی خودای کردووە بە وەسیلە بۆ لای پەروەردگاری و لەپاڵ ئەوەشدا دانی بە زۆری پێویستی و تەنگانە و هەژاری و گەدایی خۆیدا ناوە، ئەمە لە بەندەوە و ئەوەی پێشتر -کە داوایە بە ئەوسافی کەماڵ- لە خوداوە، بۆیە داواکەر و داوالێکراو هەریەك بە ئەوسافی خۆیان رووبەڕووی بەکتر دەبنەوە، ئەمەش بەرزترین لوتکە و کاملترین مەعریفە و تەواوترین بەندایەتییە.

---

١ أخرجه أبو داود والترمذي والنسائي واحمد.

گەر پێی بڵێت: بەخشندەیی تۆ هەموو دونیای گرتۆتەوە و فەزڵ و چاکەت وەك خۆر رایە و نینکار ناکرێت، و هاوشێوەی ئەمانە، منیش ئاتاجی و پێویستییەکانم بێسنوورە و ناتوانم ئارامیان لەسەر بگرم، و هاوشێوەی ئەمە، ئەم شێوازە زۆر کاریگەرترە بۆ وەڵامدانەوەی دوعاکەی تا بڵێت: فلان شت و فلان شتم پێ بدە.

گەر ئەمەت زانی لە فەرموودەکەی موسا(سلامی خوای لێبێ) رابمێنە کە لە دوعاکەیدا فەرمووی: ﴿رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ ﴿٢٤﴾﴾ القصص: ٢٤، پەروەردگار من ئاتاجی ئەو خێرەم بۆت دابەزاندووم، هەروەها دوعاکەی "ذي النون" کە فەرمووی:﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾﴾ الأنبياء: ٨٧، هەروەها دوعاکەی باوکە گەورەمان ئادەم(سلامی خوای لێبێ) کە فەرمووی: ﴿رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾﴾ الأعراف: ٢٣، پەروەردگارمان، ستەمان لە نەفسی خۆمان کرد، گەر لێمان خۆش نەبیت و رەحمان پێ نەکەیت دەچینە ریزی زیانزمەندانەوە.

لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە: کە "ابو بكر الصديق"-خوا لێی رازی بێت- فەرموویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دوعایەکم فێربکە لە نوێژەکانمدا بیخوێنم، فەرمووی: ((بڵێ: " اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْماً كَثِيراً، وَلا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ وَارْحَمْنِي، إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ-خودایە، من ستەمێکی زۆرم لە نەفسی خۆم کرد، هیچ کەسێك لە گوناهان خۆش نابێت جگە لە تۆ، لێم خۆش ببە بە لێخۆشبوونێك لەلای خۆتەوە و رەحم پێ بکە، تۆ کەسێکی لێبووردە و بەبەزەییت"))[1]

لەم دوعا بەرز و بڵند و مەزنەدا: دانان بە حاڵی خۆدا و تەوەسول بۆ لای پەروەردگار بە فەزڵ و جودی خودا، هەروەها بەوەی خودا تەنها کەسێکە دەتوانێت لە گوناهان ببوورێت و خۆشببێت، پاشان پێویستییەکەی خۆی راگەیاند، دوای تەوەسول بەو دوو شتە پێکەوە، ئەمە بریتییە لە ئەدەبی دوعا و ئادابی بەندایەتی.

---

١ صحيح البخاري وصحيح مسلم.

باسی سێیەم

(خوێندنەوەی قورئان لە زیکر فەزڵی زیاترە)

خوێندنەوەی قورئان لە زیکر باشترە و زیکریش لە دوعا باشترە، ئەمە گەر بە تەنها سەرنجی هەریەکەیان بدەین.

جاری وا هەیە پەسەند پێشهاتێکی بۆ دێتە پێش وای لێ دەکات لە پەسەندتر لەپێشتر بێت، وەك کردنی تەسبیح لە رکوع و سوژدەدا، تەسبیح لەو دوو جێگەدا لە خوێندنی قورئان لەپێشترە، بەڵکو خوێندنی قورئان لە رکوع و سوژدەدا نەهی لێکراوە جا یان بە حەرام کردن یان بە کەراهەت، هەروەها وتنی "سمع الله لمن حمده" و پاشان حەمد کردن(ربنا لك الحمد)، هەر بەو جۆرە، خوێندنی تەحیات، و خوێندنی "رب اغفر لي وارحمني واهدني وعافني وارزقني" لە نێوان دوو سوژدەکەدا لە پێشترە لە خوێندنی قورئان، خوێندنی زیکر لە دوای سلاۆدانەوە لە نوێژ لە خوێندنی قورئان لەپێشترە، وەك کردنی "سبحان الله، الحمد لله، ألله أكبر"، هەروەها وەلامدانەوەی بانگوێژ لە خوێندنی قورئان لەپێشترە، هەرچەند فەزڵی قورئان بەسەر تەواوی قسە و گوزارەی مرۆڤدا وەك فەزڵ و گەورەیی خودا وایە بەسەر تەواوی دروستکراوەکانیدا، بەلام بۆ هەر مەقامێك وتەیەك هەیە، هەر کات ئەو وتەیە لەو مەقامەدا نەوترا حیکمەت تیادەچێت، و بەرژوەندی داواکراو لەدەست دەچێت.

هەر بەو جۆرە ئەزکاری دیاریکراو بە شوێنی تایبەت، لە خوێندنی قورئان لەپێشترە، بەلام خوێندنی قورئان بە رەهایی باشتر و چاکترە لە خوێندنی قورئان بە رەهایی، مەگەر بارێك بۆ کەسەکە هاتبێتە پێش خوێندنی زیکر لە خوێندنی قورئان سوودی بۆ ئەو زۆرتر بێت.

نموونەکەی: کەسەکە بیر لە گوناهەکانی دەکاتەوە، و ئەوەش ببێتە هۆی تەوبە کردن و داوای لێخۆشبوون، یان پێشهاتێکی بۆ هاتبێتە پێش تیایدا خوێندنی قورئان ببێتە هۆی ئازاردانی لە رێگەی شەیتانەکانی ئینس و جیننەوە، لەو بارەدا لابدات بە لای دوعا و ئەزکاردا تاکو بن بە قەلایەك بۆی و لەدەست شەیتانەکان قوتاری بکەن.

یان پێشهاتێك دێته پێشەوە کەسەکە ئاتاجی پێویستییەکی تایبەتی لە خزمەتی خودادا هەیە، گەر بە خوێندنی قورئانەوە یان بە کردنی زیکرەوە خەریك ببێت تیایدا دڵی ئامادە نابێت، بەڵام گەر رووی لە پەروەردگار کرد و دەستی بە پاڕانەوە و دوعا کرد هەموو دڵی لەسەر خودا ئامادە دەبێت، ئەوەش گەردنکەچی و دەربڕینی هەژاری و ئاتاجی و بەندایەتی بۆ دروست دەکات، ئەم کەسە خەریکبوونی بە دوعاوە-کە ئەمە حاڵی بێت- بەسوودترە لە خوێندنی قورئان یان خوێندنی زیکر و ئەوراد، هەرچەند خوێندنی قورئان و کردنی زیکر لە داواکردن و پاڕانەوە بالاتر و لەپێشترن و پاداشتیان لەلای خودا زۆرترە.

ئەمە دەروازەیەکی بەسوودە و پێویستی بە فیقهێکی ورد و دەگمەن هەیە، پێویستی بە جیاکارییەك هەیە بۆ جیاکردنەوەی پەسەند لە خودی شتەکەدا لەگەڵ پەسەند لە کاتی پێشهاتەکاندا، ئەو کاتە حەقی هەموو خاوەن حەقێك جێبەجێ بکات، و هەموو شتێك لە جێگەی خۆی دابنێت.

چاو شوێنی خۆی هەیە و لاق شوێنی خۆی و ناو شوێنی خۆی و گۆشت شوێنی خۆی، پارێزگاری لە ئاستەکان لە کەماڵی حیکمەتە کە دەبێتە رشتەی ئەمر و نەهی، خودای موتەعال کۆمەککار و یارمەتیدەرە.

سابوون و ئەشنانیش[1] هەر بەو جۆرەن، لە هەندێ کاتدا-گەر پۆشاکەکە زۆر پیس بێت- لە هەموو شتێکی تر بۆ پۆشاك و جلوبەرك و سوود و قازانجیان زۆرترە، بەڵام پەلی دارخورما و ناوی گوڵ-گەر پۆشاکەکە پاك بێت- لە هەندێ کاتی تردا سوود و قازانجی زۆرترە.

رۆژێك بە شێخولئیسلام "ابن تیمیة"م وت-رەحمەتی خودای لێ بێت- پرسیار لە هەندێ لە ئەهلی زانست کراوە: کامیان بۆ بەندە سوود و قازانجی زۆرترە، تەسبیحات یان نیستیغفار؟ لە وەڵامدا وتبووی: ئەگەر پۆشاکەکە پاك و خاوێن بوو بخور و ناوی گوڵ سوود و قازانجی بۆی زۆرترە، گەر پۆشاکێکی پیس بوو سابوون و ناوی گەرم بۆی

---

١ ئەشنان: جۆرە درەختێکە بەکارهێنراوە بۆ خاوێن کردنەوەی پۆشاك و جلوبەرگ. (وەرگێر)

بەسوودترە، ئەویش(ابن تیمیة)-ڕەحمەتی خودای لێ بێت- پێی فەرمووم: ئەی چی دەکات گەر پاش ئەوە هەر پۆشاکەکە پیس بێت؟!

لەم دەروازەیەوە: سورەتی: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾ الإخلاص: ١، یەك لەسەر سێی قورئانە، لەگەڵ ئەوەشدا لە جێگەی ئایەتەکانی میرات و تەلاق و خولع و عیددە و هاوشێوەکانیان دانانیشێت، بەڵکو ئەم ئایەتانە لە کاتی خۆیاندا و لە دەمی پێویستی پێیان سوود و قازانجی لە خوێندنی سورەتی "الإخلاص"زۆرتر و زیاترە.

لەبەر ئەوەی نوێژ خوێندنی قورئان و زیکر و دوعا لە ئامێز دەگرێت، و هەموو بەشەکانی بەندایەتی بە کاملترین شێوە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە لە خوێندنی قورئان و زیکر و دوعا بەتەنها باشترە، ئەمەش لەبەر ئەو هەموو کۆکردنەوەی کە تێیدایە و ئەو بەندایەتییەی کە هەموو ئەندامەکانی جەستە تیایدا بەشدارن.

ئەمە ئەسڵێکی زۆر بەسوودە، دەروازەی ئاستەکانی کردار و دانانیان لە شوێن و جێگەی خۆیاندا بە رووی بەندەدا دەکاتەوە، تاکو بەهۆی پەسەندەوە بێئاگا نەبێت لە پەسەندتر، ئەو کات ئیبلیس بە بڕینی ئەو بڕە فەزڵە قازانج بکات، یان خەریکی پەسەندتر ببێت لە کاتێکدا کاتی ئەنجامدانی پەسەند هاتۆتە بەرەوە، ئەو کات بەرژەوەندی ئەو شتەی لەدەست دەربچێت، بەو گومانەی گوایە خەریکبوونی بە پەسەندترەوە باشتر و چاکترە وەك لە خەریکبوون بە پەسەندەوە.

ئەمەش پێویستی بە مەعریفەی ئاستەکانی کردار و جیاوازییان و مەرامەکانیان هەیە، هەروەها پێویستی بە فیقهێك هەیە تاکو هەموو کردارێك حەقی خۆی پێ بدات، و لە ئاست و پلەی خۆیاندا دایان بنێت، هەروەها ئەنجام نەدانی بۆ گرنگتر لەو کردارە، یان تیابردنی پەسەندتر بەهۆی ئەو پێشهاتەوە بۆ پەسەند دێتە پێش، و ئەگەری گەڕانەوە و باربووکردنەوەی پەسەندتر لە کاتێکی تردا، بەڵام پەسەندەکە گەر تیاچوو لەوانەیە نەتوانی پیایدا بگەی و لە کاتێکی تردا دووبارەی بکەیەوە، بۆیە خەریکبوون پێیەوە لەو کاتەدا لەپێشترە، ئەمە وەك وازهێنان لە خوێندنی قورئان بۆ وەڵامدانەوەی سەلام، یان بۆ وتنی "خودا ڕەحمت پێ بکات" بە کەسێك کە لە لات

دەپژمێت، با خوێندنی قورئان پەسەندتر و باشتریش بێت، چونکە دەتوانێت پەسەندەکە ئەنجام بدات و پاشان بگەڕێتەوە سەر پەسەندتر کە خوێندنی قورئانەکەیە، بە پێچەوانەوە گەر بە خوێندنی قورئانەوە خەریك ببێت وەلامدانەوەی سەلام و رەحمەت ناردن بۆ کەسی پژمیوی لەدەست دەچێت و ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆیان، هەموو کار و کردەوەکان بەم جۆرەن کاتێك دەگیرێنە یەکتر، خودا کۆمەککار و یارمەتیدەرە.

باسی چوارەم

ئەو ئەرکارانەی کە ئەرکی سەر شانن و دروست نییە بەندە تیایاندا کەمتەرخەم بێت، بەهۆی زۆر پێویستبوونیان و سوود و قازانجی زۆریان لە دونیا و دواڕۆژدا.

ئەمەش چەند بەشێك لەخۆ دەگرێت:

بەشی یەکەم

یادەکانی هەردوو جەمسەری رۆژ

دوو جەمسەرەکەی رۆژ دەکەونە نێوان بەیانی تا هەڵهاتنی خۆر لەگەڵ عەسر تا خۆرئاوابوون، خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ﴿٤١﴾ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾﴾ الأحزاب:٤١-٤٢، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێنا یادێکی زۆری خودا بکەن و بەیانیان و ئێواران خودا بە پاك رابگرن و تەسبیحاتی بکەن.

جەوهەری دەڵێت"الأصيل": ئەو کاتەیە دەکەوێتە نێوان عەسر بۆ مەغریب، کۆی "الأصيل" بریتییە لە "أصل، آصال، أصائل" وەك ئەوەی کۆی "أصيلة" بێت.

شاعیرێك دەڵێ:

لعمري لأنت لأكرم أهله وأقعد في أفيائه بالأصائل[1]

هەروەها بە "أصلان"یش کۆدەکرێتەوە، وەك "بعير و بُعران" پاشان جەمعەکەیان کردووە بە ناوی بچووککراوە(إسم التصغير) و وتویانە: "أُصيلان" پاشان "نون"ەکەیان بە "لام" بەدل کردووە و وتویانە "أُصيلال"، شاعیرێك دەڵێت:

وقفت فيها أُصيلالا أسائلها أعيت جوابا وما بالربع من أحد

خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ ﴿٥٥﴾﴾ غافر: ٥٥، "الإبكار" سەرەتای رۆژە، "العشي" کۆتایی رۆژە، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ ٱلشَّمْسِ وَقَبْلَ ٱلْغُرُوبِ ﴿٣٩﴾﴾ ق: ٣٩، بە حەمدەوە تەسبیحاتی پەروەردگارت بکە پێش هەڵهاتنی خۆر و پێش خۆرئاوابوون.

ئەمەش تەفسیری ئەوە دەکات کە لە فەرموودەدا هاتووە: هەر کەس ئەوە و ئەوە بڵێت کاتێك رۆژی لێ دەبێتەوە و کاتێك ئێوارەی بەسەردا دێت، مەبەست لێی: پێش هەڵهاتنی خۆر و پێش ئاوابوونی، بۆیە شوێنی ئەم ئەزکارانە دوای نوێژی بەیانی و دوای نوێژی عەسرە.

---

[1] البيت لأبي ذؤيب الهذلي.

لە "صحيح مسلم"دا لە "أبي هريرة"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر کەس رۆژی لێ دەبێتەوە و ئێوارەی بەسەردا دێت سەد جار بڵێت: "سبحان الله وبحمده" هیچ کەسێك لە رۆژی دواییدا چاکتر لەوەی ئەوی نەهێناوە، مەگەر کەسێك هەمان شتی ئەوی وتبێت یان لەسەری زیادی کردبێت))[1]

هەروەها لە "صحيح مسلم"دا لە ئیبن مەسعودەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك ئێوارەی بەسەردا دەهات دەیفەرموو: ((أَمْسَيْنَا وَأَمْسَى الْمُلْكُ لِلَّهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، رَبِّ أَسْأَلُكَ خَيْرَ مَا فِي هَذِهِ اللَّيْلَةِ وَخَيْرَ مَا بَعْدَهَا، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا فِي هَذِهِ اللَّيْلَةِ وَشَرِّ مَا بَعْدَهَا، رَبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكَسَلِ وَالْهَرَمِ وَسُوءِ الْكِبَرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابٍ فِي النَّارِ وَعَذَابٍ فِي الْقَبْرِ)) کاتێك رۆژی لێ دەبوویەوە بە هەمان شێوە دەیفەرموو: ((أصبحنا وأصبح الملك لله))[2]

لە "السنن"دا لە عەبدولاێ کوڕی خەبیبەوە، فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((بڵێ)) وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ، چی بڵێم؟ فەرمووی: ((بڵێ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾ و معەوەزەتەین، کاتێك ئێوارەت بەسەردا دێت و کاتێك رۆژت لێ دەبێتەوە، سێ جار، لە هەرچی شتە بێنیازت دەکات)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[3]

هەروەها لە "الترمذي"دا لە "أبي هريرة"ەوە، پێغەمبەر(ﷺ) هاوەڵانی فێر دەکرد بڵێن: ((گەر یەکێك لە ئێوە رۆژی لێ بوویەوە با بڵێت: "اللَّهُمَّ بِكَ أَصْبَحْنَا، وَبِكَ أَمْسَيْنَا، وَبِكَ نَحْيَا، وَبِكَ نَمُوتُ وَإِلَيْكَ النُّشُورُ" کاتێك ئێوارەی بەسەردا دێت با بڵێت: " اللَّهُمَّ بِكَ أَمْسَيْنَا وَبِكَ أَصْبَحْنَا وَبِكَ نَحْيَا، وَبِكَ نَمُوتُ وَإِلَيْكَ المصير")) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[4]

---

[1] صحيح مسلم.

[2] صحيح مسلم.

[3] اخرجه الترمذي، وابو داود، والنسائي، وعبدالله بن احمد في "زوائد المسند".

[4] اخرجه الترمذي.

لە "صحيح البخاري"دا لە "شداد بن أوس"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((سەرداری هەموو داوای لێخۆشبوونێك بریتییە لە: "اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ-خودایە، تۆ پەروەردگاری منی، هیچ خودایەك بوونی نییە جگە لە تۆ، منت دروست کرد و من بەندەی تۆم، من لەسەر پەیمان و بەڵێنی تۆم هەتا بتوانم، پەنات پێ دەگرم لە شەڕێك کە ئەنجامم دابێت، دان دەنێم بە نیعمەتی تۆدا لەسەر خۆم و دان دەنێم بە گوناهەکانمدا، لێم خۆش ببە، کەس ناتوانێت لە گوناه خۆش ببێت جگە لە تۆ" هەر کەس ئێوارەی بەسەردا هات بیخوێنێت ئەگەر لەو شەوەدا بمرێت دەچێتە بەهەشتەوە، هەر کەسیش کاتێك رۆژی لێ دەبێتەوە بیخوێنێت، ئەگەر لەو رۆژەدا بمرێت دەچێتە بەهەشتەوە))[1]

هەروەها لە "الترمذي"دا لە "أبي هريرة"ەوە: ئەبوبەکری صدیق فەرمووی بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانم پێ بکە بە شتێك بەیانیان و ئێواران بیخوێنم، فەرمووی: ((بڵێ: "اللَّهُمَّ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ، فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي وَشَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ، وأن أقترف على نفسي سوءا أو أجره إلى مسلم-خودایە زانای پەنهان و ئاشکرا، بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، پەروەردگار و مەلیکی هەموو شتێك، شایەتی دەدەم کە هیچ خودایەك بوونی نییە جگە لە تۆ، پەنات پێ دەگرم و لە شەڕی نەفسم و شەڕ و داوی شەیتان، پەنات پێ دەگرم خراپەیەك بەسەر نەفسی خۆمدا بهێنم یان خراپەیەك بە موسڵمانێك بگەیەنم"، بەیانیان و ئێواران بیخوێنە، هەروەها کاتێك دەچییە ناو جێگە)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[2]

هەروەها لە"الترمذي"دا لە "عثمان بن عفان"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((هەر بەندەیەك لە بەیانی هەر رۆژێکدا و لە ئێوارەی

---

١ صحيح البخاري.

٢ صحيح البخاري.

هەر شەوێکدا بڵێت: "بِسْمِ اللهِ الَّذِي لاَ يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاءِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ - بە ناوی ئەو خودایەی کە لەگەڵ ناویدا هیچ شتێك لە ئاسمان و زەوی ناتوانێت زیان بگەیەنێت، خودا بیسەر و زانایە"سێ جار، هیچ شتێك زیانی پێ ناگەیەنێت)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[1]

هەروەها لە"الترمذي"دا لە "ثوبان"ەوە پێغەمبەری خودا(ﷺ)فەرمووی: ((هەر کەس ئێواران و بەیانیان بڵێت: " رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا، وَبِالإِسْلاَمِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَبِيًّا،- رازیم"الله" پەروەردگارم بێت، و ئیسلام ئاینم بێت و محەمەد پێغەمبەرم بێت" حەقە لەسەر خودا ئەو کەسە رازی بکات)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[2]

هەروەها لە"الترمذي"دا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس بەیانیان و ئێواران بڵێت: "اللَّهُمَّ إِنِّي أَصْبَحْتُ أُشْهِدُكَ وَأُشْهِدُ حَمَلَةَ عَرْشِكَ وَمَلاَئِكَتَكَ وَجَمِيعَ خَلْقِكَ أَنَّكَ أَنْتَ اللهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُكَ وَرَسُولُكَ -خودایە من ڕۆژم لێ بوویەوە، بە شایەتت دەگرم و هەڵگرانی عەرشت بە شاهید دەگرم و سەرجەم فریشتەکانت بە شاهید دەگرم و سەرجەم دروستکراوەکانت دەکەم بە شاهید، کە تۆ خودایەکی تاك و تەنهای، هیچ خودایەك بوونی جگە لە تۆ و محەمەد بەندە و پێغەمبەری تۆیە" خودا چارەکێکی ئەو کەسە لە ئاگر ڕزگار دەکات، هەر کەس دوو جار بیڵێت خودا نیوەی لە ئاگر ڕزگار دەکات، هەر کەس سێ جار بیڵێت خودا سێ بەشی لە ئاگر ڕزگار دەکات، هەر کەس چوار جار بیڵێت خودا لە ئاگر ئازاد و قوتاری دەکات))[3]

لە "سنن أبي داود"دا، لە "عبدالله بن غنام"ەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس ڕۆژی لێ دەبێتەوە بڵێ: " اللَّهُمَّ مَا أَصْبَحَ بِي مِنْ نِعْمَةٍ فَمِنْكَ وَحْدَكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ، لَكَ الْحَمْدُ وَلَكَ الشُّكْرُ،-خودایە، ئەم بەیانییە ئەو نیعمەتانەی کە بەسەرمەوەیە

---

[1] أخرجه الترمذي، والنسائي، وابن ماجة، وأحمد، والطيالسي.

[2] تقدم تخريجه.

[3] تقدم تخريجه.

یان بەسەر یەکێك لە بەندەکانتەوەیە هەر هەموو بۆ تۆ دەگەڕێتەوە و تۆ هیچ هاودڵ و هاوشانێکت نییە، حەمد و شوکر هەر بۆ تۆیە" ئەوا ئەو کەسە شوکری ئەو ڕۆژەی کردووە، هەر کەس بە هەمان شێوە ئێواران بیخوێنێت شوکری ئەو شەوەی کردووە))[1]

هەروەها لە "السنن" و "صحیح الحاکم"دا لە عەبدولاّی کوڕی عومەرەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) دەستبەرداری ئەم کەلیماتانە نەدەبوو کاتێك ئێوارەی لێ دەهات و کاتێك ڕۆژی لێ دەبوویەوە: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعِافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فِي دِينِي وَدُنْيَايَ وَأَهْلِي وَمَالِي، اللَّهُمَّ اسْتُرْ عَوْرَاتِي وَءَامِنْ رَوْعَاتِي، اللَّهُمَّ احْفَظْنِي مِنْ بَيْنِ يَدَيَّ وَمِنْ خَلْفِي وَعَنْ يَمِينِي وَعَنْ شِمَالِي وَمِنْ فَوْقِي، وَأَعُوذُ بِعَظَمَتِكَ أَنْ أُغْتَالَ مِنْ تَحْتِي-خودایە داوای عافییەتی دونیا و دواڕۆژت لێ دەکەم، خودایە داوای لێخۆشبوون و عافییەتت لێ دەکەم لە دین و دونیا و ئەهل و ماڵمدا، خودایە عەیبەکانم داپۆشە و ترسم بڕەوێنەوە، خودایە لە پێشەوە بپارێزە، لە پشتەوەم، لەلای ڕاستمەوە، لەلای چەپەوە، لەسەرەوەم، خودایە پەنات پێ دەگرم لەژێر پێمەوە بکوژرێم))، وەکیع دەڵێت: "من تحتي"- لەژێر پێمەوە، واتە بە ڕۆچوونی زەوی تیابچم.[2]

لە "طلق بن حبیب"ەوە وتی: پیاوێك هات بۆ لای "أبي الدرداء" و وتی: ئەی "أبا الدرداء" ماڵەکەت سووتا، فەرمووی: خودا کاری لەو جۆرە ناکات، بەهۆی چەند کەلیمەیەکەوە کە لە پێغەمبەری خودام بیستووە، هەر کەس سەرلەبەیانی بیڵێت هیچ موسیبەتێکی تووش نابێت تا ئێوارە، هەر کەس سەرلەئێوارە بیڵێت هیچ موسیبەتێکی تووش نابێت تا ڕۆژی لێ دەبێتەوە: ((اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ، عَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ، وَأَنْتَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ ، مَا شَاءَ اللَّهُ كَانَ، وَمَا لَمْ يَشَأْ لَمْ يَكُنْ، وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلا بِاللَّهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمِ ، أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي، وَمِنْ شَرِّ كُلِّ دَابَّةٍ أَنْتَ آخِذٌ

---

١ أخرجه أبو داود، والنسائي، والطبراني في "الدعاء" وابن أبي عاصم في"الآحاد والمثاني" وصححه ابن حبان وحسنه ابن حجر في "نتائج الأفكار".

٢ أخرجه أبو داود، والنسائي، وابن ماجة، وأحمد، والبخاري في "الأدب المفرد" وصححه ابن حبان ولم يتعقبه الذهبي، وحسنه ابن حجر في "نتائج الأفكار".

بِنَاصِيَتِهَا، إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ -خودایە، تۆ پەروەردگاری منی، هیچ خودایەك بوونی نییە جگە لە تۆ، تەوەکولم لەسەر تۆیە، تۆ پەروەردگاری عەرشی مەزنی، ئەوەی خودا بیەویت بوود، ئەوەی خودا نەیویستبیت نابیت، هیچ هەولّ و هێزێك بوونی نییە بە خودای بەرز و بلند و مەزنەوە نەبیت، دەزانم خودا هێز و دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، و خودا بە زانست ئابلۆقەی هەموو شتێکی داوە، خودایە من پەنات پێ دەگرم لە شەڕی نەفسم، هەروەها لە شەڕی هەر گیاندارێك ناوچاوانی لەدەستی تۆدایە، خودای من لەسەر راستە شەقامی رێك و رەوانە)) "ابن السني" لە "عمل اليوم والليلة"دا هێناویەتی.[1]

بەشی دووەم

زیکرەکانی کاتی نووستن

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە "حذيفة"وە فەرمووی: پێغەمبەر گەر بویستبایە بخەوێت دەیفەرموو: ((بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ أَمُوتُ وَأَحْيَا)) کاتێکیش لە خەو هەڵدەستا دەیفەرموو: ((الْحَمْدُ للهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَمَا أَمَاتَنَا وَإِلَيْهِ النُّشُورُ))[2]

هەروەها لەدوو سەحیحەکەدا لە"عائشة"وە(خوا لێی رازی بێت) کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) هەموو شەوێك دەچووە ناو جێگەی نووستن، لەپی دوو دەستی کۆدەکردەوە و فووی پێدا دەکردن: ﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ﴾ الإخلاص: ١ و ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ۝١ ﴾ الفلق: ١ و ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ ﴾ الناس: ١ بەسەردا دەخوێندن، پاشان دەیهێنا بە هەموو جەستەیدا، بە هێنانی بە سەر و دەموچاو و پێشەوەیدا دەستی پێ دەکردن، سێ جار ئەو کارەی دەکرد.[3]

---

١ أخرجه ابن السني في "عمل اليوم والليلة" والطبراني في "الدعاء" وأبو القاسم التيمي الأصبهاني في "الترغيب والترهيب" والبيهقي في "دلائل النبوة" وابن الجوزي في "العلل المتناهية" وغيرهم بإسناد ضعيف.

٢ أخرجه البخاري ولم أره في صحيح مسلم من حديث حذيفة، وأخرجه مسلم من حديث "البراء بن عازب".

٣٣ أخرجه البخاري ولفظ مسلم"كان إذا اشتكى يقرأ على نفسه بالمعوذات وينفث..." ليس فيه أن ذالك كان عند النوم كل ليلة.

لە "صحيح البخاري"دا لە "أبي هريرة"ەوە کەسێك دێتە لای دەیەوێت لە صەدەقەی رەمەزان بیات، پێغەمبەری ئەوی(أبو هريرة)ی لەسەر دانابوو، کە لە شەوی سێیەمدا هاتەوە پێی وت: دەتبەم بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەویش وتی: لێمگەڕێ چەند وشەیەکت فێر دەکەم کە بەهۆیەوە خودا سوود و قازانجت پێ دەگەیەنێت- هاوەڵانیش لەسەر کاری خێر سوور و لێبڕاو بوون- وتی: کاتێك چوویە ناو جێگەی نووستنت"آية الكرسي" ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ﴾البقرة: ٢٥٥، تا کۆتایی ئایەتەکە بخوێنە، بەردەوام لە خوداوە پارێزەرێکت لەسەر دەبێت و شەیتان لێت نزیك نابێتەوە تا رۆژت لێ دەبێتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((راستی پێت وتووە و زۆر درۆزنە))[1]

ئیمامی ئەحمەد ئەم فەرموودەی لە مەسنەدەکەیدا گێڕاوەتەوە، بەڵام چیرۆکەکە بەسەر "أبو الدرداء"دا[2] هاتووە، "الطبراني"ش لە "المعجم"دا گێڕاویەتەوە چیرۆکەکە بەسەر "أبي بن كعب"دا هاتووە [3].

لە هەردوو سەحیحەکەدا: لە "أبي مسعود الأنصاري"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((هەر دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی "البقرة" بخوێنێت ئەو دوو ئایەتە بەسە بۆ ئەو)) راستییەکەی ماناکەی ئەوەیە کە: ئەو دوو ئایەتە لە هەر شەڕێك ئازاری پێ بگەیەنن بەشی دەکات.[4]

وتراویشە بەشی شەونوێژەکەی دەکات، واتە جێگەی شەونوێژی بۆ دەگرێتەوە، بەڵام بۆچوونێکی بێبنەمایە.

عەلی کوڕی ئەبی تالب-خوا لێی رازی بێت- دەفەرموێت: ((هەر کەس خاوەن هۆش و ئەقڵ بێت بەر لەوەی بخەوێت سێ ئایەتی کۆتایی سورەتی "البقرة" دەخوێنێت))[5]

---

١ تقدم تخريجه.

٢ لم اقف عليها في "المسند" من حديث ابي الدرداء وانما وجدتها من حديث ابي ايوب الأنصاري.

٣ أخرجه الطبراني في "الكبير".

٤ صحيح البخاري ومسلم.

٥ أخرجه الدارمي بإسناد فيه راو لم يسم.

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە "أبي هريرة"ەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس لە ئێوە کاتێك لەسەر جێگەی نوستن راست دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ناو جێگەکەی، با سێ جار بە پۆشاکەکەی جێگەکەی بتەکێنێت، چونکە ئەو نازانێت دوای خۆی کێ لەسەری راکشاوە، کاتێکیش پاڵدەکەوێت با بڵێت: "بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ رَبِّي وَضَعْتُ جَنْبِي وَبِكَ أَرْفَعُهُ، فَإِنْ أَمْسَكْتَ نَفْسِي فَارْحَمْهَا وَإِنْ أَرْسَلْتَهَا فَاحْفَظْهَا بِمَا تَحْفَظُ بِهِ عِبَادَكَ الصَّالِحِينَ - خودای پەروەردگارم بە ناوی تۆ، تەنیشت(لا)ی خۆم خستە سەر جێگە، بە تۆشەوە بەرزی دەکەمەوە، گەر -لەم خەوەدا- نەفسی منت گرتەوە رەحمی پێ بکە، گەر نارتەوە بۆ ناو جەستەم بیپارێزە بەوەی بەندە چاکەکانتی پێ دەپارێزی"))[1]

هەروەها لە دوو سەحیحەکەدا: لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((هەر یەك لە ئێوە کاتێك لە خەو بەئاگا دێت با بڵێت: "الحمد لله الذي عافاني في جسدي و رد علي روحي، وأذن لي بذكره-حەمد بۆ ئەو خودایەی عافییەتی پێدام لە جەستەدا و رۆحی بۆ گێڕامەوە و مۆڵەتی دام بە یادکردنی"))[2]

ئەو فەرموودەی عەلی(خوا لێی رازی بێت) ریوایەتی کردووە پێشتر باسمان کردووە: وەسێتەکەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەو و "فاطمة"-خوا لێی رازی بێت-: کاتێك دەچنە ناو جێگە: سی و سێ جار تەسبیحات بکەن و سی و سێ جار حەمدی خودا بکەن و سی و چوارجار "الله أكبر" بکەن، پێی فەرموون: ((ئەوە لە خزمەتکارو کارەکەر بۆ ئێوە باشترە))[3]

شێخولئیسلام "ابن تيمية"-قدس الله روحه- دەفەرموێت: ((پێمان گەیشتووە هەر کەس پارێزگاری لەو کەلیماتانە بکات، هیچ ماندوو و شەکەتییەك رووی لێ ناکات لەو کار و سەرقاڵییانەی رووی لێ دەکەن))

لە "سنن أبي داود"دا لە "حفصة"ەوە دایکی باوەڕداران-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك بیویستبایە رابکشێت دەستی راستی دەخستە ژێر گۆنای راستی

---

١ صحيح البخاري ومسلم.

٢ هذا جزء من حديث أبي هريرة السابق الذي أخرجه الشيخان.

٣ تقدم تخريجه.

و دەیفەرموو: ((أللهم قني عذابك يوم تبعث عبادك-خودایە، ئەو ڕۆژەی بەندەکانت زیندوو دەکەیەوە لە سزاکەت بپارێزە)) سیّ جار، "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[1]

لە "صحيح مسلم"دا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە-خوا لێی ڕازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك دەچوو بۆ ناو جێگەی نووستن دەیفەرموو: ((الْحَمْدُ للهِ الَّذِي أَطْعَمَنَا وَسَقَانَا وَكَفَانَا وَءَاوَانَا، فَكَمْ مِمَّنْ لاَ كَافِيَ لَهُ وَلاَ مُؤْوِي -حەمد بۆ ئەو خودایەی خواردن و خواردنەوەی پێداین و بێنیازی کردین و دالدەی داین و دلاوای کردین"، زۆرن ئەوانەی ماوا و پەنا و دالدەدەریان نییە))[2]

هەروەها لە "صحيح مسلم"دا لە "ابن عمر"ەوە، فەرمانی بە پیاوێك کرد کاتێك چووە ناو جێگەی نووستن بڵێت: ((اللَّهُمَّ أَنْتَ خَلَقْتَ نَفْسِي وَأَنْتَ تَوَفَّاهَا، لَكَ مَمَاتُهَا وَمَحْيَاهَا، إِنْ أَحْيَيْتَهَا فَاحْفَظْهَا، وَإِنْ أَمَتَّهَا فَاغْفِرْ لَهَا، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ -خودایە، تۆ نەفسی منت خولقاندووە، هەر تۆش دەیمرێنیت، مردن و ژیانی ئەو نەفسە بۆ تۆیە، گەر ئەو نەفسەت ژیاند بیپارێزە، گەر مراندت لێی خۆش ببە، خودایە، من داوای عافییەتت لێ دەکەم)) ئیبن عومەر دەفەرموێت: لە پێغەمبەری خودام بیست.[3]

لە "الترمذي"دا لە "أبي سعيد الخدري"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس کاتێك دەچێتە ناو جێگەی نووستن بڵێت: "أستغفر الله العظيم الذي لا إله إلا هو الحي القيوم و أتوب إليه (سیّ جار) خودا لە گوناهەکانی خۆشدەبێت، با وەك کەفی دەریاش وابێت و وەك ژمارەی دەنکە ڕەملە وردەکان بن، و وەك ژمارەی ڕۆژەکانی دونیا زۆر بن"))[4]

هەروەها لە "صحيح مسلم"دا لە "أبي هريرة"ەوە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك دەچووە ناو جێگەی نووستن دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ رَبَّ السَّمَوَاتِ وَرَبَّ الأَرْضِ وَرَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ،

---

١ أخرجه أبو داود والنسائي وأحمد و أبو يعلى و الطبراني وغيرهم.

٢ صحيح مسلم.

٣ صحيح مسلم.

٤ أخرجه الترمذي واحمد وأبو يعلى والبيهقي والبغوي في "شرح السنة" بإسناد ضعيف.

رَبَّنَا وَرَبَّ كُلِّ شَيْءٍ، فَالِقَ الْحَبِّ وَالنَّوَى، مُنْزِلَ التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ وَالْقُرْءَانِ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ كُلِّ ذِي شَرٍّ أَنْتَ ءَاخِذٌ بِنَاصِيَتِهِ، أَنْتَ الأَوَّلُ فَلَيْسَ قَبْلَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الآخِرُ فَلَيْسَ بَعْدَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الظَّاهِرُ فَلَيْسَ فَوْقَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الْبَاطِنُ فَلَيْسَ دُونَكَ شَيْءٌ، اقْضِ عَنَّا الدَّيْنَ، وَأَغْنِنَا مِنَ الْفَقْرِ -خودایە، پەروەردگاری ئاسمانەکان و پەروەردگاری زەوی و پەروەردگاری عەرشی مەزن، پەروەردگاری هەموو شتێك، شەقکەری تۆو و ناوك، دابەزێنەری تەورات و ئینجیل و فورقان، پەنات پێ دەگرم لە شەڕی هەموو خاوەن شەڕێك کە ناوچاوانیان لە دەستی تۆدایە، تۆ یەکەمینی و پێش تۆ هیچ شتێك نییە، تۆ دواهەمینی و دوای تۆ هیچ شتێك نییە، تۆ ناشکرای و هیچ شتێك لە سەرەتەوە نییە، تۆ پەنهانی و هیچ شتێك لە خوارتەوە نییە، قەرزەکەم لەسەر لابدە و بێنیازمان بکە لە هەژاری))[1]

لە هەردوو سەحیحەکەدا: لە "البراء بن عازب"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((کاتێك رۆیشتییە ناو جێگەی نووستنت، هەروەك چۆن دەسنوێژ دەگریت بۆ نوێژ دەستنوێژ بگرە، پاشان لەسەر لای راست رابکشێ، و بڵێ: "اللَّهُمَّ أَسْلَمْتُ نَفْسِي إِلَيْكَ، ووجهت وجهي إليك وَفَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيْكَ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ، لاَ مَلْجَأَ وَلاَ مَنْجَا مِنْكَ إِلاَّ إِلَيْكَ، ءَامَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي أَنْزَلْتَ وَنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ -خودایە، من نەفسی خۆم تەسلیمی تۆ دەکەم، رووی خۆم لە رووی تۆ دەکەم، ئەمرم رادەستی تۆ دەکەم، پشتم بە تۆ بەستووە، رەغبەت و رەهبەتم بۆ لای تۆیە، پەنا و هانایەك نییە جگە لە پەنا و هانای تۆ، ئیمانم بە کتێبەکەت هێناوە کە داتبەزاندووە، ئیمانم بە پێغەمبەرەکەت هێناوە کە رەوانەت کردووە" گەر بمریت لەسەر فیترەت دەمریت، وتنی ئەوانە بکە بە دواین شتێك کە دەیخوێنیت))[2]

---

١ صحيح مسلم.

٢ صحيح البخاري ومسلم.

بەشی سێیەم

زیکرەکانی بەئاگاهاتن لە خەو

بوخاری لە سەحیحەکەیدا لە "عبادة بن الصامت"ەوە ریوایەتی کردووە لە پێغەمبەری خوداوەﷺ فەرمووی: ((هەر کەس شەو خەوی زڕا و بەئاگا هات و وتی: "لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَسُبْحَانَ اللهِ، وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ، وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ" پاشان بڵێت: "اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي" یان هەر دوعایەك بکات، وەڵامی دەدرێتەوە، گەر دەستوێژ بگرێت و نوێژ بکات نوێژەکەی لێ قبوڵ دەکرێت))[1]

لە "الترمذي"دا لە "أبي أمامة"ەوە فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوداﷺ بوو دەیفەرموو: ((هەر کەس رۆیشت بۆ ناو جێگەی نووستن بە لەشپاکی و دەستنوێژەوە، یادی خودا بکات تا خەو دەیباتەوە، لە هەر ساتێکی شەودا داوای خێری دونیا و دواڕۆژ بکات لە خودا پێی دەبەخشێت))، فەرموودەیەکی حەسەنە.[2]

لە "سنن أبي داود"دا لە "عائشة"ەوە، پێغەمبەری خوداﷺ کاتێك شەو بەئاگا دەهات دەیفەرموو: ((لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ، اللَّهُمَّ أَسْتَغْفِرُكَ لِذَنْبِي، وَأَسْأَلُكَ رَحْمَتَكَ، اللَّهُمَّ زِدْنِي عِلْمًا وَلاَ تُزِغْ قَلْبِي بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنِي وَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ- هیچ خودایەك نییە جگە لە تۆ، پاکێتی بۆ تۆ، خودایە لە گوناهم خۆش ببە، و داوای ڕەحمەتت لێ دەکەم، خودایە زانستم زیاد بکە، دڵم سەرلێشێواو مەکە کە هیدایەتت داوم، ڕەحمەتێکم لە خۆتەوە پێ ببەخشە، تۆ بەخشەری ڕەحمەت و نیعمەتی))[3]

---

١ صحيح البخاري.

٢ أخرجه الترمذي والطبراني وابن السني.

٣ أخرجه أبو داود، والنسائي، ومحمد بن نصر في"قيام الليل" والطبراني في "الدعاء" والبيهقي في"الدعوات الكبير، وغيرهم بإسناد ضعيف، وصححه ابن حبان والحاكم ولم يتعقبه الذهبي، وقال ابن حجر في "نتائج الأفكار": هذا حديث حسن.

بەشی چوارەم

زیکرەکانی ترس و نیگەرانی لە خەودا

"الترمذي" ریوایەتی کردووە لە "بريدة"ەوە فەرمووی: خالیدی کوڕی وەلید سکالای خۆی بردە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، شەو لەبەر خەوزڕان خەوم لێ ناکەوێت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((کاتێك چووی بۆ ناو جێگەی نووستن بڵێ: "أللهم رب السموات السبع وما أظلت، ورب الأرضين وما أقلت، ورب الشياطين وما أضلت، كن لي جارا من شر خلقك كلهم جميعا أن يفرط علي أحد منهم، أو يبغي علي، عز جارك، وجل ثناؤك، ولا إله غيرك، ولا إله إلا أنت-خودایە، پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و ئەوەی دەیخەنە ژێر سێبەریانەوە، پەروەردگاری زەوییەکان و ئەوانەی لە نامێزیان دەگرن، پەروەردگاری شەیتانەکان و ئەوانەی گومڕایان دەکەن، ببە بە ئاوسێم لە شەڕی هەر هەموو دروستکراوەکانت، پەنات پێ دەگرم یەکێك لەوانە زیادەڕەوی بکاتە سەرم، یان دەستدرێژی بکاتە سەرم، ئەوانەی جیرانی تۆن عەزیزن و حەمد و سەنای تۆ بەرز و مەزنە، هیچ خودایەك بوونی نییە، هیچ خودایەك بوونی نییە جگە لە تۆ"))[1]

لە "سنن أبي داود و الترمذي"دا لە "عبدالله بن عمرو"ەوە، پێغەمبەر لە کاتی ترسدا چەند کەلیمەیەکی فێر دەکردن: ((أعوذ بكلمات الله التامة من غضبه وعقابه وشر عباده، ومن همزات الشياطين وأن يحضرون-پەنا دەگرم بە کەلیماتە تێر و تەواوەکانی خودا لە تووڕەبوون و سزا و شەڕی بەندەکانی، هەروەها لە وەسوەسە و هانەهانەی شەیتان و ئامادەبوونیان لەسەرم)) عەبدولاّی کوڕی عەمر هەر منداڵێکی ئەقڵی پێدەگەیشت فێری دەکرد، هەر منداڵێکیش فامی نەبوایە دەینووسی و پیایدا هەڵدەواسی.[2]

---

١ أخرجه الترمذي، والطبراني، وابن عدي في "الكامل" بإسناد ضعيف.

٢ أخرجه أبو داود، و الترمذي والنسائي وأحمد والبخاري في "خلق أفعال العباد والدارمي".

بەشی پێنجەم

زیکرەکانی بینینی خەوی خۆش یان ناخۆش

لە دوو سەحیحەکەدا: لە "أبي قتادة"ەوە فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوداﷺ بوو دەیفەرموو: ((خەونی خۆش(الرؤيا)لە خوداوەیە، خەونی ناخۆش(الحلم) لە شەیتانەوەیە، گەر یەکێك شتێکی بینی پێیناخۆش بوو با سێ جار فوو(تف) بکات بەلای چەپدا کاتێك لە خەو بەناگا دێت، و پەنابگرێت بە خودا لە شەڕی(لە شەڕی خەونەکە)، گەر خودا بیەوێت زیانی پێ ناگات))، "أبو قتادة" دەفەرموێ: خەونم دەبینی نەخۆشی دەخستم، تا گوێم لە پێغەمبەری خوداﷺ بوو فەرمووی: ((خەونی صالح لە خوداوەیە، گەر یەکێك لە ئێوە خەونێکی خۆشی بینی با تەنها بۆ ئەوانەی بگێڕێتەوە کە خۆشیدەون، گەر شتێکی بینی پێی ناخۆش بوو، با لای کەس باسی نەکات و فوو(تف) بەلای چەپیدا بکات، و پاشان پەنا بگرێت بە خودا لە شەیتانی رەجمکراو و شەڕی ئەوەی بینیویەتی، ئەو خەونە زیانی پێ ناگەیەنێت))[1]

لە "صحيح مسلم"دا لە "جابر"ەوە لە پێغەمبەری خوداوەﷺ فەرمووی: ((گەر یەکێك لە ئێوە خەونێکی بینی پێی ناخۆش بوو، با سێ جار بەلای چەپدا تف بکات، سێ جاریش پەنا بگرێت بە خودا لە شەیتانی رەجمکراو، پاشان لەسەر لا خەوتنەکەی -کە لەسەری بوو- بگۆڕێت))[2]

ریوایەتکراوە پیاوێك خەونێکی بۆ پێغەمبەرﷺ گێڕایەوە، ئەویش پێی فەرموو: ((خێرت بینیو و خێر دەبێت))[3]

لە ریوایەتێکی تردا: ((خێرێکت پێ دەگات و لە شەڕێك دووردەکەویەوە، بۆ ئێمەش خێرە و بۆ دوژمنەکانمان شەڕ،"والحمد لله رب العالمين"))[4]

---

١ صحيح البخاري ومسلم.

٢ صحيح مسلم.

٣ أخرجه ابن السني في "عمل اليوم والليلة" بإسناد ضعيف.

٤ جزء من حديث أخرجه ابن قتيبة في "غريب الحديث" والطبراني في "الكبير" و ابن حبان في "المجروحين" وأبو نعيم في "معرفة الصحابة" والبيهقي في "دلائل النبوة".

بەشی شەشەم

زیکرەکانی لە ماڵ دەرچوون

لە "السنن"دا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس ڕۆیشتە دەرەوە-واتە کاتێك لە ماڵەوە دەردەچێت- بڵێت: "بِسْمِ اللهِ تَوَكَّلْتُ عَلَى اللهِ لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ " پێی دەوترێت: بێنیاز کرایت، و هیدایەت درایت، پارێزگاریت لێکرا، ئەو کات شەیتانی لێ کەنارگیر دەبێت، دەڵێت بە شەیتانێکی تر: چۆن دەتوانی لە پیاوێك نزیك ببیەوە بێنیازکرابێت و هیدایەت درابێت و پارێزگاری لێ کرابێت؟))[1]

لە "مسند الإمام أحمد" زیکری چوونە دەرەوە لە ماڵ: ((بسم الله، آمنت بالله، واعتصمت بالله، توكلت على الله، لا حول ولا قوة إلا بالله)) فەرموودەیەکی حەسەنە.[2]

لە چوار سونەنەکەدا لە "أم سلمة"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە لە ماڵەوە دەچووە دەرەوە چاوێکی بۆ ئاسمان هەڵدەدا و دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَضِلَّ أَوْ أُضَلَّ، أَوْ أَزِلَّ أَوْ أُزَلَّ، أَوْ أَظْلِمَ أَوْ أُظْلَمَ، أَوْ أَجْهَلَ أَوْ يُجْهَلَ عَلَيَّ- خودایە، من پەنات پێ دەگرم لەوەی کەسێك گومڕا بکەم و گومڕا بکرێم، لە خشتە ببەم و لە خشتە ببرێم، ستەم بکەم و ستەمم لێ بکرێت، نەزانی نەفامی بکەم و نەفامی و نەزانیم بەرانبەر ئەنجام بدرێت)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[3]

---

١ أخرجه أبو داود والترمذي والنسائي والطبراني والبيهقي وابن أبي الدنيا.

٢ أخرجه أحمد والمحاملي في "الدعاء" وابن أبي الدنيا في "التوكل"، والخطيب في "تاريخ بغداد" وعبدالغني المقدسي في"الترغيب في الدعاء".

٣ أخرجه الترمذي وأبو داود، والنسائي، وابن ماجة، وأحمد.

بەشی حەوتەم

زیکرەکانی چوونە ژوورەوە ماڵەوە

لە "صحيح مسلم"دا لە "جابر"ەوە فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو دەیفەرموو: ((کاتێك پیاوێك دەچێتە ژوورەوە لە ماڵەکەی خۆی، یادی خودا بکات لە چوونە ژوورەوەدا، و لە کاتی خواردنیدا، شەیتان دەڵێت: نە شوێنی مانەوەی شەوتان هەیە نە نانی ئێوارە، بەڵام گەر بڕواتە ژوورەوە یادی خودا نەکات، شەیتان دەڵێت: شوێنی مانەوەی ئەم شەوتان بەدەستهێنا، گەر لە کاتی خواردنەکەیدا یادی خودای نەکرد، شەیتان دەڵێت: مانەوەی شەو و نانی ئێوارەتان بەدەستهێنا))[1]

لە "سنن أبي داود"دا لە "أبي مالك الأشعري" فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((کاتێك پیاوێك لە ماڵی خۆی دەچێتە ژوورەوە با بڵێت: "اللهم إني أسألك خير المولج، وخير المخرج، بسم الله ولجنا، وبسم الله خرجنا، وعلى الله ربنا توكلنا- خودایە من داوای خێری چوونە ژوورەوە و خێری چوونە دەرەوەت لێ دەکەم، بەناوی خودا چووینە ژوورەوە و بەناوی خودا چووینە دەرەوە، لەسەر خودا، پەروەردگارمان تەوەکولمان بەستووە" پاشان بە سەلام لە خانەوادەکەی بکات)) "الترمذي"[2]

لە "الترمذي"دا لە ئەنەسەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی فەرمووم: ((کوڕی خۆم، گەر چوویتە ژوورەوە بۆ لای خانەوادەکەت، سەلام بکە، دەبێت بە خێر و فەڕ لەسەر خۆت و خانەوادەکەت)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[3]

---

١ صحيح مسلم.

٢ أخرجه أبو داود، والطبراني.

٣ قال ابن حجر: هكذا أخرجه الترمذي، وقال"حسن غريب".

بەشی هەشتەم

زیکرەکانی چوونە ژوورەوەی مزگەوت و هاتنە دەرەوە

لە "صحيح مسلم"دا لە "أبي حميد أو أبي أسيد"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((گەر یەکێك لە ئێوە چووە ژوورەوە بۆ مزگەوت با سەلام لە پێغەمبەر بکات، و بڵێت: "اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ،:"، گەر هاتە دەرەوە با بڵێت" اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ "))[1]

لە "سنن أبي داود"دا لە "عبدالله بن عمرو"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) کاتێك دەڕۆیشتە ناو مزگەوتەوە دەیفەرموو: ((أعوذ بالله العظيم، وبوجهه الكريم، وسلطانه القديم، من الشيطان الرجيم)) فەرمووی: کاتێك ئەوە بڵێت، شەیتان دەڵێت: هەموو رۆژەکەی لە دەستی من پارێزراوە.[2]

بەشی نۆیەم

زیکرەکانی بانگ

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە "أبي سعيد"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((کاتێك بانگتان بیست ئەوە بڵێنەوە کە بانگوێژەکە دەیڵێت))[3]

لە "صحيح مسلم"دا لە "عبدالله بن عمرو"ەوە، گوێی لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بووە فەرموویەتی: ((کاتێك گوێتان لە بانگوێژ بوو، ئەو چۆن دەڵێت ئێوەش هەمان شت بڵێن، پاشان صەڵەوات لە دیدارم بدەن، هەر کەس صەڵەواتێك لەسەر من بدات خودا بەوە دە صەڵەوات لەسەری دەدات، پاشان داوای وەسیلەم لە خودا بۆ بکەن، چونکە ئەوە مەنزیلەیەکە لە بەهەشتدا تەنها بۆ یەك بەندە لە بەندەکانی خودا دانراوە، رجام وایە من

---

١ صحيح مسلم.

٢ اخرجه ابو داود ومن طريقه البيهقي وابن حجر لي "نتائج الأفكار".

٣ صحيح البخاري ومسلم.

ئەو بەندەیە بم، هەر کەس داوای وەسیلەم بۆ بکات شفاعەتی من دەیگرێتەوە))[1]

لە "صحيح مسلم"دا لە "عمر بن الخطاب"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((کاتێك بانگوێژ دەڵێت: "الله أكبر، الله أكبر" یەکێك لە ئێوە بڵێت "الله أكبر، الله أكبر" کە وتی"أشهد أن لا إله إلا الله" بڵێت"أشهد أن لا إله إلا الله"، وتی "أشهد أن محمدا رسول الله"بڵێت"أشهد أن محمدا رسول الله"پاشان وتی"حي على الصلاة" بڵێت"لا حول ولا قوة إلا بالله" وتی"حي على الفلاح" بڵێت"لا حول ولا قوة إلا بالله" گە دەڵێت"الله أكبر، الله أكبر"بڵێت"الله أكبر، الله أكبر" وتی"لا إله إلا الله" بڵێت"لا إله إلا الله" لە دڵەوە، ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە))[2]

لە "صحيح البخاري"دا لە "جابر"ەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس کاتێك گوێی لە بانگ دەبێت بڵێت: " اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ، آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ" شەفاعەتی منی بۆ حەلاڵ دەبێت لە ڕۆژی دواییدا))[3]

لە "سنن أبي داود"دا لە "عبدالله بن عمرو"ەوە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بانگوێژەکان فەزڵیان لە ئێمە زۆرترە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئەوەی ئەوان دەیڵێن تۆش بیڵێ، کە تەواو بوویت، داوا لە خودا بکە پێت دەدرێت))[4]

لە "الترمذي" لەئەنەسەوە، فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((هیچ دوعایەك لە نێوان بانگ و قامەتدا ڕەد ناکرێتەوە))، "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[5]

لە "سنن أبي داود"دا لە "سهل بن سعد" فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((دوو شت ڕەد ناکرێنەوە-یان زۆر کەم ڕەد دەکرێنەوە-: دوعا کردن کاتی بانگ، و

---

١ صحيح مسلم.

٢ صحيح مسلم.

٣ صحيح البخاري.

٤ أخرجه أبو داود والنسائي، وأحمد والطبراني وصححه ابن حبان، وحسنه ابن حجر في "نتائج الأفكار".

٥ أخرجه الترمذي وأبو داود والنسائي، قال ابن حجر في "نتائج الأفكار": هذا حديث حسن، وهو غريب من هذا الوجه.

کاتی رووبەڕوویوونەوەی دوژمن ئەو دەمەی کە هێرش دەکەنە سەر یەکتر و بە یەکتر تێکەڵ دەبن))[1]

لە "سنن أبي داود"دا لە "أم سلمة" فەرمووی: پێغەمبەری خوداﷺ فێری کردم لە کاتی مەغریدا بڵێم: ((**"اللهم هذا إقبال ليلك، وإدبار نهارك، وأصوات دعاتك، وحضور صلواتك، فاغفر لي**-خودایە، ئەمە هاتنی شەوی تۆیە و رۆیشتنی رۆژی تۆیە و دەنگی بانگکەرانە بۆ لای تۆ، و کاتی نوێژکردنە بۆ تۆ، لێم خۆش ببە"))[2]

لە "سنن أبي داود"دا لە هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە-خوایان لێ رازی بێت- کاتێك بلال قامەتی دەکرد و دەیفەرموو"**قد قامت الصلاة**" پێغەمبەرﷺ دەیفەرموو: "**أقامها الله وأدامها**"-خودا نوێژی راوەستاو کردووە و بەردەوامی کردووە.[3]

ئەمە بریتی بوو لە پێنج سوننەت لە بانگدا:

❖ وەڵامدانەوەی بانگ

❖ وتنی: "**رضيت بالله ربا وبالإسلام دينا وبمحمد رسولا**" کاتێك بانگوێژ دەگاتە هێنانی شەهادەت.

❖ داواکردن لە خودا بۆ ئەوەی وەسیلە و فەزیلە بە پێغەمبەری خوداﷺ بدات.

❖ صەڵەوات لەسەر پێغەمبەرﷺ.

❖ دوعاکردن بۆ خۆی چەندی پێخۆشە.

لە "**سعد بن أبي وقاص**"ەوە لە پێغەمبەری خوداوەﷺ فەرمووی: ((هەر کەس کاتێك گوێی لە بانگوێژ دەبێت بڵێت:"**وأنا أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأن محمدا عبده ورسوله، رضيت بالله ربا، وبالإسلام دينا، وبمحمد رسولا**" خودا لە گوناهەکانی خۆش دەبێت))[4]

---

١ أخرجه أبو داود، والدارمي، والبيهقي، والطبراني، وصححه ابن خزيمة، والحاكم، ولم يتعقبه الذهبي، وأخرجه ابن الجارود في "المنتقى"، وقال ابن حجر في "النتائج": هذا حديث حسن صحيح.

٢ أخرجه أبو داود والطبراني والبيهقي.

٣ أخرجه أبو داود وابن السني والبيهقي.

٤ أخرجه مسلم.

بەشی دەیەم

زیکرەکانی سەرەتای دەستپێکردنی نوێژ

لە هەردوو سەحیحەکەدا، پێغەمبەر(ﷺ) لە سەرەتای دەستپێکردنی نوێژەکەیەوە دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ، اللَّهُمَّ نَقِّنِي مِنْ خَطَايَايَ كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، اللَّهُمَّ اغْسِلْنِي مِنْ خَطَايَايَ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ))[1]

لە "سنن أبي داود"دا لە "جبير بن مطعم"ەوە، پێغەمبەری خودای(ﷺ) بینیوە فەرموویەتی: ((""الله أكبر كبيرا، والحمد لله كثيرا، وسبحان الله بكرة وأصيلا" سێ جار، "أعوذ بالله من الشيطان الرجيم من نفخه ونفثه وهمزه"))، "عمرو بن مرة" یەەکێك لە راوییەکان دەڵێت: "نفثه" بریتییە لە شیعر، و "نفخه" بریتییە لە لوتبەرزی و خۆبەزلزانی، و "همزه" بریتییە لە فێ[2] لێهاتن و شێتێتی.[3]

لە چوار"سنن"ەکەدا، لە "عائشة و أبي سعيد"ەوە، پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك دەستی بە نوێژ دەکرد، دەیفەرموو: ((سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، تَبَارَكَ اسْمُكَ، وَتَعَالَى جَدُّكَ وَلاَ إِلَهَ غَيْرُكَ))، ئەم فەرموودەیە لە "صحيح مسلم"دا لە "عمر"ەوە مەوقوفە لەسەری (واتە لە سەنەدەکەیدا بڕین(قطع)ی تێدایە).[4]

لە "صحيح مسلم"دا لە "علي بن أبي طالب"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك هەڵدەستا بۆ نوێژ دەیفەرموو: ((وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ، إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ، اللَّهُمَّ أَنْتَ الْمَلِكُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَنْتَ رَبِّي وَأَنَا عَبْدُكَ ظَلَمْتُ نَفْسِي وَاعْتَرَفْتُ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي ذُنُوبِيَ جَمِيعًا إِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ، وَاهْدِنِي

---

١ صحيح البخاري ومسلم.

٢ لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت: "صرع" کەسەکە بێهۆش دەبێت و کەف لە دەمی دێت. (وەرگێر)

٣ أخرجه أبو داود، وابن ماجة، وابن خزيمة، وأحمد، وابن أبي شيبة، والبزار، والبيهقي.

٤ أخرجه الترمذي وابن ماجة، وابن خزيمة، والبيهقي، والطحاوي في "شرح المعاني".

لِأَحْسَنِ الأَخْلاَقِ لاَ يَهْدِي لأَحْسَنِهَا إِلاَّ أَنْتَ، وَاصْرِفْ عَنِّي سَيِّئَهَا لاَ يَصْرِفُ عَنِّي سَيِّئَهَا إِلاَّ أَنْتَ، لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ وَالْخَيْرُ كُلُّهُ فِي يَدَيْكَ، وَالشَّرُّ لَيْسَ إِلَيْكَ، أَنَا بِكَ وَإِلَيْكَ، تَبَارَكْتَ وَتَعَالَيْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ)) كاتێکیش دەچووە ڕکوعەوە لە ڕکوعەکەیدا دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ لَكَ رَكَعْتُ، وَبِكَ ءَامَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، خَشَعَ لَكَ سَمْعِي وَبَصَرِي وَمُخِّي وَعَظْمِي وَعَصَبِي)) کاتێکیش سەری لە ڕکوع هەڵدەبڕی دەیفەرموو: ((سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ مِلْءَ السَّمَوَاتِ وَمِلْءَ الأَرْضِ وَمِلْءَ مَا شِئْتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ)) کاتێك سوژدەی دەبرد لە سوژدەکەیدا دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ، وَبِكَ ءَامَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ، تَبَارَكَ اللهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ)) دواین شتێك لە نێوان شایەتمان(تەحیات) و سلاودانەوەدا دەیخوێند بریتی بوو لە: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ، وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ، وَمَا أَسْرَفْتُ وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّي، أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ))[1]

هەروەها لە "صحيح مسلم"دا لە "عائشة"ەوە، کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) هەڵدەستا بۆ شەونوێژ نوێژەکەی بەمە دەست پێ دەکرد: ((أللهم رب جبريل وميكائيل وإسرافيل، فاطر السموات والأرض، عالم الغيب والشهادة، أنت تحكم بين عبادك فيما كانوا فيه يختلفون، اهدني لما اختلف فيه من الحق بإذنك، إنك تهدي من تشاء إلى صراط مستقيم))[2]

لە هەردوو سەحیحەکەدا: لە "ابن عباس"ەوە فەرمووی: کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) بۆ شەونوێژ هەستابایە دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ نُورُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ، وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ قَيَّامُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ، وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ، وَلَكَ الْحَمْدُ، أَنْتَ الْحَقُّ، وَوَعْدُكَ الْحَقُّ، وَقَوْلُكَ الْحَقُّ وَلِقَاؤُكَ حَقٌّ، وَالْجَنَّةُ حَقٌّ، وَالنَّارُ حَقٌّ، والنبيون حق، ومحمد حق، وَالسَّاعَةُ حَقٌّ، اللَّهُمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ وَبِكَ ءَامَنْتُ وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ وَبِكَ خَاصَمْتُ وَإِلَيْكَ حَاكَمْتُ فَاغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّي أَنْتَ إِلَهِي لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ))[3]

---

١ صحيح مسلم.

٢ صحيح مسلم.

٣ صحيح البخاري ومسلم.

بەشی یازدەهەم

زیکری رکوع و سوژدە و نێوان رکوع و سوژدە و نێوان دوو سوژدەکە

لە چوار "السنن"ەکەدا لە "حذيفة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- گوێی لە پێغەمبەری خودا بووﷺ کاتێك لە رکوعدا بوو دەیفەرموو: ((سبحان ربي العظيم)) سێ جار و لە سوژدەدا دەیفەرموو: ((سبحان ربي الأعلى)) سێ جار.[1]

هەر بەو جۆرە لە فەرموودەکەی "علي"دا-خوا لێی رازی بێت- کە بە درێژی لە بەشەکەی پێشوودا ناماژەی پێکراوە.

لە هەردوو سەحیحەکەدا: لە "عائشة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە رکوع و سوژدەکانیدا زۆر دەیفەرموو: ((سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي))[2]

لە "صحيح مسلم"دا لە "عائشة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا لە رکوع و سوژدەکانیدا دەیفەرموو: ((سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ رَبُّ الْمَلاَئِكَةِ وَالرُّوحِ))[3]

لە "سنن أبي داود" لە "عوف بن مالك"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) لە رکوع و سوژدەکانیدا دەیفەرموو: ((سبحان ذي الجبروت والملكوت والكبرياء والعظمة))[4]

لە "صحيح مسلم"دا لە "أبي سعيد"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەر کاتێك سەری لە رکوع بەرز دەکردەوە دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ مِلْءَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ، وَمِلْءَ ما بينهما، وَمِلْءَ مَا شِئْتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ، أَهْلَ الثَّنَاءِ وَالْمَجْدِ أَحَقُّ مَا قَالَ الْعَبْدُ وَكُلُّنَا لَكَ عَبْدٌ، اللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ))[5]

---

١ أخرجه مسلم، وأبو داود، والترمذي، والنسائي، وقال الترمذي حديث حسن صحيح.

٢ صحيح البخاري ومسلم.

٣ صحيح مسلم.

٤ أخرجه أبو داود، والنسائي، وأحمد، وغيرهم، وصححه النووي في "الأذكار".

٥ صحيح مسلم.

لە "صحيح البخاري"دا لە "رفاعة بن رافع"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: ڕۆژێك لە دوای پێغەمبەرەوە(ﷺ) نوێژمان دەکرد، کاتێك سەری بەرزکردەوە لە رکوع فەرمووی: ((سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ)) پیاوێك لە پشتییەوە فەرمووی: "رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ، حمدا كثيرا طيبا مباركا فيه" کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) ویستی بڕوات فەرمووی: ((ئەو کەسە کێ بوو ئەوەی وت؟)) کەسەکە وتی: من ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: زیاتر لە سی فریشتەم بینی هەریەکەیان پێشبڕکێی دەکرد بۆ ئەوەی ئەو یەکەمجار بینووسێت))[1]

لە "صحيح مسلم"دا لە "أبي هريرة"ەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((نزیکترین ساتێکی بەندە لە خوداوە ئەو کاتەیە کە لە سوژدەدایە، بۆیە دوعای زۆری تێدا بکەن))[2]

هەر لە "أبي هريرة"ەوە پێغەمبەر(ﷺ) لە سوژدەکەیدا دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي كُلَّهُ دِقَّهُ وَجِلَّهُ وَأَوَّلَهُ وَءَاخِرَهُ وَعَلاَنِيَتَهُ وَسِرَّهُ))[3]

"عائشة"-خوا لێی رازی بێت- دەفەرموێت: شەوێك بە دوای پێغەمبەردا(ﷺ) گەڕام، دەستم بەرکەوت لە ژێر بنی پێی، ئەو لە مزگەوت بوو، هەردوو پێی لە باری سوژدەدا بوون، و دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ، وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ، لاَ أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ))[4] "مسلم" ئەم فەرموودانەی ریوایەت کردووە.

لە "سنن أبي داود"دا لە "ابن عباس"ەوە-خوا لە خۆی و باوکی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) لە نێوان دوو سوژدەکەدا دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَاهْدِنِي، ، واجبرني، وَعَافِنِي وَارْزُقْنِي))[5]

---

١ صحيح البخاري.

٢ صحيح مسلم.

٣ صحيح مسلم.

٤ صحيح مسلم.

٥ أخرجه أبو داود، والترمذي، وابن ماجة، والبيهقي، قال الترمذي: هذا حديث غريب.

له "السنن"دا له "حذيفة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) له نێوان دوو سوژدەکەدا دەیفەرموو: ((رَبِّ اغْفِرْ لِي، رَبِّ اغْفِرْ لِي))[1]

بەشی دوازدەیەم

دوعاکانی نوێژ و دوای خوێندنی تەحیات

له هەردوو سەحیحەکەدا له "أبي هريرة"ەوە، وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((گەر هەر کەس له ئێوە له تەحیات تەواو بوو، با پەناگرێت به خودا له چوار شت: سزای گۆڕ، و سزای دۆزەخ و فیتنەی ژیان و مردن و شەڕی فیتنەی مەسیحی دەجال))[2]

دیسان له هەردوو سەحیحەکەدا، له "عائشة"ەوە -خودا لێی رازی بێت- پێغەمبەر له نوێژدا ئەم دوعایەی دەکرد: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَالِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ- خودایە، من پەنات پێ دەگرم له سزای گۆڕ و پەنات پێ دەگرم له فیتنەی مەسیحی دەجال، و پەنات پێ دەگرم له فیتنەی ژیان و مردن، خودایە پەنات پێ دەگرم له گوناه و خراپە و قەرزداری)) یەکێك پێی وت: زۆر پەنا دەگریت به خودا له "المغرم؟" فەرمووی: ((پیاو کاتێك قەرزدار دەبێت که قسە دەکات درۆ دەکات، که بەڵێن دەدات بەڵێن دەشکێنێت))[3]

پێشتر له دوو سەحیحەکەدا ئاماژەمان پێکردووە، ئەبو بەکری صدیق-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی به پێغەمبەری خودا(ﷺ): دوعایەکم فێر بکە له نوێژەکەمدا بیخوێنم؛ فەرمووی: ((بلێ: "اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا وَلاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ-خودایە من ستەمێکی

---

١ اخرجه أبو داود، والنسائي، والطيالسي، والبيهقي، وصححه ابن خزيمة، والحاكم، وحسنه ابن حجر في "التائج".

٢ صحيح البخاري ومسلم.

٣ صحيح البخاري ومسلم.

زۆرم لە نەفسی خۆم کرد، هیچ کەسێك لە گوناهان نابورێت جگە لە تۆ، بە لێخۆشبوونێك لە لای خۆتەوە لێمخۆش ببە، و رەحمم پێ بکە، تۆ لێبوورده و لێخۆشبوو و بە بەزەییت"))[1]

لە "صحیح مسلم"دا لەو فەرموودەوە کە "علي"-خوا لێی رازی بێت- دەیگێڕێتەوە دەربارەی سیفەتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) کە بە درێژی لە بەشی دەیەمدا خستوومانەتە روو.

لە "سنن أبي داود"دا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی بە پیاوێك: ((لە نوێژەکەتدا چی دەڵێیت؟ وتی: تەحیات دەخوێنم و دەڵێم: "أللهم ٔني أسالك الجنة، وأعوذ بك من النار"، بەڵام من ئەو ورتە ورتەی تۆ و مەعاز نازانم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئێمەش بە دەوری ئەوەدا ورتە ورت دەکەین))[2]

لە "المسند" و "السنن"دا لە "شداد بن أوس"دوە-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) لە نوێژەکەیدا دەیفەرموو: ((أللهم أسالك الثبات في الأمر، والعزيمة على الرشد، وأسألك شكر نعمتك، وحسن عبادتك، وأسالك قلبا سليما، ولسانا صادقا، وأسألك من خير ما تعلم، وأعوذ بك من شر ما تعلم، إنك أنت علام الغيوب-خودایە داوای دامەزراویت لێ دەکەم لە کاروباردا، داوای عەزیمەت لێ دەکەم لە روشد و کەماڵ و ڕێنموونیدا، داوای شوکری نیعمەت و باشی و چاکی عیبادەتت لێ دەکەم، داوای دڵێکی سەلامەت و زمانێکی راستگۆت لێ دەکەم، لەو خێرە داوا دەکەم کە تۆ دەیزانیت، پەنات پێ دەگرم لەو شەرەی کە تۆ دەیزانی، تۆ زانای بە پەنهانەکان))[3]

لە "سنن النسائي"دا "عمار بن ياسر" نوێژێکی کرد و ئەم دوعانەی تێدا خوێند و فەرمووی: لە پێغەمبەری خودام(ﷺ) بیستووە: ((أللهم بعلمك الغيب، وقدرتك على الخلق، أحيني إذا علمت الحياة خيرا لي، و توفني إذا علمت الوفاة خيرا لي، إني أسألك خشيتك في الغيب والشهادة، وأسألك كلمة الحق في الغضب والرضى، وأسألك القصد

---

١ تقدم تخريجه.

٢ أخرجه أبو داود، وابن ماجة، وأحمد، وصححه ابن خزيمة وابن حبان، وصححه ابن حجر في "النتيج".

٣ أخرجه أحمد والترمذي، والطبراني.

في الفقر والغنى، وأسالك نعيما لا ينفد، وأسالك قرة عين لا تنقطع، وأسالك الرضى بعد القضاء، وأسالك برد العيش بعد الموت، وأسالك لذة النظر إلى وجهك والشوق إلى لقائك، في غير ضراء مضرة، ولا فتنة مضلة، أللهم زينا بزينة الإيمان، واجعلنا هداة مهتدين-خودایه، به زانستی پەنهانت، بەو دەسەلاتەی هەتە لەسەر دروستکراوەکانت، بمژیینە گەر ژیان بۆ من باش بوو، بمرێنە گەر مردن بۆ من باش بوو، خودایە، داوای ترسی تۆ دەکەم لە پەنهان و ئاشکرادا، داوای وتەی حەقت لێ دەکەم لە تووڕەبوون و رازیبووندا، داوای میانەگیریت لێ دەکەم لە هەژاری و دەوڵەمەندیدا، داوای نیعمەتی نەبڕاوەت لێ دەکەم، داوای ڕۆشنکەرەوەی بینایيەکت لێ دەکەم کە دوابڕاو نەبێت، داوای رازیبوونت لێ دەکەم لە دوای قەزا و بڕیارت، داوای فێنکی زیندەگیت لێ دەکەم پاش مردن، داوای چێژی تەماشاکردنی روخسارت دەکەم، داوای شەوقت لێدەکەم بۆ گەیشتن بە لیقات، بەبێ زیان و زەرەر و فیتنەیەکی گومڕاکەر، خودایە جوانمان بکە بە جوانی ئیمان، بمانکە بە هیدایەتدەر و هیدایەتدراو))[1]

بەشی سیازدەهەم

زیکرەکانی دوای سلاوداندەوەی نوێژ کە بریتییە لە دوای سوژدە(إدبار السجود)

لە "صحیح مسلم"دا لە "ثوبان"ەوە-خوا لێی رازی بێت-، فەرمووی: کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) لە نوێژەکەی تەواو دەبوو: سێ جار "أستغفر الله"ی دەکرد و دەیفەرموو: ((اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلاَمُ وَمِنْكَ السَّلاَمُ تَبَارَكْتَ يَا ذَا الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ))[2]

لە هەردوو سەحیحەکەدا، لە "المغيرة بن شعبة"ەوە-خودا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك لە نوێژ تەواو دەبوو، دەیفەرموو: ((لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. اللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ))[3]

---

١ أخرجه النسائي، والطبراني، والبيهقي، وصححه ابن خزيمة وابن حبان والحاكم.

٢ صحيح مسلم.

٣ صحيح البخاري ومسلم.

لە "صحيح مسلم"دا، لە "عبدالله بن الزبير"ەوە-خودا لە خۆی و باوکی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) دوای هەموو نوێژێك ئەم کەلیمانەی دەخوێند: ((لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَلاَ نَعْبُدُ إِلاَّ إِيَّاهُ، لَهُ النِّعْمَةُ وَالْفَضْلُ، وَلَهُ الثَّنَاءُ الْحَسَنُ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ))[1]

لە "صحيح مسلم"دا لە "أبي هريرة"ەوە، لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس دوای هەموو نوێژێك سی و سێ جار "سبحان الله" و سی و سێ جار "الحمد لله" و سی و سێ جار "الله أكبر" بکات و پاشان بۆ تەواوکردنی سەدەکە بڵێت: "لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ" خودا لە گوناهەکانی خۆش دەبێت با وەك کەفی دەریاش وابێت))[2]

لە "السنن"دا لە "عبدالله بن عمرو"ەوە، لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((دوو خەسڵەت-یان دوو ئاکار- هەن هەر موسڵمانێك پارێزگاریان لێ بکات دەچێتە بەهەشتەوە، ئەو دوانە ئاسانن و ئەوانەی کاریان پێ دەکەن کەمن: دوای هەموو نوێژێك دە جار "سبحان الله" بکات و دە جار "الحمد لله" بکات و دە جار "الله أكبر" بکات، ئەوە سەد و پەنجایە بە زمان، بەڵام هەزار و پێنج سەدە لە میزاندا [3]، سی و چوار جار "الله أكبر" بکات کاتێك دەچێتە ناو جێگەی نووستن و سی و سێ جار "الحمد لله" و سی و سێ جار "سبحان الله" ئەوە دەبێتە سەد لەسەر زمان و هەزار لە میزاندا [4])) دەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بینی بە پەنجەکانی ئەنجامی دەدان، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، چۆن ئەو دوانە ئاسانن و ئەوانەی کاریان پێ دەکەن کەمن؟ فەرمووی: شەیتان دێت بۆ لای یەکێك لە ئێوە و لە سەر جێگەی نووستن و بەر لەوەی بیانخوێنێت خەوی لێ دەخات، لە نوێژەکەیدا شەیتان بۆی دێت و پێویستییەکانی

---

١ صحيح مسلم.

٢ صحيح مسلم.

٣ لە نوێژێکدا سی دانە، لە پێنج نوێژدا سەد و پەنجا دەردەچێت. (وەرگێر)

٤ لە یەك نوێژدا هەزار بۆ دەنوسرێت لە پێنج نوێژدا پێنج هەزاری بۆ دەنوسرێت. (وەرگێر)

دەهێنێتەوە بێر بەر لەوەی بیانخوێنێت))[1]

لە "السنن"دا لە "عقبة بن عامر"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێ کردم دوای هەموو نوێژێك معەوەزەتەین(سورەتی "الفلق" و سورەتی "الناس") بخوێنم.[2]

لە "النسائي الكبير"دا لە "أبي أمامة"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس "آية الكرسي" دوای هەموو نوێژێك بخوێنێت، هیچ شتێك رێگری لێ ناکات بۆ چوونە بەهەشت تەنها کاتی مردن نەبێت)) واتە لە نێوان ئەو و چوونە بەهەشتدا تەنها مردن هەیە.[3]

لە شێخولئیسلام "ابن تيمية"ەوە پێمگەیشتووە، فەرمووی: مەگەر لەبیرم چووبێت ئەگینا دوای هەموو نوێژێك خوێندوومە.

دەڵێم: "أبو الفرج بن الجوزي" زیادەڕەوی کردووە ئەم فەرموودەیەی لە فەرموودەی هەڵبەستراو(الموضوعات)دا داناوە، شێخی ئێمە "أبو الحجاج المزي"-ڕەحمەتی خودای لێ بێت- دەڵێت: ئیسنادی فەرموودەکە لەسەر مەرجەکانی بوخارییە.

بەشی چواردەهەم

زیکری تەحیات

لە هەردوو سەحیحەکەدا جێگیر بووە، لە عەبدولاّی کوڕی مەسعودەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) تەحیاتی فێرکردم-دەستم لەناو هەردوو دەستیدا بوو- وەك چۆن سورەتێکی قورئانم فێر بکات: ((التحيات لله، والصلوات والطيبات، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله))[4]

---

١ أخرجه أبو داود، والترمذي، والنسائي، وصححه ابن حجر في "نتائج الأفكار".

٢ أخرجه أبو داود والترمذي والنسائي وصححه ابن خزيمة وابن حبان والحاكم.

٣ أخرجه النسائي والطبراني وأبو نعيم في "أخبار أصبهان" وصححه ابن حبان.

٤ صحيح البخاري ومسلم.

لە "صحيح مسلم"دا لە "ابن عباس"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) تەحیاتی فێردەکردین وەك چۆن سورەتێك لە قورئانمان فێر بکات، دەیفەرموو: ((التحيات، المباركات، الصلوات، الطيبات لله، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا رسول الله))[1]

دیسان لە "صحيح مسلم"دا لە "أبي موسى"ەوە، پێغەمبەر(ﷺ) تەحیاتی فێردەکردن: ((التحيات الطيبات، الصلوات لله، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله))[2]

"أبو داود" لە "عمر بن الخطاب"ەوە ریوایەتی کردووە، لە پێغەمبەری خوداوە دەربارەی تەحیات: ((التحيات لله، والصلوات والطيبات، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله))[3]

دیسان "أبو داود" لە "سمرة بن جندب"ەوە، پاشان: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکردین، گەر گەیشتینە ناوەندی نوێژەکە [4]، یان کۆتاییەکەی و بەر لە سەلامدانەوە، بڵێین: ((("التحيات الطيبات والصلوات والملك لله" پاشان بە لای راستدا سەلام بدەنەوە، تەوجا سەلام لە قارینەکە و خۆتان بکەن))[5]

مالیك لە "الموطأ"دا لە "عمر بن الخطاب"ەوە-خوا لێی رازی بێت- باسی کردووە: خەڵکی فێری تەحیات دەکرد و ئەو لەسەر مینبەر بوو، دەیفەرموو: بڵێن((التحيات لله، الزاكيات لله، الصلوات الطيبات لله، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله))[6] هەر تەحیاتێك لەم تەحیاتانە لە نوێژەکەیدا بخوێنە دروستە و پێکاویەتی.

---

١ صحيح مسلم.

٢ صحيح مسلم.

٣ أخرجه أبو داود، والدار القطني والبيهقي.

٤ تەحیاتی یەکەم. (وەرگێر)

٥ أخرجه أبو داود بإسناد ضعيف.

٦ أخرجه مالك في "الموطأ".

ئیمام ئەحمەد و ئەبو حەنیفە بۆ تەحیاتەکەی "ابن مسعود" ڕۆیشتوون، ئیمامی شافیعی بۆ تەحیاتەکەی "ابن عباس" ڕۆیشتوون، مالیکیش بۆ تەحیاتەکەی "عمر بن الخطاب" ڕۆیشتووە.

هەر هەموو دروستن و پێکاویانە و پاداشتی لەسەر وەردەگرن.

بەشی پازدەهەم

زیکری صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ)

لە هەردوو سەحیحەکەدا، لە "کعب بن عجرة"ەوە-خودا لێی ڕازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەر هاتە دەرەوە بۆ لامان، ئێمەش وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوەمان زانی چۆن سەلامت لێ بکەین، بەڵام چۆن صەڵەواتت لە دیدار بدەین؟ فەرمووی: ((بڵێن: "اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد، اللهم بارك على محمد و على آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد"))[1]

دیسان لە هەردوو سەحیحەکەدا: لە "أبي حميد الساعدي"ەوە وتوویانە: ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن صەڵەواتت لەسەر بدەین؟ فەرمووی: ((بڵێن: "اللهم صل على محمد وعلى أزواجه وذريته، كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم، وبارك على محمد وعلى أزواجه وذريته كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم، إنك حميد مجيد"))[2]

لە "صحيح مسلم"دا لە "أبي مسعود الأنصاري"ەوە فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لامان ئێمە لە مەجلیسێکی "سعد بن عبادة"دا بووین، "بشير بن سعد" پێی فەرموو: خودا ئەمری پێکردووین صەڵەوات لە دیدارت بدەین، ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن صەڵەوات لە دیدارت بدەین؟ فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) بێدەنگ بوو، تا ئاواتمان

---

١ صحيح البخاري ومسلم.

٢ صحيح البخاري ومسلم.

خواست پرسیاری لیٚ نەکردبایە، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((بلێن: "اللهم صل على محمد وعلى آل محمد، كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم، وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم في العالمين، إنك حميد مجيد" سەلامیش لەسەر پێغەمبەر بەو جۆرەیە کە فێرکراون))[1]

"ابن ماجة" لە "سنن"ەکەیدا لە عەبدولاٚی کوڕی مەسعودەوە، فەرمووی: گەر صەلەواتتان لەسەر پێغەمبەر دا ئەوا بە باشی صەلەوات بدەن، ئێوە نازانن، لەوانەیە ئەو صەلەواتە بگەیەنرێ بە پێغەمبەری خودا، دەلێ: پێیان وت: دەی فێرمان بکە، فەرمووی: بلێن: "اللهم اجعل صلواتك ورحمتك، وبركاتك على سيد المرسلين، وإمام المتقين، وخاتم النبيين، محمد عبدك ورسولك، إمام الخير وقائد الخير ورسول الرحمة، اللهم ابعثه مقاما محمودا يغبطه به الأولون والآخرون، اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم، إنك حميد مجيد، اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم، إنك حميد مجيد"))[2]

بەشی شازدەهەم

زیکری ئیستیخارە

لە "صحيح البخاري"دا لە "جابر"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) ئیستیخارەی لە کاروبارەکاندا فێر دەکردین وەك چۆن سوورەتێك لە قورئانی فێر دەکردین، دەیفەرموو: ((گەر یەکێك لە ئێوە کارێکی هاتە پێش با دوو رکات نوێژ بکات، جگە لە نوێژە فەرزەکان، پاشان بلێ: "اللهم إني أستخيرك بعلمك، وأستقدرك بقدرتك وأسألك من فضلك العظيم، فإنك تقدر ولا أقدر، و تعلم ولا أعلم، وأنت علام الغيوب، اللهم إن كنت تعلم أن هذا الأمر -پێویستییەکەی ناو دەهێنێت- خير لي في ديني ومعاشي وعاقبة أمري، فاقدره لي، ويسره لي، ثم بارك لي فيه، وإن كنت تعلم أن هذا الأمر شر

---

١ صحيح مسلم.

٢ اخرجه ابن ماجة، وابو يعلى والبيهقي، وابو نعيم في "الحلية".

لي في ديني ومعاشي وعاقبة أمري، فاصرفه عني، واصرفني عنه، واقدر لي الخير حيث كان، ثم رضني به-خودایه من ئیستیخارەت دەکەم بە زانستت، داوای توانین دەکەم بە قودرەتت، و لە فەزڵی مەزنت داوا دەکەم، تۆ بە قودرەتی و من بێ دەسەڵات، تۆ دەزانی و من نازانم، تۆ زانای پەنهانەکانی، خودایە گەر دەزانی ئەو کارە-ناوی کارەکەی دەهێنێت- بۆ دین و ژیان و سەرئەنجامی ئەمرم خێری بۆ من تێدایە بۆم بڕەوە و بۆم ئاسان بکە، و پاشان بەرەکەتی تێبخە بۆم، خودایە، گەر دەزانی ئەم کارە بۆ دین و ژیان و سەرئەنجامی ئەمرم شەڕی بۆ من تێدایە لە من لابیدە و من لە ئەو کارە لابدە، لە هەر شوێنێك خێر هەیە بۆم بڕەوە و پاشان رازیم بکە پێی"))[1]

لە "مسند الإمام أحمد" لە فەرموودەکەی "سعد بن أبي وقاص"ەوە، لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((لە بەختەوەری رۆڵەی ئادەم ئیستیخارەی خودایە، هەروەها لە بەختەوەری رۆڵەی ئادەم رازیبوونییەتی بە قەزای خودا، لە بەدبەختی رۆڵەی ئادەم وازهێنانە لە ئیستیخارەی خودا، هەروەها لە بەدبەختی رۆڵەی ئادەم ناڕازیبوونییەتی بە قەزای خودا))[2]

شێخولئیسلام "ابن تيمية"-خودا لێی رازی بێت- دەیفەرموو: هەر کەس ئیستیخارەی خالیق بکات و راوێژ بە دروستکراوەکان بکات و لەسەر ئەمرەکەی دامەزراو بوو، پەشیمانی رووی تێناکات.

خود(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾ آل عمران: ١٥٩، لە ئەمردا راوێژیان پێ بکە، گەر -بۆ ئەنجامدانی کارێك-یەکلابوویەوە و سووربوونت هەبوو تەوەکول بە خودا ببەستە.

"قتادة" دەفەرموێت: هەر دەستەیەك راوێژ بکەن و مەبەستیان رووی خودای موتەعال بێت بۆ راسترین کاریان هیدایەت دەدرێن.[3]

---

١ صحيح البخاري.

٢ أخرجه أحمد والترمذي والبزار.

٣ أخرجه ابن جرير في "تفسير" وأخرجه البخاري في "أدب المفرد".

بەشی حەڤدەهەم

زیکرەکانی ناخۆشی و تەنگانە و غەم و حوزن و پەژارە

لە هەردوو سەحیحەکەدا: لە "ابن عباس"ەوە پێغەمبەر لە کاتی ناخۆشی و تەنگانەدا دەیفەرموو: ((لا إله إلا الله العظيم الحليم، لا إله إلا الله رب العرش العظيم، لا إله إلا الله رب السموات، ورب الأرض، ورب العرش الكريم))[1]

لە "الترمذي"دا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە-خوا لێی رازی بێت- کاتێك کارێك پێغەمبەری(ﷺ) داگیربکردبایە، دەیفەرموو: ((يا حي يا قيوم برحمتك أستغيث))[2]

هەر لە "الترمذي"دا لە "أبي هريرة"ەوە ئەگەر کارێك لای پێغەمبەری خودا گرنگ بوایە، سەری بەرز دەکردەوە بۆ ئاسمان و دەیفەرموو: ((سبحان الله العظيم)) کاتێك لە دوعادا کۆشش و پێداگری زۆری بکردبایە دەیفەرموو: ((يا حي يا قيوم))[3]

لە "سنن أبي داود"دا لە "أبي بكرة"ەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((دوعای کەسی تووشبوو بە بەلاّ و ناخۆشی بریتییە لە: "اللهم رحمتك أرجو، فلا تكلني إلى نفسي طرفة عين، وأصلح لي شأني كله، لا إله إلا أنت-خودایە رجای رەحمەتی تۆ دەکەم، چاوتروکانێك مەمدە دەستی نەفسی خۆم و هەموو کارو بارەکانم چاك بکە، هیچ خودایەك بوونی نییە جگە لە تۆ"))[4]

دیسان لە "سنن"دا لە "أسماء بنت عميس"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووم: ((چەند کەلیمەیەکت فێر بکەم لە کاتی بەلاّ و ناخۆشی و تەنگانەدا بیانخوێنیت؟: "الله، الله ربي لا أشرك به"))[5]

لە ریوایەتێکدا دەبێ حەوت جار نەو دوعایە بخوێنرێت.[1]

---

١ صحيح البخاري ومسلم.

٢ اخرجه الترمذي وابن السني بإسناد ضعيف.

٣ اخرجه الترمذي.

٤ اخرجه ابو داود، والنسائي، والطيالسي، والبخاري في "الأدب المفرد" وصححه ابن حبان.

٥ اخرجه ابو داود، والنسائي، وابن ماجة.

له ریوایەتەکەی"الترمذي"دا له "سعد بن أبي وقاص"ەوە فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((دوعاکەی "ذي النون" کاتێك هانای پێ بردە لای خودا له سکی حوتەکەدا بریتی بوو له :﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٨٧﴾ الأنبياء: ٨٧، هیچ خودایەك بوونی نییە جگە له تۆ، پاکێتی بۆ تۆ، من له ریزی ستەمکاران بووم، هەر پیاوێکی موسڵمان بۆ هەر شتێك ئەو دوعایە بکات وەلامی دەدرێتەوە))[٢]

له ریوایەتێکی تری "الترمذي"دا: ((من کەلیمەیەك پێ دەزانم، هەر کەسێك له تەنگانە و ناخۆشیدا بێت و بیخوێنێت خودا دەرووی لێ دەکاتەوە: کەلیمەکەی یونسی برام-علیه السلام-))

له "مسند الإمام أحمد" و "صحیح ابن حبان"دا له عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە، له پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((هەر بەندەیەك خەم و پەژارەیەکی تووش بوو و وتی: "اللهم إني عبدك، ابن عبدك، ابن أمتك، ناصيتي بيدك، ماض في حكمك، عدل في قضاؤك، اسألك بكل اسم هو لك، سميت به نفسك، أو أنزلته في كتابك، أو علمته أحدا من خلقك، أو استأثرت به في عالم الغيب عندك، أن تجعل القرآن ربيع قلبي، ونور بصري، وجلاء حزني، وذهاب همي-خودایە من بەندەی تۆم، رۆڵەی بەندەی خزمەتکاری تۆم، رۆڵەی بەندەی کارەکەری تۆم، ناوچاوانم له دەستی تۆدایە، حوکمی تۆ بەسەر مندا جاری بووە، قەزای تۆ بۆ من دادپەروەرانەیە، بە هەموو ئەو ناوانە کە هی تۆن داوات لێ دەکەم، ناوێك کە تۆ له خۆتت ناوە، ناوێك کە له کتێبەکەتدا داتبەزاندووە، یان یەکێك له بەندەکانت پێ فێرکردووە، یان له جیهانی پەنهاندا لەلای خۆت تایبەتت کردووە، قورئان بکە بە بەهاری دڵ و نووری چاو و رەوانەی دڵتەنگیم و لابەری خەم و پەژارەم" خودا خەم و پەژارەکەی دەرەوێنێتەوە و له جێگەی بە خۆشی دەگۆڕێت))[٣]

---

١ أخرجها اسحاق بن راهويه في "المسند"، والنسائي، والطبراني.

٢ تقدم تخريجه.

٣ أخرجه أحمد، وابن أبي شيبة، وصححه ابن حبان والحاكم على شرط مسلم.

بەشی هەژدەهەم

ئەو زیکرانەی رۆزی زیاد دەکەن و دەستەنگی و ئازار پاڵ پێوە دەنێن:

خودا(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿ فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴿١٠﴾ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾ وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّٰتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَٰرًا ﴿١٢﴾ ﴾ نوح: ١٠-١٢، وتم داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن ئەو کەسێکی لێبووردە و لێخۆش بووە، ئاسمانتان بە بارانی لێزمەوە بۆ رەوانە دەکات و کۆمەکیتان دەکات بە ماڵ و سامان و رۆڵە یان خانوو و بینا و باخ و بیستانتان بۆ سەوز دەکات و رووبارتان بۆ پەیدا دەکات.

لە هەندێ لە "مسانید"دا لە "ابن عباس"دوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس پابەندی ئیستیغفار ببێت، خودا بۆ هەموو خەمێك دەروویەکی لێ دەکاتەوە و بۆ هەموو تەنگانەیەك فەرحانەیەکی بۆ دەنێرێ، و بە جۆرێك رۆزی دەدات کە بیری لێ نەکردۆتەوە))[1]

"أبو عمر عبد البر" لە "التمهید"دا فەرموودەیەکی بەرزکراوە(مرفوع)ی بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) باس کردووە: ((هەر کەس هەموو رۆژێك سورەتی "الواقعة" بخوێنێت هەرگیز هەژاری تووشنابێت))[2]

---

١ أخرجه أبو داود، والنسائي، وابن ماجة وصححه الحاكم.

٢ أخرجه ابن عبدالبر في "التمهيد" والحارث بن أسامة في"مسنده" وابن الجوزي في "العلل المتناهية".

بەشی نۆزدەهەم

زیکری رووبەڕوویوونەوە لەگەڵ دوژمن، هەروەها ئەو کەسەی لە دەسەڵاتدارێك یان کەسانی تر دەترسێت

لە "سنن أبي داود" و "النسائي"دا لە "أبي موسى الأشعري"ەوە، پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك ترسی لە دەستەیەك هەبوایە دەیفەرموو: ((أللهم إنا نجعلك في نحورهم، ونعوذ بك من شرورهم))[1]

باسی ئەوە کراوە کە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك رووبەڕووی دوژمن دەبوویەوە دەیفەرموو: ((أللهم أنت عضدي، وأنت ناصري، وبك أُقاتل- خودایە تۆ کۆمەك و پشتیوانی منی، و تۆ سەرخەری منی و بە تۆوە دەجەنگم))[2]

لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) لە یەکێك لە غەزوەکانیدا دەفەرموێت: ((یا مالك یوم الدین، إیاك نعبد وإیاك نستعین))، ئەنەس دەفەرموێت: کۆمەڵێك لە پیاوانم بینی کە فریشتەکان دەیاندان بە زەویدا لە پێشەوە و لە دواوە.[3]

لە"ابن عمر"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((گەر لە دەسەڵاتدارێك یان لە کەسانی تر ترسایت بڵێ: "لا إله إلا الله الحلیم الکریم، سبحان الله رب السموات السبع ورب العرش العظیم، لا إله إلا أنت، عز جارك وجل ثناؤك"))[4]

لە "صحیح البخاري"دا لە "ابن عباس"ەوە فەرمووی: ((حسبنا الله ونعم الوکیل)) ئیبراهیم(سلامی خوای لێبێ) فەرمووی کاتێك هەڵدرایە ناو ئاگرەکەوە، محمد(ﷺ) فەرمووی کاتێك خەڵکی پێیان وت: ﴿إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ﴾ آل عمران: ١٧٣، خەڵك بۆ-جەنگ- لەگەڵ ئێوە کۆبوونەتەوە لێیان بترسن.

---

١ أخرجه أبو داود، والنسائي، وأحمد.

٢ أخرجه أبو داود، والترمذي، والنسائي.

٣ أخرجه الطبراني وابن السني.

٤ أخرجه ابن السني.

بەشی بیستەهەم

ئەو زیکرانەی شەیتانەکان راودەنێن

پێشتر ئاماژە بەوە کرا هەر کەس "آية الكرسي" بخوێنێت لە کاتی خەوتندا شەیتان لێی نزیك نابێتەوە، هەروەها هەر کەس لە شەوێکدا دوو ئایەت لە سورەتی "البقرة" بخوێنێت ئەو دوو ئایەتەی بەسە و بێنیازی دەکات، هەروەها هەر کەس لە رۆژێکدا سەد جار بڵێت "لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير" هەموو رۆژەکە دەبێتە پارێزەری ئەو کەسە لە دەستی شەیتان))[1]

خودای موتەعال دەفەرموێت:﴿ وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ﴿٩٨﴾ ﴾ المؤمنون: ٩٧-٩٨، بڵێ: پەروەردگارم، پەنات پێ دەگرم لە وەسوەسە و ورتە ورتی شەیتان و پەنات پێ دەگرم لەسەرم ئامادە بن.

پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: ((أعوذ بالله السميع العليم من الشيطان الرجيم، من همزه ونفخه ونفثه))[2]

﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾ ﴾ فصلت: ٣٦، کە وەسوەسەیەکت لە شەیتانەوە بۆ دروست بوو(کاتێك شەیتان بە وەسوەسەیەك تۆی گرت) پەنا بگرە بە خودا، ئەو بیسەر و زانایە.

بانگیش شەیتانەکان راودەنێت وەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە.

لە "زيد بن أسلم"ەوە: سەرپەرشتیاری کان و کانزاکانی گرتە دەست، خەڵکی باسی زۆری جینیان دەکرد تیایاندا، فەرمانی پێکردن بەردەوام بانگیان تێدا بدەن و بە زۆری بیلێن، دوای ئەوە شتێکیان لەو بارەیەوە نەبینی.[3]

لە "صحيح مسلم" لە "عثمان بن أبي العاص"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرموویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا، شەیتان کەوتۆتە نێوان من و نوێژەکەم و خوێندنی ناو نوێژەکەم

---

١ تقدم.

٢ تقدم.

٣ اخرجه الالكائي في "كرامات اولياء الله عز وجل".

و لێم تێکەڵ دەکات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە شەیتانێکە پێی دەوترێت"خنزب" کە هەستت پێ کرد پەنا بگرە بە خودا لێی، و سێ جاریش تف (یان فوو) بە لای چەپتدا بکە)) منیش ئەوەم ئەنجامدا و خودای موتەعال نەیهێڵاً و کۆتایی پێهێنا.[1]

"ابن عباس" فەرمانی بە پیاوێك کرد کە هەندێ وەسوەسە و شك لە دەروونیدا هەبوو ئەم ئایەتە بخوێنێت: ﴿ هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْآخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣﴾ ﴾ الحديد: ٣، ئەو یەکەمین و دواهەمین و ناشکراو و شاراوەیە، ئەو زانایە بە هەموو شتێك،[2]

مەزنترین شتێك شەڕی شەیتانی پێ رادەماڵرێت بریتییە لە خوێندنی موعەوەزەتەین و سەرەتای سورەتی "الصافات" و کۆتایی سورەتی "الحشر"[3]

بەشی بیست و یەك

ئەو زیکرانەی نیعمەتەکان دەپارێزن و ئەوەی لە کاتی نوێبوونەوەیاندا دەوترێت

خودا(ﷻ) لە چیرۆکی دوو پیاوەکەی سورەتی "الکهف"دا دەفەرموێت﴿ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ﴾ الکهف: ٣٩، گەر بچوویبایە ناو باخ و بێستانەکەتەوە و بتوتبایە"ما شاء الله" هیچ هێزێك بوونی نییە بە خوداوە نەبێت.

پێویستە هەر کەسێك چووە ناو باخ و بێستانەکەی یان ماڵ و خانووەکەی، یان لە ماڵ و خانەوادەی خۆی شتێکی بینی کە جێگەی سەرسامی بوو، پەلاماری ئەو کەلیمەیە(ئەو ئایەتە پیرۆزە) بدات و بیخوێنێت، چونکە بەهۆیەوە خراپەیان لێ دووردەخاتەوە.

لە ئەنەسەوە، فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((خودا هەر نیعمەتێکی لە ماڵ و خانەوادە و منداڵ دا بە کەسێك و وتی: "ما شاء الله لا قوة إلا بالله" هیچ نافەتێکیان تێدا نابینێت، مەگەر مردن))[1]

---

١ صحيح مسلم.

٢ اخرجه أبو داود.

٣ تقدم.

لە پێغەمبەری خوداوەﷺ) گەر شتێکی ببینیبایە دڵی خۆش بکردبایە دەیفەرموو: ((الحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات- حەمد بۆ ئەو خودایەی کە بە نیعمەتەکانی کار و کردەوە چاکەکان تێر و تەواو دەبن)) گەر شتێکی ناخۆشی ببینیبایە دەیفەرموو: ((الحمد لله على كل حال))[٢]

بەشی بیست و دوو

زیکر لە کاتی موسیبەتدا

خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ ﴿١٥٧﴾﴾ البقرة: ١٥٥- ١٥٧، مژدە بدە بە ئارامگران، ئەوانەی کە موسیبەتێکیان تووش دەبێت دەڵێن: ئێمە بەشی خوداین و هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە، ئەوانە صەڵەوات و ڕەحەمتیان لە لای خوداوە بەسەردا دادەبارێت، ئەوانە هیدایەتدراون.

لە "أبي هريرة"ەوە ڕیوایەت کراوە، فەرمووی: پێغەمبەرﷺ) فەرمووی: ((با هەر کەس لە ئێوە لە هەموو شتێکدا "استرجاع"[٣] بکات، تەنانەت لە پچڕانی جێپەنجەی نەعلەکەی، چونکە ئەوەش لە موسیبەتەکانە))[٤]

"أم سلمة" دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو دەیفەرموو:((هەر بەندەیەك موسیبەتێکی تووش ببێت و بڵێت: "إنا لله وإنا إليه راجعون، أللهم اجرني من مصيبتي، واخلف لي خيرا منها-ئێمە بەشی خوداین و بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە، خودا لەسەر ئەم موسیبەتە پاداشتم بدەرەوە و باشتر لەوەم پێ ببەخشیت" خودا بەو موسیبتەی پاداشتی بۆ دەنوسێت، و باشتریش لەوەی پێ دەدات)) "أم سلمة" دەفەرموێت: کاتێك

---

١ أخرجه الطبراني والخطيب في "تأريخ بغداد" والبيهقي.

٢ أخرجه ابن ماجة، والطبراني، والبيهقي.

٣ إنا لله وإنا إليه راجعون.

٤ أخرجه هناد في "الزهد" والبزار وأبو نعيم في "أخبار أصبهان".

"أبو سلمة" وەفاتی کرد، وەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێ کردبووم خوێندم، خودا باشتر لە نەوی پێ بەخشیم کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو.[1]

هەروەها "أم سلمة"-خوا لێی رازی بێت- ریوایەتی کردووە، فەرمووی: پێغەمبەر هاتە ژوورەوە بۆلای "أبو سلمة" کە(لە کاتی مردندا) چاوەکانی کراوەبوون، تەویش چاوەکانی بۆ خامۆش کردو فەرمووی: ((کاتێك رۆح دەردەچێت چاو بەدوایدا دەڕوانێت)) هەندێ لە خانەوادەکەی دەستیان بە گریان و هاوار کرد، فەرمووی: ((تەنها خێر بۆ خۆتان و بۆ سەر خۆتان داوا بکەن، فریشتەکان ئەوانەی ئێوە دەیڵێن بە راستی دەگەڕێنن))

پاشان فەرمووی: ((أللهم اغفر لأبي سلمة، وارفع درجته في المهديين، واخلفه في عقبه في الغابرين، واغفر لنا وله يا رب العالمين، وافسح له في قبره، ونور له فيه-خودایە لە "أبي سلمة" خۆش ببە و پلە و پایەی بۆ هیدایەتدراوان بەرز بکەرەوە، لە دوای خۆی لەم دونیایەدا جێنشینی بۆ دابنێ و لە ئێمە و لە ئەو خۆش ببە ئەی پەروەردگاری جیهانەکان، گۆڕەکەی بۆ بەرین بکە و رۆشن و نوورانی بکە))[2]

بەشی بیست و سێ

زیکری نەهێڵانی قەرزداری و دواخستنی داوای خاوەن قەرز

لە "الترمذي"دا لە "علي"ەوە-خودا لێی رازی بێت- بەندەیەك کە نووسراوی بۆ رزگاربوون لە بەندەیی هەبوو هاتە لای و وتی: من دەستەوسان و بێتوانام لە پێدانی ئەو برە پارەیە کۆمەکیم بکە، فەرمووی: ((دەتەوێ چەند کەلیمەیەکت فێر بکەم کە پێغەمبەر(ﷺ) فێرمی کرد، گەر وەك چیای ئوحود قەرزت لەسەر بێت خودا بۆت دەداتەوە؟ بڵێ: "اللهم اكفني بحلالك عن حرامك وأغنني بفضلك عن من سواك- خودایە بە هۆی حەلاڵەکانتەوە لە حەرامەکانت بێنیازم بکە و بە فەزڵی خۆت لە غەیری خۆت بێنیازم بکە")) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنە.[3]

---

١ أخرجه مسلم.

٢ أخرجه مسلم.

٣ أخرجه الترمذي وأحمد، وصححه الحاكم.

بەشی بیست و چوار

زیکری گەستن و پێوەدان و هاوشێوەکانیان

لە "صحيح البخاري"دا لە "عبدالله بن عباس"ەوە-خوا لە خۆی و باوکی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەر حەسەن و حوسەینی-خوایان لێ رازی بێت- پەنا پێ دەگرت بە خودا و دەیفەرموو: ((باوکە گەورەتان ئیسماعیل و ئیسحاقی پەنا پێدەگرت بە خودا: "أعيذكما بكلمات الله التامة من كل شيطان وهامة، ومن كل عين لامة- پەناتان پێ دەگرم بە کەلیماتی تێر و تەواوی خودا لە هەموو شەیتانێك و لەو گیاندارانەی دەگەزن و لە هەموو چاوێکی حەسوودی پیس"))[1]

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە "أبي سعيد الخدري"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) بە سورەتی "الفاتحة" دوعای بۆ گەزراوێك کرد، فووی پێدا دەکرد: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢﴾ الفاتحة: ٢ بەسەردا دەخوێند، وەك ئەوەی لە پەتێك کە پێیەوە بەسترابێتەوە بەر بووبێت، دەستی کرد بە رۆیشتن و هیچ لاری و خۆپێکانەوەیەك لە رۆیشتنەکەیدا نەبوو....)) تا کۆتایی فەرموودەکە[2]

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە "عائشة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- ئەگەر کەسێك سکالای لە شتێك بوایە، یان برینێکی هەبوایە، یان برینداربیەك، پێغەمبەر(ﷺ) بە پەنجەی بەم جۆرەی دەکرد-"سوفيان بن عيينة" پەنجەی خستە سەر زەوی و پاشان بەرزی کردوە- و فەرمووی: "بسم الله، تربة أرضنا، بريقة بعضنا، يشفى به سقيمنا، بإذن ربنا"))[3]

دیسان لە هەردوو سەحیحەکەدا: لە "عائشة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) بە هەندێ لە ئەهلی خۆی پەنای بە خودا دەگرت و دەستی راستی دەهێنا بە سەریاندا و دەیفەرموو: ((اللهم رب الناس أذهب البأس، واشف أنت الشافي، لا شفاء إلا شفاؤك، شفاء لا يغادر سقما- خودایە، پەروەردگاری خەڵکی، ئەم خراپەیە لا ببە و

---

١ صحيح البخاري.

٢ صحيح البخاري ومسلم.

٣ صحيح البخاري ومسلم.

شیفا بده، هەر تۆ شیفادەری، و هیچ شیفایەك نییە جگە لە شیفای تۆ، شیفایەك هیچ نەخۆشییەك نەهێڵێتەوە))[1]

لە "صحیح مسلم"دا لە "عثمان بن أبي العاص"ەوە-خوا لێی رازی بێت- سکالای بردە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە دەست ئازارێك کە لەو کاتەوە موسڵمان بوو بوو هەستی پێ دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: ((دەستت بخە سەر ئەو شوێنەی ئازار دەکات لە جەستەت، و سێ جار بڵێ: "بسم الله" پاشان حەوت جار بڵێ: "أعوذ بعزة الله وقدرته من شر ما أجد وأحاذر"))[2]

لە "السنن"دا لە "ابن عباس"ەوە-خوایان لێی رازی بێت- لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس بچێتە لای نەخۆشێك و نەجەلەکەی نەهاتبێت و حەوت جار بڵێت: "أسأل الله العظيم رب العرش العظيم أن يشفيك"خودا شیفای بۆ دەنێرێت))[3]

لە "سنن أبي داود و النسائي"دا لە "أبي الدرداء"ەوە، فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو دەیفەرموو: ((هەر کەس لە ئێوە ئازارێکی هەبوو، یان برایەکی ئازاری هەبوو، با بڵێت: "ربنا الله الذي في السماء، تقدس اسمك، أمرك في السماء والأرض، كما رحمتك في السماء فاجعل رحمتك في الأرض، اغفر لنا حوبنا وخطايانا، أنت رب الطيبين، أنزل رحمة من رحمتك و شفاء من شفائك على هذا الوجع" ئەو کەسە چاك دەبێتەوە- پەروەردگاری ئێمە "الله"یە کە لە ئاسماندایە، پاکێتی و پیرۆزی بۆ ناوەکەت، فەرمانی تۆ لە ئاسمان و زەویدایە، وەك چۆن رەحمەتت لە ئاسماندایە رەحمەتەکەت بگەیەنە زەوی، لە گوناهی گەورە و هەڵە و خراپەکانمان خۆش ببە، تۆ پەروەردگاری پاکان و چاکانی، رەحمەتێك لە رەحمەتی خۆت و شیفایەك لە شیفای خۆت دابەزێنە سەر ئەم ئازارە))[4]

---

١ صحيح البخاري ومسلم).

٢ صحيح مسلم.

٣ أخرجه أبو داود والترمذي، والنسائي، وأحمد.

٤ أخرجه أبو داود والنسائي والدارمي والطبراني وصححه الحاكم.

بەشی بیست و پێنج

زیکری چوونە ناو گۆڕستان

لە "صحیح مسلم"دا لە "بریدة بن الحصیب"ەوە فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) فێری دەکردن گەر چوونە دەرەوە بۆ سەر قەبرستان بڵێن: "السلام علیك أهل الدیار من المؤمنین والمسلمین، وإنا إنشاءالله بکم لاحقون، نسأل الله لنا ولکم العافیة- سەلام لەسەر ئێوە ئەی ئەهلی دیار لە باوەڕداران و موسڵمانان، ئێمەش گەر خودا بیەوێت بە ئێوە دەگەینەوە، داوای عافییەت بۆ ئێوە و بۆ ئێمە دەکەم"))[1]

لە "سنن ابن ماجة"دا لە "عائشة"ەوە فەرمووی: پێغەمبەرم لێ ون بوو و بەدوایدا گەڕام بینیم لە "البقیع"ە، فەرمووی: ((السلام علیك دار قوم مؤمنین، أنتم لنا فرط، وإنا بکم لاحقون، اللهم لا تحرمنا أجرهم، ولا تفتنا بعدهم))[2]

بەشی بیست و شەش

زیکری داوای باران

خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿ فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴿١٠﴾ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾ ﴾ نوح: ١٠-١١، وتم داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگارتان بکەن، ئەو "غفار"ەوە و لە گوناهان خۆش دەبێت و ئاسمانتان بە بارانەوە بۆ رەوانە دەکات.

لە "جابر بن عبدالله"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) بە گریانەوە فەرمووی: ((أللهم اسقنا غیثا مغیثا، مریئا مریعا، نافعا غیر ضار، عاجلا غیر آجل)) ئاسمان بارانی بەسەریاندا داباراند.[3]

---

١ صحیح مسلم.

٢ اخرجه ابن ماجة واحمد وابو یعلی.

٣ اخرجه ابو داود والطبراني والبیهقي وصححه ابن خزیمة والحاکم.

لە "عائشة"ەوە فەرمووی: خەڵکی سکاڵایان لەدەست کەمی باران بردە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی کرد بە هێنانی منبەرێك و لە شوێنی نوێژەکەیدا دانرا، بەڵێنی دا بە خەڵکی بۆ چوونە دەرەوە لە ڕۆژێکدا، پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك خۆر سپێدەیدا چووە دەرەوە، لەسەر مینبەرەکەی دانیشت و تەکبیری لێدا و حەمدی خودای کرد، پاشان فەرمووی: ((ئێوە سکاڵاتان کرد لەسەر وشکەساڵی ناوچەکەتان و دواکەوتنی باران لە کاتی خۆیدا، خودا فەرمانی پێکردوون دوعاو داوای لێ بکەن و بەڵێنی پێداون وەڵامتان بداتەوە)) پاشان فەرمووی: ((﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ۝١ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ۝٢ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ۝٣ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ۝٤﴾ الفاتحة: ١-٤، لا إله إلا الله، يفعل ما يريد، اللهم أنت الله لا إله إلا أنت الغني، ونحن الفقراء، أنزل علينا الغيث، واجعل ما أنزلت علينا قوة وبلاغا إلى حين))، پاشان دەستی بەرز کردەوە، بەردەوام بوو لە بەرزکردنەوەی دەستی تا سپێتی بنباڵی دەرکەوت، پاشان پشتی کردە خەڵکەکە و بە دەست بەرزکردنەوەوە عەباکەی سەر شانی هەڵگێڕایەوە، پاشان رووی کردەوە خەڵکەکە، و لە مینبەرەکە دابەزی و دوو رکات نوێژی کرد، خودا(ﷻ) هەوری هێنا و گرمە و چەخماخە دەستی پێکرد و بە فەرمانی خودا باران داباری، نەهاتەوە بۆ مزگەوتەکەی تا لافاو هەستا، کاتێك دەیبینی بە پەلە بۆ داڵدەیەك لەدەست بارانەکە هەڵدێن، پێغەمبەر(ﷺ) پێکەنی تا دانەکانی پێشەوەی دەرکەوتن، و فەرمووی: ((شایەتی دەدەم خودا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە و منیش بەندەی خودا و پێغەمبەری خودام))[1]

لە "سنن أبي داود"دا لە "عبدالله بن عمرو"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) گەر داوای بارینی بارانی بکردبایە دەیفەرموو: ((اللهم اسق عبادك وبهائمك، وانشر رحمتك، و أحي بلدك الميت))[2]

"الشعبي" دەفەرموێت: عومەر ڕۆیشتە دەرەوە بۆ داوا و دوعای باران جگە لە "إستغفار" شتێکی تری زیاد نەکرد، وتیان: ئێمە تۆمان نەبینی داوای بارینی باران

---

١ أخرجه أبو داود والبيهقي والطحاوي في "شرح المعاني".

٢ أخرجه أبو داود والبيهقي.

بکەیت! فەرمووی: بە نیشانەکانی ئاسماندا بۆ باران بارین -کە بارانیان پێ دەبارێت- داوای بارانم کرد و پاشان ئەم ئایەتانەی خوێندەوە: ﴿ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴿١٠﴾ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾﴾ نوح: ١٠-١١، هەروەها﴿ وَأَنِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾ هود: ٣، داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگارتان بکەن و پاشان بۆ لای ئەو تەوبە بکەن، خۆشییەکی چاك و پاکتان پێ دەبەخشێت تا کات و ماوەی دیاریکراو، [١]

بیست و حەوت

زیکرەکانی رەشەبا کاتێك هەڵدەکات

"أبو هريرة" فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو دەیفەرموو: ((با لە رەحمەتی خوداوەیە، رەحمەت دێنێت و سزاش دێنێت، گەر با لێی هەڵکردن قسەی پێ مەڵێن، بەڵکو داوای خێرەکەی لە خودا بکەن و پەنا بگرن بە خودا لە شەرەکەی)) "أبو داود" ریوایەتی کردووە.[٢]

لە "صحيح مسلم"دا لە "عائشة"ەوە: کاتێك رەشەبا و گەردەلوول هەڵیدەکرد پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: ((اللهم إني أسالك خيرها، وخير ما فيها، وخير ما أُرسلت به، وأعوذ بك من شرها، وشر ما فيها، وشر ما أُرسلت به-خودایە من داوای خێری ئەمەت لێ دەکەم و خێری ئەوەی تێیدایە و خێری ئەوەی بۆی رەوانە کراوە، پەنات پێ دەگرم لە شەڕی ئەمە و شەڕی ئەوەی تێیدایە و شەڕی ئەوەی بۆی رەوانە کراوە))[٣]

لە "سنن أبي داود"دا دیسان لە "عائشة"ەوە-خودا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ)

---

١ أخرجه سعيد بن منصور وابن أبي شيبة، وعبدالرزاق في "المصنف" وابن سعد في "الطبقات".

٢ أخرجه أبو داود، وابن ماجة، والنسائي، وأحمد.

٣ صحيح مسلم.

گەر لە ئاسۆی ئاسمانەوە سەرهەڵدانێکی[1] ببینیبایە کاری واز لێ دەهێنا با لە نوێژیشدا بوایە، و پاشان دەیفەرموو: ((أللهم إني أعوذ بك من شرها)) گەر بباریبایە دەیفەرموو: ((أللهم صيبا هنيئا))-خودایە بارانێکی لێزمەی پڕ لە خێر و خۆشی.[2]

بیست و هەشت

زیکر لە کاتی هەورەگرمەدا

"عبدالله بن الزبير"-خوایان لێ رازی بێت- کاتێك گوێی لە هەورەگرمە دەبوو قسەکردنی واز لێ دەهێنا، و دەیوت: ((سبحان الذي يسبح الرعد بحمده والملائكة من خيفته-پاکێتی بۆ ئەو خودایەی کە هەورەگرمە بە حەمد و ستایشەوە تەسبیحاتی دەکەن و فریشتەکانیش بە ترسەوە تەسبیحاتی دەکەن))[3]

لە "کعب"ەوە فەرمووی: هەر کەس ئەو دوعایە سێ جار بڵێت لەو هەورەگرمەیە سەلامەت دەبێت.[4]

لە "الترمذي"دا لە "عبدالله بن عمر"ەوە-خوایان لێ رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ دەنگی هەورەگرمە و چەخماخەی دەبیست دەیفەرموو: ((أللهم لا تقتلنا بغضبك، ولا تهلكنا بعذابك، وعافنا قبل ذالك))[5]

---

١ هەور و لێڵی و تەمومژ.

٢ أخرجه أبو داود، وابن ماجة، والنسائي، وأحمد.

٣ أخرجه مالك في "الموطأ" وابن أبي شيبة وصححه النووي في "الأذكار".

٤ أخرجه عبدالله بن أحمد في "زوائده" والطبراني.

٥ أخرجه الترمذي والنسائي، والبخاري في "أدب المفرد"، وابن أبي شيبة، وأحمد.

بەشی بیست و نۆ

زیکر لە کاتی داباریینی باراندا

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە "زید بن خالد الجهني"ەوە فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) لە "الحديبية" نوێژی بەیانی پێکردین، ئاسەوارێکی بارینی باران دەبینرا کە لە شەودا باری بوو، کاتێك نوێژەکەی تەواو کرد فەرمووی: ((دەزانن پەروەردگارتان چی فەرموو؟)) وتیان خودا و پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانێت، فەرمووی: ((فەرمووی: هەندێ لە بەندەکانم ئەم بەیانییە باوەڕدار و هەندێکیان بێباوەڕ، ئەو کەسانەی وتیان: بە فەزڵ و رەحمەتی خودا بارانمان بۆ باری، ئەوە باوەڕی بە منە، و بێباوەڕە بە هەسارەکان، ئەوانەی وتیان بە فلاّن و فلاّن هەسارە بۆمان باری ئەو کەسە بێباوەڕە بە من و باوەڕی بە هەسارە هێناوە))[1]

وتراوە: دوعا لە کاتی بارینی باراندا قبوڵە و وەلاّم دەدرێتەوە.

لە "صحيح البخاري"دا لە "عائشة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) کە بارانی دەبینی دەیفەرموو: ((صيبا نافعا))- خودایە بارانێکی لێزمەی بە سوود بێت.[2]

لە "صحيح مسلم"دا لە ئەنەسەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) بووین بارانێك لێیداین، پێغەمبەر(ﷺ) هەندێ لە پۆشاکەکانی لەبەردەکردەوە تا باران لێی بدات، وتمان ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، بۆ وات کرد؟ فەرمووی: ((لەبەر ئەوەی تازە لای پەروەردگاریەوە هاتووە))[3]

---

١ صحيح البخاري ومسلم.

٢ صحيح البخاري.

٣ صحيح مسلم.

بەشی سیهەم

زیکر و دوعا لە کاتی زیادکردنی باران و بەرزبوونەوەی ئاو و ترسان لێی

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە ئەنەسەوە، فەرمووی: پیاوێك رۆژی هەینی هاتە ناو مزگەوتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) بە پێوە وتاری بۆ خەڵکی دەدا، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا: ماڵ و سامان هەموو تیاچوو، چارە و رێگەمان لێ گیراوە، داوا لە خودا بکە بارانمان بۆ ببارێنێت، پێغەمبەر(ﷺ) هەردوو دەستی بەرز کردەوە و پاشان فەرمووی: ((أللهم اغثنا، اللهم اغثنا، اللهم اغثنا)) ئەنەس دەفەرموێت: سوێند بە خودا هەور و تەمومژمان بە ئاسمانەوە نەبینی، لە نێوان ئێمە و گەڕەکی "سلع" ماڵ و خانوو بوونی نەبوو، دوای ئەوە لە پشتییەوە هەورێك وەك قەڵغان هاتە دەرەوە، کە گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان بلاوبوویەوە، پاشان باری، سوێند بە خودا شەمەش خۆرمان نەبینی، پاشان هەینی داهاتوو پیاوێك لەو دەرگاوە هاتە ژوورەوە، پێغەمبەر بە پێوە وتاری دەدا، پیاوەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ماڵ و سامانمان تیاچوو، رێگەمان لێ بڕاوەتەوە، داوا لە خودا بکە بارانمان لێمان بگرێتەوە، پێغەمبەر هەردوو دەستی بەرزکردەوە و پاشان فەرمووی: ((أللهم حوالينا ولا علينا، أللهم على الآكام والظراب، وبطون الأودية ومنابت الشجر)) دەڵێ: بارانەکە خۆشبوویەوە و رۆیشتینە دەرەوە بە بەر هەتاودا دەڕۆیشتین.[1]

---

[1] صحيح البخاري ومسلم.

بەشی سی و یەك

زیکر لە کاتی بینینی مانگی یەکشەوەدا

لە "عبدالله بن عمر"ەوە فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) کە مانگی یەکشەوەی دەبینی دەیفەرموو: ((الله أكبر، اللهم أهله علينا باليمن والإيمان، والسلامة والإسلام، والتوفيق لما تحبه وترضاه، ربنا ورك الله))[1]

لە "سنن أبي داود"دا لە "قتادة"ەوە پێیگەیشتووە کە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك مانگی یەکشەوەی دەبینی، دەیفەرموو: ((مانگی یەکشەوەی خێر و رێنومایی و خۆشی، مانگی یەکشەوەی خێر و رێنومایی و خۆشی، مانگی یەکشەوەی خێر و رێنومایی و خۆشی، ئیمانم هێنا بەو کەسەی تۆی دروست کردووە، سێ جار، پاشان دەیفەرموو: حەمد بۆ ئەو خودایەی فلان مانگی برد و فلان مانگی هێنا))[2]

سی و دوو

زیکری رۆژووان و کاتی شکاندنی

لە "أبي هريرة"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((سێ کەس دوعایان ناگەڕێتەوە، رۆژووان کاتێك رۆژوو دەشکێنێت، ئیمامێکی عادل، و دوعای کەسی مەزلوم)) فەرموودەیەکی حەسەنە.[3]

"ابن ماجة" ریوایەتی کردووە لە "ابن أبي ملكة"ەوە لە "عبدالله بن عمرو"ەوە، گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو دەیفەرموو: ((بۆ رۆژووان لە کاتی رۆژووشکاندندا دوعایەك هەیە کە ناگەڕێتەوە)) "ابن أبي ملكة" دەڵێت: گوێم لە "عبدالله بن عمرو" بوو-

---

١ أخرجه الدارمي والطبراني، وصححه ابن حبان، وله شاهد من حديث أخرجه الترمذي وأحمد والبزار وأبو يعلى.

٢ أخرجه أبو داود وابن أبي شيبة.

٣ أخرجه الترمذي وابن ماجة وأحمد.

خوایان لیّ رازی بێت- دەیفەرموو: ((أللهم إني أسألك برحمتك التي وسعت كل شيء أن تغفر لي))[1]

لە پێغەمبەری خوداوەﷺ ریوایەت کراوە کاتێك رۆژووی دەشکاند، دەیفەرموو: ((أللهم لك صمت وعلى رزقك أفطرت))[2]

لە رووبەکی ترەوە: ((أللهم لك صمنا، وعلى رزقك أفطرنا، فتقبل منا، إنك انت السميع العليم))[3]

سی و سێ

زیکری سەفەر

"الطبراني" ریوایەتی کردووە لە پێغەمبەری خوداوەﷺ فەرمووی: ((ئەو هیچ کەسێکی لای خانەوادەکەی بەجێنەهێلاوە باشتر بێت لە دوو رکات نوێژ کە ئەنجامی بدات لە لایان کاتێك دەیەوێت سەفەر بکات))[4]

لە مەسنەدی ئیمام ئەحمەددا لە "أبي هريرة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- لە پێغەمبەرەوە، فەرمووی: ((هەرکات دەیویست سەفەر بکات، با بەوانە بڵێت کە بەجێیان دەهێڵێت: "أستودعكم الله الذي لا تضيع ودائعه"))[5]

دیسان لە مەسنەدی ئیمام ئەحمەددا، لە عەبدولاّی کوڕی عومەرەوە-خوایان لیّ رازی بێت- لە پێغەمبەری خوداوەﷺ فەرمووی: ((گەر شتێك بە ئەمانەت بدرێتە دەستی خودا پارێزگاری لیّ دەکات))[1]

---

١ أخرجه ابن ماجة، والطبراني والبيهقي.

٢ أخرجه الطبراني.

٣ أخرجه الدار قطني والطبراني وابن السني.

٤ أخرجه ابن أبي شيبة.

٥ أخرجه الطبراني.

"سالم" دەفەرموێت: هەر کەس سەفەری بکردبایە "ابن عمر" پێی دەفەرموو: لێم نزیك ببەرەوە، با خواحافیزیت لێ بکەم وەك چۆن پێغەمبەری خودا خواحافیزی لە ئێمە دەکرد، پێی دەفەرموێ: ((أستودع الله دينك وأمانتك وخواتيم عملك))[2]

لە رووبەکی ترەوە: پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك خواحافیزی لە پیاوێك بکردبایە دەستی دەگرت و دەستی بەرنەدەدا تا پیاوەکە دەستی پێغەمبەری(ﷺ) بەردەدا... تەواوی فەرموودەکەی باس کردووە)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[3]

ئەنەس-خوا لێی رازی بێت- دەفەرموێت: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من دەمەوێت سەفەرێك بکەم، توێشووم پێ بدە، فەرمووی: ((خودا تەقوا بکات بە توێشووت))، فەرمووی: بۆم زیاد بکە، فەرمووی: ((لە گوناهەکانیشت ببورێت)) فەرمووی: بۆم زیاد بکە، فەرمووی: ((خێرت بۆ ئاسان بکات لە هەر کوێ بوویت)) "الترمذي" فەرموودەیەکی حەسەنە.[4]

لە "أبي هريرة"ەوە، پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من دەمەوێت سەفەر بکەم وەسێتم بۆ بکە، فەرمووی: ((ئاگات لە تەقوای خودا(عزوجل) بێت، لەسەر هەموو بەرزاییو تەپۆلکەیەك "الله أكبر"بکە)) کە پیاوەکە پشتی هەلکردو رۆیشت فەرمووی: ((خودایە رێگەی دووری بۆ بپێچەرەوە و سەفەرەکەی لەسەر ئاسان بکە))[5]

---

١ أخرجه النسائي، والبيهقي، والطبراني، وصححه ابن حبان.

٢ أخرجه الترمذي وأحمد والنسائي.

٣ أخرجه الترمذي والبزار.

٤ أخرجه الترمذي والبيهقي وصححه ابن خزيمة والحاكم.

٥ أخرجه الترمذي وابن ماجة، وصححه ابن خزيمة، وابن حبان والحاكم على شرط مسلم.

بەشی سی و چوار

سواربوونی ولاخ و زیکردن

"علي بن ربيعة" دەڵێت: "علي بن أبي طالب"م بینی-خوا لێی رازی بێت- ولاخێکیان هێنا بۆ ئەوەی سواری بێت، کاتێ قاچی خستە ناو جێگەی سواربوون، فەرمووی: "بسم الله" کاتێك سواری پشتی ولاخەکە بوو، فەرمووی: "الحمد لله" پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ ﴿١٣﴾ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴿١٤﴾﴾ الزخرف: ١٣-١٤، پاشان فەرمووی: "الحمد لله" سێ جار، پاشان فەرمووی: "الله أكبر" سێ جار، پاشان فەرمووی: "سبحانك إني ظلمت نفسي فاغفر لي، إنه لا يغفر الذنوب إلا أنت" پاشان پێکەنی، وترا: ئەی ئەمیری باوەڕداران بە چی پێکەنیت؟ فەرمووی: پێغەمبەرم (ﷺ) بینی ئەوەی کرد کە من کردم، پاشان پێکەنی، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، بەچی پێکەنیت؟ فەرمووی(ﷺ): ((پەروەردگارت سەرسامە بە بەندەیەکی کاتێك دەڵێ: خودایە لە گوناهەکانم خۆش ببە، و دەزانێت هیچ کەسێکی تر لە گوناهان نابوورێت جگە لە من)) ئەهلی "سنن" ریوایەتیان کردووە، "الترمذي" بە سەحیح داینناوە.[1]

لە "صحيح مسلم"دا لە "عبدالله بن عمر"ەوە-خوا لێیان رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك سواری حوشترەکەی دەبوو بۆ رۆیشتن بۆ سەفەر، سێ جار تەکبیری دەکرد، و پاشان دەیفەرموو: ﴿سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ ﴿١٣﴾ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴿١٤﴾﴾ الزخرف: ١٣-١٤، "اللهم إنا نسألك في سفرنا هذا البر والتقوى، ومن العمل ما ترضى، اللهم هون علينا سفرنا هذا، واطو عنا بعده، اللهم أنت الصاحب في السفر، والخليفة في الأهل، اللهم إني أعوذ بك من وعثاء السفر، وكآبة النظر، وسوء المنقلب من المال والأهل")) کاتێك دەگەڕایەوە: ئەوانەی دەفەرموو و ئەم چەند کەلیمەی بۆ زیاد دەکرد: ((تائبون، عابدون، لربنا حامدون))[2]

---

١ أخرجه الترمذي و أبو داود، والنسائي، وأحمد، وصححه ابن حبان والحاكم.

٢ صحيح مسلم.

لە رووبەکی تردوە: پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی کاتێك بەرزدەبوونەوە بۆ بەرزی و تەپۆڵکەکان تەکبیریان دەکرد، کاتێك دادەبەزین بۆ دەشت و شیو و دۆڵەکان "سبحان الله"یان دەکرد.[1]

بەشی سی و پێنج

زیکری گەڕانەوە لە سەفەر

"عبدالله بن عمر" دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێك لە کاروانی حەج یان عەمرە یان غەزایەکدا دەبوو، لەسەر هەموو بەرزاییەك سێ جار تەکبیریان دەکرد، پاشان دەیفەرموو: "لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير، آيبون، تائبون، عابدون، ساجدون، لربنا حامدون، صدق وعده، ونصر عبده، وهزم الأحزاب وحده")) "البخاري ومسلم" ریوایەتیان کردووە.[2]

بەشی سی و شەش

زیکر بەسەر وڵاخدا کاتێك ملنادات

"یونس بن عبید" دەڵێ: هەر پیاوێك وڵاخێکی یاخی هەبوو، با ئەم ئایەتەی بە گوێیدا بخوێنێت: ﴿أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُۥٓ أَسْلَمَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾﴾ آل عمران: ٨٣، ئایا جگە لە ئایینی خودا ئایینێکی ترتان دەوێت، لە کاتێدا هەرچی لە ئاسمان و زەویدایە - بە ویست یان بەبێ ویست -بۆی ملکەچ بوون و بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، ئەو وڵاخە بە بڕیاری خودا دەوەستێت)).[3]

شێخمان-قدس الله روحه- فەرمووی: ئەوەمان ئەنجامداوە بەو جۆرە بووە.

---

١ أخرجه من هذا الوجه عبدالرزاق في "المصنف" ومن طريقة أبو داود في "السنن".

٢ صحيح البخاري ومسلم.

٣ أخرجه ابن السني.

بەشی سی و حەوت

ولاخێك كە لەدەست هەڵهاتبێت و ئەوەی كە لەو كاتەدا دەخوێنرێت

"ابن مسعود"ەوە-خوا لێی رازی بێت- لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر ولاخی یەكێك لە نێوە لە دەشت و چۆڵییەكدا لەدەست هەڵهات، با هاوار بكات: ئەی بەندەكانی خودا بیگرن، كەسانێكی ئامادە هەن بۆ خودا(عزوجل) دەیگرنەوە))[1]

بەشی سی و هەشت

زیكری چوونە ناو شار و ناوەدانی

لە "صهیب"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) كە ناوەدانییەكی دەبینی و دەیویست بچێتە ژوورەوە لێی، دەیفەرموو: ((أللهم رب السموات السبع وما أظللن، ورب الأرضين وما أقللن، ورب الشياطين وما أضللن، ورب الرياح وما ذرين، أسألك خير هذه القرية، وخير أهلها، وخير ما فيها، وأعوذ بك من شرها، وشر أهلها، وشر ما فيها-خودایە، پەروەردگاری حەوت ئاسمانەكان و ئەوانەی دەكەونە ژێر سێبەریانەوە، پەروەردگاری زەوی و ئەوەی تێیدایە، پەروەردگاری شەیتانەكان و ئەوانەی گومڕایان دەكەن، پەروەردگاری رەشەبا و ئەوەی بلاوەی پێ دەكەن، داوای خێری ئەم ئاوەدانییە و خێری ئەهلەكەی و ئەو خێرەی كە تێیدایە لە تۆ دەكەم، پەنات پێ دەگرم لە شەڕی ئەم ئاوەدانییە و شەڕی ئەهلكەی و ئەو شەڕەی كە تێیدایە)) "النسائي" ریوایەتی كردووە.[2]

---

١ أخرجه ابو يعلى، والطبراني.

٢ أخرجه النسائي والطبراني والبيهقي وصححه ابن خزيمة وابن حبان والحاكم.

"خولة بنت حكيم"-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو دەیفەرموو: ((هەر کەس لە شوێنێك(لە ماڵێك) دابەزی و وتی: "أعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق" هیچ شتێك زیانی پێ ناگەیەنێت تا لەو شوێنە دەڕوات)) "مسلم" ریوایەتی کردووە.[1]

"عبدالله بن عمرو"ەوە-خوایان لێ رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) گەر سەفەری بکردبایە و شەو دابهاتبایە دەیفەرموو: ((ئەی زەوی پەروەردگاری من و پەروەردگاری تۆ خودایە، "أعوذ بالله من شرك وشر مافيك، وشر ما خلق فيك، وشر ما يدب عليك، وأعوذ بالله من أسد و أسود، ومن الحية والعقرب، ومن ساكن البلد، ومن والد وما ولد")) "أبو داود" ریوایەتی کردووە.[2]

بەشی چلەهەم

زیکری خواردن و خواردنەوە

خودا(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَٱشْكُرُواْ لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿١٧٢﴾ ﴾ البقرة: ١٧٢، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێنا لەو خواردن و خواردنەوە حەلاڵ و پاکانەی خودا کردوونی بە رۆزی ئێوە بخۆن و شوکر بۆ خودا بکەن، گەر دەتانەوێت بەندایەتی ئەو بکەن.

"عمر بن أبي سلمة" دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی فەرمووم: ((کوڕی خۆم، ناوی خودا بهێنە، و بەدەستی راست بخۆ، و لەبەردەم خۆتەوە بخۆ)) "البخاري ومسلم" ریوایەتیان کردووە.[3]

---

١ صحيح مسلم.

٢ اخرجه ابو داود والنسائي واحمد، وصححه ابن خزيمة والحاكم.

٣ صحيح البخاري ومسلم.

"عائشة"-خوا لێی رازی بێت- دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((گەر یەکێك لە ئێوە خواردنی خوارد با لەسەرەتاوە ناوی خودا بهێنێت، گەر لەبیری چوو لەسەرەتاوە ناوی خودا بهێنێت، با بڵێت: "بسم الله أوله وآخره-بەناوی خودا لەسەرەتای خواردنەکە و کۆتایی خواردنەکەوە")) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[1]

"أمية بن مخشي"-خوای لێی رازی بێت- دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبوو پیاوێك نانی دەخوارد، ناوی خودای نەهێنا تەنها یەك پاروو لە خواردنەکەی مابوویەوە، کاتێك بەرزی کردەوە بۆ دەمی وتی: "بسم الله أوله وآخره"، پێغەمبەر(ﷺ) پێکەنی: و پاشان فەرمووی: ((شەیتان بەردەوام لەگەڵی دەیخوارد، کاتێك ناوی خودای هێنا هەرچی لە سکیدا بوو هەڵیهێنایەوە)) "أبو داود" ریوایەتی کردووە.[2]

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((خودا لە بەندەیەك رازی دەبێت کە خواردنێك دەخوات حەمدی خودای لەسەر بکات، یان خواردنەوەیەك دەخواتەوە حەمدی خودای لەسەر بکات)) "مسلم" لە سەحیحەکەیدا لە ئەنەسەوە-خوای لێ رازی بێت- ریوایەتی کردووە.[3]

"أبو هريرة" دەفەرموێ: ((پێغەمبەر(ﷺ) هەرگیز عەیبی لە خواردنێك دەرنەهێناوە، گەر حەزی لێ بکردبایە دەیخوات، ئەگەر نە وازی لێ دەهێنا)) "البخاري ومسلم" ریوایەتیان کردووە.[4]

لە "وحشي"ەوە خەڵکانێك وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ، ئێمە دەخۆین و تێرنابین، فەرمووی: لەوانەیە بەجیا نان بخۆن، وتیان: بەڵێ، فەرمووی: ((لەسەر خواردنەکەتان کۆببنەوەن ناوی خودا بهێنن، خودا بۆتان بەرەکەتی تێدەکات))[5]

---

١ أخرجه الترمذي وأبو داود، وابن ماجة، والنسائي، وصححه الترمذي وابن حبان والحاكم، وحسنه ابن حجر في النتائج.

٢ أخرجه أبو داود والنسائي، وأحمد وصححه الحاكم.

٣ صحيح مسلم.

٤ صحيح البخاري ومسلم.

٥ أخرجه أبو داود وابن ماجة وأحمد وصححه ابن حبان.

لە "معاذ"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس خواردنێکی خوار یان خواردنەوەیەکی خواردەوە و وتی: "الحمد لله الذي أطعمني هذا الطعام ورزقنيه من غير حول مني ولا قوة" لەو گوناهانەی دەبورێن کە پێشتر نەنجامی داون))"الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنە.[1]

لە "أبي سعيد"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك لە خواردن تەواو دەبوو دەیفەرموو: ((الحمد لله الذي أطعمنا وسقانا وجعلنا مسلمين))[2]

"النسائي" لە پیاوێکەوە دەگێڕێتەوە کە خزمەتی پێغەمبەری کردووە(ﷺ) گوێی لە پێغەمبەر بووە کاتێك خواردنەکەی لێ نزیك دەکرایەوە دەیفەرموو: ((بسم الله)) کاتێك لە خواردنەکەی تەواو دەبوو دەیفەرموو: ((اللهم أطعمت وسقيت، وأغنيت وأقنيت، وهديت واجتبيت، فلك الحمد على ما أعطيت))[3]

لە "صحيح البخاري"دا لە "أبي أمامة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) کاتێکك سفرەکەیان هەڵدەگرت دەیفەرموو: ((الحمد لله كثيرا طيبا مباركا فيه، غير مكفي ولا مودع ولا مستغنى عنه ربنا))[4]

---

١ أخرجه أبو داود والترمذي والنسائي، وأحمد.

٢ أخرجه أبو داود والترمذي والنسائي وأحمد.

٣ أخرجه النسائي وأحمد وابن السني.

٤ صحيح البخاري.

بەشی چل و یەك

زیکری میوان کاتێك دەبێت بە میوانی خەڵکانێك

لە "عبدالله بن بسر"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) بوو بە میوانی باوکم، خواردنمان پێشکەش کرد، پاشان خواردنەوە هێنرا، باوکم فەرمووی: دوعامان بۆ بکە، فەرمووی: ((أللهم بارك لهم فيما رزقتهم، واغفر لهم وارحمهم-خودایە بەرەکەت بخەرە ناو ئەوەی پێت بەخشیون لە رۆزی و لێیان خۆش ببە و رەحمیان پێ بکە)) "مسلم" ریوایەتی کردووە.[1]

لە ئەنەسەوە پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لای "سعد بن عبادة"، نان و زەیتیان هێنا، لێی خوارد و پاشان فەرمووی: ((أفطر عندكم الصائمون، وأكل طعامكم الأبرار، وصلت عليكم الملائكة-رۆژووگران لە لاتان بەربانگ بکەنەوە و چاکان خواردنتان بخۆن و فریشتەکان صەڵەواتتان لەسەر بدەن))[2]

لە "جابر"ەوە فەرمووی: "أبو الهيثم بن التيهان" خواردنی بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) دروست کرد، بانگهێشتی پێغەمبەر و هاوەڵانی کرد، کاتێك لە خواردن تەواو بوون، پێغەمبەر فەرمووی: ((پاداشتی براکەتان بدەنەوە، فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خودا پاداشتەکەی چییە؟ فەرمووی: ((گەر خەڵك هێنرایە ماڵی پیاوێك و خواردن و خواردنەوەی خورا و خورایەوە، ئەوانیش دوعایان بۆ کرد ئەوە بریتییە لە پاداشتدانەوەی))[3]

---

١ صحيح مسلم.

٢ أخرجه أبو داود، وأحمد والطبراني.

٣ أخرجه أبو داود والبيهقي.

سلاوکردن

لە "عبدالله بن عمرو"ەوە-خوایان لێ رازی بێت- پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کرد و وتی: چ ئیسلامێك خێری زۆرە؟ فەرمووی: ((خواردن بە خەڵکی بدە، سەلام بکە لەوەی دەیناسی و نایناسی)) "البخاري ومسلم"ریوایەتیان کردووە.[1]

"ابو هريرة" دەفەرموێت، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموو: ((ناچنە بەهەشتەوە تا ئیمان نەهێنن، ئیمان ناهێنن تا یەکترتان خۆشنەوێت، پێتان خۆشە شتێکتان پێ نیشان بدەم گەر ئەنجامی بدەن یەکترتان خۆشبوێت؟ سەلام لە نێوانتاندا پەخش بکەنەوە))[2]

"عمار بن ياسر"-خوا لە خۆی و باوکی رازی بێت- دەفەرموێت: ((سێ شت هەیە هەر کەس لە خۆیدا کۆیان بکاتەوە ئیمانی کۆکردۆتەوە: ویژدان لە ناخی خۆتدا، بلاوە پێکردنی سەلام بەسەر دەوروبەردا، و بەخشین لە کاتی دەستنەنگی و گرانیدا))(٣)

"عمران بن الحصين"دەفەرموێت: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: "السلام عليكم" پێغەمبەر وەلامی دایەوە، پیاوەکە دانیشت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((دە))، پاشان کەسێکی تر هات وتی:"السلام عليكم ورحمة الله"، پێغەمبەر(ﷺ) وەلامی دایەوە و کەسەکە دانیشت و پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو: ((بیست))، پاشان کەسێکی تر هات و وتی: "السلام عليكم ورحمة الله وبركاته"، پێغەمبەر(ﷺ) وەلامی دایەوە و کەسەکە دانیشت و پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((سی)) "الترمذي" دەفەرموێت: فەرموودەیەکی حەسەنە.[4]

---

١ صحيح البخاري ومسلم.

٢ أخرجه مسلم.

٣ علقه البخاري في صحيحه.

٤ أخرجه أبو داود والترمذي والنسائي والبزار.

لە "أبي أمامة"دوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((نزیکترین کەس لە خوداوە ئەو کەسەیانە کە سەرەتا سەلام دەکات)) "الترمذي"دەفەرموێت: فەرموودەیەکی حەسەنە.[1]

"ابو داود" لە "علي"دوە-خوا لێی رازی بێت- ریوایەتی کردووە لە پێغەمبەردوە(ﷺ) فەرمووی: ((گەر دەستەیەك تێپەڕین یەکێکیان سەلامی کرد ئەوا بۆ ئەوانەی لەگەڵ ئەون پاداشت نوسراوە، هەروەها بۆ ئەوانەی دانیشتوون گەر یەکێکیان وەلامی سەلامەکەی دایەوە))[2]

ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) بە لای کۆمەڵێك منداڵدا تێپەڕی یاریان دەکرد، سەلامی لێکردن. فەرموودەیەکی سەحیحە.[3]

"أبو هريرة" فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((گەر یەکێك گەیشتە کۆتایی مەجلیسێك با سەلام بکات، گەر ویستی هەڵبستێت با سەلام بکات، سەلام کردنی یەکەمجار لەپێشتر نییە لە سەلام کردنی کۆتایی)) فەرموودەیەکی حەسەنە.[4]

بەشی چل و سێ

زیکری پژمین

"أبو هريرة" دەفەرموێت، لە پێغەمبەرەوە(ﷺ): ((خودا پژمەی پێخۆشە و باوێشکی لا ناپەسەندە، گەر یەکێك لە ئێوە پژمی و حەمدی خودای کرد ئەوا حەقە لەسەر هەموو موسڵمانێك گوێی لە حەمدەکەی دەبێت بڵێت: "يرحمك الله" بەڵام باوێشك لە شەیتانەوەیە، گەر یەکێك لە ئێوە باوێشکی دا با تا دەتوانێت بیگێڕێتەوە، گەر یەکێك لە ئێوە باوێشك بدات شەیتان پێی پێ دەکەنێت)) "البخاري" ریوایەتی کردووە.[5]

---

١ أخرجه الترمذي وفي سنده ضعف.

٢ أخرجه أبو داود وأبو يعلى والبزار.

٣ أخرجه البخاري ومسلم.

٤ أخرجه الترمذي.

٥ صحيح البخاري.

دیسان لە "أبو هريرة"ەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرمووی: ((گەر یەکێك لە ئێوە پژمی با بلێت: "الحمد لله" با براکەی یان هاوەڵەکەی پێی بڵێت: "يرحمك الله" با نەویش بڵێت: "يهديكم الله ويصلح بالكم")) "البخاري" ریوایەتی کردووە.[1]

لە دەربڕینەکەی "أبي داود"دا: ((الحمد لله على كل حال))[2]

"أبو موسى الأشعري"-خوا لێی رازی بێت- دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو دەیفەرموو: ((گەر یەکێك لە ئێوە پژمی و حەمدی خودای کرد رەحمەتی بۆ بنێرن(واتە بڵێن"يرحمك الله")، گەر حەمدی خودای نەکرد ئێوەش رەحمەتی بۆ مەنێرن)) "مسلم" ریوایەتی کردووە.[3]

بەشی چل و چوار

هاوسەرگرتن و پەرەزبایی لێی، و زیکری چوونە لای هاوسەر

"عبدالله بن مسعود" دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فێری وتاری ژن مارەبڕینی کردین: ((الحمد لله نحمده، ونستغفره، ونستعينه، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيآت أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله- حەمد بۆ خودایە و ئێمەش حەمد و سەنای دەکەین، داوای لێخۆش بوون و کۆمەك و یارمەتی لێ دەکەین، پەنا دەگرین بە خودا لە شەڕ و خراپەی نەفس و کار و کردەوەی خراپ و ناباشمان، هەر کەس خودا هیدایەتی بدات گومڕاکەری بۆ نییە، هەر کەس خودا گومڕای بکات هیدایەتدەری بۆ نییە، شایەتی دەدەم کە هیچ خودایەك بوونی جگە لە "الله" خودای تاك و تەنها و بێ هاوەڵ و بێ هاودەم، شایەتی دەدەم محەمەد بەندە و پێغەمبەری خودایە))

---

١ صحيح البخاري.

٢ اخرجه ابو داود.

٣ صحيح مسلم.

له ریوایەتێکی تردا زیاتر: ((أرسله بالحق بشيرا ونذيرا بين يدي الساعة، من يطع الله ورسوله فقد رشد، ومن يعصهما فلا يضر إلا نفسه، ولا يضر الله شيئا- خودا بە حق رەوانەی کردووە وەك مژدەدەر و ترسێنەر لە بەردەم هاتنی قیامەتدا، هەر کەس گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەر بکات هیدایەتی وەرگرتووە، هەر کەس لەو دوانە یاخی ببێت تەنها زیان بە خۆی دەگەیەنێت و هیچ زیانێك بە خودا ناگەیەنێت))[1]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾ ﴾ النساء: ١، ئەی خەڵکینە لە پەروەردگاری خۆتان بترسن، ئەو پەروەردگارەی لە تەنها یەك نەفس ئێوەی دروست کردووە و هاوسەرەکەی لە خۆی بۆ دروست کردووە، پیاو و ژنێکی زۆر لەو دووانە بەسەر زەویدا بڵاوەی کردووە، لە خودایە بترسن کە بە ئەو و بە سیلەی رەحم داواتان لێ دەکرێت، خودا بەسەر ئێوەوە چاودێرە.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمران: ١٠٢، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێنا لە خودا بترسن بە حەقی لە خودا ترسان، مەمرن بە موسڵمانێتی نەبێت.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ الأحزاب: ٧٠-٧١، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێنا، لە خودا بترسن و قسەی دروست و راست و رەوان بکەن، خودا کارەکانتان بۆ چاك دەکات و لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت، هەر کەس گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی بکات سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێناوە.

"أهل السنن" ریوایەتیان کردووە، و "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنە.[2]

لە "أبو هريرة"ەوە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك پیرۆزبایی لە کەسێك بکردبایە کە ژنی بهێنابایە دەیفەرموو: ((بارك الله لك، وبارك عليك، وجمع بينكما في خير-خودا بیکات

---

١ أخرجها أبو داود والطبراني والبيهقي.

٢ أخرجه أبو داود والترمذي، والنسائي، وابن ماجة.

بە بەرەکەت بۆت و بەرەکەت بەسەرتدا دابباریت و بەخێر و خۆشی کۆتان بکاتەوە))
"الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[1]

"عمرو بن شعیب"ەوە لە باوکیەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرمووی: ((گەر یەکێك لە ئێوە ژنی هێنا یان خزمەتکارێکی کڕی با بڵێت: "اللهم إني أسألك خيرها وخير ما جبلتها عليه، وأعوذ بك من شرها وشر ما جبلتها عليه" گەر وشترێکی کڕی: با دەستبگرێت بە بەرزایی پشتییەوە و هەمان شت بڵێت)) "أبو داود" ریوایەتی کردووە.[2]

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە "ابن عباس"ەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرمووی: ((گەر یەکێك لە ئێوە چووە لای هاوسەرەکەی و وتی: "بسم الله، اللهم جنبنا الشيطان، وجنب الشيطان ما رزقتنا" گەر منداڵیان لەو کارە بۆ بڕیار درابێت، شەیتان هەگیز ناتوانێت زیانی پێ بگەیەنێت))[3]

بەشی چل و پێنج

زیکری منداڵبوون، زیکری تایبەت بە کوڕ

ریوایەتکراوە کاتێك "فاطمة" لە منداڵبوونی نزیك بوویەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی بە "أم سلمة و زينب بنت جحش" کرد بێنە لای و "آية الكرسي" و ئەم ئایەتانەی بەسەردا بخوێنن: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٥٥﴾﴾ الأعراف: ٥٤-٥٥، پەروەردگاری ئێوە "الله"یە کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە و پاشان لەسەر عەرش نیستیرای کردووە، شەو و ڕۆژ یەکتر دادەپۆشن

---

١ اخرجه أبو داود والترمذي، والنسائي، وابن ماجة.

٢ اخرجه أبو داود والترمذي، والنسائي، وابن ماجة وصححه الحاكم.

٣ صحيح البخاري ومسلم.

و به پەلە بەدوای یەکتردا دێن، خۆر و مانگ و ئەستێرەکان بە فەرمانی ئەو موسەخەرکراون، بوون و بڕیار هەر بۆ ئەوە، مەزنی و گەورەیی بۆ خوایە، پەروەردگاری جیهانەکان، بەگەردنکەچی و لارەملی و شاراوەیی داوا لە پەروەردگارتان بکەن، ئەو سنوور بەزێنانی خۆش ناوێت... هەروەها لەگەڵ معەوەزەتەین.[1]

"أبو رافع" دەفەرموێت: پێغەمبەری خودام بینی بانگی نوێژی دا بە گوێی "حەسەنی کوڕی عەلی"دا کاتێك لە "فاطمة" بوو. "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[2]

لە "حوسەینی کوڕی عەلی"ەوە ریوایەت کراوە، فەرمووی: پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((گەر کەسێك منداڵێکی بوو، بانگی بە گوێی راستیدا دا و قامەتی بە گوێی چەپیدا خوێند ئافەتی منداڵان زیانی پێ ناگەیەنێت))[3]

"عائشة" دەفەرموێت: ((منداڵ دەهێنرا بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش دوعای بەرەکەی بۆ دەکردن و شیرینی دەجوویە دەمیان)) "أبو داود" ریوایەتی کردووە.[4]

"عبدالله بن عمرو"-خوایان لێ رازی بێت- فەرمووی: ((پێغەمبەر فەرمانی کرد رۆژی حەوتەم ناوی منداڵ بنێن، پاك بکرێتەوە و سەری بتاشرێت)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنە.[5]

پێغەمبەر(ﷺ) کوڕەکەی خۆی ناو لێنا ئیبراهیم[6]، و "إبراهيم بن أبي موسى"[7] و "عبدالله بن أبي طلحة [1] و "المنذر بن أبي أسيد"[2] لە دایکبوونیان لە یەکتر نزیك بوو.[3].

---

١ أخرجه إبن السني.

٢ أخرجه الترمذي وأبو داود وأحمد وعبدالرزاق في "المصنف".

٣ أخرجه أبو يعلى والبيهقي وابن السني.

٤ أخرجه أبو داود بإسناد صحيح.

٥ أخرجه الترمذي.

٦ أخرجه مسلم.

٧ أخرجه البخاري ومسلم.

لە "أبي الدرداء"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((ئێوە لە رۆژی دواییدا بە ناوی خۆتان و ناوی باوکتانەوە بانگتان لێ دەکرێت، بۆیە با ناوەکانتان خۆش و باش بێت)) "أبو داود" باسی کردووە.(٤)

"مسلم" لە "عبدالله بن عمر"ەوە ریوایەتی کردووە، فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((خۆشەویسترین ناوی ئێوە لەلای خودا(ﷻ) بریتییە لە "عبدالله و عبد الرحمن"))(٥)

لە "أبي وهب الجشمي"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((ناوی پێغەمبەران لە نەوەکانتان بنێن، خۆشەویسترین ناو لەلای خودا(ﷻ) بریتییە لە: "عبدالله وعبدالرحمن" راستگۆترینیان: "حارث وهمام-جوتیار و خەمخۆر"ە، ناشیرینترینیان بریتییە لە : "حرب و مرة-جەنگ و تاڵ")) "أبو داود والنسائي" ریوایەتیان کردووە.(٦)

پێغەمبەر(ﷺ) کۆمەڵێك ناوی ناپەسەندی گۆڕی بە ناوی پەسەند و خۆش، ناوی "برة"ی کرد بە "زینب"، ناوی "حزن" کرد بە "سهل"، ناوی "عاصية" گۆڕی بۆ "جميلة"، ناوی "أصرم"ی گۆڕی بۆ "زُرعة".(٧)

هەروەها "حرب"ی گۆڕی بۆ "سلم"، هەروەها "المضطجع"ی گۆڕی بۆ "المنبعث"، هەروەها زەوییەك کە پێیان دەوت "عفرة" گۆڕی بۆ "خضرة"، هەروەها دۆڵی "الضلالة" کرد بە دۆڵی "الهدى"، هەروەها بنەماڵەی "بنو الزنية"ی گۆڕی بۆ "بني الرشدة"

---

١ أخرجه البخاري ومسلم.

٢ أخرجه البخاري ومسلم.

٣ قالها البيهقي في "السنن الكبرى.

٤ أخرجه أبو داود وأحمد والدارمي والبيهقي.

٥ صحيح مسلم.

٦ أخرجه أبو داود والنسائي وأحمد والبخاري في "أدب المفرد".

٧ أخرجه أبو داود والروياني والطبراني.

بەشی چل و شەش

دەنگی کەڵەشێر و سەرەی گوێدرێژ و وەرەی سەگ

لە هەردوو سەحیحەکەدا: لە "أبي هريرة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((گەر سەرەی کەرتان بیست پەنابگرن بە خودا لە شەیتان، چونکە شەیتانی بینیوە، کاتێك دەنگی کەڵەشێرتان بیست داوای فەزڵی خودا بکەن، چونکە فریشتەی بینیوە))[1]

هەروەها لە "سنن أبي داود"دا لە "جابر"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((گەر وەرەی سەگ و سەرەی کەرتان بە شەو بیست پەنابگرن بە خودا لێیان، چونکە ئەوان شتێك دەبینن کە ئێوە نایبینن)) "أبو داود" ریوایەتی کردووە.[2]

بەشی چل و حەوت

ئەو زیکرەی ئاگری پێ دەکوژێتەوە

لە "عمرو بن شعيب"ەوە باس کراوە ئەویش لە باوکیەوە، و لە باپیریەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر ئاگرتان بینی تەکبیر(الله أكبر) لێ بدەن، چونکە تەکبیر دەیکوژێنێتەوە))[3]

---

١ صحيح البخاري ومسلم.

٢ أخرجه أبو داود و البخاري في "أدب المفرد" والنسائي واحمد وصححه ابن حبان والحاكم على شرط مسلم.

٣ أخرجه العقيلي في "الضعفاء" وابن عدي في "الكامل" وابن السني في "عمل اليوم والليلة" والطبراني في "الدعاء".

بەشی چل و هەشت

زیکری کەفارەتی مەجلیس

لە "أبي هريرة"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس لە مەجلیسێك دانیشت کە ژاوەژاوی تێدا زۆر بوو، بەر لەوەی لە مەجلیسەکە هەڵبستێت وتی: "سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت، أستغفرك وأتوب إليك- پاکێتی بۆ تۆ ئەی خودایە، شایەتی دەدەم هیچ خودایەك بوونی نییە جگە لە تۆ، داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم و بۆ لای تۆ تەوبە دەکەم" دەبێتە کەفارەتی ئەوەی لەو مەجلیسەیدا روویداوە)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.[1]

لە فەرموودەیەکی تردا: ((گەر ئەو کەسە لە مەجلیسی خێردا بووبێت (ئەو دوعایە)وەك کۆتایی خێر دەبێت بۆی، گەر لە مەجلیسێکی تێکەڵدا بووبیت دەبێتە کەفارەت بۆی))[2]

لە "السنن"دا لە "أبي هريرة"ەوە، لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ): ((هەر دەستەیەك لە مەجلیسێك هەڵبستن و یادی خودای تێدا نەکەن وەك ئەوە وایە لەسەر لاشەی کەری تۆپیو هەستابن، و بۆیان دەبێتە حەسرەت))[3]

لە "ابن عمر"ەوە، فەرمووی: کەمجار بووە پێغەمبەر(ﷺ) لە مەجلیسێك هەڵبستێت و ئەم کەلیماتانە نەخوێنێت بۆ هاوەڵانی: ((أللهم اقسم لنا من خشيتك ما تحول به بيننا وبين معصيتك، ومن طاعتك ما تبلغنا به جنتك، ومن اليقين ما تهون به علينا مصائب الدنيا، أللهم متعنا بأسماعنا وأبصارنا وقوتنا ما أحييتنا، واجعله الوارث منا، واجعل ثأرنا على من ظلمنا، وانصرنا على من عادانا، ولا تجعل مصيبتنا في ديننا، ولا تجعل الدنيا أكبر همنا ولا مبلغ علمنا، ولا تسلط علينا من لا يرحمنا- خودایە لە ترسان لە خۆت بەشمان بدە، بە جۆرێك لە یاخیبوون لە تۆ دوورمان بخاتەوە، هەروەها لە گوێڕایەڵیت بەشمان بدە تاکو بمانگەیەنێتە بەهەشتەکەت، هەروەها لە یەقین بەشمان بدە تاکو موسیبەتەکانی دونیامان لەسەر ئاسان بکات، خودایە، نیعمەتی بیستن و بینین و هێز

---

١ أخرجه الترمذي والنسائي، وأحمد والطحاوي في "شرح المعاني" وصححه الترمذي وابن حبان.

٢ أخرجه النسائي والطبراني.

٣ تقدم تخريجه.

و توانینمان پێ ببەخشە هەتا دەمانژیینەنیت و بیکە بە میراتگری ئێمە، تۆڵەمان بخە سەر ئەو کەسەی ستەمان لێ دەکات و سەرمان بخە بەسەر ئەو کەسەی دەستدرێژی دەکاتە سەرمان، موسیبەتمان مەخە ناو دینمانەوە، دونیا مەکە بە مەزنترین خەم و ئەوپەڕی زانستمان، کەسێك زاڵ مەکە بەسەرماندا رەحمان پێ نەکات)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنە.[1]

بەشی چل و نۆ

چی دەوترێت و دەکرێت لە کاتی تووڕەبووندا

خودا(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾ ﴾ فصلت: ٣٦، کە وەسوەسەیەکت لە شەیتانەوە بۆ دروست بوو(کاتێك شەیتان بە وەسوەسەیەك تۆی گرت) پەنا بگرە بە خودا، ئەو بیسەر و زانایە.

"سليمان بن صرد" دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبووم دوو پیاو قسەیان بە یەکتر دەوت، یەکێکیان روخساری سوورهەڵگەڕابوو، رەگی لاملی هەستابوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((من کەلیمەیەك دەزانم گەر ئەو کەسە بیڵێت ئەوەی لەلایەتی نامێنێت، گەر بیوتبایە: "أعوذ بالله من الشيطان الرجيم" ئەوەی لەلایەتی نەدەما)) "البخاري ومسلم" ریوایەتیان کردووە.[2]

"عطية بن عروة"ەوە، وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((تووڕەبوون لە شەیتانەوەیە، شەیتان لە ئاگر دروستکراوە، ئاگریش بە ئاو دەکوژێتەوە، گەر کەسێك لە ئێوە تووڕەبوو با دەستنوێژ بگرێت)) "أبو داود" ریوایەتی کردووە.[3]

---

١ أخرجه الترمذي والنسائي والطبراني وصححه الحاكم.

٢ صحيح البخاري ومسلم.

٣ اخرجه أبو داود وأحمد.

لە فەرموودەیەکی تردا: ((پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کردووە بەو کەسەی تووڕە دەبێت گەر بە پێوە بوو دابنیشێت، گەر دانیشتبوو پاڵبکەوێت))[1]

بەشی پەنجا

چی دەوترێت لە کاتی بینینی ئەهلی بەلاّدا؟

لە "أبي هريرة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس کەسێکی تووشبوو بە بەلاّی بینی و وتی: "الحمد لله الذي عافاني مما ابتلاك، وفضلني على كثير ممن خلق تفضيلا-حەمد بۆ ئەو خودایەی عافییەتی بە من بەخشی لە بەلاّیەك کە تۆی پێوە مویتەلا بووە و فەزڵی منی داوە بەسەر زۆرێك لە دروستکراوەکانیدا" ئەو بەلاّیەی تووش نابێت))[2] "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنە.[3]

بەشی پەنجا و یەك

زیکری چوونە بازاڕ

لە "عمر بن الخطاب"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس چووە بازاڕ و وتی: "لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، يحي ويميت، وهو حي لا يموت، بيده الخير وهو على كل شيء قدير" خودا هەزار هەزار چاکەی بۆ دەنوسێت، و هەزار هەزار خراپەی لێ دەسڕێتەوە، و هەزار هەزار پلە بەرزی دەکاتەوە)) "الترمذي" ریوایەتی کردووە.[4]

---

١ اخرجه ابو داود واحمد.

٢ ئەم دوعایە دەبێت بە جۆرێك بخوێنرێت ئەو کەسەی تووشی بەلاّ و ناخۆشییەکە بووە گوێی لێ نەبێت و نەیبیستێ، چونکە ئەسڵ دڵنەوایی کردنی ئەهلی بەلاّ و ناخۆشییە، نەك ناخۆش کردنی دڵی. (وەرگێڕ)

٣ اخرجه الترمذي والطبراني.

٤ تقدم تخريجه.

لە "بريدة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك دەچووە بازاڕ دەیفەرموو: ((بسم الله، أللهم إني أسألك خير هذه السوق وخير ما فيها، وأعوذ بك من شر هذه السوق وشر ما فيها، أللهم إني أعوذ بك أن أصيب بها يمينا فاجرة، أو صفقة خاسرة-بەناوی خودا، خودایە من خێری ئەم بازاڕە و ئەو خێرەی کە تێیدایە داوات لێ دەکەم، پەنات پێ دەگرم لە شەڕی ئەم بازاڕە و ئەو شەڕەی تێیدایە، خودایە پەنات پێ دەگرم تووشی سوێندی درۆ یان کڕین و فرۆشتنێکی زیانۆمەند ببم))[1]

بەشی پە نجا و دوو

کەسێك لاقەکانی سڕ بوویوون

لە "الهيثم بن حنش"ەوە لەلای "عبدالله بن عمر"بووین-خوایان لێ رازی بێت- پێیەکانی سڕ بوویوون، پیاوێك پێی وت: ناوی خۆشەویستترین کەس لەلات بهێنە، ئەویش وتی: "ئەی محەمەد"، وەك ئەوەی لە کۆت و بەند کرابێتەوە.[2]

لە "مجاهد"ەوە-رەحمەتی خودای لێ بێت- وتی: لاقی پیاوێك لە لای "ابن عباس"-خوایان لێ رازی بێت- سڕ بوویوو، پێی فەرموو: ناوی خۆشەویستترین کەس لەلات بهێنە، وتی: "ئەی محەمەد"، سڕبوونەکەی نەما.[3]

---

١ أخرجه البخاري في "التاريخ الكبير".

٢ أخرجه ابن السني بإسناد ضعيف، أخرجه البخاري في "أدب المفرد".

٣ أخرجه ابن السني بإسناد ضعيف.

بەشی پەنجا و سێ

کاتێك ولاخ هەڵبکەوێت

لە "ابي مليح"ەوە لە پیاوێکەوە، وتی: لە پاشکۆی پێغەمبەردا سواربووبووم، ولاخەکەی هەڵکەوت، وتم: رسوابێت شەیتان، فەرمووی: ((مەڵێ، رسوابێت شەیتان، چونکە گەر ئەوە بڵێیت خۆی لا گەورە دەبێت تا وەك خانوویەکی گەورەی لێ دێت، و دەڵێت: بەهێزی من، بەڵکو بڵێ: "بسم الله" چونکە گەر ئەوە بڵێیت بچووك دەبێتەوە تا وەك مێشێکی لێ دێت))[1]

بەشی پەنجا و چوار

هەر کەس هەدیەیەك بکات یان صەدەقەیەك بکات و دوعای بۆ بکات، چی دەڵێت؟

لە "عائشة"ەوە -خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: کاوڕێك هەدیەی پێغەمبەر(ﷺ) کرا، فەرمووی: ((بەشی بکە)) "عائشة"-خوا لێی رازی بێت- کە کارەکەرەکە دەگەڕایەوە دەیفەرموو: چییان وت؟ کارەکەرەکە دەیوت: وتیان"خودا بەرەکەت بخاتە ناوتانەوە"، "عائشة" دەیوت: "خودا بەرەکەت بخاتە ناو ئەوانیشەوە"، ئەوان چییان وت ئێمەش بەو جۆرە وەڵامیان دەدەینەوە، پاداشتەکەشمان بۆ دەمێنێتەوە.[2]

لە "عائشة"ەوە لە صەدەقەکردندا هەمان شت ریوایەت کراوە.[3]

---

١ أخرجه أبو داود والنسائي بإسناد صحيح.

٢ أخرجه النسائي بإسناد حسن.

٣ أخرجه أبو نعيم في "حلية الأولياء".

بەشی پەنجا و پێنج

کەسێك پیسی لێ لاببرێت

لە "أبي أيوب"ەوە-خوا لێی رازی بێت- لە ریشی پێغەمبەر(ﷺ) هەندێ شتی کردەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((خودا ئەوەی پێتناخۆشە لە تۆی بکاتەوە ئەی باوکی ئەیوب))[1]

لە گوزارەیەکی تردا: ((هیچ ناخۆشی و خراپەیەك رووت تێنەکات ئەی باوکی ئەیوب))[2]

لە "عمر"ەوە-خوا لێی رازی بێت- شتێکی لە پیاوێك کردەوە، پیاوەکە وتی: خودا خراپەت لێ دووربخاتەوە، عومەر-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: لەو کاتەوەی موسڵمان بووین خودا خراپەی لێ کردووینەتەوە، بەڵام گەر شتێکت لێ کرایەوە بڵێ: دەستت خێر وەربگرێت.[3]

بەشی پەنجا و شەش

بینینی سەرەتای بەروبووم(بەری تازە پێگەیی)

"أبو هريرة"-خوا لێی رازی بێت- دەفەرموێت: خەڵکی کە بەری تازە پێگەیویان دەبینی دەیانهێنا بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ، ئەویش دەیفەرموو: ((اللهم بارك لنا في ثمرنا، وبارك لنا في مدينتنا، وبارك لنا في صاعنا، وبارك لنا في مدنا-خودایە بەرەکەت بخە ناو بەروبوومانەوە، خودایە بەرەکەت بخە ناو شارەکەمانەوە، خودایە بەرەکەت بخە ناو مشت(مد) و مەن(صاع)مانەوە)) پاشان دەیدا بە منداڵترین کەس لەتەمەندا کە لەوێ ئامادە بوو. "مسلم" ریوایەتی کردووە.[4]

---

١ اخرجه ابن السني والطبراني.

٢ اخرجه الطبراني وصححه الحاكم.

٣ اخرجه ابن السني.

٤ صحيح مسلم.

بەشی پەنجا و حەوت

شتێك ببینێت و پێیەوە سەرسام بێت و ترسی چاوی هەبێت

خودا(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ﴾ الكهف: ٣، گەر بچوویایتایە ناو باخ و بێستانەکەتەوە و بتوتبایە: ئەوەی خودا بیەوێت، هیچ هێزێك نییە بە خوداوە نەبێت.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: ((چاو حەقە، گەر شتێك پێشی قەدەر بکەوتبایە چاو پێشی دەکەوت)) فەرموودەیەکی سەحیحە.[1]

لە پێغەمبەرەوە ریوایەت کراوە کە فەرموویەتی: ((گەر یەکێك لە ئێوە شتێکی لە خۆیدا یان لە ماڵیدا بینی و پێی سەرسام بوو با بەرەکەتی بەسەردا بکات، چونکە چاو حەقە))[2]

دیسان لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) ریوایەت کراوە فەرمووی: ((هەر کەس شتێکی بینی و پێی سەرسام بوو با بڵێت: "ما شاء الله لاقوة إلا بالله"))[3]

هەروەها لێیەوە(ﷺ) ریوایەت کراوە، دەربارەی ئەو کەسەی کە دەترسێت شتێك بە چاوی گیرۆدە ببێت، فەرمووی: ((أللهم بارك لنا فيه ولا تضره))[4]

"أبو سعيد" دەفەرموێت: ((پێغەمبەر پەنای بە خودا دەگرت لە جین و چاوی مرۆڤ، تا معەوەزەتەین دابەزی، کە ئەو دوو سورەتە دابەزی ئەوانەی بەکاردەهێنا و ئەوانی تری وازلێهێنا)) "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنە. "ابن ماجة" لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە.[5]

---

١ أخرجه مسلم.

٢ أخرجه النسائي وأبو يعلى وصححه الحاكم.

٣ أخرجه البزار وابن السني.

٤ أخرجه أبو الشيخ في "أخلاق النبي"، وابن السني.

٥ أخرجه الترمذي والنسائي وابن ماجة وحسنه الترمذي.

بەشی پەنجا و هەشت

گەشبینی و شوومی

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((نەگواستنەوەی نەخۆشی‌ونەتەیرە(شوومی)، راستگۆترینیان بریتییە لە "الفأل")) وترا: "الفأل" چییە؟ فەرمووی: ((قسەیەکی چاك و باش پیاو بیبیستێت))[1]

پێغەمبەر(ﷺ) سەرسامی هەبوو بە گەشبینی.[2]

لە سەفەری کۆچەکەیدا پیاوێکیان پێگەیشت، پێی فەرموو: ناوت چییە؟ وتی: بورەیدە، فەرمووی: کارەکەمان ئارام و فێنك ببێتەوە.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: ((لە خەوندا بینیم وەك ئەوەی لە مالّی "عقبة بن رافع"م، خورمای "ابن طاب"ی تازە پێگەیویان بۆ هێناین، بە بەرزی و شکۆمەندی لە دونیا و سەرئەنجام لە دوارۆژدا تەئویلم کرد، ئایینەکەشمان چاك و خۆش و باش گەراوە))[3][4]

تەیرە: "معاوية بن حكم" دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، هەندێ کەسمان لەناودایە تەیرە[5] دەکەن، فەرمووی: ((ئەوە شتێکە لە سینەتاندا هەستی پێ دەکەن، با ئەوە رێگەتان لێ نەبڕێتەوە))[6]

ئەم فەرموودانە لە کتێبە سەحیحەکاندا هاتوون.[7]

---

١ أخرجه البخاري ومسلم.

٢ وەك لە فەرموودەکەی ئەنەسدا هاتووە. (وەرگێر)

٣ تەئویلی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ خەونەکەی خۆی بەم جۆرە بوو: لە ناوی "عقبة" عاقیبەت و سەرئەنجامی دەرهێنا، لە ناوی "رافع" بەرزی و شکۆمەندی لە دونیا دەرهێنا، خورمای "ابن طاب" گەڕانی ئایین بە چاك باش تەئویلکرا. (وەرگێر)

٤ أخرجه مسلم.

٥ تەیرە: شوومی و خراپە یان خێر و چاکە بدەنە پاڵ شتێك یان کەسێك. (وەرگێر)

٦ أخرجه مسلم.

٧ مەبەستی دوو فەرموودەکەی کۆتاییە. (وەرگێر)

لە "عقبة بن عامر"ەوە فەرمووی: پرسیار لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کرا دەربارەی تەیرە، فەرمووی: ((راستگۆترینیان بریتییە لە گەشبینی، لە موسڵمان ناگەڕێتەوە، گەر شتێکتان لە تەیرە بینی پێتان ناخۆش بوو، بڵێن: "اللهم لا يأتي بالحسنات إلا أنت، ولا يذهب بالسيئات إلا أنت، ولا حول ولا قوة إلا بالله"))[1] [2]

بەشی پەنجا و نۆ

حەمام (خۆشۆردن)

لە "أبي هريرة"ەوە باسکراوە کە فەرموویەتی: ((خۆشترین خانەیەك موسڵمان تێی بچێت بریتییە لە حەمام، گەر کەسێك تێیچوو با داوای بەهەشت لە خودا بکات و پەنای پێ بگرێت لە ئاگر))[3]

بەشی شەست

زیکری چوونە سەر پێشاو و هاتنە دەرەوە

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە ئەنەسەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەر کاتێك دەچووە سەر ئاو دەیفەرموو: ((أللهم إني أعوذ بك من الخبث والخبائث))[4]، سەعیدی کوڕی مەنصور ئەمەی بۆ زیاد کردووە: ((بسم الله))[5]

لە "مەسنەدی ئیمام ئەحمەد"دا لە "زيد بن أرقم"ەوە، فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ)

---

١ کەوابوو: تەیرە بەپێی درعاکەی پێغەمبەر ئەوەیە چاکە و خراپە بدەیە پاڵ شتێك. (وەرگێر)

٢ اخرجه أبو داود وابن قانع، والبيهقي، وابن السني.

٣ اخرجه ابن أبي شيبة والبيهقي وقال ابن حجر: "صحيح موقوف.

٤ صحيح البخاري ومسلم.

٥ اخرجه سعيد بن منصور.

فەرمووی: ((ئەم شوێنی دەست بە ئاو گەیاندنە جین و شەیتانی تێدا ئامادە دەبێت، گەر یەکێك لە ئێوە هاتە سەر پێشاو با بڵێت: "أعوذ بالله من الخبث والخبائث"))[1][2]

لە "سنن ابن ماجة"دا لە "أبي أمامة"ەوە پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((با گەر کەسێك لە ئێوە چووە سەر ئاو دەستەوسان نەبێت لە وتنی: "اللهم إني أعوذ بك من الرجس والنجس، الخبيث والمخبث، الشيطان الرجيم))[3]

لە "الترمذي"دا لە "علي"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: ((ستڕێکە لە نێوان عەوراتی مرۆڤ و جیندا، کاتێك چووە سەر پێشاو بڵێت "بسم الله"))[4]

"عائشة" دەفەرموێت: کاتێك پێغەمبەر لەسەر پێشاو دەهاتە دەرەوە دەیفەرموو: ((غفرانك-لێخۆشبوونت داوا دەکەم، ئەی خودایە)) "الإمام أحمد وأهل السنن" ریوایەتیان کردووە.[5]

لە "سنن ابن ماجة"دا لە ئەنەسەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: کاتێك پێغەمبەر لەسەر پێشاو دەهاتە دەرەوە، دەیفەرموو: ((الحمد لله الذي أذهب عني الأذى وعافاني-حەمد بۆ ئەو خودایەی ئازاری لەسەر لابردم و عافییەتی پێ بەخشیم))[6]

---

١ "الخبث والخبائث" دەگونجێ ئەو دوو شتە پیس و زیانبەخشە بن کە لە جەستەی مرۆڤ دێنە دەرەوە، خودا باشتر دەزانێت. (وەرگێر)

٢ أخرجه أحمد وأبو داود وابن ماجة وصححه ابن خزيمة وابن حبان والحاكم.

٣ أخرجه ابن ماجة وابن عدي، والطبراني.

٤ أخرجه الترمذي وابن ماجة والبيهقي.

٥ أخرجه أحمد وأبو داود والترمذي، والنسائي، وابن ماجة.

٦ أخرجه ابن ماجة بإسناد ضعيف، وله شاهد أخرجه ابن أبي شيبة، والطبراني، وابن السني.

بەشی شەست و یەك

زیکری ویستی دەستنوێژگرتن

لە "النسائي"دا جێگیربووە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) دەستی خستۆتە ناو تەشتێك ناو و فەرموویەتی بە "بسم الله" دەستنوێژ بگرن.[1]

لە سەحیحی "مسلم"دا لە "جابر"ەوە-خوا لێی رازی بێت- لە فەرموودە درێژەکەیدا کە تیایدا هاتووە: ("ئەی جابر، بانگ بکە بۆ دەستنوێژگرتن، منیش وتم: خەلکینە، ناکادار بن دەسنوێژ، ناگادار بن دەستنوێژ، ناگادار بن دەسنوێژ" هەروەها تیایدا هاتووە: "ئەوە بگرە ئەی جابر و بیکە بە دەستمدا و بڵێ: "بسم الله" ناوەکەم بینی کە لە نێوان پەنجەکانی پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فوارەی دەکرد")[2]

لە "مسند" و "السنن"دا لە فەرموودەکەی "سعید بن زید"ەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ): ((دەستنوێژ بۆ کەسێك نییە کە ناوی خودای لەسەر نەهێنابێت))[3]

"البخاري" دەڵێت: ئەمە باشترین شتێکە لەم دەروازەیەوە باسکرابێت.[4]

لە "أبي هريرة"ەوە فەرمووی: پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((نوێژ بۆ کەسێك نییە دەسنوێژی نەبێت، دەستنوێژیش بۆ کەسێك نییە ناوی خودای لەسەر نەهێنابێت)) "الإمام أحمد وأبو داود" ریوایەتیان کردووە.[5]

لە "المسند"دا لە فەرموودەکەی "أبي سعيد الخدري"ەوە-خوا لێی رازی بێت- لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ): ((دەستنوێژ بۆ کەسێك نییە "بسم الله"ی لەسەر نەکردبێت))[6]

---

١ اخرجه النسائي وأحمد وأبو يعلى وصححه ابن خزيمة وابنحبان وصححه ابن حجر في "التنج".

٢ صحيح مسلم.

٣ اخرجه احمد والترمذي وابن ماجة.

٤ نقله الترمذي في "الجامع" و"العلل الكبير".

٥ اخرجه احمد وأبو داود وابن ماجة وصححه الحاكم.

٦ اخرجه احمد وابن ماجة.

بەشی شەست و دوو

زیکری دوای تەواوبوونی دەستنوێژ

"مسلم" لە سەحیحەکەیدا لە "عمر بن الخطاب"ەوە-خوا لێی رازی بێت- ریوایەتی کردووە، لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ): ((هەر کەس لە ئێوە دەستنوێژی گرت و دەستنوێژەکەی تێر و تەواو بوو، پاشان وتی: "أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله" هەر هەشت دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە، لە کامەیانەوە بیەوێت دەچێتە ژوورەوە))[1]

لە "الترمذي"دا دوای هێنانی دوو شەهادەتەکە ئەمەش زیادکراوە: ((أللهم اجعلني من التوابين واجعلني من المتطهرين))[2]

لە هەندێ رێگەی تریەوە "أبو داود و الإمام أحمد" ریوایەتیان کردووە: ((دەستنوێژێکی باشی گرت و پاشان چاوی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و فەرمووی....)) فەرموودەکەی باس کردووە.[3]

لە دەربڕینکەی "ئیمام ئەحمەد"دا: ((هەر کەس دەستنوێژ بگرێت و دەستنوێژەکەی باش و چاك بێت و پاشان سێ جار بڵێت: "أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله")) [4]

لە "سنن النسائي"دا لە "أبي سعيد الخدري"ەوە فەرمووی: ((هەر کەس دەستنوێژ بگرێت و دوای تەواوبوونی دەستنوێژەکەی بڵێت: "سبحانك اللهم وبحمدك، أشهد أن لا إله إلا أنت، أستغفرك وأتوب إليك" مۆرێکی لێ دەدرێت، پاشان بەرزدەکرێتەوە بۆ ژێر عەرش و تا رۆژی قیامەت ناشکێنرێت))[5]

---

١ صحيح مسلم.

٢ أخرجه الترمذي.

٣ أخرجه أحمد وأبو داود والنسائي.

٤ أخرجه أحمد وابن ماجة وضعفه النووي في "الأذكار".

٥ أخرجه النسائي والطبراني.

بەم جۆرە لە قسەکەی"أبي سعيد"ەوە ریوایەتی کردووە، هەروەها"بقي بن مخلد" لە تەفسیرەکەیدا لە فەرموودەیەکی تایبەت بە خۆی بە بەرزکراوەیی ریوایەتی کردووە.
بەلاّم ئەو زیکرانەی کە خەلکی بە گشتی بۆ هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی دەستنوێژ دەیخوێنن هیچ بنەمایەکی لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) نییە، هەر بەو جۆرە هیچ کەسێك لە هاوەلاّن و شوێنکەوتووان و چوار ئیمامەکە باسیان نەکردووە، بەلکو فەرموودەی هەلّبەستراون بە دەم پێغەمبەری خوداوە(ﷺ).[1]

بەشی شەست و سێ

زیکری نوێژی مردوو

لە "صحيح مسلم"دا لە "عوف بن مالك"ەوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) نوێژی لەسەر جەنازەیەك خوێند، لە دوعاکەی ئەمەم لەبەر کرد کە دەیفەرموو: ((أللهم اغفر له وارحمه، وعافه واعف عنه، وأكرم نزله، و وسع مُدخله، واغسله بالماء والثلج والبرد، ونقه من الذنوب والخطايا كما نقيت الثوب الأبيض من الدنس، وأبدله دارا خيرا من أهله، و زوجا خيرا من زوجه، وأدخله الجنة، وأعذه من عذاب القبر-خودایە، لێیخۆش ببە و رەحمی پێ بکە، عافییەتی پێ بدە و لێی ببوورە، میوانداریەکی ڕێزدارانەی بکە، شوێنەکەی بۆ فراوان بکە، بە ئاو و بەفر و تەرزە بیشۆرە، لە گوناه و خراپە و تاوان پاکی بکەرەوە وەك چۆن پۆشاکی لە چڵك و پیسی پاك دەکەیەوە، خودایە خانەکەی بگۆڕە بە خانەیەکی باشتر لە خانەوادەکەی، هاوسەرەکەی بە باشتر لە هاوسەرەکەی، خودایە بیخەرە ناو بەهەشتەوە و لە سزای گۆڕ بیپارێزە)) دەڵێ: تا ئاواتم خواست من ئەو مردووە بوومایە، بەهۆی دوعاکانی پێغەمبەری خوداوە(ﷺ). لە گوزارەیەکی تردا: ((وقه فتنة القبر وعذاب النار-لە فیتنەی گۆڕ و سزای دۆزەخ بیپارێزە))[2]

---

١ انظر "زاد المعاد" و"المجموع" و"تنقيح الوسيط" و"روضة الطالبين" و"منهاج الطالبين" للنووي.

٢ صحيح مسلم.

لە "سنن أبي داود"دا لە "أبي هريرة"ەوە فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر جەنازەیەك فەرمووی: ((أللهم اغفر لحينا وميتنا، وشاهدنا وغائبنا، وصغيرنا وكبيرنا، وذكرنا وأنثانا، أللهم من أحييته منا فاحيه على الإسلام، ومن توفيته منا فتوفه على الإيمان، اللهم لا تحرمنا أجره ولا تضلنا بعده-خودایە لە زیندوو مردوومان خۆش ببە، خودایە لە نامادە و نەهاتوومان خۆش ببە، لە بچووك و گەورەمان، لە نێر و مێمان خۆش ببە، خودایە هەر کەس لە ئێمە دەژیەنی لەسەر ئیسلام بیژییەنە، هەر کەس لە ئێمە دەمرێنی لەسەر ئیمان بیمرێنە، خودایە لە پاداشتی ئەم مردووە بێ بەشمان مەکە و لەدوای ئەو گومڕامان مەکە))[1]

دیسان لە "سنن أبي داود"دا لە "واثلة بن الأسقع" وتی: پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر پیاوێکی موسڵمان گوێم لێ بوو دەیفەرموو: ((أللهم إن فلان إبن فلان في ذمتك وحبل جوارك، فقه من فتنة القبر وعذاب النار، وأنت أهل الوفاء والحمد، أللهم فاغفر له وارحمه، إنك أنت الغفور الرحيم-خودایە، فلانی کوڕی(کچی) فلان لە دەستی تۆدایە و کەوتۆتە ژێر پەتی جیرانی و پەنای تۆوە، خودایە لە فیتنەی گۆڕ و سزای ناگر بیپارێزە، تۆ ئەهلی وەفاداری و حەمد و سەنای، خودایە لێی خۆش ببە و رەحمی پێ بکە، تۆ کەسێکی لێبوورده و لێخۆشبوو و خاوەن میهر و بەزەییت))

مەروان پرسیاری لە "أبا هريرة" کرد، پێغەمبەر(ﷺ) چۆن نوێژی لەسەر جەنازە دەکرد؟ وتی: دەیفەرموو: ((أللهم أنت ربها وأنت خلقتها، وأنت هديتها للإسلام، وأنت قبضت روحها، وأنت أعلم بسرها وعلانيتها، جئنا شفعاء فاغفر له-خودایە تۆ پەروەردگاری ئەم نەفسە و دروستکەری ئەوی، تۆ هیدایەتت دا بۆ ئیسلام، تۆ رۆحت کێشا، تۆ بەئاگاتر و زاناتری بە نهێنی و ئاشکرای، ئێمە وەك تکاکار هاتووین لێیخۆش ببە)) "الإمام أحمد وأبو داود" ریوایەتیان کردووە.[2]

---

١ اخرجه ابو داود والترمذي والنسائي.

٢ اخرجه احمد وأبو داود والنسائي.

بەشی شەست و چوار

زیکری هاتنی قسەی گالتە بەسەر زماندا یان قسەیەك پەروەردگار بڕەنجێنێت

لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) جێگیر بووە فەرموویەتی: ((هەر کەس لە ئێوە سوێندی خوارد و لە سوێندەکەیدا وتی: سوێند بە لات و عوزا، با بڵێت: "لا إله إلا الله" یان وتی بە هاوەڵەکەی وەرە با قومار بکەین، با صەدەقە بکات))[1]

هەر کەس سوێند بە غەیری خودا بخوات ئەمە کەفارەتەکەیەتی، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر کەس سوێند بە غەیری خودا بخوات هاوەڵی داناوە)) فەرموودەیەکی سەحیحە.[2]

کەفارەتی هاوەڵدانان: بریتییە لە یەکتاپەرستی کە لە کەلیمەی "لا إله إلا الله"دایە.

هەر کەس بڵێت: وەرە قومارت لەگەڵ بکەم، قسەیەکی خراپ و پیسی کردووە کە خواردنی ماڵ و بەفیڕۆدانی تێدایە، کەفارەتی ئەم قسەیە کارێکە دژی قومار، نەوەش بریتییە لە بەخشینی ماڵ لە رەواترین شوێنی خۆیدا کە بریتییە لە صەدەقە.

"مصعب بن سعد بن أبی وقاص" لە باوکیەوە وتی: سوێندم بە لات و عوزا خوارد- تازە موسڵمان بووین- ئەوەم بۆ پێغەمبەر(ﷺ) باس کرد فەرمووی: ((قسەیەکی خراپت کردووە، بڵێ: "لا إله إلا الله وحده لا شريك له" حەوت جار فوو بە لای چەپدا بکە و جارێکی تر مەگەڕێرەوە سەر ئەو قسەیە))[3]

---

١ أخرجه البخاري ومسلم.

٢ أخرجه أبو داود والترمذي وأحمد وحسنه الترمذي.

٣ أخرجه أحمد والنسائي وابن ماجة.

بەشی شەست و پێنج

چی دەوترێت گەر یەکێك غەیبەتی برا موسڵمانەکەی خۆی کرد؟

لە پێغەمبەریەوە(ﷺ) باس کراوە: کەفارەتی غەیبەت ئەوەیە داوای لێخۆشبوون لە خودا بکەی بۆ ئەو کەسەی غەیبەتت کردووە، و بڵێیت: ((خودایە لە ئێمە و لە ئەو خۆش ببە)) "البيهقي" کە کتێبی "الدعوات الكبير"دا باسی کردووەو دەڵێت: سەنەدەکەی لاوازە.[1]

زانایان دوو رایان هەیە لەسەر ئەم بابەتە: ئەوانەش دوو ریوایەتن لە "ئیمام ئەحمەد"ەوە، ئەو دوانەش: ئایا تەوبەکردن لە غەیبەت ئەوەندە بەسە داوای لێخۆشبوون لە خودا بۆ کەسەکە بکەیت، یان دەبێت کەسەکە ئاگادار بکەی و داوای گەردن ئازادی لێ بکەی؟

ئەوەی کە دروستە ئەوەیە پێویست بە ئاگادار کردنی ناکات، بەڵکو تەنها داوای لێخۆشبوون بۆی و باس کردنی چاکەکانی لەو شوێنەی کە پێشتر غەیبەتی کرد بوو بەسە بۆ تەوبەکەی.

ئەمە بریتییە لە هەڵبژاردەی شێخوائیسلام "ابن تيمية" و کەسانی تریش.

ئەوانەش کە دەڵێن: هەر دەبێت کەسەکە بە غەیبەتکردنەکەی ئاگادار بکەیەوە، غەیبەتیان وەك مافە داراییەکان تەماشا کردووە، جیاوازی نێوان غەیبەت و مافە داراییەکان روون و ئاشکرایە، لە مافە داراییەکاندا کەسی ستەملێکراو بە گێڕانەوەی مافەکەی سوود و قازانج دەبینێت، گەر ویستی وەریدەگرێت و گەر نەیبویست دەیکات بە صەدەقە.

بەڵام لە غەیبەتدا ئەو مەبەست و مەرامە بەدەست نایەت، بەڵکو ئاگادارکردنەوەکەی پێچەوانەی مەرامی شەرعی لێدەکەوێتەوە، سینەی پڕ کینە دەکات و ئازاری دەدات گەر ئەوەی داویانەتە پاڵی گوێبیستی ببێت، لەوانەشە دوژمنایەتییەك دروست بکات

---

١ أخرجه البيهقي وابن أبي الدنيا والخرائطي في "مساوي الأخلاق" والخطيب في "تاريخ بغداد".

و هەرگیز چاك نەبێتەوە، هەر شتێکیش ئەمە رێگە و سەرئەنجامی بێت خاوەن شەرعی حەکیم بە موباحی دانانێت، چجای بیکات بە واجب و فەرمانی پێ بکات، خولگەی شەریعەت لەسەر نەهێلانی مەفسەدەو کەمکردنەوەیەتی، نەك بەدەستهێنانی مەفسەدە و کامڵ کردنی، خودای موتەعال زاناترە.

بەشی شەست و شەش

ئەوەی دەوترێت و دەکرێت لە کاتی خۆرگیران و مانگیراندا

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە "عائشة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرمووی: ((خۆر و مانگ بۆ مردن و ژیانی هیچ کەسێك ناگیرێن، گەر ئەوەتان بینی داوا لە خودا بکەن و تەکبیر(الله أکبر) لێ بدەن و خێر و صەدەقە بکەن))[1]

لە "صحیح مسلم"دا لە "عبدالرحمن بن سمرة"ەوە فەرمووی: خەریکی تیر تەقاندن بوون لە سەردەمی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خۆرگیرا، وازم لێ هێنان و وتم دەچم ببینم لەم رۆژی خۆرگیرانەدا چی لە پێغەمبەر(ﷺ) روودەدات، هاتم بۆ لای، بینیم دەستەکانی بەرز کردبوەوە تەسبیح و حەمد و تەهلیلی خودای دەکرد(سبحان الله، الحمد لله، لا إله إلا الله) و لەبەر خودا دەپاڕایەوە، تا خۆر دەرکەوت، دوو سورەتی خوێند و دوو رکات نوێژی کرد.[2]

پێغەمبەر(ﷺ) لە خۆرگیراندا فەرمانی کردووە بە نوێژ کردن و نازاد کردنی بەندە و ئەنجامدانی یادی خودا و صەدەقە کردن، ئەم جۆرە کارانە هۆکارەکانی بەلا رادەماڵن.

---

[1] صحيح البخاري ومسلم.

[2] صحيح مسلم.

بەشی شەست و حەوت

چ دوعایەك دەكرێت گەر كەسێك شتێكی لێ ون بووبێت

"علي بن المديني" لە "سفيان بن عجلان"ەوە لە "عمر بن كثير"ەوە لە "أفلح"ەوە ريوايەتی كردووە وتی: گەر يەكێك شتێكی ون بكردبايە "ابن عمر" پێی دەوت بڵێ: ((ئەی پەروەردگاری شتی ونبوو، ئەی ئەو كەسەی كەسی سەرلێشێواو هيدايەت دەدەی، تۆ لە گومڕاييەوە خەڵك هيدايەت دەدەی، ونبووەكەم بە هێز و دەسەلاتی خۆت بۆ بگێڕەرەوە، چونكە ئەوە لە بەخشش و فەزڵی تۆوەيە))[1]

لە رووبەكی ترەوە: پرسيار لە "ابن عمر" كرا-خوا لێی رازی بێت- دەربارەی ونبوو، فەرمووی: ((دەستنوێژ دەگرێت و دوو ركات نوێژ دەكات، پاشان تەحيات دەخوێنێ و دواتر دەڵێت: "اللهم راد الضالة، هادي الضلالة، تهدي من الضلالة، رد علي ضالتي بعزتك وسلطانك، فإنها من فضلك وعطائك")) "البيهقي" دەڵێت: ئەم فەرموودەيە مەوقوف و حەسەنە.

بەشی شەست و هەشت

كردنی تەسبيحات بە پەنجە باشترە لە تەزبێح

"الأعمش بن عطاء بن السائب" لە باوكيەوە لە "عبدالله بن عمرو"ەوە فەرمووی: ((پێغەمبەری خودام بينی بە پەنجەكانی دەستی راستی تەسبيحاتی دەكرد)) "أبو داود" ريوايەتی كردووە.[2]

"يسيرة"-خوا لێی رازی بێت- كە يەكێك بوو لە كۆچكەران ريوايەتی كردووە، فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((تەسبيح و تەهليل و تەقديس زۆر بكەن،

---

١ أخرجه البيهقي.

٢ أخرجه أبو داود ومن طريقه البيهقي في "الكبرى".

بیناگا مەبن و رەحمەتتان لە بیر بچێت، بە پەنجەکانتان زیکرەکانتان بخوێنن، چونکە پەنجەکان بەرپرسیارن و -لە رۆژی دواییدا- بە قسەیان دەهێن))[1]

بەشی شەست و نۆ

خۆشەویستترین کەلام لە لای خودا پاش قورئان

لە "صحیح مسلم"دا لە "سمرة بن جندب" فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((خۆشەویستترین کەلام لەلای خودا چوارە: هیچ زیانێکت پێ ناگات بە کامیان دەست پێ بکەیت: "سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر"))[2]

لە نەسەرێکی ترەوە: ((باشترین کەلام لە دوای قورئان چوارە: ئەوانەش هەر لە قورئانەوەن: "سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر"))[3]

لە هەردوو سەحیحەکەدا، لە "أبي هريرة"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە-ص-: ((دوو کەلیمە هەن لەسەر زمان ئاسانن و لەناو تراززدا قورسن و لەلای رەحمان خۆشەویستن: "سبحان الله وبحمده، سبحان الله العظيم"))[4]

لە "صحیح مسلم"دا لە "أبي هريرة"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((گەر بڵێم: "سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله والله أكبر" لەلام خۆشەویسترە لەوەی خۆری لێ هەڵدێت))[5]

---

١ أخرجه الترمذي وأبو داود وأحمد وصححه ابن حبان والحاكم.

٢ صحيح مسلم.

٣ أخرجه أحمد والطيالسي، وابن ماجة، وصححه ابن حبان.

٤ صحيح البخاري ومسلم

٥ صحيح مسلم.

بەشی حەفتا

زیکری چەندبەرانبەر

لە "صحیح مسلم"دا لە "جویریة"-دایکی باوەڕداران—خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) بەیانی کە نوێژی بەیانی کرد لەلای ئەو چووە دەرەوە، ئەو لە سوژدەگاکەی خۆیدا بوو، پێغەمبەر(ﷺ) چێشتەنگاو گەڕایەوە ئەو هەر لە سوژدەگاکەی خۆیدا دانیشتبوو، فەرمووی: ((تا ئێستا لەو حاڵەدای کە تۆم لەسەر بەجێهێلا؟ فەرمووی: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: من لە دوای تۆ چوار کەلیمەم —سێ جار- وت گەر بکێشرێن بەوەی ئەمڕۆ تۆ خوێندووتە هاوتایی دەکەن: "سبحان الله عدد خلقه، سبحان الله رضى نفسه، سبحان الله زنة عرشه، سبحان الله مداد كلماته"))[1]

لە "سعد بن أبي وقاص"ەوە لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەچن بۆ لای ئافرەتێك كە لەبەردەستیدا ناوكە خورما یان وردە چەو دانرابوو، فەرمووی: ((دەتەوێ شتێكت فێریكەم كە لەوانە ئاسانتر و چاكتر بێت بۆت؟ فەرمووی: ""سبحان الله عدد ما خلق في السماء، سبحان الله عدد ما خلق في الأرض، سبحان الله عدد ما بين ذالك، سبحان الله عدد ما هو خالق، والله أكبر مثل ذالك، ولا إله إلا الله مثل ذالك، والحمد لله مثل ذالك، ولا حول ولا قوة إلا بالله مثل ذالك)) "أبو داود و الترمذي" ریوایەتیان كردووە، "الترمذي" دەڵێت: فەرموودەیەكی حەسەنە.[2]

---

١ صحيح مسلم.

٢ تقدم تخريجه.

بەشی حەفتا و یەك

چی دەوترێت گەر کەسێك وەحشەت و نامۆبوون رووی تێ بکات؟

لە "معجم الطبراني"ەوە ریوایەتمان کردووە لە "البراء بن عازب"ەوە پیاوێك سکالای وەحشەت و نامۆبوونی خۆی بردە لای پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((بڵێ: "سبحان الله الملك القدوس، رب الملائكة والروح، جللت السموات والأرض بالعزة والجبروت")) پیاوەکە خوێندی خودا وەحشەتی لەسەر لابرد.[1]

بەشی حەفتا و دوو

چی دەڵێت گەر پۆشاکێکی نوێی لەبەر کرد یان چی پێ دەوترێت

لە "أبي نضرة"ەوە لە "أبي سعيد الخدري"ەوە فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) گەر پۆشاکێکی تازەی بکردبایە بە ناوی خۆی ناوی دەهێنا، "کراس، پۆشاکی ژێرەوە، عەمامە"، دەیفەرموو: ((خودایە حەمدی تۆ دەکەم، تۆ ئەم پۆشاکەت پێ پۆشیم، داوای خێرەکەی و خێری ئەوەی بۆی دروست کراوە لە تۆ دەکەم، پەنات پێ دەگرم لە شەڕەکەی و شەڕی ئەوەی بۆی دروست کراوە))

"أبو نضرة" دەڵێت: هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) گەر لەبەری هاوەڵەکەیدا پۆشاکێکی تازەی ببینیبایە دەیوت: ((لەبەرت دەیدڕێنی و خودا هیترت پێ دەبەخشێت))[2]

لە "سهل بن معاذ"ەوە لە ئەنەسەوە لە باوکیەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هەر کەس پۆشاکێکی پۆشی و وتی: "حەمد و سەنا بۆ ئەو خودایەی ئەمەی بە من پۆشی و کردی بە رۆزی من بە بێ هیچ هەوڵ و هێزێکی من" خودا لە هەموو گوناهەکانی پێشینە و پاشینەی خۆش دەبێت))[3]

---

١ أخرجه الطبراني والبيهقي وأبو نعيم في "معرفة الصحابة".

٢ أخرجه البيهقي وأبو داود، والترمذي وأحمد، وصححه ابن حبان والحاكم.

٣ أخرجه أبو داود والترمذي وأبو يعلى، قال الترمذي: حديث حسن غريب.

بەشی حەفتا و سێ

چی دەوترێت لە کاتی بینینی بەرەبەیان

"ابن وهب" لە "سليمان بن بلال"ەوە لە "سهيل بن أبي صالح"ەوە لە باوکیەوە لە "أبي هريرة"ەوە فەرمووی: ((گەر پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە سەفەرێکدا بوایە و بەرەبەیانی لێ هەڵبهاتبایە، دەیفەرموو: ((با ئەوەی زیکری ئێمە دەبیستێت بیگەیەنێ و ببێتە شاهید لەسەری، حەمدی خودا و نیعمەتی و چاکەکانی دەکەین لەسەرمان، پەروەردگار هاوەڵمان بە، و فەزڵی خۆمان پێ ببەخشە و پەنامان بدە لە ئاگر)) سێ جار ئەمەی دەفەرموو و دەنگی تیایاندا هەڵدەبڕی. ئەم ئیسنادە لەسەر مەرجی "مسلم"صەحیحە.[1]

بەشی حەفتا و چوار

تەسلیمبوون بە قەزا و قەدەر دوای بەختکردنی هەوڵ و کۆشان لەو هۆکارانەدا کە گرتنەبەریان فەرمانی پێکراوە.

خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَقَالُوا۟ لِإِخْوَٰنِهِمْ إِذَا ضَرَبُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ أَوْ كَانُوا۟ غُزًّى لَّوْ كَانُوا۟ عِندَنَا مَا مَاتُوا۟ وَمَا قُتِلُوا۟ لِيَجْعَلَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ حَسْرَةً فِى قُلُوبِهِمْ ۗ وَٱللَّهُ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١٥٦﴾ ﴾ آل عمران: ١٥٦، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێنا، وەك ئەوانە مەبن بێباوەڕییان کرد و بەو برانەیان وت -کە بەسەر زەویدا بڵاوبوونەوە یان غەزایان کرد- گەر ئەوانە لەلای ئێمە بوونایە-واتە سەفەریان نەکردبایە- نەدەمردن و نەدەکوژران، با خودا ئەوە بکات بە حەسرەت لە دڵیاندا، خودا دەژێنێ و دەمرێنێ، خودا بینەرە بەوەی ئەنجامی دەدەن.

خودا(ﷻ) نەهی کردووە لە بەندەکانی خۆیان بشوبهێنن بەوانەی دەیانوت: گەر ئاوا و

---

١ أخرجه مسلم وابن خزيمة وابن حبان والحاكم.

ئاوا بوایە ئەوا ئەوە و ئەوە رووی نەدەدا.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ((وریای ئەگەر، ئەگەر بە، چونکە ئەگەر کاری شەیتاندا بە رووداد دەکاتەوە))[1]

"أبو هريرة" دەفەرموێت، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: ((باوەڕداری بەهێز بەخێر و خۆشەویستترە لەلای خودا لە باوەڕداری لاواز، لە هەمراندا خێر هەیە، سووربە لەسەر ئەوەی سوود و قازانجت پێ دەگەیەنێت، و داوای کۆمەکی لە خودا بکە و دەستەوسان مەبە، گەر موسیبەتێکت تووش بوو، مەڵێ: گەر ئاوام بکردبایە ئاوا و ئاوا دەردەچوو، بەڵکو بڵێ: قەدەری خودا بوو و ئەوەی بیەوێت ئەنجامی دەدات، چونکە "ئەگەر" دەرگای کاری شەیتان دەکاتەوە)) "مسلم" ریوایەتی کردووە.[2]

لە "عوف بن مالك"ەوە پێغەمبەر(ﷺ) لە نێوان دوو پیاودا قەزاوەتی کرد، ئەوەی قەزاوەتی بەسەردا کرابوو[3] کاتێك پشتی هەڵکرد وتی: "حسبنا الله ونعم الوكيل- خودا بەسە بۆ ئێمە و ئەو باشترین وەکیلە"، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: "خودا لۆمەی دەستەوسانی دەکات، بەڵکو پێویستە بۆ خۆت دانا بیت، گەر کارێکیش زاڵ بوو بەسەرتدا بڵێ: "حسبي الله ونعم الوكيل"))[4]

پێغەمبەر(ﷺ) نەهی کردووە لە کاتی جاریبوونی قەدەرەکاندا شتێك بڵێت کە زیانی پێ دەگەیەنێ و سوودی پێ ناگەیەنێت، بەڵکو فەرمانی کردووە هۆکارەکان بگرێتە بەر کە لێیان بێنیاز نییە، گەر قەدەرەکە دەستەوسانی کرد با بڵێت: "حسبي الله ونعم الوكيل" گەر وتی"حسبي الله" دوای گرتنەبەری هۆکارە فەرمان پێکراوەکان، لەو بارەدا کارێکی پەسەندی کردووە و بە قسە و کردار سوودی وەرگرتووە، گەر هۆکاری وازلێهێنا و دەستەوسان بوو و ئەوەی وت، ئەوا کەسێکی لۆمەکراوە بەوەی هۆکاری

---

[1] اخرجه ابن ماجة والنسائي واحمد وصححه ابن حبان واصله عند مسلم.

[2] صحيح مسلم.

[3] واتە ئەو کەسەی قەزاوەتەکە لە بەرژەوەندی ئەو نەبوو. (وەرگێر)

[4] اخرجه أبو داود والنسائي والطبراني.

واز لێ هێناوە، ئەو هۆکارانەی کە حیکمەتی خودا(ﷻ) داوای دەکەن، ئەو کاتە وتنی ئەو کەلیمەیە بۆ ئەو کەسەی کە فەرمانی پێکراوە سوود و قازانجی پێ ناگەیەنێت.

بەشی حەفتا و پێنج

کۆکەرەوەی دوعاکانی پێغەمبەر(ﷺ) و پەناگرتنەکانی کە هیچ کەس لێیان بێنیاز نابێت

"عائشة" دەفەرموێت: ((پێغەمبەر کۆکەرەوەی لە دوعا پێ خۆش بوو، ئەوانەی نێوان ئەو دوعایەی واز لێ دەهێنا))[1]

لە "المسند و النسائي" و کەسانی تریش هاتووە: "سەعد" گوێی لە کوڕێکی خۆی بوو دەیوت: "خودایە، داوای بەهەشت و کۆشکەکانی و ئەوە و ئەوەت لێ دەکەم، و پەنات پێ دەگرم لە ئاگر و کۆت و بەند و زنجیرەکانی"، سەعد-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: داوای خێری زۆرت لە خودا کرد، و لە شەڕی زۆر پەنات بە خودا گرت، گوێم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بوو دەیفەرموو: ((دەستەیەك دێن لە دوعادا سنووربەزێنی دەکەن))، بەسە بۆ تۆ بڵێیت: "خودایە داوای هەموو خێرێکت لێ دەکەم، ئەوەی دەیزانم و ئەوەی نایزانم، خودایە، پەنات پێ دەگرم لە هەموو شەڕێك ئەوەی دەیزانم و ئەوەی نایزانم".[2]

لە "مسند الإمام أحمد" و "سنن النسائي"دا لە "ابن عباس"ەوە، فەرمووی: لە دوعاکانی پێغەمبەر(ﷺ): ((رب أعني ولا تعن علي، وانصرني ولا تنصر علي، وامكر لي ولا تمكر علي، وانصرني على من بغى علي، رب اجعلني لك شكارا، لك ذكارا، لك رهابا، لك مخبتا، إليك أواها منيبا، رب تقبل توبتي، واغسل حوبتي، وأجب دعوتي، وثبت حجتي، واهد قلبي، وسدد لساني، واسلل سخيمة صدري-پەروەردگار کۆمەکیم

---

١ أخرجه أبو داود وأحمد والطيالسي، وصححه ابن حبان والحاكم.

٢ أخرجه أحمد وأبو داود وأبو يعلى.

بکه، کۆمەکی مەکە بەسەرمدا، سەرم بخە و کەس سەرمەخە بە سەرمدا، نەخشەم بۆ دابڕێژە و بەسەرمدا مەیشکێنەوە، سەرم بخە بەسەر ئەو کەسەی دەستدرێژی دەکاتە سەرم، خودایە بکە بە کەسێك زۆر شوکری تۆ بکات، زۆر یادی تۆ بکات، زۆر لە تۆ بترسێت، دڵی زۆر ملکەچی تۆ بێت، بۆ لای تۆ خەخۆر و گەڕاوە بێت، پەروەردگار تەوبەکەم قبووڵ بکە، لە گوناه و تاوانە گەورەکانم خۆش ببە، وەلامی دوعا و داواکەم بدەرەوە، بەلگەکەم جێگیر بکە، دڵم هیدایەت بدە، زمان راستڕەو بکە، کینە و پیسی سینەم پاك بکەرەوە)) ئەمە فەرموودەیەکی سەحیحە.[1]

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە، فەرمووی: خزمەتی پێغەمبەری خودام(ﷺ) دەکرد، گوێم لێ بوو بە زۆری دەیفەرموو: ((أللهم إني أعوذ بك من الهم والحزن والعجز والكسل، والبخل والجبن، والضلع الدين، وغلبة الرجال-خودایە پەنات پێ دەگرم لە خەم و پەژارە و دڵتەنگی، لە دەستەوسانی و تەمبەڵی، لە دەستنوقاویی و ترسنۆکی و زۆری و توندی قەرزاری و زاڵبوونی پیاوان))[2]

لە "صحيح مسلم"دا لە "زيد بن أرقم"ەوە-خوا لێی رازی بێت- لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) دەیفەرموو: ((أللهم إني أعوذ بك من العجز والكسل، والجبن والبخل، والهرم وعذاب القبر، أللهم آت نفسي تقواها، وزكها، أنت خير من زكاها، أنت وليها ومولاها، أللهم إني أعوذ بك من قلب لا يخشع، ونفس لا تشبع وعلم لا ينفع، ودعوة لا يستجاب لها- خودایە، پەنات پێ دەگرم لە دەستەوسانی و تەمبەڵی، و ترسنۆکی و دەستنوقاوی و پیری و سزای گۆڕ، خودایە، تەقوا بە نەفسم بدە، خاوێنی بکەرەوە، تۆ باشترین کەسێکی بۆ خاوێنکردنەوەی نەفسم، تۆ سەرپەرشتیار و سەرداری نەفسی منی، خودایە پەنات پێ دەگرم لە دڵێك گەردنکەچ نەبێت، لە نەفسێك تێر نەبێت، و لە زانستێك سوود و قازانجی نەبێت و لە دوعا و داوایەك وەلام نەدرێتەوە))[3]

---

١ اخرجه احمد والنسائيوابو داود والترمذي وابن ماجة، قال الترمذي: هذا حديث حسن صحيح.

٢ صحيح البخاري ومسلم.

٣ صحيح مسلم.

لە هەردوو سەحیحەکەدا لە "عائشة"ەوە-خوا لێی رازی بێت- پێغەمبەر -ص- لە نوێژەکانیدا ئەم دوعایە دەکرد: ((اللهم إني أعوذ بك من عذاب القبر، وأعوذ بك من فتنة المسيح الدجال، وأعوذ بك من فتنة المحيا والممات، اللهم إني أعوذ بك من المأثم والمغرم-خودایە من پەنات پێ دەگرم لە سزای ناو گۆڕ، پەنات پێ دەگرم لە فیتنەی مەسیحی دەججال [1]، پەنات پێ دەگرم لە فیتنەی ژیان و مردن، خودایە من پەنات پێ دەگرم لە گوناهباری و گوناهکاری و قەرزداری)) یەکێك پێی وت: چەندە زۆر پەنا دەگریت بە خودا لە قەرزداری! فەرمووی: ((گەر پیاوێك قەرزدار بوو کە قسە دەکات درۆ دەکات کە بەڵێن دەدات بەڵێنەکەی دەشکێنێت)) [2]

لە "صحيح مسلم"دا لە "ابن عمر"ەوە-خوایان لێ رازی بێت- لە دوعاکانی پێغەمبەر(ﷺ): ((اللهم إني أعوذ بك من زوال نعمتك، وتحول عافيتك، ومن فجاءة نقمتك، ومن جميع سخطك-خودایە من پەنات پێدەگرم لە تیاچوونی نیعمەت و وەرگەڕانی عافییەت و لەناکاوی نیقمەت و هەر هەموو خەشم و تووڕەبوونت)) [3]

لە "الترمذي"دا لە "عائشة"ەوە- فەرمووی: وتم ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) گەر ڕێم لە شەوی قەدر کەوت چی بڵێم؟ فەرمووی: ((بلى: اللهم إنك عفو تحب العفو فاعف عني-خودایە تۆ لێبوردەی و لێبوردنت پێخۆشە و لێم ببووره)) [4]

لە "مسند الإمام أحمد"دا لە "أبي بكر الصديق"-خوا لێی رازی بێت- لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرمووی: ((ڕێگەی صدق بگرنە بەر، چونکە لەگەڵ چاکەدایە، ئەو دوانەش لە بەهەشتدان، دوورین لە ڕێگەی درۆ، چونکە لە خراپە و بەدکاریدایە، ئەو دوانەش لە ناگردان، داوای عافییەت لە خودا بکەن، هیچ شتێك لە دوای یەقین باشتر لە عافییەت بە کەسێك نەدراوە)) [5]

---

١ "الدجال" واتا زۆر درۆزن و فریودەر. (وەرگێڕ)

٢ صحيح البخاري ومسلم.

٣ صحيح مسلم.

٤ أخرجه الترمذي وابن ماجة والنسائي وأحمد وقال الترمذي: حديث حسن صحيح وصححه الحاكم.

٥ أخرجه أحمد والبخاري في "الأدب المفرد" والنسائي وابن ماجة وصححه ابن حبان.

لە "صحيح الحاكم"دا لە "ابن عمر"ەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرمووی: ((هیچ شتێك لە خودا داوانەكراوە خۆشەویستر بێت لەلای لە داواكردنی عافییەت))[1]

"الفريابي" لە كتێبی "الذكر" لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: چ دوعایەك باشترین دوعایە؟ فەرمووی: ((داوای لێخۆشبوون و عافییەت(العفو والعافية) لە خودا بكەیت، گەر ئەوەت پێدرا ئەوا سەرفەرازیت بەدەستهێناوە))[2]

لە كتێبی"الدعوات"ی بەیهیقی لە "معاذ بن جبل"ەوە فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) بە باڵ پیاوێكدا تێپەڕی دەیوت"اللهم إني أسالك الصبر" فەرمووی: ((داوای بەلات لە خودا كرد، داوای عافییەت بكە))

پیاوێك تێپەڕی دەیوت: "خودایە تەواوی نیعمەتەكانت داوا لێ دەكەم" فەرمووی: ((تەواوی نیعمەت چییە؟)) پیاوەكە وتی: "داوام كرد و من رجای خێرم هەیە"، پێغەمبەر پێی فەرموو: ((تەواوی نیعمەت بریتییە لە رزگاربوون لە ئاگر و چوونە ناو بەهەشت))[3]

لە "صحيح مسلم"دا لە "أبي مالك الأشجعي" لە باوكیەوە-خوا لێی رازی بێت- ئەو كەسەی موسڵمان دەبوو پێغەمبەر(ﷺ) فێری دەكرد بڵێ: ((اللهم اهدني وارزقني وعافني وارحمني-خودایە، هیدایەتم بدە و رۆزیم بدە و عافییەتم پێ ببەخشە و رەحمم پێ بكە))[4]

لە "المسند"دا لە "بسر بن أرطاة" فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو(ﷺ) دەیفەرموو: ((اللهم أحسن عاقبتنا في الأمور كلها وأجرنا من خزي الدنيا وعذاب الآخرة-خودایە، لە هەموو كاروبارەكاندا سەرئەنجامان باش و چاك بكەیت، لە رسوایی دونیا و سزای دواڕۆژ پەناماں بدەی))[5]

---

١ أخرجه الترمذي والحاكم وصححه الحاكم.

٢ أخرجه أبو الشيخ في"طبقات المحدثين باصبهان" وأخرجه البخاري في "الأدب المفرد" والترمذي وابن ماجة وأحمد.

٣ أخرجه الترمذي والبخاري في "الأدب المفرد" وأحمد والبيهقي في "الدعوات".

٤ صحيح مسلم.

٥ أخرجه أحمد والحاكم والطبراني وصححه ابن حبان وحسنه ابن كثير في "التفسير".

لە "المسند" و "صحيح الحاكم"دا لە "ربيعة بن عامر"ەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرمووی: ((بەردەوام و وابەستە بن بە وتنی "يا ذا الجلال والإكرام"ەوە))[1]

دیسان لە "صحيح الحاكم"دا لە "أبي هريرة"ەوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی فەرموون: ((خەڵکینە، حەز دەکەن لە دوعادا کۆشش بکەن؟)) وتیان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ((بڵێن: "اللهم أعنا على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك"-خودایە کۆمەکیمان بکە لەسەر زیکر و شوکری خۆت و باشترین بەندایەتی کردن بۆ تۆ))[2]

لە "الترمذي" و کەسانی تردا: پێغەمبەر(ﷺ) وەسێتی بۆ "معاذ" کرد بەو دوعایە کە لە دوای هەموو نوێژێك بیخوێنێت.[3]

هەروەها لە "صحيح"ەکەیدا لە ئەنەسەوە فەرمووی: لە ئەڵقەیەکدا لە خزمەتی پێغەمبەردا بووین، پیاوێك هەستا و نوێژی کرد، کاتێك رکوع و سوژدەی برد تەحیاتی خوێند و دوعای کرد و لە دوعاکەیدا وتی: "اللهم إني أسألك بأن لك الحمد، لا إله إلا أنت، بديع السموات والأرض، يا ذا الجلال والإكرام، يا حي يا قيوم"- خودایە، من داوات لێ دەکەم، بەوەی کە حەمد بۆ تۆیە و تۆ خودایەکی تاك و تەنهای و هیچ خودایەکی تر جگە لە تۆ بوونی نییە، بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، خاوەنی گەورەیی و شکۆمەندی و مەزنی، ئەی ئەو کەسەی کە زیندوو و راگری ئاسمانەکان و زەویت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((بە ناوی مەزن(الإسم الأعظم) داوات لە خودا کرد، ئەو ناوەی گەر دوعای پێ بکرێت وەڵام دەداتەوە و ئەگەر داوای پێ بکرێت دەبەخشێت))[4]

لە "المسند" و "صحيح الحاكم"دا لە "شداد بن أوس"ەوە-خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی فەرمووم: ((ئەی شەداد، گەر خەڵکیت بینی زێڕ و زیویان پاشەکەوت دەکرد، تۆ ئەم چەند کەلیمەیە پاشکەوت بکە: "اللهم إني أسألك

---

١ أخرجه أحمد والنسائي والطبراني وصححه الحاكم.

٢ أخرجه الحاكم ومن طريقه البيهقي في "الدعوات الكبير" بإسناد ضعيف وصححه الحاكم.

٣ تقدم تخريجه.

٤ تقدم تخريجه.

الثبات في الأمر، والعزيمة على الرشد، وأسالك شكر نعمتك، وحسن عبادتك، وأسالك قلبا سليما ولسانا صادقا، وأسالك من خير ما تعلم، وأعوذ بك من شر ما تعلم، وأستغفرك لما تعلم، إنك أنت العلام الغيوب"-خودایه من داوای راوەستاویت لێ دەکەم لەسەر نەمر و بڕیارت، داوای سووربوون و لێبڕانت لێ دەکەم لەسەر ڕێنموونی و هیدایەت، داوای شوکری نیعمەت و بەندایەتی باشت لێ دەکەم، داوای دڵێکی سەلامەت و زمانێکی صادقت لێ دەکەم، لەو خێرانە داوا دەکەم کە تۆ دەیزانی، پەنا دەگرم پێت لەو شەڕانەی کە دەیزانیت، داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم بۆ ئەو گوناهانەی دەیزانیت، تۆ زانای بە نهێنی و شاراوە و پەنهانەکان))[1]

لە "الترمذي"دا: "حصين بن المنذر الخزاعي"-خوا لێی ڕازی بێت- پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: ((چەند خودات دەپرست؟)) وتی: حەوت، شەش لەسەر زەوی و دانەیەکیش لە ئاسمان، فەرمووی: ((کامیان بۆ ڕەغبەت و ڕەهبەتی تۆ بوون؟)) وتی: ئەوەیان لە ئاسماندایە، فەرمووی: ((گەر موسڵمان بوویتایە دوو کەلیمەم فێر دەکردی قازانجیان پێ بگەیاندبای)) کە موسڵمان بوو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دوو کەلیمەکەم فێر بکە، فەرمووی: ((بڵێ: أللهم ألهمني رشدي و قني شر نفسي-خودایە هیدایەت و ڕێنموونیم ئیلهام بکە و لە شەڕی نەفسم بپارێزە)) فەرموودەیەکی سەحیحە.[2]

"الحاكم" لە سەحیحەکەیدا ئەمەی زیاد کردووە: ((أللهم قني شر نفسي، وأعزم لي على أرشد أمري، أللهم اغفر لي ما أسررت وما أعلنت، وما أخطأت وما تعمدت، وما علمت وما جهلت- خودایە، لە شەڕی نەفسم بپارێزە، بۆ ڕاستترین و ڕەواترین ڕێگە لە کاروبارەکانمدا هیدایەتم بدە، خودایە، لەوەی شاردومەتەوە و لەوەی ئاشکرام کردووە خۆش ببە، خودایە لەوەی بە هەڵە ئەنجامداوە و لەوەی ویستوومە ئەنجامی بدەی خۆش ببە، خودایە لەوەی دەیزانم و لەوەی نایزانم خۆش ببە)) ئیسنادەکەی لەسەر مەرجی دوو سەحیحەکەیە.[3]

---

١ تقدم تخريجه.

٢ أخرجه الترمذي وعثمان بن سعيد الدارمي، والطبراني، قال الترمذي: "حسن غريب".

٣ أخرجه النسائي وأحمد والحاكم وصححه ابن حبان والحاكم وصحح إسناده ابن حجر في "الإصابة".

لە "صحيح الحاكم"دا لە "عائشة"ەوە فەرمووی: ئەبوبەکر-خوا لێی رازی بێت- هات بۆ لام فەرمووی: ئایا ئەو دوعایەت لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) بیستووە کە منی پێ فێر کرد؟ وتم: کامەیە؟ فەرمووی: عیسای کوڕی مەریەم(سلامی خوای لێبێ) هاوەڵانی خۆی پێ فێر دەکرد، فەرمووی: ((گەر شاخێکی ئالتوون قەرز لەسەر یەکێك لە ئێوە بێت بەم دوعایە داوا لە خودا بکات خودا قەرزەکەی بۆ دەداتەوە: "اللهم فارج الهم، كاشف الغم، موجيب دعوة المضطرين، رحمن الدنيا والآخرة ورحيمهما، أنت ترحُمني، فارحمني رحمة تغنيني بها عن رحمة من سواك"-خودایە، رەوێنەرەوەی پەژارە و لابەری خەم، وەڵامدەرەوەی داوای ناچاران، رەحمان و رەحیمی دونیا و دواڕۆژ، هەر تۆی رەحمم پێ دەکەی، رەحمێکم پێ بکە کە لە بەزەیی و سۆزی کەسانی تر بێنیازم بکات))[1]

هەروەها لە "صحيح الحاكم"دا لە "أم السلمة"ەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ): ئەمە ئەوەیە کە محمد داوای پێ دەکرد لە پەروەردگاری: ((اللهم إني أسألك خير المسألة، وخير الدعاء، وخير النجاح وخير العمل، وخير الثواب، وخير الحياة، وخير الممات، وثبتني، وثقل موازيني، وحقق إيماني، وارفع درجتي، وتقبل صلاتي، واغفر خطيئتي، وأسألك الدرجات العلى من الجنة. آمين.. اللهم إني أسألك خير ما آتي، وخير ما أعمل، وخير ما بطن وخير ما ظهر، و أسألك الدرجات العلى من الجنة. آمين

اللهم إني أسألك أن ترفع ذكري، وتضع وزري، وتصلح أمري، وتطهر قلبي، وتحصن فرجي، وتنور قلبي، وتغفر لي ذنبي، وأسألك الدرجات العلى من الجنة. آمين

اللهم إني أسألك أن تبارك لي في نفسي، وفي بصري، وفي روحي، وفي خلقي، وفي خُلقي، وفي أهلي، وفي محياي وفي مماتي، وفي عملي، وتقبل حسناتي، وأسألك الدرجات العلى من الجنة، آمين- خودایە داوای باشترین خێرت لێ دەکەم، داوای خێرترین دوعات لێ دەکەم، داوای باشترین دەرچوون و سەرفەرازی و خێرترین کردارت لێ دەکەم، داوای خێرترین پاداشت و خێرترین ژیان و خێرترین مردنت لێ دەکەم، خودایە دامەزراوم بکە، خێری ناو میزانم قورس بکە، ئیمانم بۆ دەستەبەر بکە، پلە و پایەم

---

١ أخرجه الحاكم والبزار والمروزي "في مسند أبي بكر" والطبراني في "الدعاء" و أبو القاسم التيمي الأصبهاني في "الترغيب والترهيب" قال الحاكم: هذا حديث صحيح.

بەرز بکەرەوە، نوێژ و دوعام لێ قبوڵ بفەرموو، لە هەڵە و گوناهانم خۆش ببە، داوای پلە و پایەی بەرزی بەهەشتت لێ دەکەم، ئامین.. خودایە، داوای خێری ئەوەت لێ دەکەم کە ئەنجامم داوە، داوای خێری ئەوەت لێ دەکەم کە ئەنجامی دەدەم، داوای خێری ئەوەت لێ دەکەم کە شاراوەیە و خێری ئەوەی کە ئاشکرایە، داوای پلە و پایەی بەرزی بەهەشتت لێ دەکەم، ئامین.. خودایە، داوات لێ دەکەم یادم بەرز بکەیەوە، کۆڵی گوناه و خراپەم دابەزێنیت، کارەکانم بۆ ڕێکبخەی، دڵم خاوێن بکەیەوە، دامێنم بپارێزی، دڵم نوورانی بکەی، لە گوناهم خۆش ببیت، داوای پلە و پایەی بەرزی بەهەشتت لێ دەکەم، ئامین.. خودایە من داوات لێ دەکەم بەرەکەت بخەیە ناو نەفسمەوە، ناو بینین و ناو ڕۆح و ناو خەلق و ناو ئەخلاق و ناو ئەهل و ناو ژیان و ناو مردن و ناو کار و کردەوەکانمەوە، خودایە چاکەکانم قبوڵ بفەرموو، داوای پلە و پایەی بەرزی بەهەشتت لێ دەکەم، ئامین))[1]

هەروەها لە"صحيح الحاكم"دا لە "معاذ"ەوە فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لێمان دواکەوت تا خەریك بوو خۆر هەڵبێت، پاشان هاتە دەرەوە و نوێژی پێکردین و نوێژەکەی سووك و خێرا بوو، پاشان سلاوی دایەوە و رووی تێکردین و فەرمووی: ((لە شوێنی خۆتان مەجوڵێن، با هەواڵتان پێ بدەم ئەمڕۆ چی بوو منی دراخست: من لەم شەودا چەندە خودا بیەوێت نوێژم کرد، پاشان خەو زاڵ بوو بەسەر چارمدا و خەوتم، پەروەردگاری خۆمم -تبارك وتعالى- بینی، ئیلهامی کردم کە بڵێم: "اللهم إني أسألك الطيبات، وفعل الخيرات، وترك المنكرات وحب المساكين، وأن تتوب علي، وتغفر لي وترحمني، وإذا أردت في خلقك فتنة فنجني إليك منها غير مفتون، اللهم وأسألك حبك وحب من يحبك وحب عمل يقربني إلى حبك"- خودایە، من داوای شتە چاك و پاك و خاوێنەکات لێ دەکەم، خودایە، داوای کارە خێرەکان و وازهێنان لە کارە شەڕەکان و خۆشەویستی هەژاران و نەدارانت لێ دەکەم، داوات لێ دەکەم تەوبەم لێ قبوڵ بکەیت، و لێم خۆش ببی و ڕەحمم پێ بکەیت، گەر فیتنەت ویست بۆ خەڵکی ئەوا ڕزگارم بکە بۆ لای خۆت بەبێ تووشبوونی بە فیتنە، خودایە، من داوای

---

[1] اخرجه الحاكم ومن طريقه البيهقي والطبراني وصححه الحاكم.

خۆشەویستی خۆتت لێ دەکەم، داوای خۆشەویستی ئەو کەسەی کە تۆی خۆشدەوێت دەکەم، هەروەها داوای خۆشەویستی کار و کردەوەیەك لە خۆشەویستی تۆ نزیکم بکاتەوە)) پاشان هات بۆ لامان و فەرمووی: ((ئەم کەلیماتانە فێربن و تێبگەن، چونکە حەقن)) "الترمذي و الطبراني و ابن خزيمة" و کەسانی تریش بە گوزارەی تر ریوایەتیان کردووە.[1]

هەروەها لە "صحيح الحاكم"دا لە "ابن عباس"ەوە پێغەمبەر(ﷺ) ئەم دوعایەی دەکرد: ((اللهم قنعني بما رزقتني، وبارك لي فيه، واخلف على كل غائبة لي بخير- خودایە، قەناعەتم پێ بکە بەو رۆزییەی پێت بەخشیوم، و بەرەکەتی تێبخە بۆم، لەسەر هەر ونبوویەك خێرێکم دەستگیر بکە))[2]

هەروەها لە "صحيح الحاكم"دا لە ئەنەسی کوڕی مایکەوە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەیفەرموو: ((اللهم انفعني بما علمتني، وعلمني ما ينفعني، وارزقني علما تنفعني به- خودایە، بەوەی فێرت کردووم سوود و قازانجم پێ ببەخشە، شتێکم فێر بکە سوود و قازانجم پێ بگەیەنێت، زانستێکم پێ بدە سوود و قازانجم پێ بگەیەنێت))[3]

دیسان لە "صحيح الحاكم"دا لە "عائشة"ەوە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی پێکرد ئەم دوایە بخوێنێت: ((اللهم إني أسألك من الخير كله عاجله وآجله، ما علمت منه وما لم أعلم، وأعوذ بك من الشر كله ما علمت منه وما لم أعلم، وأسألك الجنة وما قرب إليه من قول أوعمل، وأعوذ بك من النار وما قرب إليه من قول أو عمل، وأسألك من خير ما سألك منه عبدك ورسولك محمد(ﷺ) وأعوذ بك من الشر مااستعاذك من عبدك ورسولك محمد(ﷺ)، وأسألك ما قضيت لي من أمر أن تجعل عاقبته رشدا- خودایە، داوای هەموو خێرت لێ دەکەم لە دونیا و دواڕۆژدا، ئەوەی دەیزانم و ئەوەی نایزانم، پەنات پێ دەگرم لە هەموو شەڕ لە دونیا و دواڕۆژدا، ئەوەی دەیزانم و ئەوەی نایزانم، داوای بەهەشت دەکەم و ئەوەی لە بەهەشت نزیك دەکاتەوە لە قسە و کردار، لەو خێرە

---

١ اخرجه الترمذي، وأحمد والطبراني وابن خزيمة وقال الترمذي: هذا حديث حسن صحيح.

٢ اخرجه الحاكم ومن طريقه البيهقي وصححه ابن خزيمة والحاكم.

٣ اخرجه الحاكم ومن طريقه البيهقي والنسائي والطبراني وصححه الحاكم.

داوا دەکەم کە بەندەی خۆت و پێغەمبەری خۆت محەمەد داوای کردووە، پەنات پێ دەگرم لەو شەڕەی کە بەندەی خۆت و پێغەمبەری خۆت محەمەد پەنای پێگرتی، داوات لێ دەکەم ئەو کار و بارانەی بۆ منت بڕیوەتەوە سەرئەنجامیان بە خێر و ڕێنموونی و هیدایەت تەواو ببێت))[1]

هەر لە "صحيح الحاكم"دا لە "أبي هريرة"ەوە: پێغەمبەری خودا وەسێتی بۆ سەلمانی خێر کرد و پێی فەرموو: ((من دەمەوێت چەند کەلیمەیەکت فێر بکەم داوای لە "الرحمن" پێ بکەیت، بەو کەلیمانە ڕەغبەتی خۆت لە لای خودا دەربڕت، شەو و ڕۆژ داوای لە خودا پێ بکەیت، بڵێ: "اللهم إني أسألك صحة في إيمان، وإيمانا في حسن خلق، ونجاحا يتبعه فلاح، ورحمة منك وعافية، ومغفرة منك ورضوانا"-خودایە، من داوای دروستیی ئیمانت لێ دەکەم، هەروەها داوای ئیمانت لە ئەخلاقی باش و جواندا لێ دەکەم، داوای دەرچوونێکت لێ دەکەم سەرفەرازی بە دوادا بێت، داوای ڕەحمەت و عافییەتت لێ دەکەم، داوای لێخۆشبوون و رازی بوونی تۆ دەکەم))[2]

هەر لە "صحيح الحاكم"دا لە "أم السلمة"ەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) ئەم دوعانەی دەکرد: ((اللهم أنت الأول لا شيء قبلك، وأنت الآخر لا شيء بعدك، أعوذ بك من شر كل دابة ناصيتها بيدك، وأعوذ بك من الإثم والكسل، ومن عذاب القبر، ومن فتنة الغنى، ومن فتنة الفقر، وأعوذ بك من المأثم والمغرم، اللهم نق قلبي من الخطايا، كما نقيت الثوب الأبيض من الدنس، اللهم بعد بيني وبين خطيئتي كما بعدت بين المشرق والمغرب- خودایە، تۆ یەکەمی و هیچ شتێك لەپێش تۆوە نییە، تۆ دواهەمینی و هیچ شتێك لە پاش تۆوە نییە، پەنات پێ دەگرم لە شەڕی هەرچی گیاندارێکە کە ناوچاوانیان بە دەستی تۆوەیە، پەنات پێ دەگرم لە خراپە و تەمبەڵی و سزای گۆڕ و فیتنەی دەوڵەمەندی و فیتنەی هەژاری، پەنات پێ دەگرم لە خراپە و هەژاری، خودایە دڵم لە هەڵە و خراپە پاك بکەرەوە وەك چۆن پۆشاکی سپی لە چڵك و پیسی پاك دەکەیەوە، خودایە دووری بخە نێوان من و خراپەمەوە وەك چۆن دووریت خستۆتە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاواوە))[3]

---

١ أخرجه ابن ماجة، وأحمد والبخاري في "الأدب المفرد"وصححه ابن حبان والحاكم.

٢ أخرجه أحمد وإسحاق ابن راهويه في"مسنده" والنسائي، وصححه الحاكم.

٣ أخرجه الحاكم والطبراني وابن عبد البر في"التمهيد" وغيرهم بإسناد حسن.

لە "مسند الإمام أحمد" و "صحيح الحاكم"دا لە "عمار بن ياسر"ەوە-خوایان لێ رازی بێت- نوێژێکی کورتی کرد، لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ کرا، فەرمووی: چەند دوعایەکم تێدا کرد کە لە پێغەمبەری خودام(ﷺ) بیستبوو: ((أللهم بعلمك الغيب، وقدرتك على الخلق، أحيني ما علمت الحياة خيرا لي، وتوفني إذا علمت الحياة الوفاة خيرا لي، أللهم وأسألك خشيتك في الغيب والشهادة، وأسألك كلمة الحق في الغضب والرضى، وأسألك القصد في الفقر والغنى، وأسألك نعيما لا ينفد، وأسألك قرة عين لا تنقطع، وأسألك الرضى بعد القضاء، وأسألك برد العيش بعد الموت، وأسألك لذة النظر إلى وجهك، وأسألك الشوق إلى لقائك، من غير ضراء مضرة، ولا فتنة مضلة، أللهم زينا بزينة الإيمان، واجعلنا هداة مهتدين- خودایە، بە زانستی پەنهانت، بەو دەسەڵاتەی هەتە لەسەر دروستکراوەکانت، بژییەنە گەر ژیان بۆ من باش بوو، بمرێنە گەر مردن بۆ من باش بوو، خودایە، داوای ترسی تۆ دەکەم لە پەنهان و ناشکرادا، داوای وتەی حەقت لێ دەکەم لە تووڕەبوون و رازیبووندا، داوای میانەگیریت لێ دەکەم لە هەژاری و دەوڵەمەندیدا، داوای نیعمەتی نەبڕاوەت لێ دەکەم، داوای ڕۆشنکەرەوەی بینایییەکت لێ دەکەم کە دوابڕاو نەبێت، داوای رازیبوونت لێ دەکەم لە دوای قەزا و بڕیارت، داوای فێنکی زیندەگیت لێ دەکەم پاش مردن، داوای چێژی تەماشاکردنی ڕوخسارت دەکەم، داوای شەوقت لێدەکەم بۆ گەیشتن بە لیقات، بەبێ زیان و زەرەر و فیتنەیەکی گومڕاکەر، خودایە جوانمان بکە بەجوانی ئیمان، بمانکە بە هیدایەتدەر و هیدایەتدراو))[1]

هەروەها لە "صحيح الحاكم"دا لە "ابن مسعود"ەوە فەرمووی: لە دوعاکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ): ((أللهم إنا نسألك موجبات رحمتك، وعزائم مغفرتك، والسلامة من كل إثم، والغنيمة من كل بر، والفوز بالجنة، والنجاة من النار-خودایە، داوای ئەو شتانەت لێ دەکەم ڕەحمەتت بەدەست دەهێنن، داوای ئەو لێبڕانەت لێ دەکەم لێخۆشبوونت دەستەبەر دەکەن، داوای سەلامەتیت لێ دەکەم لە گوناه و خراپە، داوای بەدەستهێنانی چاکەت لێ دەکەم، داوای بردنەوەی بەهەشتت لێ دەکەم، داوای ڕزگاربوونت لە ئاگر لێ دەکەم))[2]

---

١ تقدم تخريجه.

٢ اخرجه الحاكم ومن طريقه البيهقي وصححه الحاكم.

دیسان لە "صحیح الحاکم"دا لە پێغەمبەری خوداوەﷺ) نەم دوعایەی دەکرد: ((أللهم احفظني بالإسلام قائما، واحفظني بالإسلام قاعدا، واحفظني بالإسلام راقدا، ولا تشمت بي عدوا حاسدا، أللهم إني أسألك من كل خير خزائنه بيدك، وأعوذ بك من كل شر خزائنه بيدك- خودایە، بە ئیسلامەوە لە باری راوەستاندا پارێزراوم بکەی، بە ئیسلامەوە لە باری دانیشتندا پارێزراوم بکەی، بە ئیسلامەوە لەباری پاڵکەوتندا پارێزراوم بکەی، دوژمنێکی حەسوودم پێخۆش نەکەی، خودایە داوای هەموو خێرێکت لێ دەکەم کە خەزێنەکەی بە دەستی تۆیە، پەنات پێ دەگرم لە هەموو شەرێك کە خەزێنەکەی بە دەستی تۆیە))[1]

لە "نواس بن سمعان"ەوە وتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بووﷺ) دەیفەرموو: ((هەموو دڵێك لە نێوان دوو پەنجە لە پەنجەکانی "الرحمن"دایە، گەر ویستی راوەستاوی دەکات، گەر ویستی گومڕای دەکات))

هەروەها پێغەمبەری خوداﷺ) دەیفەرموو: ((("يا مقلب القلوب ثبت قلبي على دينك- نەی وەرگێڕانی دڵان، دڵم لەسەر ئاینەکەت جێگیر و دامەزراو بکە" میزان بە دەستی "الرحمن (عز وجل)" خەڵکانێك بەرزدەکاتەوە و خەڵکانێکیش نزم دەکاتەوە تا رۆژی قیامەت)) فەرموودەیەکی سەحیحە"الإمام أحمد والحاكم" لە سەحیحەکەیدا ریوایەتیان کردووە.[2]

دیسان لە "صحیح الحاکم"دا لە "ابن عمر"ەوە لە هەر مەجلیسێکدا دادەنیشت- کەسێکی لەگەڵ بوایە یان نە- دەیفەرموو: ((أللهم اغفر لي ما قدمت وما أخرت، وما أسررت وما أعلنت، وما أسرفت، وما أنت أعلم به مني، أللهم ارزقني من طاعتك ما تحول به بيني وبين معصيتك، وارزقني من خشيتك ما تبلغني به رحمتك، وارزقني من اليقين ما تهون به علي مصائب الدنيا، وبارك لي في سمعي وبصري، واجعلهما الوارث مني، أللهم اجعل ثأري على من ظلمني، وانصرني على من عاداني، ولا تجعل الدنيا أكبر همي، ولا مبلغ علمي، أللهم لا تسلط علي من لا يرحمني- خودایە، لەوەی پێشم

---

١ أخرجه اللالكائي في "شرح أصول إعتقاد أهل السنة" والطبراني، والحاكم ومن طريقه البيهقي.

٢ أخرجه أحمد وابن ماجة والنسائي وابن خزيمة وابن مندة في "التوحي" وصححه ابن حبان وابن مندة والحاكم.

خستووه و لەوەی دواخستووە، لەوەی شاردومەتەوە و لەوەی ناشکرام کردووە، لەو زیادەڕەوییەی تەنجامم داوە خۆش ببە، خودایە، لە گوێڕایەڵی خۆت بەشم بدە و ببێتە هۆی لادانم لە خراپە و یاخیبوون، لە ترسی خۆتم پێ ببەخشە تاکو بگەیەنێتە ڕەحمەتی خۆت، یەقینم پێ ببەخشە تاکو ناڕەحەتییەکانی دونیام لەلا ئاسان بکات، بەرەکەت بخەرە ناو بیستن و بینینمەوە، بیانکە بە میراتگرم، خودایە تۆڵەم بخە سەر ئەو کەسەی ستەمم لێ دەکات، سەرم بخە بەسەر ئەو کەسەی دەستدرێژی دەکاتە سەرم، دونیا مەکە بە مەزنترین خەم و پەژارەم، و ئەوپەڕی زانست و زانیاریم، خودایە کەسێك بە سەرمدا زاڵ مەکە کە ڕەحم پێ ناکات)) پرسیار دەربارەی ئەم دوعایە لە "ابن عمر" کرا فەرمووی: "پێغەمبەر کۆتای مەجلیسەکانی پێ دەهێنا"[1]

وتاری کۆتایی

((الحمد لله رب العالمين، حمدا طيبا مباركا فيه، كما يحب ربنا ورضى، وكما ينبغي لكرم وجهه وعز جلاله، ملء السموات وملء الأرض وملء ما بينهما وملء ما شاء من شيء بعد، حمدا لا ينقطع ولا يبيد ولا يفنى، عدد ما حمده الحامدون، وعدد ما غفل عنه الغافلون، وصلى الله على خاتم أنبيائه ورسله، وخيرته من بريته، وأمينه على وحيه، وسفيره بينه وبين عباده، فاتح أبواب الهدى ومخرج الناس من الظلمات إلى النور بإذن ربهم إلى صراط العزيز الحميد، الذي بعثه للإيمان مناديا، وإلى صراط المستقيم هاديا، وإلى جنات النعيم داعيا، وبكل معروف آمرا، وعن كل منكر ناهيا، فأحيا به القلوب بعد مماتها، وأنارها به بعد ظلماتها، وألف بينها بعد شتاتها، فدعا إلى الله(عزوجل) على بصيرة من ربه بالحكمة والموعظة الحسنة، وجاهد في الله تعالى حق جهاده، حتى عُبد الله وحده لا شريك له، وسارت دعوته سير الشمس في الأقطار، ويبلغ دينه الذي ارتضاه لعباده ما بلغ الليل والنهار، وصلى الله وملائكته وجميع خلقه عليه، كما عرف بالله تعالى ودعا إليه، وسلم تسليما))

حەمد و سەنا بۆ پەروەردگاری جیهانەکان، حەمدێکی پاکی پڕ لە بەرەکەت، وەك چۆن پەروەردگارمان خۆشی دەوێ و پێی رازییە، حەمدێك شایستە بێت بە رووی بەخشندەیی و مەزنی و شکۆمەندی نەو، حەمدێك پڕ بە ئاسمانەکان و پڕ بە زەوی و پڕ بە نێوانی ئاسمان و زەوی، و پڕ بە هەرشتێك لە دوای ئەوانەوە خودا بیەوێت، حەمدێك نەبڕێتەوە و کۆتایی پێ نەیەت و فەنای بەسەردا نەیەت، بە ژمارەی حەمدی ئەوانەی حەمدی خودایان کرد، بە ژمارەی بێئاگایی ئەوانەی لە خودا بێئاگابوون، صەلەوات بۆ سەر کۆتا کەسی پێغەمبەران، خێرترین دروستکراوی خودا، ئەمینی خودا لەسەر وەحی، سەفیری خودا لە نێوان خودا و بەندەکانیدا، والاکەری دەرگاکانی هیدایەت و دەرهێنەری خەلکی لە تاریکستانەوە بۆ نوور بە مۆلەتی پەروەردگاریان، بۆ سەر شارێگەی خودای عەزیز و حەمید، ئەو کەسەی خودا بۆ ئیمان رەوانەی کرد و بانگی بۆ ئیمان کرد، بوو بە هیدایەتدەر بۆ سەر رێگەی راست و رەوان، بوو بە بانگکەر بۆ

لای بەهەشتی خۆشییەکان، فەرمانکەر بە هەموو چاکەیەك، نەهیکەر لە هەموو خراپەیەك، دلاّن لە دوای مردنیان پێی زیندوو بوونەوە، و لە دوای تاریکیان رۆشن بوونەوە، و لە دوای دابڕان و پەرتبوونیان یەکیان گرتەوە و خۆشەویستی کەوتە نێرانیان، بانگی کرد بۆ لای خودا لەسەر بەصیرەت لە پەروەردگارییەوە بە حیکمەت و نامۆژگاری چاك و پاك، لە پێناوی خودادا بە رەواترین تێکۆشان تێکۆشانی کرد، تا خودا بە تاك و تەنهایی پەرسترا و بانگەوازەکەی وەك خۆر بە ولاّتاندا بلاّوەی کرد، ئایینی خودا -کە بۆ بەندەکانی پێی رازی بووە- گەیشتە ئەو شوێنەی شەو و رۆژی پێ دەگات، صەلەواتی خودا و فریشتەکان و هەموو خەلکی لەسەر بێت، وەك چۆن خودای ناساند و بانگی کرد بۆ لای، دیسان صەلەوات و سەلامی خودای لەسەر بێت))

ناوەڕۆك

پێشەكی وەرگێڕ ٥
دەروازەی یەكەم ١٤
دامەزراوی دڵ ١٤
دەروازەی دووەم ٢٤
نیشانەكانی بە مەزن راگرتنی نەهیلێكراوەكان ٢٤
دەروازەی سێیەم ٢٩
ڕونكردنەوەی كامڵترین ئاستەكانی بەندایەتی ٢٩
دەروازەی چوارەم ٤٠
ئامادەبوونی دڵ لە نوێژدا ٤٠
دەروازەی پێنجەم ٤٧
جۆرەكانی دڵ ٤٧
دەروازەی شەشەم ٥١
فەزڵی ڕۆژوو ٥١
دەروازەی حەوتەم ٦٠
فەزڵی صەدەكردن ٦٠
دەروازەی هەشتەم ٧٠
فەزڵی یادی خودا ٧٠
دەروازەی نۆیەم ٧٨
سوود و قازانجەكانی یادی خودا ٧٨
دەروازەی دەیەم ١٠٤
چوواندنی وەحی ئاسمان بە باران ١٠٤
دەروازەی یازدەهەم ١٠٨
چوواندنی وەحی ئاسمان بە ئاوی ئاسمان(بە باران) ١٠٨
دەروازەی دوازدەهەم ١١٥

چوواندنی وەحی بە نوور ١١٥
دەروازەی سیازدەهەم ١٢٣
کار و کردەوەکان نووری خۆیان لە ئیمان وەردەگرن..... ١٢٣
باسی یەکەم ١٦٥
با لێرە بەدواوە چەند باسێکی بەسوود کە پەیوەستە بە یادی خوداوە –وەك تەواوکاری
سوودەکانی تر– باس لێوە بکەین:..... ١٦٥
جۆرەکانی یادی خودا ١٦٦
باسی دووەم ١٧٠
(فەزڵی زیکر زۆرترە لە دوعاکردن) ١٧٠
باسی سێیەم..... ١٧٤
(خوێندنەوەی قورئان لە زیکر فەزڵی زیاترە) ١٧٤
باسی چوارەم..... ١٧٧
ئەو ئەرکارانەی کە ئەرکی سەر شانن و دروست نییە بەندە تیایاندا کەمتەرخەم بێت، بەهۆی
زۆر پێویستبوونیان و سوود و قازانجی زۆریان لە دونیا و دواڕۆژدا. ١٧٧
بەشی یەکەم..... ١٧٨
یادەکانی هەردوو جەمسەری رۆژ..... ١٧٨
بەشی دووەم..... ١٨٣
زیکرەکانی کاتی نووستن..... ١٨٣
بەشی سێیەم ١٨٨
زیکرەکانی بەئاگاهاتن لە خەو..... ١٨٨
بەشی چوارەم ١٨٩
زیکرەکانی ترس و نیگەرانی لە خەودا..... ١٨٩
بەشی پێنجەم..... ١٩٠
زیکرەکانی بینینی خەوی خۆش یان ناخۆش ١٩٠
بەشی شەشەم ١٩١
زیکرەکانی لە ماڵ دەرچوون ١٩١

بەشی حەوتەم ١٩٢
زیکرەکانی چوونە ژوورەوە ماڵەوە ١٩٢
بەشی هەشتەم ١٩٣
زیکرەکانی چوونە ژوورەوەی مزگەوت و هاتنە دەرەوە ١٩٣
بەشی نۆیەم ١٩٣
زیکرەکانی بانگ ١٩٣
بەشی دەیەم ١٩٦
زیکرەکانی سەرەتای دەستپێکردنی نوێژ ١٩٦
بەشی یازدەهەم ١٩٨
زیکری رکوع و سوژدە و نێوان رکوع و سوژدە و نێوان دوو سوژدەکە ١٩٨
بەشی دوازدەیەم ٢٠٠
دوعاکانی نوێژ و دوای خوێندنی تەحیات ٢٠٠
بەشی سیازدەهەم ٢٠٢
زیکرەکانی دوای سلاودانەوەی نوێژ کە بریتییە لە دوای سوژدە(إدبار السجود) ٢٠٢
بەشی چواردەهەم ٢٠٤
زیکری تەحیات ٢٠٤
بەشی پازدەهەم ٢٠٦
زیکری صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ٢٠٦
بەشی شازدەهەم ٢٠٧
زیکری ئیستیخارە ٢٠٧
بەشی حەڤدەهەم ٢٠٩
زیکرەکانی ناخۆشی و تەنگانە و غەم و حوزن و پەژارە ٢٠٩
بەشی هەژدەهەم ٢١١
ئەو زیکرانەی رۆزی زیاد دەکەن و دەستەنگی و ئازار پاڵ پێوە دەنێن: ٢١١
بەشی نۆزدەهەم ٢١٢

زیکری رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن، هەروەها ئەو کەسەی لە دەسەڵاتدارێك یان کەسانی تر دەترسێت ٢١٢
بەشی بیستهەم ٢١٣
ئەو زیکرانەی شەیتانەکان راودەنێن ٢١٣
بەشی بیست و یەك ٢١٤
ئەو زیکرانەی نیعمەتەکان دەپارێزن و ئەوەی لە کاتی نوێبوونەوەیاندا دەوترێت ٢١٤
بەشی بیست و دوو ٢١٥
زیکر لە کاتی موسیبەتدا ٢١٥
بەشی بیست و سێ ٢١٦
زیکری نەهێڵانی قەرزداری و دواخستنی داوای خاوەن قەرز ٢١٦
بەشی بیست و چوار ٢١٧
زیکری گەستن و پێوەدان و هاوشێوەکانیان ٢١٧
بەشی بیست و پێنج ٢١٩
زیکری چوونە ناو گۆڕستان ٢١٩
بەشی بیست و شەش ٢١٩
زیکری داوای باران ٢١٩
بیست و حەوت ٢٢١
زیکرەکانی رەشەبا کاتێك هەڵدەکات ٢٢١
بیست و هەشت ٢٢٢
زیکر لە کاتی هەورەگرمەدا ٢٢٢
بەشی بیست و نۆ ٢٢٣
زیکر لە کاتی دابارینی باراندا ٢٢٣
بەسی سیهەم ٢٢٤
زیکر و دوعا لە کاتی زیادکردنی باران و بەرزبوونەوەی ئاو و ترسان لێی ٢٢٤
بەشی سی و یەك ٢٢٥
زیکر لە کاتی بینینی مانگی یەکشەوەدا ٢٢٥

سی و دوو..... ٢٢٥
زیکری رۆژووان و کاتی شکاندنی ٢٢٥
سی و سێ ٢٢٦
زیکری سەفەر..... ٢٢٦
بەشی سی و چوار..... ٢٢٨
سواربوونی ولاخ و زیکردن..... ٢٢٨
بەشی سی و پێنج..... ٢٢٩
زیکری گەڕانەوە لە سەفەر ٢٢٩
بەشی سی و شەش ٢٢٩
زیکر بەسەر ولاخدا کاتێك ملنادات..... ٢٢٩
بەشی سی و حەوت ٢٣٠
ولاخێك کە لەدەست هەڵهاتبێت و ئەوەی کە لەو کاتەدا دەخوێنرێت ٢٣٠
بەشی سی و هەشت..... ٢٣٠
زیکری چوونە ناو شار و ئاوەدانی ٢٣٠
بەشی سی و نۆ ٢٣١
زیکری دابەزین لە شوێنێك ٢٣١
بەشی چلەم..... ٢٣١
زیکری خواردن و خواردنەوە ٢٣١
بەشی چل و یەك..... ٢٣٤
زیکری میوان کاتێك دەبێت بە میوانی خەڵکانێك..... ٢٣٤
بەشی چل و دوو ٢٣٥
سلاوکردن..... ٢٣٥
بەشی چل و سێ..... ٢٣٦
زیکری پژمین ٢٣٦
بەشی چل و چوار..... ٢٣٧
هاوسەرگرتن و پیرۆزبایی لێی، و زیکری چوونە لای هاوسەر ٢٣٧

بەشی چل و پێنج..... ٢٣٩
زیکری منداڵبوون، زیکری تایبەت بە کوڕ..... ٢٣٩
بەشی چل و شەش..... ٢٤٢
دەنگی کەڵەشێر و سەرەی گوێدرێژ و وەرەی سەگ ٢٤٢
بەشی چل و حەوت ٢٤٢
ئەو زیکرەی ئاگری پێ دەکوژێتەوە ٢٤٢
بەشی چل و هەشت ٢٤٣
زیکری کەفارەتی مەجلیس..... ٢٤٣
بەشی چل و نۆ ٢٤٤
چی دەوترێت و دەکرێت لە کاتی تووڕەبووندا ٢٤٤
بەشی پەنجا ٢٤٥
چی دەوترێت لە کاتی بینینی ئەهلی بەڵادا؟..... ٢٤٥
بەشی پەنجا و یەك..... ٢٤٥
زیکری چوونە بازاڕ..... ٢٤٥
بەشی پەنجا و دوو..... ٢٤٦
کەسێك لاقەکانی سڕ بووبوون ٢٤٦
بەشی پەنجا و سێ..... ٢٤٧
کاتێك وڵاخ هەڵبکەوێت..... ٢٤٧
بەشی پەنجا و چوار..... ٢٤٧
هەر کەس هەدیەیەك بکات یان صەدەقەیەك بکات و دوعای بۆ بکات، چی دەڵێت؟ ٢٤٧
بەشی پەنجا و پێنج..... ٢٤٨
کەسێك پیسی لێ لابچێت ٢٤٨
بەشی پەنجا و شەش ٢٤٨
بینینی سەرەتای بەروبووم(بەری تازە پێگەیو)..... ٢٤٨
بەشی پەنجا و حەوت ٢٤٩
شتێك ببینێت و پێیەوە سەرسام بێت و ترسی چاوی هەبێت..... ٢٤٩

بەشی پەنجا و هەشت..... ٢٥٠
گەشبینی و شوومی..... ٢٥٠
بەشی پەنجا و نۆ..... ٢٥١
حەمام (خۆشۆردن)..... ٢٥١
بەشی شەست..... ٢٥١
زیکری چوونە سەر پێشاو و هاتنە دەرەوە..... ٢٥١
بەشی شەست و یەك..... ٢٥٣
زیکری ویستی دەستنوێژگرتن..... ٢٥٣
بەشی شەست و دوو..... ٢٥٤
زیکری دوای تەواوبوونی دەستنوێژ..... ٢٥٤
بەشی شەست و سێ..... ٢٥٥
زیکری نوێژی مردوو..... ٢٥٥
بەشی شەست و چوار..... ٢٥٧
زیکری هاتنی قسەی گاڵتە بەسەر زماندا یان قسەیەك پەروەردگار بڕەنجێنێت..... ٢٥٧
بەشی شەست و پێنج..... ٢٥٨
چی دەوترێت گەر یەکێك غەیبەتی برا موسڵمانەکەی خۆی کرد؟..... ٢٥٨
بەشی شەست و شەش..... ٢٥٩
ئەوەی دەوترێت و دەکرێت لە کاتی خۆرگیران و مانگیراندا..... ٢٥٩
بەشی شەست و حەوت..... ٢٦٠
بەشی شەست و هەشت..... ٢٦٠
کردنی تەسبیحات بە پەنجە باشترە لە تەزبیح..... ٢٦٠
بەشی شەست و نۆ..... ٢٦١
خۆشەویستترین کەلام لە لای خودا پاش قورئان..... ٢٦١
بەشی حەفتا..... ٢٦٢
زیکری چەندبەرانبەر..... ٢٦٢
بەشی حەفتا و یەك..... ٢٦٣

چی دەوترێت گەر کەسێك وەحشەت و نامۆبوون رووی تێ بکات؟ ٢٦٣
بەشی حەفتا و دوو ٢٦٣
چی دەڵێت گەر پۆشاکێکی نوێی لەبەر کرد یان چی پێ دەوترێت ٢٦٣
بەشی حەفتا و سێ ٢٦٤
چی دەوترێت لە کاتی بینینی بەرەبەیان ٢٦٤
بەشی حەفتا و چوار ٢٦٤
تەسلیمبوون بە قەزا و قەدەر دوای بەختکردنی هەوڵ و کۆشان لەو هۆکارانەدا کە
گرتنەبەریان فەرمانی پێکراوە ٢٦٤
بەشی حەفتا و پێنج ٢٦٦
کۆکەرەوەی دوعاکانی پێغەمبەر(ﷺ) و پەناگرتنەکانی کە هیچ کەس لێیان بێنیاز نابێت ... ٢٦٦
وتاری کۆتایی ٢٧٩
ناوەڕۆك ٢٨١